ژمارە ( ٧ ) شوباتی ٢٠١٠

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان
ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

## وتارێ لەژێر پڕشنگی سەرنجەکانمدا
ئەحمەد هیرانی

## کێشەی زاراوە لە بەراوردی ئەدەبیدا
د. عادل گەرمیانی

## ڕۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا
د. سەباح موسا

## پ.د. یوسف شەریف لەبارەی زمانی ستاندەرەوە دەدوێت
سازدانی: زمانناسی

## ڕێبازەکان شیکاری شێوازی
و. د. سەردار گەردی

## پوختەیەك لەبارەی سەرەتا و کۆتایی شێوازگەریی
و: ئیدریس عەبدوڵڵا

# زمانناسی

گۆڤارێکی مانگانەیە تایبەتە بە بوارەکانی زمان

ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی دەریدەکات

ژمارە (٧) شوباتی ٢٠١٠




**گۆڤاری زمانناسی**

**لەسەر ئەم ماڵپەڕانە بخوێنەوە:**

**www.dwrga.com**
**www.dengekan.com**

**خاوەنی ئیمتیاز**
پ.ی سەلام ناوخۆش
٠٧٥٠٤٤٦٧١٨٤

**سەرپەرشتیاری زانستی**
د. شێرکۆ بابان

**سەرنووسەر**
نەریمان خۆشناو
٠٧٥٠٤٩٤٧٧٨٧
٠٧٧٠٢٥٧٧٥٢٨

**بەڕێوەبەری هونەریی**
کۆچەر ئەنوەر نایف

**نەخشەسازی بەرگ**
ئەبوبەکری مەلا عەبدوڵا

**ناونیشان**

**کوردستان ـ هەولێر**

**بۆ پەیوەندیکردن:**

zimannasi@yahoo.com
xoshnaw_n@yahoo.com
nawkhosh@yahoo.com

# لەم ژمارەیەدا

## سەروتار


زمانناسی دەبێتە زمانحاڵی ڕێکخراوی زمانناسی .................. خاوەن ئیمتیاز ٣


## لێکۆڵینەوە


شێوەزاری هەولێر هەوڵێك بۆ ستاندەرێکی نوێ .................. خاوەن ئیمتیاز ٥
وتاری لەژێر پرشنگی سەرنجەکانمدا .................. ئەحمەد هیرانی ٢٢
زمانی کوردی و بواری زانست و پەروەردە .................. د. یادگار لەتیف ٤١
کێشەی زاراوە لە بەراوردی ئەدەبیدا .................. د. عادل گەرمیانی ٤٨
زمانی یەکگرتووی کوردی .................. هاوسەر نەوزاد ٥٢
لەبارەی زمان و زمانی کوردییەوە .................. ئاری عوسمان خەیات ٧٨
زمان و بیر .................. ئاڤگە عومەر حەمە ساڵح ١٠٥
ئەو کەرەستە زمانیانەی دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە .................. سەرکەوت عەبدوللا ١١٢
ڕۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا ناو بە وێنە .................. د. سەباح مووسا ١٢٢
چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پ.د. یوسف شەریف لەبارەی زمانی ستاندەرەوە ..سازدانی: گۆڤاری زمانناسی ١٢٤


## وەرگێڕان


ڕێبازەکانی شیکاری شێوازی .................. و: د. سەردار گەردی ١٤٣
پوختەیەك لە بارەی سەرەتا و کۆتایی شێوازگەریی .................. و: ئیدریس عەبدوللا ١٥٢


## فەرهەنگی زمانناسی


چەپکێك لە زاراوەگەلی بواری ئەندازیاری .................. د. شێرکۆ بابان ١٥٨


## پاشکۆی زمانناسی


ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی .................. ١٧١

# زمانناسی دەبێتە زمانحاڵی ڕێکخراوی زمانناسی

خ. ئیمتیازو
سەرۆکی ڕێکخراوی زمانناسی

زمانناسی وەك گۆڤارێك و ڕێکخراوی زمانناسی وەك مەڵبەندێکی ئەکادیمیی و مەعریفیی بواری زمان و کەلتوری کوردی دوو پێدڤی مێژوویی کۆمەڵگای کوردی و حوکمڕانی کوردین.

زمانناسی هەوڵ دەدات شکۆ و ناسنامەی دروست بۆ زمانی کوردی بگێڕێتەوە و بیکاتە زمانی (فەرمیی) و (کارگێڕی) و (ستاندەر)ی حوکمڕانی کوردستان. ئیش کردن لەسەر ئەو کایە مەعریفی و سۆسیۆسیاسیە یەکێك لە پەیامە ستراتیژییەکانی بزاڤی زمانناسی دوروست لەکوردستان.

بێگومان گۆڤارێك بە تەنها ناتوانێ ببێتە فریاد ڕەسی زمانی کوردی، بەلام باوەڕیشی وایە کە بتوانێ بەسەر ئەفسانەی بەردەکەی سیزیف زاڵ ببیت و ئەو بارە قورس و سەختەی زمان وەك (بوون) و (ناسنامە) بەرە و ترۆپکە بەرێت دامەزراندنی ڕێکخراوی زمانناسی واتای بە (مەڵبەند) کردنی بزاڤی زمانناسی دەگەیەنێ، چونکە لەمەودوا بزاڤی زمانناسی لەمۆتەکەی (بێ شوێنی) ڕزگاری

دەبێت و دەبێتە شوێنێك و مەڵبەندێك بۆ هەر (زمانەوان)ێكی كورد تا ڕۆڵی خۆی لە پێشخستنی زمانناسی كوردی ببینێت!

ڕێكخراوی زمانناسی چەند ستراتیژیەتێكی (نزیك) و (دوور)ی هەیە. هەندێ لە ستراتیژیە نزیكەكانی زمانناسی بریتین:

١- كۆشش كردن لە هەڵبژاردنی زارێك یان نیزارێك بۆ زمانی فەرمیی حكومەتی هەرێم، چونكە زمانی فەرمیی پایەی حكومەتبوون بە حكومەت دەبەخشێ هەروەها هەموو جۆرە میلیشیایەكی سیاسی، كۆمەڵایەتی هەتا زمانەوانی لە هەرێم ناهێڵێت.

٢- كۆشش كردن لە هەڵبژاردنی زارێك یان بنزارێك بۆ سیستەمی خوێندن و فێركردن لە هەرێم. هەبوونی زمانێكی ستاندەر ئاراستەی خواری سیاسەتی كوردی لە هەرێم ڕاست دەكاتەوە و ناهێڵێت مندالی كورد بە ڤایرۆسی سیاسەتی گەورەكانەوە دەردە داربكرێ.

٣- پەیرەوكردنی یەك ڕێنووسی. هەبوونی یەك ڕێنووسی كوردی ئەدەبیاتی كوردی لە پاشاگەردانی زمانەوانیی ڕزگار دەكات.

ئەمەو، ڕێكخراوی زمانناسی هەندێ ئامانجی ستراتیژی تری هەن، كە دەكرێ لە ئاینده بهێنەدی، وەك:

- دامەزراندنی ئەكادیمیای زمانی كوردی هەبوونی ئەو ئەكادیمیایە، زمانی كوردی بەرەو (عالەمیەت) هەر چەنەبێ (هەرێمیی) دەبات.

ـ هەموو (زمانەوان) و (زمانناسی)ەكان لەپێناوی ئامانجێكی نەتەوەیی كۆدەكاتەوە.

گۆڤاری زمانناسیش دەبێتە زمانحاڵی ڕێكخراوی زمانناسی، بۆ ئەوەی تەواو گوزارشت لە ستراتیژیەت و بەرنامەی ڕێكخراوەكە بكات.

# شێوەزاری هەولێر
# هەوڵێك بۆ ستانداردێكی نوێ لەبەر ڕۆشنایی پلانی زمان

بەشی دووەم     پ. ی. سەلام ناوخۆش

## ٤. تێکەڵکردنی دوو کۆد
**Code – mixing**

تێکەڵکردنی دووکۆد یان دوو زمان دیاردەیەکی زمانەوانییە لەکۆمەڵگایەکی دوو زمانی و چەند زمانیدا بەرقەرارە.

وارێك دەکەوێ قسەکەر لەتەنها ئاخاوتنێك هەردوو زمان ، هەریەکەی بە ڕێژەیەك بەکاربێنێ. هەردوو زمانەکە دەشکێنێ بۆ ئەوەی پەیامەکەی بە وەرگر یان بەرانبەرەکەی بگەیەنێت.

منداڵی ئەو جۆرە دەوروبەرە (باوك کورد ، دایك بیانی) ناچارە لە یەك کاتدا دوو زمان فێرببێت. ئەم پرۆسەی فێربوونەش (فێربوونی دوو زمان لە یەك کات) پرۆسەیەکی بە دژوار و پڕ ئاستەنگی دەروونی و کۆمەڵایەتییە، بەلام منداڵەکە دەرفەتی فێربوونی زمانی کوردی لەدایکی خۆی زیاترە ، چونکە تەمەنی ئەو زۆر لە بارترە بۆ فێربوونی دوو زمان. هەروەها ئەو جگە لە دەرفەتی دیتنی خزم و کەس و کۆلان ، لە قوتابخانەش هەر فێری زمانی کوردی دەبێت.

ئەم دیاردەیەش ، لە شاری هەولێر وەك دیاردەکانی تر هەیە. هەندێك لە پیاوی کورد هاوسەرەکانیان تورکمان ، عەرەب یان مەسیحین ، بەلام بە حوکمی ئەوەی منداڵەکانی ئەو جۆرە خێزانانە لە ناو کۆمەڵگایەکی کوردی دەژین کە

زمانی خوێندن و ڕاگەیاندن زۆربەی هەرە زۆری بە کوردییە ، بۆیە ئەگەر لەهەندێ قۆناغی (ئەمەن) و (خوێندن) لەنگییەك لە زمانیان هەبێت ئەوا بەرە بەرە کاریگەری دەوروبەر لە هی ماڵەوە زیاتر دەبێت و لە ئاکام ئەو منداڵانە ، منداڵی دوو زمانە دەردەچن کە لەوانەیە ئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیریان لەمنداڵی تاك زمانە باشتر بێ.

لەدوای ڕاپەڕین ، لێرەو لەوێ لە نێوان هەندێ خێزاندا تێکەڵکردنی زمان لە نێوان زمانی کوردی و زمانی ئەورووپی هەیە. جا ئەوە لە ئاکامی هاوسەرگیری بێت ، کە زۆر کەمە ، یان لە ئاکامی ڕێکخراوە ناحکومییەکان NGO و ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەن!

**هاوسەرگیری زمانەوانی**

هاوسەرگیری زمانەوانی یەکێك لە دەرهاویشتەکانی تێکەڵکردنی دوو زمانە — code – mixing لە کۆمەڵگای دوو زمانی یان فرەزمانیدا.

ئەگەر ئەو جۆرە هاوسەرگیرییە لە نێوان تاکەکانی دوو نەتەوە لەدەوربەرێکی نا – کوردی ڕوویدات ، ئەوە وەك هاوسەرگیر سیاسی وایە هەنگاوێك دەبێت لەکوشتنی زمانی کوردی.

هەر کە کوردێك ژنێکی عەرەب لە بەغدا ، تەهران ، ئەنقەرە یان هەر وڵاتێکی ئەورووپی دەهێنێت ئەوا منداڵەکانیان زیاتر بە زمانی دایکیان قسەدەکەن ، هەروەها لەو وڵاتانەش زۆر بە دەگمەن زمانی کوردی لە قوتابخانە دەخوێنن بۆیە ئەو باوکە دەرەقەتی ئەوە نایە بتوانێ بەسەر ئەو هەموو کۆسپە زاڵ بێ و منداڵەکە فێری کوردییەکی ڕەوان بکات. ئەمە و زۆرجار نەك هەر منداڵەکە بەڵکو باوکەکەش لە ڕەوشێکی نا– کوردی ، کوردییەکی لاواز و شەکەت دەبێ!

ئەگەر دایکەکە دەست بەرداری کۆمەڵگای خۆی ببێت و لەکۆمەڵگای کوردی بژیت ، هەرگیز وەك دایکێکی کورد نابێت ، چونکە ئەو دایکە خۆی کوردییەکەی تەواو نییە ، جا چۆن دەتوانێ منداڵەکەی فێری کوردییەکی ڕەوان بکات؟! بەڵام لەو کۆمەڵگا کوردییە ، زمانی کوردی نافەوتێت ، چونکە دەوروبەر : (قوتابخانە ، کۆڵان ، بازاڕ) هەمووی کوردییە. ئەوانەش هەموو هاندەر دەبن بۆ ئەو منداڵە کە زمانیکوردی لا نامۆ نەبێ.

ئەوەی شایانی باسە ئەو جۆرە هاوسەرگیری و تێکەڵکردنی زمانە زیاتر لە نێوان کورد و تورکماندایە نەك کورد و عەرەب یاخود کورد و مەسیحی (کلدانی ،

ئاشوری). هەبوونی هاوسەرگیری زمانەوانی لە نێوان کورد و تورکمانەکانی هەولێر دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێکی مێژوویی و سیاسی ئەوهۆکارە نەك ئێستا لە نێوان کورد و عەرەبدا نییە ، بەلکو ئەوەندەی هەشە خەریکە لە ژێر هەزموونی زمانی کوردی لەو ماوەی دوای ڕاپەڕین بەرەو توانەوە دەچێت.

لەم دوا ییە توێژینەوەیەکم خوێندەوە دەربارەی تێکەلکردنی دوو زمان (کوردی و عەرەبی) لە کۆمەلگای هەولێر. ئەو ئاخاوتنانەی وەك نموونە هێنرابوونەوە بەهیچ جۆریَ لەگەلّ ڕەوشی ئێستای ئەو جۆرە خێزانانە (هاوسەرگیری کورد و عەرەب) ناگونجێن. ئەمەش هەندەك لەو نموونانەیە کە بۆدیاردەی تێکەلکردنی زمان لە کۆمەلگای زمانەوانی یاخود ئاخاوتنی هەولێر هێنراونەتەوە:

١. ماما تعال ، مینا دەگری.

٢. أنت تجی و دەڕۆیت.

٣. دەزانم شی یسوی.

٤. أدری سازان نەخۆش.

٥. اذا سأل ، لایە من دێم.

٦. ئەمە بالیف الی تریدە.

٧. هننا بالیف خۆت.

٨. چلب موست.

٩. طفل سێو خارد

١٠. هما نووستن.

ئەمە و ، ئەگەر توێینەوەکە لەسەر مالّە هەولێری و کورد و تورکماندا کرابووایە ، ئەوە ئەو دیاردەیەی وە بەرچاودەکەوت ، چونکە بە ڕاستی لە هەولێر و کەرکوك لە نێوان کورد و تورکمان ئەو دیاردە هەیە.بەلّام ئەو نمونانە لە چلّەکانیش لە هەولێر نەبووە نەك ئێستا هەبێ

٥. لینگوا فرانکا

## زمانی هاوبەش لە کۆمەلگای ئاخاوتنی هەولێر

زمانی هاوبەش ئەو زمانەیە کە هاریکاری قەسەکەرانی زمان جیاواز لە کۆمەلگایەکی فرە زماندا دەدات. ئەو جۆرە زمانە لە بواری زمانەوانی

کۆمەڵایەتی بەکاردێ. دەکرێ زمانی هاویەش لە بواری بازرگانی ، ئاینی ، سیاسی ، کۆمەڵایەتی زیاتر هەبێ.

لە دوای ڕاپەڕین کە زمانی کوردی بۆتە زمانی هاویەش ، زیاتر هۆکاری سیاسی و کۆمەڵایەتی زاڵ بووە. لە کۆمەڵگا ئاخاوتنی هەولێر کوردێک ، عەرەبێکی هەولێر ، تورکمانێکی هەولێری ، مەسیحییەك لە ڕێگەی زمانی کوردییەوە لە یەکتر دەگەن.

زمانی کوردی زمانی بازرگانی و ئاینی نەبووە و نییە ، بۆیە تەنها دەسەڵاتی سیاسی خوێندن و خزمایەتی و هاوسەرگیری زمانەوانی ، سیاسی فاکتەری دروستبوونی ئەو جۆرە دیاردەیەن.

**دەروازە:**

ئەم بەشە جەخت لەسەر دوو جۆر چارەسەری هەڵبژاردنی زمانی ستاندەری کوردی دەکات. چارەسەری یەکەم ، زیاتر چارەسەرێکی دکتاتۆرییە ، هەرچەندە هەموو هەوڵ و بنەماکان دکتاتۆری نین ، هەر چۆنێك بێت ، ئەم جۆرە چارەسەرە زمانەوانی نییە. دەسەڵاتی دەرەوەی زمان بەسەر چارەسەرەکەوە دیارە. لە لایەکی تر ، ئەو جۆرە چارەسەرەیان (بێ چارەسەرییە) هەژموونی حیزب و دەسەڵاتی بەسەرەوە دیارە.

چارەسەری دووەم کە ئەم لێکۆڵینەوەیە کاری لەسەر دەکات ، چارەسەرێکی دیموکراتییە ، چونکە خەڵکی ئەو وڵاتە مافی ئەوەیان هەیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەو زمانە یان ئەو زارەبەشدار بن هەروەها ئەو چارەسەرە لەسەر بنەماکانی پلانەکانی زمان دامەزراوە حیزب هیچ دەسەڵاتی بەسەر ئەو پرۆسەوە نییە دەسەڵاتی سیاسیش ئەوەندە دەسەڵاتی بەسەر پرۆسەکەوە هەیە کە بڕیاری زمانەوان و زمانناس و تاکەکانی کۆمەڵگاوە پەسند بکات.

یەکەم: چارەسەری ـ نازمانەوانی ، یاخود چارەسەری دکتاتۆری

چارەسەری سیاسی پرسی زمانی فەرمی حکومەت و زمانی ستاندەری دامودەزگای خوێندن چارەسەرێکە لەسەر بنەمای زمان دانەمەزراوە. ئەو پاساو و هەنجەت و بەهانانەی لەم بوارە بۆ (زمانی ستاندەر) و (زمانی فەرمی حکومەت) پێشکەش دەکرێن دوورن لە چارەسەری زمانەوانی.

چارەسەری ـ نازمانەوانی ئەوپاساوانەیخوارەوەدەگرێتەوە:

## ١ـ کتێبی ئایینی

بێگومان هەر کتێبێکی ئایینی جۆرێك لە زێدە ماف و جیاوکی هەیە ، بەلام ئەوەندەی دەقەکە کتێبەکەی (پیرۆز) کردووە ، زمانی دەقەکە ئەو کاریگەرییە ڕەهایەی نییە ! !

هەرچەندە قورئانی پیرۆز لەگەڵ هیچ دەقێکی تری ئاسمانی بەراورد ناکرێ ، چونکە ئەو توانیویەتی زمانی خۆی لە هەزموونی دەستێوەردانی مرۆڤ بپارێزێ.

زمانی قورئان ئەوەندەی قورئانییە ، عەرەبی نییە ، هەر ئەوەش وای کردووە غەیرە ــ عەرەبیش بێ کێشە فێری خوێندنەوەی ببێت. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی قورئان زیاتر پەیامێکی بیروباوەڕییە لەوەی تەنها پرسێکی زمانەوانی ڕووت بێت.

هەموو کتێبێکی ئایینی وەك قورئان نییە ڕێك ــ ڤیدا و زەبور و تەورات و ئینجیل و ئاوێستا کامە زمان بەرەو ستاندەربوون دەبەن؟!

**<u>ئەوانە هەرگیز وەك قورئان زمانی ستاندەری ئایینی نەبوونە ئێستا زمانی ئەو کتێبانە زمانێکی مردووە ، جا چۆن دەتوانن زمانی ستاندەر فەراهەم بێنن؟!</u>**

## ٢ـ دەسەڵاتی سیاسی

ئەوەی دەسەڵاتی سیاسی دەیکا پرۆسەیەکی داگیرکارانەیە. جۆزێف ستالین ، هەرچەندە خۆی جۆرجی بوو ، هەوڵێکی زۆریدا کۆمەڵگای سۆڤیەت بەرەو یەك ئایدۆلۆژیا ـ (یەك چین) ، یەك ئاڵا هەروەها یەك زمان ببات هەروەها مستەفا کەمالیش هەوڵی بە یەك نەتەوەکردنی تورکیای دا بە زەبری هێز زۆر کۆشیی کرد زمانی تورکی بکاتە تاکە زمانی تورکیا. کۆششەکەی ئەدۆلف هیتلەریش لەوەی ستالین و مۆسۆلینی و ئەتاتورك بەهێزتر بوو ، چونکە شامیلتر بوو! فەشەلی ئەو هەولانە لە خودی پرسی زماندایە. لە وڵاتی فرە نەتەوەدا زمانی نەتەوە پیرۆزتر دەبێت!

لەسەر ئاستی تاك نەتەوەش ، زەبری دەسەڵات بەسەر زمان پەیوەستە بە شێوازی دەسەڵاتی فەرمانڕەواوە. کە دەوڵەت بە زەبری هێز نەتوانێ زمانێك بکاتە زمانی هەموو دامودەزگاکانی دەوڵەت بێگومان میر ناتوانێ ئەو پرۆسەیە جگە لە شوێن کاتی قەڵەمڕەوی خۆی مەیسەر بکات. ئەوەی دەشکرێ هەرچەندە بە نیازپاکیش بێت دوورە لە پرۆسەی بەستاندەربوونی میللییەوە.

مەسەلەی زمان پەیوەستە بە خەڵکەوە نەک بە دەسەڵاتەوە. هەموو جۆرە دەسەڵاتێك دەکرێ هەرەس بێنێ، بەڵام نەتەوەیەك بە ئاسانی لەناو ناچێت!

**٣ـ کۆڕی زانیاری وڵات**

لە کۆڕ (زمانزان) و (زماننناس) هەن. ئەو دوو چەمکەش زۆر لە یەك جوودان. زمانزان و زمانەوان پەیی بە زۆربەی پەنهانییەکانی زمان دەبەن و شارەزایەکی باشیان لە ڕێزمانی زمانەکەوە هەیە! ڕێژەی زمانەوان لە ناو کۆڕی کوردیدا زۆر کەمە.

لە زمانەوانیدا دوو دیاردە هەن کە زۆر لە یەك جوودان Knowing about language . Knowing language شت زانین لە بارەی زمانەوە مرۆڤ دەکات زمانزان و زمانەوان، یەکەم زمانزانی حاڵەتێکی ڕەمەکییە نەك پرۆفیشناڵی!

لەم ڕوانگەوە هەر کە ئەندامی کۆڕ زارێك پێشکەش دەکەن ببێتە زمانی ستاندەر، ڕوانگە و پرۆسەکە لەسەر بنەماکانی زمان دانەمەزراوە، چونکە تاکو ئێستا ئەوەندەی کار لەسەر دایەکرۆنی زمانی کوردی کراوە لەسەر سینکرۆنی زمانی کوردی نەکراوە. ئەوەی کراوەش زۆربەی توێژینەوەی ناکامڵی ئاسۆین نەك شاقوڵی! هەروەك چۆن کۆمەڵگە بە عەقڵی مەعریفی و مەدەنی دەبێتە کۆمەڵگەی مەدەنی نەك بە هەبوونی دامودەزگای ڕواڵەتی و سوننەتی مەدەنی! بە هەمان شێوەش گرنگە، کۆڕ کۆڕی ئەو کەسانە بێ کە شت دەربارەی زمانی کوردی و زمانی تر دەزانن نەك هەر تەنها زماننناس بن!!

**٤ـ ڕۆشنبیرانی وڵات**

چەمکی ڕۆشنبیر لە ڕووی زمانەوە لێڵە. چەمکەکە چەمکێکی ئایدۆلۆژی و مەعریفی و سیاسییە، بەڵام زمانەوانی نییە.

لە نێو کوردان، شاعیران کورد بەر لە هەر توێژێکی تر کاریان لەسەر زمانی کوردی کردووە. ئەحمەدی خانی هەوڵێکی زۆری لەگەڵ میرانی کورد داوە کە کار لەسەر کورد و زمان و کەلتوری کوردی بکەن. خانی دەرکی بەوە کردبوو کە زمان و کەلتور ناسنامەی نەتەوەن. لەو لاوەش لە نێو سێکوچکەی باباندا، نالی (شەڕی زمانی) لەگەڵ هاوسێکانی کورد کردووە هەرچی حاجی قادری کۆیی یە کوردبوون و ئینتیما بۆ زمان و نەتەوە دەبەستێتەوە بە شەرەفی بنەماڵەوە!!

پێکۆڵی ئەو زاتانە و ئینیش لەسەر ئاستی تاک کاری لەسەر کراوە نەک نەتەوە و دەسەڵات. بۆیە کۆششەکەیان زمانەکەی بە زیندوو هێشتۆتەوە ، بەڵام نەیتوانیوە زمانێکی ستاندەر و فەرمی لە وڵات بچەسپێنێ!

**٥. هەوڵی ڕێزمانونووسانی کورد**

هەندێ پێکۆڵی نەزۆک سەبارەت بە تێکەڵکردنی هەردوو زاری ناوەڕاست و سەروو لە باشووری کوردستان دران ، بەڵام هەر خودی ڕێزمانونووسەکان لەو هەوڵەی خۆیان پەشیمان بوونەوە. لە ڕووی زمانەوە ناکرێ دوو زار تەواو تێکەڵ بکرێن ، چونکە ئەو پرۆسەیە ئافراندنی زمانی سێیەمی لێ دەردەچێ.

(سۆرمانجی) دەکرێ هەوڵێك بێ بۆ ئاخاوتنی گشتی ، نەك زمانی نووسین ، چونکە ئەو دوو زارە جیاوازییەکی زۆریان لە ئاستی ڕێزمانەوە لە نێواندایە.

ئەو پێنج پاساوە سەرەکییە نەیتوانیوە زمانی ستاندەر و فەرمی لە باشوور (بسەپێنێ) ، چونکە (پرۆژە) و (پرۆسەکە) لەسەر بونیادی زمانەوانی و زمانەوانی کۆمەڵایەتی دانەمەزراون. هەر ئەوانەش جۆرێك لە (شۆڤینیزمی ناوچەگەری) یاخود (شۆڤینیزمی دیالێکتی) دروست کردووە. ئێمە کە ئەو پرۆژە پرۆسانەمان بە چارەسەری دکتاتۆری ناوزەد کردوون ، چونکە زۆربەی هەرە زۆریان مۆرکی سەپاندنیان پێوەدیارە. پرۆسەی زمانی ستاندەریش خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی دیموکراتییە و پەیوەستە بە ئاستی هۆشیاری نەتەوەیی تاک و دامودەزگا و دەسەڵات. ئەمە و ، پرسەکە ، پرسی خەڵکە ، کەچی لەو چارەسەرییەدا هیچ پرسێك بە خەڵکی نەکراوە! ئەوە دەسەڵاتی سیاسی و دامودەزگاکانی یان هەوڵی کەسێن لە (سەرەوە) هەژموونی زارێك یان زمانێك بەسەر (خوارەوە ــ کە خوەن دۆزەکان) دەسەپێنن یان تەنزیر دەکەن بۆ سەپاندن!

**دووەم: چارەسەری زمانەوانی ، چارەسەری دیموکراتی**

چارەسەری زمانەوانی لەسەر بنەما و شەنگستەکانی پلانی زمان دامەزراوە. بۆ ئەوەی تەواو لەو چارەسەرە تێ بگەین ، دەبێت لە چەمکی پلانی زمان و ئایدۆلۆژییە جیاوازەکان و بنەما و ئامانجەکانی بکۆڵینەوە.

**•چەمکی پلانی زمان**

The concept of language planning

پلانی زمان هەوڵێکی سیاسی دروستە لە ئاکامی هەبوونی ڕەوشێکی سیاسی کۆمەلایەتی دروست دەبێت و هەوڵدەدات ڕەوشی زمان لە وڵات بگۆڕێت.

- هەروەها پرۆسەی پلانی زمان چالاکییەکی حکومی و فەرمییە بۆ هەڵبژاردن و هەروەها پەرەپێدانی زمانێکی کارگێڕی یەکگرتوو. ئەو هەوڵە هەردوو شێوازی زمان: نووسین و ئاخاوتن دەگرێتەوە. لە ئاستی نووسینەوە ، ئەو پلانە بۆتە بەشێك لە بونیادی نەتەوە. لەم ڕوانگەوە ، پلانی زمان ، زمان و نەتەوە بە هاوتای یەکتر دەبینێ. لەم ڕوانگەوە ، دەکرێ بڵێین هەر پلانی زمان دەتوانێ زمانی نەتەوە لە فەوتان ڕزگار بکات.

ئەو سیاسەتەی پلانی زمان زۆر بە هەرمێن بووە. ئەوەتا لە ساڵی ٩٥٠ تەنها شەش زمانی نیشتمانی هەبوون کە ئەویش یۆنانی ، لاتینی ، عیبری ، عەرەبی ، ئەنگلۆساکسۆنی و سلاڤۆنی ، بەلام ئەو ژمارەیە لە ساڵی ١٢٥٠ بۆتە حەڤدە. مێژوو ئەوە دەسەلمێنێ کە پایەی پلانی زمان زۆر گرنگە لە دیاریکردنی زمان و نەتەوە.

★ **جۆرەکانی پلانی زمان**

دوو جۆر پلانی زمان هەیە:

**یەکەم: پلانی پایە ــ** Status planning

پلانی پایە پریستیژی زمان یان زارێك لە کۆمەلگا دەردەخات. ئەم جۆرە پلانە لە هەڵبژاردنی بەرایی زمانێك دەکۆڵێتەوە. ئەم پرۆسەیە چەند ئەرکێکی هەیە وەك گۆڕینی ئەرکی زمانێك یان شێوە زمانێك هەروەها دیارکردنی ماف خەڵك لە بەکارهێنانی ئەو زمانەیان ئەو زارە.

ئەو جۆرەی پلانی زمان دوو سێ بیرۆکە دەورووژێنێ مەبەست لە هەریەکەیان دروستکردنی پایە ـ Statusی زمانە. هەروەها ئەم پرۆسەیە ئەو ڕاستییەش دەسەلمێنێ کە قەدەغەکردنی زمان لە کۆمەلگا و پێ خوێندن و پەروەردە دەبێتە هۆی مردنی زمان.

لە ڕووی سیاسییەوەش ، پلانی پایە جەخت لەسەر سەربەخۆیی نەتەوە دەکات: هەر کە نەتەوە لە کۆمەلگا تەنها کەمایەتییەکی نەتەوەیی یان ئایین بێت و زمانی خۆی لە پەروەردە و ڕاگەیاندن بەکارنەهێنێ ئەوە چارەنووسی ئەو زمان و نەتەوە و ئایینە بەر هەڕەشەی کوشتنی زمان دەکەوێ. هەبوونی قەوارەی سیاسی چوارچێوەیەکی سیاسییە بۆ دروستکردنی پایە و پریستیژی زمان.

**دووەم: پلانی دەستەجەمعی ــ** Corpus planning

پلانی دەستە جەمعی پەیوەستە بە (هەڵبژادرن) و کۆدکردنی بنەماکان لە نووسینی ڕێزمان و بە ستانداەرکردنی ڕێنووسی زمان.

ئەم جۆرە پلانە هەوڵدەدات پەرە بە زارێکی زمان بدات یان زمانێك بە ستاندەر بکات. پرۆسەی بە ستاندەرکردنی زمانێك لە کۆمەڵگە ڕۆشن فکران و حکومەت ژێدەرێکی نوێ بۆ تێبینی زمانەوانی وەك دانە وشە ، فەرهەنگ و ئەدەب وەردەگرن لەگەڵ سیستەمی نوێی بەکارهێنان.

دەوڵەتانی وەك ئیسرائیل ، ئەندەنوسیا ، هیند ، پاکستان ، فنلەندا سوودیان لەو پرۆسەیە بینیوە لە کارکردن بەسەر بە ستاندەرکردنی زمانی نەتەوە و هەڵبژاردنی زمانی فەرمی وڵات و زمانی ستاندەری پەروەردە و فێرکردن.

لە میانی ئەم پرۆسەیەدا لە حاڵەتێکی نا ــ سیستەمیدا ڕۆشنبیری کورد لەسەر ئاستی تاك و کۆمەڵ هەوڵیداوە ڕێنووسێکی یەکگرتوو هەروەها (ستاندەرێك) بۆ زمانی کوردی دابڕێژن هەروەها هەوڵدراوە واتایەکی نوێ بە هەندێ وشە و دەستەواژەی کۆن بدەن ، بۆ نموونە:

- ڕەوەند ، واتای کۆن: کۆچەر ، چوونە گەرمیان و کوێستان.
- ڕەوەند ، واتای نوێ: جالییە.
- هەنووکە ، واتای کۆن: ئێستا .
- هەنووکە ، واتای نوێ: ئێبستایی Current کێشە هەنووکەیەکان
- بن دیوار ، واتای کۆن: ژێر دیوار
- بن دیوار ، واتای نوێ: گەندەڵ ، موچە وەرگر بێ دەوامکردن.

## • ئامانجەکانی پلانی زمان

Language planning Goals

پلانی زمان هەندێ ئامانجی ستراتیژی هەیە ، کە هەریەکەیان تایبەتە بە کۆمەڵگای ئاخاوتنی تایبەتەوە هەروەها هەندێ لە ئامانجەکان تەواو پەیوەستن بە ڕەوشی زمان لەو کۆمەڵگایانەوە. ئامانجەکان زۆرن ، بەڵام تەنها ئامارە بە هەندێکیان دەکەین:

١. پاککردنەوەی زمان لە وشە و دەستەواژەی بیانی.

٢. ڕیفۆرمی زمان چاککرنی زمان لە ڕووی ڕێنووس و ڕێزمان.

٣. ستانده‌رکردنی زمان.
٤. بڵاوکردنـه‌وه‌ی زمـان له‌سـه‌ر ئاسـتی ده‌ره‌وه‌ی چوارچـێوه‌ی کۆمـه‌ڵگای زمانه‌وانی.
٥. مۆدێرنه‌کردنی لێکسیکی ، داهێنانی وشه‌ی نوێ یاخود واتای نـوێ به‌خشین به‌ وشه‌ی کۆن.
٦. یه‌کگرتووکردنی زاراوه‌یی.
٧. ساده‌کردنی شێوازی نووسین و ئاخاوتن.
٨. پاراستنی زمان.

به‌ حوکمی ئه‌وه‌ی زمانی کوردی ته‌مه‌نێکی درێژی نییه‌ له‌ بواری کـارگێڕی ، فه‌رمی ، فه‌لسه‌فی و ته‌کنه‌لۆژی ، هه‌ربۆیه‌ زمـانی کـوردی پێویـستی بـه‌و هـه‌موو ئامانجه‌ هه‌یه‌. هێنانه‌دی ئه‌و ئامانجانه‌ی سه‌ره‌وه‌ ئاسایشی نه‌ته‌وه‌یی نه‌ ته‌وه‌ و ئاسایشی زمانی کوردی فه‌راهه‌م دێت.

## •ئایدیۆلۆژییه‌ جیاوازه‌کانی پلانی زمان

چـوار بیرکردنـه‌وه‌ی جیـاواز لـه‌ به‌رانبـه‌ر ڕێبـازی پلانـی زمانـدا هـه‌ن. هـه‌ر چواریان به‌ جیاوازی کۆمه‌ڵگای ئاخاوتنه‌وه‌ کاریان له‌سه‌ر کراوه‌ ، به‌ واتای هـه‌ر کۆمه‌ڵگایـه‌ک بـه‌ گـوێره‌ی پێکهاتـه‌ی ئـه‌تنیکی خـۆی و ڕه‌وشـی زمـان تێیـدا ئایدۆلۆژیایه‌کی په‌سه‌ند کردووه‌.
ئایدۆلۆژیاکان بریتین له‌:

## ١ـ ئایدیۆلۆژیای توانه‌وه‌ی زمانه‌وانی

linguistic Assimilation Ideology

به‌ گوێره‌ی ئه‌م تیۆره‌ ده‌بێ تاکه‌کانی کۆمه‌ڵگا بێ جیاوازی له‌ ڕه‌گه‌ز و زمان و ئاین زمانی سه‌رده‌سته‌ زمانی ده‌سه‌ڵات فێربن و به‌و زمانه‌ بنووسن و هه‌ر بـه‌و زمانه‌ له‌ دامودەزگاکـان بـدوێن. هه‌رچـه‌نده‌ ، لـه‌ ڕواڵه‌تـدا ئـه‌م سیاسـه‌ته‌ بـۆنی فاشیزم و شۆڤینیزمی زمانی لێ دێت ، به‌ڵام له‌ بنه‌ڕه‌تـدا ڕاسـتییه‌کی گرنگـه‌ لـه‌ پلانی زمان بۆ دروستکردنی زمـانی فـه‌رمیی و نیـشتمانیی لـه‌ وڵاتـدا. فه‌ره‌نـسا یه‌کێ له‌و وڵاتانه‌یه‌ که‌ په‌یڕه‌وی ئه‌م تیـۆره‌ ده‌کـات و زمـانی فه‌ره‌نـسی بـه‌سـه‌ر خه‌ڵکانی ناو سنووره‌که‌ی وه‌ک زمانێکی نیشتمانی و فه‌رمی سه‌پاندووه‌.

به‌ حوکمی ئه‌وه‌ی ئه‌م تیۆره‌ له‌ تیۆره‌ بنه‌ڕه‌ته‌کانی پلانی زمانـه‌ و ئامـانجی ستراتیژیشه‌و بریتییه‌ له‌ دروستکردنی زمانی فه‌رمیی ـ زمانی فـه‌رمییش بریتییـه‌

لە زمانی دامودەزگا و پێ خوێندن نەک زمانی ئاخاوتن وماڵەوە. لە گوندێکی ئیتالیا خەڵکەکە بە خۆهێشتی خۆی لە (ماڵەوە) بە (زاری سۆریانی) دەدوێن و لە ناو گوندیش لەگەڵ خەڵکی تر بە (ئەڵمانی) دەدوێن و لە دامودەزگای دەوڵەتیش ستاندەری ئیتالی بەکاردێنن.

لە هەندێ وڵات ئەم تیۆرە ڕێگایەك بووە بۆ کوشتنی زمانی کەمە نەتەوەیی و ئایینییەکان. لە دەوڵەتی عێراقدا زمانی تورکمانی و زمانی سریانی لە خوێندندا قەدەغە بوون ، بۆیە زۆربەی تاکەکانی ئەو دوو نەتەوەیە زمانی خۆیان تەنها لە ماڵ بەکاردەهێنا ، بەڵام حکومەتی کوردی لە ١٩٩٢ـ ەوە ڕێگەی پێدان زمانی خۆیان لە دامودەزگای سەربەخۆیان وەك خوێندن و ڕاگەیاندن بەکاربێنن. هەنووکە زۆربەی نەوەی نوێیان دەتوانێ بە زمانی خۆی بدوێ و بنووسێ!

## ٢. ئایدۆلۆژیای پلورالیزمی زمانەوانی

Linguistic Pluralism Ideology

ئەم تیۆرە تەواو پێچەوانەی تاك زمانی و توانەوەی زمانەوانییە. تیۆری پلورالیزمی زمانەوانی تەواو دان دەنێت بە هەبوونی زیاتر لە زمانێکی تر لە ناو یەك کۆمەڵگادا.

ئەم تیۆرە لە ناو کۆمەڵگای زمانەوانی جیاوازدا بە دوو شێوەی جیاواز بەکارهاتووە لە هەندێ جێ ئەم تیۆرە هۆکارێك بووە بۆ دروستبوونی زمانی سێیەم لە یەکگرتنی دوو زماندا. هیندییەکانی بەریتانیا بۆ ئەوەی دەستبەرداری (زمان) و (کەلتور)ی خۆیان نەبن لە کۆمەڵگای بەریتانیادا زمانێکی تر یان لە (ئینگلیزی) و (هیندی) دروست کردووە و ناویان ناوە (هینیگلیز ــ Hinglish) ئەم دیاردەیە لە سەنگافورەش هەیە. لە سینگافور ، چوار زمان بەکاردێنن: ئینگلیزی ، مالایی ، تامیلی ، چینی هیچ یەك لەو زمانانە بە تەنیا زمانی نیشتمانی نییە لەوێ ، بەڵکو ئەوەی زمانی نیشتمانییە زمانێکی لێکدراوە لە زمانی ئینگلیزی و زمانی سەنگافوری بەناوی زمانی سینگلیز ـSing – Lish!

شێوازی دووەم لە تیۆری پلورالیزمی زمانەوانی بریتییە لە هەبوونی چەند زمانێکی جوودا لە یەك کۆمەڵگادا. سویسرا یەکێ لەو وڵاتانەیە کە چەند زمانێکی جیاوازی تێدا بەکاردێ. ئەو جیاوازییەش پەیوەستە بە دوو هۆکارەوە: هۆکاری جوگرافی ــ ئەتنیکی و هۆکاری کەلتوری ــ مێژوویی. فەرەنسی و ئەڵمانی و ئیتالی ڕۆمانشی چوار زمانی سەرەکی ئەو وڵاتە فرە نەتەوە و فرە زمانەن.

زۆرجار فاکتەری کەلتوری ـ مێژوویی بەسەر فاکتەری ئەتنیکی زاڵ دەبێ.
ئەوەتا لە نەرویژ، نەرویژییەکان زیاتر پەسەندی زمانی (بۆکمال) دەکەن، کە
زمانێکە زیاتر لە دانیمارکی و سویدی نزیکە نەک زمانی نەتەوەیی نیۆرسک ـ
نەرویژی نوێ، کە لە زارەکانی زمانی نەرویژی دروست بووە.

لە کوردستان، باشووری کوردستان، هیچ زمانێک هاوشانی زمانی کوردی
نییە. ڕێژەی تورکمان و مەسیحی (ئاشوری، کلدانی، سریانی!) لەو ئاستە نییە
ئەوانە ناچار بن زمانێکی نوێ دروست بکەن! ئەمە و هەردوولا لە کۆمەلگا و
قوتابخانەی تایبەت بە خۆیان زمانی خۆیان بەکاردێنن، زمانی کوردیش وەک
زمانێکی فەرمی ولات قەبوڵ دەکەن.

لە کۆمەلگای ئاخاوتنی کوردستاندا دوو زمان تێکەل یەک ناکرێن، تەنها لە
حالەتی کۆمەلگای هاوسەرگیری زمانەوانی نەبێ، ئەوەی تێکەڵ یەک دەکرێ
هەردوو زاری (سۆرانی!) و (کرمانجی)یە. دەڤەرێکی وەک (بەردەڕەش) و
دەوروبەری بە شێوازێك دەدوێن (هەروەها دەشنووسن) دەکرێ ناوی بنێین
سۆرمانجی! ئەو سۆرمانجییە هۆکارێکە بۆ لە یەکگەیشتنی تاکەکانی یەک
نەتەوە (گۆرانەکانی) ئەو دەڤەرە فاکتەری یەکخستنی ئاخاوتنی هەردوو زاری
سەرەکی باشووری کوردستانن.

گرنگە لێرە هەڵوەستەیەك بکەین، ئەگەر عەشیرەتێکی وەک گۆران بە
حوکمی هەلکەوتەی جوگراف خۆی شیانی ئەوەی هەبێ لینگوافرانکایەك لە
هەردوو زارەکە دروست بکات، دەبێ چۆن حکومەتێکی کوردی نەتوانێ ڕێ
خۆشکردنێك بکات بۆ تواندنەوەی دەمارگیری زار و بن زاری کوردی و هانی
خەلکی خۆی بدات بۆ ئەوەی لە پرۆسەی ڕیفرانۆدمی هەلبژاردنی زمانی فەرمی
کوردستان بەشداری بکات؟!

## ٢. ئایدیۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوەیی

Vernacularization ideology

هەلبژاردنی زارێکی زمانی نەتەوە و کردنی بە زمانی فەرمی ولات کرۆکی ئەم
تیۆرەیە.

ئەم تیۆرە جەخت لەسەر زیندووکردنەوەی زمانی نەتەوە دەکات هەروەها
هەلبژاردنی زمانی فەرمی ولات لە زارێکی زمانی نەتەوە بە پەسند دەزانێ. ئەم
تیۆرە بانگەشەی ئەوە دەکات کە (زمان) و (نەتەوە) هاوواتان هەروەها زمانی

فەرمی حکومەت ، ناسنامەی نەتەوەیە. لەسەر ئەو بنیاتە تاکەکانی نەتەوە لە زانا و سیاسەتمەدار و زمانەوان و ڕۆشنبیر دەبێ ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوە بە دیاردەیەکی کۆمەلایەتی سیاسی هەروەها بە ستراتیژییەتی یەکیەتی نەتەوە بزانن ، چونکە لەو ڕێگایەوە نەتەوە زمان و دەسەلاتی نەتەوەیی خۆی دەبێت.

جولەکەکانی ئیسرائیل لە پێناوی (نەتەوە) و (ئایین)ی جولەکە ، زمانی عیبری ـ Heberew یان هەلبژارد بە زمانی فەرمی ئیسرائیل. ئەو هەلبژاردنەی زمانی عیبری پەیوەستە بە (کەلتور) و (مێژوو) و (ئایین) و ئایدۆلۆژیای سیاسی پیاوانی ئایینی جولەکە. بە حوکمی ئەوەی زاری قورەیش زاری دەسەلاتی سیاسی و ئایینی و بازرگانی جەزیرەی عەرەبی بوو بە شێوەیەکی گشتی و مەککەی پیرۆز بە شێوەیەکی تایبەت ، هەر لەسەر ئەو بنەما و شەنگستانە ، هەرچەندە قورئانی پیرۆز لە سەر حەوت شێواز دابەزی بوو ، بەلام خەلیفە عوسمان هەموو قورئانی لەسەر شێوازی زمانی قورەیش نووسیەوە ، بەو هەنگاوەش نەك یەکیەتییەکی زمانی لەناو عەرەب دروست کرد ، بەلکو چارەسەرێکی لۆژیکی و زمانیش بوو بۆ نەتەوە نا ـ عەرەبکان بۆ ئەوەی بە دروستی لە یەك شێوەی قورئان بگەن.

هەر بەو ڕێگەیە شێوەزاری قورەیش بووە زمانی ئایینی ، نەتەوەیی هەروەها فەرمی دەولەتی ئیسلام. لە زۆر ولاتی تر ، زارێك لە زارەکانی زمانی نەتەوە بۆتە زمانی فەرمی ولات بۆ نموونە لە پێرۆ زمانی کویچوا ـ Quechua بۆتە زمانی فەرمی لە ئەندەنوسیاش زمانی بەهاسا ـ Bahasa بۆتە زمانی فەرمی.

لە ناو کوردانیش ، بە تایبەتی لە دوا هەلبژاردنی ۱۹۹۲ و دامەزراندنی حکومەتی هەرێم کاتی ئەوە هاتووە کورد زارێك لە زارەکانی خۆی بکاتە زمانی فەرمی خۆی ، چونکە هەبوونی زمانی فەرمی ، حکومەت بوون دەگەیەنێ هەروەها قۆناغێکیش دەبێ لە ڕزگاربوون لە ژیانی میلیشیایی ، عەقلی میلیشیایی و بیرکردنەوەی عەشیرەتی و میلیشیایی.

**٤. ئایدیۆلۆژیای زمانی نا ـ نەتەوەیی**

Internationalization Ideology

بنەمای ئەم تیۆرە تەواو هەقدژە لەگەل هەر سێ ئایدۆلۆژیاکەی تر بە تایبەتی ئایدۆلۆژیای پەسەندکردنی زارێکی نەتەوە بۆ زمانی فەرمیی.

بە گوێرەی ئەم تیۆرە حکومەتی وڵات زمانێکی نا ـ نەتەوەیی دەکاتە زمانی فەرمی وڵات. هەڵنەبژاردنی زمانی نەتەوە لەو وڵاتانە دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێك ، لەوانە: کاریگەری زمانی ئایینی ، داگیرکاری ، شارستانی....هتد. هەروەها دواکەوتنی کەلتوری گەلی ژێردەستە.

زمانی عەرەب لە سەردەمی ئیسلامی و زمانی لاتینی لە سەردەمی دەسەڵاتی مەسیحیەتدا دوو زمانی ستاندەری ئاینی بوون. زۆربەی نەتەوە جیاوازەکانی نێو ئەو دوو قەڵەمڕەوە ئەو دوو زمانەیان بە زمانی فەرمی و پێ خوێندن و ڕۆشنبیری دەناسی.

زمانی ئینگلیزی ئەو زمانە جیهانییەیە کە لە ڕێگای داگیرکردن و شارستانییەوە بۆتە زمانی فەرمی زۆرێك لە وڵاتانی وەك هیند و فلیپین و سینگافورا.

بە هەمان شێوە زمانی فەڕەنسی نەك هەر لە فەڕەنسا ، بەڵکو لە زۆرێك لە وڵاتانی ئەفریکی و عەرەبی وەك مەغریب و جەزائیر و تونس بۆتە زمانی فەرمیی و کەلتوریی.

ئەفریقیەکان زمانی خۆیان پێ هەندە گرنگ نەبووە و زمانی داگیرکاری فەڕەنسییان لە لا گرنگ و شارستانی بووە هەروەها مسیۆنێرەکانیش هۆکارێکی تر بوونە لەسەر تەشەنەکردنی زمانی فەڕەنسی لە ئەفریقیا.

لە ناو هەندێ لە کوردانیش بیرۆکەی هەڵبژاردنی زمانی ئینگلیزی وەك زمانێکی فەرمی و پێ خوێندن قسە و باسی لەسەر دەکرێ. ژێدەری ئەم بیرۆکەیەش دەگەڕێتەوە بۆ دوو هۆکار: یەکەم نەبوونی زمانێکی فەرمی لە وڵات کە هەموو کورد لەسەری کۆك بن هەروەها بە بنبەست گەیشتنی ئەو پرۆسەیە. دووەمیش ، شاگەشکەبوونی هەندێ بە زمانی ئینگلیزی وەك زمانی تەکنەلۆژیای سەردەم و هەروەها هەنگاوێك دوورکەوتنەوە لە هەژموون و جیهانی زمانی عەرەبی وەك زمانی ئایینی و کەلتوری لە کوردستان!!

**•بنەماکانی پلانی زمان**

پلانی زمان هەندێ بنەما و شەنگەستی هەیە ، کە هەموویان وەك زنجیرەیەك پەیوەستن بە یەکەوە ، ئەو بنەمایانە هەنگاو بە هەنگاو پەیڕەو دەکرێن و باشترین چارەسەری زمانەوانین بۆ گەورەترین کێشەی سۆسیۆ سیاسی لە کۆمەڵگادا.

بنەماکانی پلانی زمان ، کە خۆی لە خۆیدا قۆناغن ، زمان لە ڕووی کۆزمانەوانییەوە نابێتە زمانێکی ستاندەر ئەگەر ئەو قۆناغانە تێنەپەڕێنێت.

بنەماکان ئەو پێنج قۆناغەی خوارەوەن:

١- هەڵبژاردنی زارێك لە زارەکانی زمانێکی نەتەوەیی.
٢- بە کۆدکردنی زمانەکە (زارە هەڵبژاردراوەکە)
٣- پرۆسەی دوان لەسەر هەمەلایەنەی زارەکە.
٤- جێبەجێ کردنی بڕیاری ستانداربوونەکە.
٥- پەسەندکردنی خەڵك.

## ١. هەڵبژاردنی زارێك

هەڵبژاردنی زارێك پرۆسەیەکی زۆر ئاڵۆزە بە تایبەتی لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی ، چونکە مەسەلەی زار ئەوەندە گەورەکراوە بۆتە ناسنامەیەك گەورەتر لە ناسنامەی نەتەوە ! ! لە ڕوانگەی پلانی زمانەوە کە خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکە هەژموونی سیاسەت و ئەندازەی زمان دەردەخات ، هەڵبژاردنی زارێك لە ناو زار و بنزارەکانی تر تەواو پەیوەستە بە خودی زمانەوە. سیاسەت و حیزب لە دەرەوەی پرۆسەکەن. ئەوانەی زارەکە هەڵدەبژێرن زانان لە بواری زمان و کۆزمانەوانی و سیاسەت و کەلتور و کۆمەڵگاوە.

ئەوەی گرنگە سەبارەت بە توێژینەوەکەی ئێمە ئەوەیە کام زار هەڵبژێردرێ بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندەر؟ لەسەر چ بنەمایەکیش؟ کرمانجی ناوەڕاست مێژوویێکی پڕ شانازی هەیە لە باشووری کوردستان. شێوەزاری سلێمانی بەشێکی بنەڕەتی ئەو مێژووە بووە. سیاسەت و حوکمڕانی کورد فاکتەری سەرەکی گەشەسەندنی ئەو شێوەزارە بووە.

لە سەردەمی دەسەڵاتی کوردیدا ١٩٩٢ – ٢٠١٠ نەك هەر ئەو شێوەزارە ، بەڵکو خودی زارەکەش بە هەموو بنزارەکانییەوە پەسندییەکی میللی بە خۆوە ناگرێ! ***چۆن سیاسەتی حیزب بۆتە هۆکاری (دووبەرەکی) بە هەمان شێوە ئەوە مەسەلەی زمانی ستاندەریش خەریکە کێشەیەکی گەورە لە کۆمەڵگای کوردی بخوڵقێنێ. لەو پێودانگەوە دەگەینە ئەوەی کە لە دیاریکردنی زمانی ستاندەر کێشە و قەیرانێك هەیە ، بۆیە پێویستمان بە پلانی زمان هەیە.***

لە دەروازەی ئەم نووسینەدا شێوەزاری هەولێر کە خۆی بنزارێکی کرمانجی ناوەڕاستە ، وەك ئەلتەرناتیڤێك پێشکەش کرا. هۆکاری سەرەکی ئەم بەدیلە بۆ چارەسەری ئەو کێشە سۆسیۆ سیاسییەیە کە لە بارەی زمانەوە لە باشوور

هەیە! وێڕای ئەوەش چەندەها دیاردەی زمانەوانی هەن تەنها لە کۆمەڵگای ئاخاوتنی هەولێر هەن هەروەها لە کۆن و نوێدا زمانی پایتەخت قۆناغ بە قۆناغ بۆتە زمانی ستاندەری نەتەوە!

**هیچ زارێك بە خورتی ناسەپێنرێ بەڵکو دەبێت زانایانی ئەو بوارە کار لەسەر هەموو زارەکان بکەن بۆ ئەوەی زارێك هەڵبژێرن! لەوانەیە زانایانی بواری زمان لە ئایندە هیچ بنزارێکی کرمانجی ناوەڕاست هەڵنەبژێرن ، بەڵکو بادینی بنزاری کرمانجی سەروو یاخود زمانی گۆرانەکان (بۆتەکان) هەڵبژێرن کە ئەدگارەکانی هەردوو زاری سەرەکی کرمانجی سەروو و ناوەڕاست لە خۆدەگرێ!!**

وەك وتمان قۆناغی هەڵبژاردنی زارەکە بە کێشەترین قۆناغە ، بۆیە زۆر گرنگە ئەو قۆناغە زۆر بە هێمنی تێپەڕێنرێ!

**٢. بە کۆدکردنی شێوەزاری هەڵبژێردراو**

لەم قۆناغەدا کار لەسەر پێکهاتەکانی زارەکە دەکرێت: یەکخستنی ڕێزمان و دانە وشە و ڕێنووسی یەکگرتوو هەروەها فەرهەنگ گیانی یەکخستنی یەکێتی نەتەوەیی و یەکێتی زمان پتەودەکەن.

**٣. فراوانکردنی بوارەکانی بەکارهێنانی زارەکە**

زاری هەڵبژێردراو بۆ ئەوەی ببێتە زمانی ستاندەر و فەرمی، دەبێت لە هەموو لایەکەوە توێژینەوەی لەسەر بکرێ و پەرەی پێ بدرێت. لێرە ڕۆڵی زار و بنزارەکانی تر دەردەکەوێت کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە دەوڵەمەندکردنی زاری ستاندەر هەروەها هێورکردنەوەی (سەرانی) زارەکانی تر!

**٤. لەم قۆناغە دەوری حکومەتی نیشتمانیی دێت.**

**زۆر گرنگە حکومەت ، خاوەن دامودەزگا بێ و عەقڵێکی مەعریفی ئاراستەی بکات ، چونکە دەبێت حکومەت هەندە نیشتمانی بێت کە مەسەلەی زمانی پێ ستراتیژ بێ و ئەو بەشێك بێت لە پڕۆسەکە و کاری ئەوەبێ کە خەڵکی هانبدات لە بەشداریکردن لە پڕۆسەی ڕیفراندۆمی پەسەندکردنی بڕیاری زمانی ستاندەرەوە. حکومەت خۆیشی بە هەبوونی زمانی ستاندەر و فەرمییەوە دەبێتە حکومەت!**

**٥. پەسەنکردنی جەماوەریی**

دوا قۆناغ لە دیاریکردنی زمانی ستاندەر ، بەشداریکردنی خەڵکە لەو پڕۆسەیەوە. ئەو بەشدارییە میللییە لە کێشەیەکی سۆسیۆ سیاسیدا پڕۆسەکە تەواو و پیرۆز دەکات ، چونکە ئەمە کرۆکی دیموکراسیەت دەگەیەنێت. لەو پێودانگەوە ، ئەو چارەسەرە زمانەوانییە چارەسەرێکی دیموکراتییە، چونکە زانا

و دەسەڵات و خەڵك لەو پرۆسەیە بەشداری دەکەن و ڕای خەڵك لە کۆتایی پرۆسەکە تەواو دەکات نەك بڕیاری حیزب و حوکمی قەرەقوشی حکومەتی دکتاتۆری!

## ئەنجام

لەم توێژینەوەیەدا گەیشتینە چەند ئەنجامێك:

١ـ کۆمەڵگای ئاخاوتنی هەولێر چەندەها دیاردەی زمانەوانیی لە خۆدەگرێ ، کە لە هیچ کۆمەڵگایەکی تری هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە و ڕێژەیە نییە.

٢ـ زمانی پایتەخت بەرەو زمانی ستاندەر دەچێ .ئەو ئەزموونە هەتا لە دەوڵەتی ئیسلامیش بەرپایە قورئانی پیرۆز خۆی لەسەر حەوت شێوەی عەرەبی دابەزیوە ، ئیمامی عوسمان پەسەندی شێوەی قورەیشی کرد و قورئانی لەسەر شێوەی قورەیش نووسیەوە بۆ ئەوەی هەموو عەرەب لە ڕێگای قورئانەوە بکاتە یەك هەروەها ئەو زمانە ستاندەرەی قورئان بۆ خەڵکی ناعەرەبیش ئاسان بکات. جولەکەش شێوەی عیبری کردە زمانی ستاندەری دەوڵەتەکەی.

٣ـ چارەسەری سیاسی و دەستێوەردانی حیزب لە پرسی زمانی ستاندەر سەردەمی بە سەرچووە و زۆر ناکرەوانەیە ، چونکە زمان ، زمانی خەڵکە ، بۆیە دەبێ خەڵك بەشێك بێ لەو پرۆسەیە !

بڕیاری بە ستاندەرکردنی و بە فەرمیکردنی زارێك لە (ژووری داخراو) یان کۆنفرانسێکی پڕ هەڤدژی فەراهەم نابێ. زانایانی زمانەوانی و کۆ ـ زمانەوانیش تەنها زارێك هەڵدەبژێرن نەك بڕیاری لەسەر دەدەن!

٤ـ هۆکاری مێژوویی ، هۆکاری یەکلاکەرەوە نییە هەروەها بە گوێرەی بنەماکانی پلانی زمان هەر حسێبی بۆ ناکرێ!

٥ـ لە چوار ئایدۆلۆژیاکەی خەڵك تەنها ئایدۆلۆژیای بە ستاندەرکردنی زارێکی نەتەوە لەگەڵ کۆمەڵگای کوردی دەگونجێت ، ئەوانی تر بۆ کورد ئاریشە زیاد دەکەن نەك چارەسەری بکەن.

٦ـچارەسەری زمانەوانی چاکترین چارەسەرییە ، چونکە ئەو چارەسەرییە کار لەسەر خودی زمان دەکا و زمانی سیاسەت ڕەتدەکاتەوە و سیاسەتی زمان پەسەند دەکات. وێڕای ئەمەش ، جگە لە زانایانی بواری زمان و حکومەت ، ئەوە خەڵکیش بەشداری دەکەن لەو پرۆسە زمانەوانییە. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش ئەو چارەسەریەمان ناوناوە چارەسەری دیموکراتی.

# وتارێ لەژێر پڕشنگی سەرنجەکانمدا

## (وەڵامێك بۆ نووسینەکەی سەباح مەجید)

ئەحمەد هیرانی

لە گۆڤاری زمانناسی ژمارە (٤ — ٥)دا لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٩دا ، لە لاپەڕە (٧٨)دا ، وتارێ لەژێر ناوی (ڕێزمانی قوتابخانەکان و سەر لە قوتابی شێواندن) بە زمانی (سەباح مەجید) بڵاوکراوەتەوە.دوای خوێندنەوەی وتارەکە بە ئەرك و پێویستم زانی کە هەندێ هوردە بارانی سەرنج بپژێنم بە سەر خاکی تینووی وتارەکە ، هەندێ لایەنی شەن و کەو بکەین تا لە ئەنجامدا بگەین بەو دەستەواژەی کە دەگوترێ کاچوو مادان. وتارەکە دە لاپەڕەی لەم گۆڤارە داگیرکردووە ، بەسەر چەند تەوەرێکیشدا دابەش کراوە...سەرەتاکەی بە دەستەواژەی –ڕێزمان چییە؟– دەستپێکردووە و دەڵێ: ((ئەگەر ڕێزمان بریتی بێت لە یاسا و دەستوورەکانی زمان ، ئەوا ڕێزمانی کوردی بریتی دەبێت لە یاسا و دەستوورەکانی زمانی کوردی)) لە درێژەی باسەکەدا دەڵێ: ((وشەکە واتای (ڕێگای زمان) دەگەیەنێت، واتە ڕێگاکانی زمان و یاسا و دەستوورەکانی زمان)).

لەم بارەیەوە بیروڕای بەڕێزیان سەبارەت بە لێکدانەوەی وشەی (ڕێزمان) هەڵەیە کە دەڵێت: (ڕێگاکانی زمان) بە هەڵە بۆی چووە، تەنها سەیری ڕووکەشی وشەکەی کردووە و لێکی داوەتەوە.

چونکە وشەی – ڕێزمان – ڕێگاکانی زمان ناگەیەنێت. ئاشکرایە لای هورد و درشتی پسپۆڕ و زمانزان و شارەزایان – ڕێگاکانی زمان – واتە زانستەکانی زمان کە بریتییە لە: سینتاکس ، مۆرفۆلۆژی ، فۆنۆلۆژی و ....تد.

لە لایەکی تر نووسیویە (ڕێگای زمان) یان (ڕێگاکانی زمان) لە ڕووی ڕێزمانییەوە هەڵەیە ، لەبەر ئەوەی وشەی – گا – ناوێکی ڕووتی بەرجەستەیە وەك پاشگر نایەتە ئاخافتن و بەکاربردن، هەر لەبەر ئەمە دەبووایە بینووسیایە ، (ڕێگەی زمان یانیش ڕێگەکانی زمان) هەر لەبەر ئەم هۆیەی کە خەڵکانێك سادە و ساکار شارەزاییان نییە لە ڕێزمان، چەندەها وشەی تری هاوشێوە و لەو چوارچێوەیەدا بە هەڵە بەکاردەبەن و دەنووسن ،هەر بۆ نموونە: ڕێگا – جێگا – جۆگا – پرسگا – خوێندنگا – یاریگا – دانیشگا – ئارایشتگا – پارێزگا – پەرستگا – فرۆشگا.....تد. هەزاران وشەی تر کە ڕاستییەکەی دەبێت ئەم وشانە وەك خوارەوە بنووسرێنەوە: ڕێگە – جۆگە – جێگە – پرسگە – مەلەوانگە – خوێندنگە – یاریگە – دانیشگە – ئارایشگە – پارێزگە – پەرستگە – فرۆشگە .... لەبەر ئەوەی –گە– پاشگرە دەچێتە سەر ڕەگی چاوگەکان و واتایان دەگۆرێت... هەروەها دەچێتە کۆتایی هەندێ ناو و واتای شوێن دەگەیەنێ وەك –مەلەوانگە– پاوانگە – سەیرانگە.....تد. لایەنی تر کە ئاوبراو بە باشی بۆ لێکدانەوەی وشەی ڕێزمان نەچووە دەڵێم: زمانەکەمان شان بە شانی نەتەوە ستەم لێکراوەکەمان بە زیندوویی ماوەتەوە، هەر هەوڵێك لە لایەن داگیرکەرانەوە درابێت بۆ پاماڵی و سڕینەوەی، ئەوا بۆیان نەلواوە، چونکە بیری ڕۆڵە ڕۆشنبیرە زیتەکانی کورد دژوارتر بووە لە بیری لێخنداری ئەوان بە تەنگ زمانەکەیانەوە هاتوون لە شەوی ئەنگوستەچاو نالەبارترین باری گوزەرانیان لە دەربەدەری و ڕاوەدوونانیان ، چونکە دەرکیان بەو ڕاستیە کردووە ئەگەر زمان نەبێت، نەتەوە لە کوێوە دێت....

مێژوو دەری دەخات ئەو نەتەوانەی داگیرکراون بە هەر هۆیەك بێت ... ئابوری ، ڕامیاری ، ئایینی ،... زمانیان نەماوە و سڕاونەتەوە لە ژیانی کاروانی ئەم خەباتەی ڕۆشنبیران هەر لەسەردەمی بەدرخانییەکانەوە تا دامەزراندنی دەوڵەتی سوریا و لوبنان لە ساڵی ١٩٤٧ نەپساوەتەوە. لەو کاتەشدا چەندەها گۆڤار و ڕۆژنامەیان دەرکرد خزمەتی ڕێزمان و زمانی کوردییان پێ کردووە.

تا ئەم قۆناغە گەیشتە پەنجا و شەستەکان دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ١٩٥٨ ئالێرەدا ئاسۆیەکی ئەرخەوانی بەرفراوان بۆ کورد ڕەخسا کە بە تەنگ خۆی و زمانەکەی بێتەوە.... ئەوسا چەندەها زانای ڕێزمانناس و

کوردپەروەر وەك نووری عەلی ئەمین ، جگەرخوێن ، سادق بەهائەدین پەیدابوون کە هەندێ دەستووری ڕێزمانییان دانا تا خەڵکان پەیرەوی بکەن...

لە کوردستانی باشور – ڕێزمان – بەکاردەبرا لە کوردستانی باکور و ڕۆژئاوا دەستووری زمان بەکاردەبرا. لە کوردستانی ڕۆژهەڵاتیش لە بری – ڕێزمان – دەستووری زمانی کوردی.ئەمەیان کورتەیەك بوو لە لێکدانەوەی وشەی ڕێزمان. لە درێژەی لێدوانەکەیدا دەڵێ: ((هەر زمانێك کۆمەڵێ یاسا و دەستووری خۆی لە هەناوی خۆیدا هەلگرتووە ، هەربۆیەش مرۆڤەکان بە شێوەیەکی خۆکارانە یاسا و دەستوورەکانی زمانی خۆیان بەوپەڕی ڕاستی و دروستییەوە بەکاردێنن.. ئەوان هەڵە ناکەن ، زمانەوانەکان سەرچیغ دەچن ، بە هەڵە یاسا و دەستوورەکانی زمان دەست نیشان دەکەن)).

ئەم وتەیە ئەگەر چارۆگەیەکی ڕاستی لە زەویدا ڕابخات، پێویستە بە بەڵگە و نموونە ڕاستییەکان نیشان بدات. هەر دوو سێ نموونە لەسەر چیخچوونی زمانەوانەکان کە بە هەڵە چەند یاسا و دەستوورێکیان دەست نیشان کردبێت تەنها قسەی ڕووت بڕوا بە مرۆڤ ناهێنێ.

لە شوێنێکی تردا دەڵێ: ((زمانەوانەکان هەڵە دەکەن لە دۆزینەوەی یاسا و دەستوورەکانی زمان، بەڵام پیرەمێردێکی نەخوێندەوار هەڵە ناکات)) ئەم بۆچوونەی بەڕێزیان گەرچی بێ بەڵگە و نموونەیە کە نەخوێندەوار هەڵە ناکات، بەڵام زمانەوانەکان هەڵە دەکەن....؟! کەوایە با زمانەوانەکان دەست لە ئەزنۆ دانیشن و قوڕ بەسەر مەیدان چۆڵ کەن بۆ نەخوێندەوارەکان ئەوسا ڕێزمانەکەمان دەبێت بە باراش و ئارد و بڕووش لێ دەماڵینەوە. وێڕای ئەمانەش کە باش لە لێکدانەوەی وشەی ڕێزمان بە هەڵەدا چووە، ئەوەتا یەکەم کەس کە لەو زانستە دوابێ مامۆستا – سەعید سدقی کابان – کە کتێبەکەی ناوناوە بە ناوی (صەرف و نەحوی کوردی).

لە تەوەرێکی تری نووسینەکەیدا لەژێر ناوی: (ئامانج لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا چییە؟) لە ئەنجامی ئەنگژەی دەروونی و توندڕۆیی لە نووسینەکەیدا هەر بە ئەنقەست ناوبراو نووسینەکەی لەکەدار کردووە هەر بۆ نموونە وەك نووسیویە: ((قوتابی هەر لە پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی ڕێزمان دەخوێنێت... تا قۆناغی ئامادەیی و زانکۆ ... لە پێناو ئاشنابوونیان بە یاسا و ڕێساکانی زمانی دایك)). نکۆڵی لەوەدا نییە کە ڕاست و دروستە. بەڵام لە دوای

ئەوە دەڵێ: ((هەر لە باخچەی ساوایانەوە قوتابییان ئاشنای ڕێزمان دەکرێن، بۆ نموونە فێری پیتەکانی زمانی کوردی دەکرێن...)) ئەمەیان زێدەڕۆیی تیادایە. زێدەڕۆیش نووسینەکەی لەکەدار کردووە، چونکە فێرکردنی ئەلفبا هیچ پەیوەندی ناگەڕێتەوە سەر بابەتەکانی ڕێزمان...ئەلفبا بناغەی داڕژانی فێربوونی هەموو زمانێکە، لێرەدا بۆمان دەردەکەوێ کە ناوبراو دەروون هەڵقرچاوە بۆ کورد....

لە دوای ئەمە نووسیویە ((ئەو لیژنانەی کە ڕێزمانی قۆناغە جیاجیاکان دادەنێن، پشت بە بیروبۆچوونی زمانەوانەکان دەبەستن بۆ دانانی ڕێزمانێکی گونجاو بۆ هەر قۆناغێك)) دوای ڕێنمایی زمانەوانەکان دەکات و دەڵێت: ((نابێ سەرپێیانە یاسا و دەستوورەکانی زمان بخاتەڕوو یاخود دیاری بکات)) ئینجا سەرزەنشتی لیژنەکان دەکا و دەڵێ: ((وەك ئەو لیژنانەی ئەمڕۆ کە ڕێزمان و بگرە زمانی کوردیشیان شێواندووە....)).داواش لە وەزارەتی پەروەردە دەکات ، کە : ((کەسانی شیاو لە شوێنی شیاو دابنێت)).وتەکانی ئەو بەڕێزە ڕاست و دروستن ئەگەر شتێ بگەیەنێت تەنها ئەوەیە کە یاسا و یەکسانی لە نێواندا نییە: لە دانانی کەسانی لیژنەکانیش ، ئێمە لە ڕۆژگارێکدا دەژین لەژێر دەستی هەندێ بەرپرسی نابەرپرس کە شیاوی ئەو شوێنە نییە، بە ئارەزووی خۆی داشەکانی ناو شەترەنجەکە دەبا و دەهێنێ ، ڕەچاوی ئەوە ناکات کێ بە توانایە و پسپۆڕە لە شتەکان گرنگ لای ئەو خزمەکەی سوودمەند بێ یان کەسێ تەکلیفی لێ کردووە.کەواتە کورد وەتەنی ﴿ئۆخەی ئۆخەی هەر کەس بۆ خۆی﴾ هەربۆیە تا ئێمە مابین لە ژیاندا هەر دەبێ لە ژێر بێگاری و گەندەڵی بناڵێنین و دەستی چەپەڵیان لە سەرمان بسووێت.تا ئەو کاتەی لە هەموو بارێکدا یاسا سەروەر دەبێت... دەربازمان نابێت. بەڵام کە داوا کات زمانەوانەکان نابێ سەرپێیانە یاسا و دەستوورەکانی زمان بخاتەڕوو یان دیاری بکات.... ئەمەیان ڕاست نییە، چونکە هەموو زمانەوانێك بە دوای ڕاستیدا دەگەڕێت بیدۆزێتەوە.... چۆن کاری زانستی سەرپێیانە سەردەگرێت یان ڕەچاودەکرێت.

لە تەوەرێکی تری باسەکەیدا لە ژێر ناوی :(ئەو ڕێزمانانەی لە قوتابخانەکاندا دەخوێندرێن) ناوبراو نەدەبووا بنووسێ - ئەو ڕێزمانانەی- چونکە نەتەوەی کورد تەنها یەك ڕێزمانی هەیە، بەڵام قۆناغەکانی خوێندن جیان.هەروەها نووسیویە ((دەپرسین ئایا ئەو ڕێزمانانەی لە قوتابخانەکانی

كوردستاندا دەخوێندرێن تا چەند ڕاست و دروستن و خزمەت بە زمانی كوردی و تاكی كوردی دەكات)).

دوای دەڵێت ((ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە هۆكاری نووسینی سەرەكی ئەم پەرتووكەی بەردەستت بێت)) دووبارەی دەكەمەوە ، كە سەرگەرمی و تەنگژەی دەروونی و خێرایی لە دەربڕین پاڵیان ناوە بە ناوبراو كە هەڵەكانی خۆی نەبینێت؟! !وەك ئەوەی كە نووسیویە – پەرتووك – ئەمە پەرتووك نییە ، بەڵكو وتارێكی دیاریكراوە لە گۆڤارێكدا. جگە لەوەش گلە و گازندەی زۆری هەیە لەسەر پرۆگرامی ڕێزمانی قوتابخانەكان، وەك دەڵێت: ((تەنها سەر لە قوتابییان و نەوەی دواڕۆژ دەشێوێنێت و ئاشنایان دەكات بە شتە هاودژەكان)).ئەو بەڕێزە گلە و گازندە دەكات، بەڵام مەخابن شتە خراپەكان دەست نیشان ناكات كە سەر لە قوتابییان دەشێوێنێت.ئەم وتەیە ، وەك چیرۆكەكەی – جەمیل سائیب– كە لە سەردەمی مەلیك مەحمود نووسیویە وادێتە بەرچاوم كە سەرتاپای ڕەشبینییە بەرانبەر حكومەتەكەی شێخ مەحمود.بە هەرحاڵ بەو برا بەڕێزە دەڵێم: پێویستە ئێمەی كورد هەمیشە سوپاسی خوا بكەین كە بارودۆخێكی زێڕینی وەك ئەمڕۆی بۆ ڕەخساندین و لە كایەدایە كە بتوانین ڕۆڵەكانمان فێری زمانی خۆیان بكەین و فرچێكیان بدەین بە یاسا و دەستوورەكانی زمانی كوردی.سەرەڕای ئەمەش پرۆگرامی ڕێزمانیش زۆر گونجاو و لەبارە لە هەموو قۆناغەكاندا وەك ئەڵقەی زنجیرێكن لە هەموو قۆناغەكاندا بە یەكتر بەستراونەتەوە و تەواوكاری یەكترن لە پەیڕەوكردنیشیان ڕەچاوی تەمەنی قوتابییان كراوە بۆ تێگەیشتن لە بابەتەكان.....دە پێم بڵێ كام بابەتەیە سەر لە قوتابی دەشێوێنێت یان كام بابەتەیە كە ئاشنایان دەكات بە شتە هاودژەكان.... ! . بەڕێزتان وەك پارێزەرێك لە مافی قوتابییان و بەرگری كردن لێیان... زۆر جێی داخە كە ئەو لەتەوەرێكی تری باسەكەدا لە ژێرناوی (پێناسەیەك بۆ ڕێزمان)دەڵێ: ((قوتابییان ڕێزمان دەخوێنن بێ ئەوەی جارێ بزانن ڕێزمان چییە؟!)) لە دوابیدا دەڵێ: ((پێویستە ئەم هەڵە ئاشكرایە ڕاست بكرێتەوە قوتابییان هەر لە زووەوە فێری پێناسەی ڕێزمان بكرێن)).مامۆستای بەڕێز:

ڕێزمان چەندەها پێناسەی جۆراوجۆری هەیە، وەك لە خوارەوە دەیان نووسین:

أ. ڕێزمان چرایەكی زانستی زمانەوانییە كەلەبەر و قوژبنە تاریكەكان ڕۆشن دەكاتەوە.

ب. ڕێزمان ئامرازێکی زانستی زمانە ئاجای گاسن خاکی زمان دەخاتەوە شێ.

ج. ڕێزمان ڕێرەوییەکی ناو کانیاوی زمانە و شێلویەتی بەر پەرچ ئەداتەوە.

د. ڕێزمان زانستێکی گەڕان و پشکنینە بە دوای شتە ڕاست و نەدۆزراوەکان.

دەتوانتم چەندەها پێناسەی تر دابڕێژم. هەر من نا : زمانزان و ڕۆشنبیرانی تریش هەر یەکە و بە پێی لێکدانەوەی هزر و بیریان ئەتوانن چەندەها پێناسەی فرە فەراهەم بێنن...مەبەستم لەوەیە پێناسەی ڕێزمان بوون و نەبوونی وەك یەکە لای قوتابییان... ئەوەیان لە ئەستۆی مامۆستادایە ئەگەر پرسیاریان لێ بکرێت؟!داواشت کردووە کە ئەم هەڵەیە ڕاست بکرێتەوە، لە ڕاستیدا بە هەڵە ئەژمار ناکرێت، لەبەر ئەوەی دەبێ بزانێ و فێری ببێ کە ڕێزمان ڕێسا و یاسای جێگیری نییە، چونکە زانستێکە بە پێی بەرزی و پلەی ڕۆشنگەری و پێشکەوتوویی نەتەوە و باری گوزەران و شارستانییەت پێشدەکەوێ و دەگۆڕێت برەو پەیدا دەکات.

لەم بارەیەوە زانایەکی زمانەوانی ئەورووپی دەڵێت ((مرۆڤ نابێ بە دوای سێ شت ڕابکات وەك (ژن ، پاس ، ڕێزمان) )) لەبەر درێژدادڕی لێکدانەوەکە جێ دێڵم بۆ ئێوە و خوێنەران، بەڵام کورتییەکەی ئەوەیە کە ڕێزمان ڕێسا و یاسای چەسپاو هەڵناگرێت، هەمیشە لە گۆڕاندایە بە پێی باری گۆڕانی ژیانی کۆمەڵگا هەر بۆیە پێویست ناکات هیچ پێناسەیەکی بۆ دابنرێت، وەك برای بەڕێز بە هەڵەی داوەتە نووسین، ئاهەقیشی ناگرم، چونکە لەوانەیە خاوەن ئەزموونێکی زۆر نەبێ سەبارەت بە خوێندنەوە لەسەر زمان و ڕێزمان؟

لە ئەوەرێکی تر لەژێر ناری: هەڵەی (تێکەڵکردنی ڕێزمان و ئەدەب) با سەیری ئەم نووسینەی بکەین کە دەڵێ: ((بە هیچ شێوەیەك ناشێت و ناگونجێت لە بابەتی ڕێزماندا هۆنراوە و پەخشان بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتەکان بەکاربهێنرێت یان لە ڕاهێنانەکاندا بوونیان هەبێت)) هەر خۆی وەڵام ئەداتەوە و ئەڵێت: ((ڕەنگە هەندێك بپرسن بۆچی؟ لە وەڵامدا)) دەڵێین: ((چونکە ئەدیبان بەگشتی و شاعیران بە تایبەتی لە نووسینی تێکستی ئەدەبیدا ڕێزمان تێك دەشکێنن، بە تایبەتی لە سەردەمی ئەمڕۆماندا شاعیران لە هەموان زیاتر ڕێزمان تێك دەشکێنن؟!)).ئەم بانگەوازەی ناوبراو ئەتوانین بیچوێنین بە ڕەشەبایەکی زۆر

تووند و دژوار کە ڕەشەبا بەزەیی بە هیچ بوونەوەرێك نایەتەوە نە بە مرۆڤ ، نە دار و درەخت و گژوگیا ، نە بە مەڵ و گیاندارانی تریش ... لەبەر ئەوەی ویزە ویزەکەی چەند بتەوێ دژوارە، چونکە داواکەی وادەگەیەنێت کە داوا دەکات دەبێ لەو ڕووبارەی ژیان بپەڕییەوە و نابێ قاچەکانیشت تەڕ بێن...من وا هەست دەکەم کە ئەم نووسینەی تەنها بۆ کەڕ و لاڵەکان داڕشتووە ، نازانێ کە مرۆڤی ئەمڕۆ بە تایبەت ڕۆڵەکانی کورد پەڕەی سپی دەخوێننەوە؟!هەزار ڕەحمەت لە خاوەنی ئەم وتەیە بێ کە دەفەرمووێت ﴿تەڕ و هیشك پێکەوە گڕ دەدات﴾. هەزار ڕەحمەتیش لە پیرەمێردی فەیلەسوف ، کە دەڵێ:

**تا قەڵەڕەشمان ڕێ نیشاندەر بێ**

**دەبێ گەورەمان هەر دەر بەدەر بێ**

بە خۆم دەڵێم : سەد بریا نەدەگەیشتمە زەمانێ کە مامۆستایەکی پسپۆڕی زمانی کوردی، داوا بکات کە نابێ پەخشان لە بابەتی ڕێزمان و ڕاهێنانەکان بێتەوە، چونکە بە ڕای ئەو هەڵەیەکی کوشندەیە؟!وێڕای ئەمەش کە ئەدیبان بەگشتی شاعیران بە تایبەتی تاوانبار دەکات بە تێکشکاندنی ڕێچکەی ڕێزمانی... من ئەم خەمە دەمکوژێت و چۆن لە گۆڤاری زماننماسی قسەی هەڵەق و مەڵەق بڵاوبێتەوە ، قسەی بێ بنەما و بێ لێکدانەوە ئەمەیان گوناهێکی زەبەلاحە یەخەی کێ دەگرێتەوە، ئەمەیان نازانم.تەنها ئەوەندە بەو برایە دەڵێم و بەس: ئەگەر دڵی شینی ئاسمان و مانگ و ئەستێرەکانی پڕ نەکرابێ لە شیعر و پەخشان ، ئاوا پەخشان و جوان خۆیان نانوێنن کە خەڵکی سەیریان بکات.ئەگەر شەپۆلەکانی دەریاش شیعریان تێکەڵ نەکرابێ ، ئاوا سرك و ڕەوان نابن لە ڕۆیشتن و دەست لە ملانێ... !ئەگەر شاخ و درەختەکانیش کە لەوپەڕی دەماخ بەرزی و شکۆییدان ناخیان جۆش ناخوات بە شیعر ، مرۆڤی سەروەر کە خاوەن سۆز و ئەندێشە و خەیاڵە بە شتی پڕوپوچیان هەراج دەکات.

کەواتە هەر نووسینێك کە لە گۆڤارێك یان ڕۆژنامەیێ سەر هەڵبڕێ ،ئەبێ بە نێر و تەسەلی لە سەرە و بێژینگ بدرێت لای دەستەی نووسەرانی گۆڤار و ڕۆژنامەکە....ئەگەر بە پەخشان ڕاڤەی تێکستێکی ڕێزمانی نەکرێ، چۆن خوێندکاران و قوتابییان تێی بگەن.برای بەڕێزم زمان وەك باخاتێکی پڕ میوەیە لە چوارچێوەی پەرژینێکدا،بە تایبەتی ڕێزمانەکەی بەوە قەشەنگ و جوان دەبێت کە بۆ هەر لایەکی هەنگاو بنێت، جۆرە میوەیەکت دەست بکەوێت..؟!

لە ئەوەرێکی تر لە ژێرناوی شیکردنەوە یان شلۆڤەکردن پێویست ناکات، دەڵێ: ((زمانی کوردیش سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆئەوروپییە، لەم کۆمەڵە زمانەشدا شیکردنەوە نییە)).دەبووایە ناوبراو هەندێ لە کۆمەڵەی زمانەکانی هیندۆئەوروپی وەك نموونە بخاتەروو، نەك هەر بە قسە و هیچی تر تا بڕوای پێ بکەین... داوا دەکات و دەڵێ: ((پێویستە بە زووترین کات وەزارەتی پەروەردە شیکردنەوە لە زمانی کوردیدا نەهێڵێت)).بە ناوبراو دەڵێم: نەك هەر زمانی عەرەبی بگرە تورکی و فارسیش کاریگەرییان لەسەر زمانەکان جێهێشتووە و زۆریش، بەڵام وەك نموونە – لە کۆمەڵە زمانی هیندۆئەوروپی کە نزیکترینیان لە زمانی کوردی – فارسییە.کاریگەری زمانی عەرەبی لەسەر فارسی یەکجار زۆرترە تا ڕادەی زمانی کورد، ئەگەر لە زمانەوانەکانی فارس بپرسین کە ئەو کاریگەرییەی زمانی عەرەبی لەسەر زمانەکەیان بۆ وا ماوەتەوە؟! لە وەڵامدا پێمان دەڵێن زمانی عەرەبی بووە بە خزمەتکار و تەواوکەری زمانەکەمان کە هیچ لەنگییەکیش لە مەدا بەدی ناکرێ ... ئەمە وتەی فارسەکانە نەك هی من لە دواییدا دەڵێ: ((شیکردنەوە تا ئێستا بەشێکی زۆری لە زمانی کوردیدا بە تەعریب کراوی هێشتۆتەوە)).لەم ڕووەوە دەبووایە ناوبراو چەند ڕستەیێ بخاتە پێش چاو....جگە لەوەش هەندە بە توندی و گرژی لەو بابەتە ئەدوێت و ئەڵێت: ((یەکێکە لە هەڵە گەورە و کوشندەکان و کاریگەری زۆر خراپی بۆ سەر زمانی کوردی دەبێت ، دەتوانم بە یەکێك لە کەلتورەکانی بەعسی گۆڕ بە گۆڕی ناوبنێم))؟! هەروا داوا دەکات و دەڵێ: ((کە زۆر بە پەلە بنبڕبکرێت))، بە ڕاستی ئەم وتانە جێی حەیەسان واق وڕمانە لەبەر ئەوەی ڕقی هەڵستاوە ، دۆ و دۆشاوی تێکەڵ کردووە.لە لایێ داوا دەکات کە شیکردنەوە بنبڕ بکرێت لە لایەکی تر شیکردنەوە دەکاتە بە ملکی فاشیستی خوێنڕێژی بەعس و بە کەلتوری ئەوی ناوناوە؟نێوان ئاسمان و ڕێسمان چەند لە یەك دوورن ،وتەکانی ئەم بەڕێزەش ئەوەندە لە واقیعی میللەتەکەمان دوورن....؟ لە ڕاستیدا شیکردنەوە بڕبڕە و کڕکڕاگەی پشت ئەستووری فێربوونی هەر زمانێکە لە گێتیدا.یەکجار بە ئاسانی و لە کەڵ کەڵەی هونەرییەوە مرۆڤ شارەزای فێربوونی بەشە ئاخاوتنەکانی زمان دەکات؟!لە شیکردنەوەی ڕستەیەکدا کە داوا دەکرێت

ئەوەی شارەزایی پەیدا کردبێ لە زمانەکەدا ... ئەوا وشەکان هەر یەکە و بە ڕاستی دەبات و دادەنێت لە خانەی شەترەنجی داواکەدا.شیکردنەوە هەڵقەندنی درەخت وشەی زمانەکەیە لە ناخی زەویدا کە بە ڕەگ و ڕیشەوە لە بن دەردەهێنرێت.جگە لەوەش کە شیکردنەوە هەبووە لە زمانی عەرەبی، نە بەعسی خوێنڕێژی فاشی هەبووە ، نە سەلاحەدینەکەی خۆشمان.هەربۆیە دەڵێم ماموستا گیان ئەو ئازادییەی ئەمڕۆ هاتۆتەکایە بۆ کورد... دەبێ ژیرانە هەڵسوکەوتی تیادا بکەین، چونکە هێشتا ماوەیەتی کە کورد لە پڕێك ببێ بە کوڕێك، کەمێ لە قسەکان ورد بەرەوە و تا تێ بگەی؟!وتەکانی بەڕێزت سەبارەت بنبڕکردنی شیکردنەوە وەك خلیسك چاندنە لە شوێنێ کە هاچەی بەرژەوەندی نەتەوایەتیمان بە لایدا گوزەر ناکا و تێپەڕ نابێ.

لە تەوەرێکی تری باسەکەیدا لەژێر ناوی (هەڵەی ڕێزمانی لە ڕێزماندا) دەڵێ: ((لە پەرتووکی قوتابخانەکاندا بە سەدان هەڵە بەدی دەکرێن.... چەندەها هەڵەی چاپ و هەڵەی زانستی بەدی دەکرێن... بوونی ئەو هەموو هەڵەی چاپە .... شتێکی نەشیاو و ، ناپەسندە ئەگەر شتێ بگەیەنێ... ئەوەیە کە لیژنەی پسپۆڕ بایەخیان بە ڕێزمان نەداوە ، ئەوان تەنها لە پێناو دەستکەوتێکی مادی لە بەرانبەر پێداچوونەوە و وردبینی هەڵەچنی وەری دەگرن ، شتەکان سەر پێیانە بە ڕێ کردووە)). لێرەدا مێشکی ئەو بەڕێزە لە هیچ و خۆڕایی پف دراوە بە هەندێ شتی لاوەکی ،چونکە هەڵەی چاپ یان زانستی بە هیچ شێوەیێ ناگەڕێتەوە بۆ لیژنەکە.لیژنەکانی ڕێزمان بێت یان ئەدەب یان خوێندنەوە. بەرنامەکان دادەڕێژن و دەچێتە پرۆگرامەکان لە وەزارەت... ئەو کەم و کوڕییەی کە هەبێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەستۆی پرۆگرامەکان کە سەرپێی و بە نەشیاوی کارەکان تێدەپەڕێنن لەوانەیە هەندێ فەرمانبەریشی هەبێ کە پسپۆڕیان لە بابەتەکە نییە.دوای چاپکردنیش هەر دەبێ بگەڕێتەوە ئەوێ بۆ چاو پیاخشاندنەوە و پاکسازی لە هەڵەکان لە لایەن لیژنەیەکی پسپۆڕ کە بۆئەم مەبەستە تەرخانکراوە.... ئەگەر هەڵەیەکیان بەدی کرد وەك پۆزش لە لاپەڕەکانی دواوەی کتێبەکەدا ئاماژەی پێ نەدەن....لایەنی تر ناوبراو باسی سەدان هەڵە دەکات، بەلام نایانخاتەڕوو؟! تا خوێنەر بزانێ هەڵەکان لە کوێوەی

کتێبەکەدا...درێژە بە نووسینەکە دەدات و دەڵێ: ((ئەمە وا لە قوتابییان دەکات بە چاوێکی نزمەوە سەیری زمانەکەی بکات..... ئەمانە دەبنە هۆی سەر لێشێواندنی قوتابیان و بگرە زۆرجار مامۆستایانیش)).

ئەم وتەیە زۆر سەیرە ، بەڵام سەیرتر لەوە بە پێی ئەو نووسینە ، دەبێ قوتابییان هۆشیارتر و زیرەکتر بن لە مامۆستاکان چونکە دەڵێ سەر لێشێواندنی قوتابییان و بگرە مامۆستایانیش کورد فەرموویە:﴿ کەنگر و ماست لە وادەی خۆی﴾.ئەگەر لە قوتابییان هەندە مرۆڤی زیت و زیرەك و هەڵکەوتوو هەبێت یان مامۆستاکان بۆچی گرێ کوێرەکانیان ناکەنەوە و دەری ببڕن بە دوو ڕستە یان وتارێ لە شوێنێك بڵاوی بکەنەوە ئەوەی ناوبراو باسی لێوە دەکات تەنها قسەیە ، بەڵام هاتە هانی بەراز و فرۆمەی بەر ئاگردان زۆر لێك دوورن.ئەگەر ڕێویش لە کونی خۆی هەڵگەڕێتەوە خوا گەڕی دەکات....ناڵێم کە کتێبەکان خاڵین لە هەڵە، بەڵام هەڵەکان زۆر زۆر دەگمەنن....

دیسان کورد دەفەرمووێ: ﴿کەرێ بە ناوی بەفر بکڕێت ، بێگومان لاقاو دەبیات؟!﴾. ئەو دیاردە درێوە ، ئەو گەندەڵییە ناقۆڵایە قەد بنبڕ ناکرێت... واتە بەرنامەکانی کوردی هیچ کاتێك ڕاست و دروست فەراهەم ناهێن ،کەی دەگەین بەو مەبەستە کە چەند خاڵێك هەیە پێویستە پەیڕەوی بکەین، وەك:

١ـ دەبێ یاسا لە بەرچاو بگیرێت و سەروەر بێ لە ئەنجامدانی هەر کارێکماندا.

٢ـ دوورکەوینەوە لە وابەستەیی و خزم خزمانێ و بەرژەوەندی تاکە کەس.

٣ـ لاوان و ڕۆڵەکانمان فرچك بدرێن لە لایەن ئایدیا سیاسییەکانەوە بۆ لەبەر چاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوایەتی دوور لە بیری تەسکی ئایدیایی ڕابێن لەسەر خۆنەویستی و خۆشەویستی و تەبایی و یەك ڕیزی،چونکە پەروەردە بناغەی کۆنکرێتی ژیانە هەر نەتەوەیەك پەروەردەی ڕاستەقینەی بکرێت لە بوارەکانی تری ژیاندا گەشە دەکات لە هەموو سەردەمێك و بارودۆخێکیشدا پرۆگرامی خوێندنی کوردی هەروا پڕ هەڵە ڕۆیشتووە، بەڵام وەك ئەوەش نییە کە ناوبراو باسی دەکات.

لە تەوەرێکی تری باسەکەدا لەژێر ناوی ((چەندەها ناو و هاوواتا)) دەڵێ: ((شتێکی دیکە هەیە کە مایەی سەر لێشێواندنی قوتابییانە ئەویش ئەوەیە کە

بابەتی بەشەکانی ئاخاوتن لە ڕێزماندا باسیان لێوەکراوە ، خراونەتەڕوو ، هەریەکەیان چەندین ناویان هەیە بۆ نموونە: (بکەر – کارا ، بەرکار – تەواوکەری ڕاستەوخۆ ، جێناو – ڕاناو .....تد) )). ئەم کردارەی ناو کتێبەکان ، لای خاوەن وتار ناپەسند و خراپە، چونکە مایەی سەر لێشێواندنی قوتابییانە. لە ڕاستیدا وەك ناوبراو بۆی چووە وانییە، چونکە بوونی ئەو هاوواتایانە کە مێشك و دەروونی خوێندکار و قوتابییان فراوانتر دەکات بۆ بیرکردنەوە و داهێنان ، چونکە ئەمانە لە دواڕۆژدا زۆربەیان دەبن بە بەهرەمەند ، نووسەر و شاعیر و پسپۆڕیان لێ دەردەچێ هەروا ئەکتەر و شانۆنووس و ڕۆماننووس ... کەواتە هەرچەند هاوواتا زۆر بێت ، ئەوا زەخیرەی مێشکیان پتەوتر دەبێت.لایەنی تر تێکەڵکردنی شێوەزارەکانی کوردی تا ئەوپەڕی پەسندە بۆ بە خراپی دادەنێت دەمان بات و ڕامان دەکێشێ لە ئەنجامدا بەرەو زمانێکی ستانداردی فەرمی، بەڵام بۆ سەر لە قوتابییان دەشێوێنێ لە مەیان تێ ناگەم.

لە تەوەرێکی تر لە ژێر باسی: (با دەسبەرداری درێژ دادڕی بین.....) دەڵێ: (( لە ڕێزمانی قوتابخانەکاندا درێژدادڕی و زۆری و بۆربیەکی زۆر هەیە ، هەم بابەتەکانی ڕێزمان زۆرن ، هەمیش درێژدادڕی لە ڕاڤەکردن و نموونەکاندا هەیە.....)) .سەرزەنشتی لیژنەکانیش دووپات دەکاتەوە و دەڵێ: ((نەیانتوانیوە شتەکان هەرس بکەن و تێی بگەن ... بۆیە پەنایان بردۆتە بەر درێژدادڕی .... لە بری سوودگەیاندن بە قوتابییان، بۆتە هۆکاری بێزارییان.....)) .بە ناوبراو دەڵێم: هەر بەرنامەیەك زانستی بێت یا ئینسانی لەسەر دەستی گروپێ زانا و پسپۆڕ هەڵدەهێنجرێت، بە تایبەت ئەگەر بەرنامەکە بۆ فێرکردن و پەروەردە تەرخان بکرێت... دوای تەواوبوونیان لە دارشتنی بەرنامەکە ، دەچێتە بەردەم لیژنەیەکی تر بۆ بە دواداچوون و لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە ، لیژنەی دووەمیش پێکهاتووە لە پسپۆڕییەکانی – دەروونزان – کۆمەڵناس – پسپۆڕی بابەتیش لەوانەیە هەندێ جار پسپۆڕی کەشناسیش لەگەڵدا بێت ... دوای لێکۆڵینەوە و وردبوونەوە لە بەرنامە دارێژراوەکە ڕەچاوی ئەم خاڵانە لە بەرنامەکەدا دەکەن، وەك:

١- ڕەچاوی تەمەن بە پێی بەرنامەی دارێژراو.

٢- ڕەچاوی ڕاڤەکردنی بابەت و یەکەی بابەت و گشتگیری و تەرازان.
٣- ڕەچاوی زەمەن واتە کات بۆ تەواوکردنی بەرنامەکە.
٤- ڕەچاوی ساڵ و مانگ و ڕۆژ کە بەرنامەکە لە خۆ دەگرێ بۆ تەواوبوون.
٥- ڕەچاوی بۆنە و جەژن و پشووەکانیش دەکەن.

دوای ئەنجامدانی ئەم کردارانە ئینجا ڕەزامەندی نیشان دەدرێت لە وەزارەتەوە کە ببێ بە بەرنامەی قۆناغەکانی خوێندن.هەر بەرنامەیەکیش کە دادەڕێژێ بە تایبەت هی خوێندن و فێربوون مەبەست لەو بەرنامەیە هۆشیاری و برەوپێدان و بە گەڕخستنی ئەست و داهێنانە بۆ ئەو مرۆڤەی کە دواڕۆژ چاوەنواریەتی....

ئەو بەڕێزە کە دەڵێ: ((بابەتەکان زۆرن و بۆریەکی زۆری هەیە)).بەرپەچی ئەدەمەوە دەڵێم: بابەتەکان بە پێی ڕۆژگاری ئێستامان کەمن چونکە بەشە وانەی کوردی چوارە تا قۆناغی یازدەمی ئامادەیی لە دوازدەشدا کراوە بە پێنج.بەڵام زۆر و بۆرە بۆ ئەو مامۆستایەی کەمتەرخەم و سستە و هەست بە بەرپرسیاریەتی ناکات و دڵسۆز نییە لە کارەکەیدا؟!هەر بابەتێکی ڕێزمانی کە ڕاڤە دەکرێ ، ئەی نابێ بە پوختی و ڕێکی ئامانج بپێکێ؟!ئەگەر بارودۆخ وەك ئەو بەڕێزە باسی دەکات هەروا بڕوات ... بابەتەکانی زمانی کوردی هۆکاری سەرەکی بێزاری قوتابییان بێت .... دەبێ چاوەنواڕ بین .... ئەوڕۆژە دێ کە قوتابییان داوا بکەن بەشە وانەکانی زمانی کوردی بگەڕێتەوە دۆخی جارانی کە دوو بەشە وانەبوو! !لە سەرەدمی فاشییەکان و پێشتریش یان ئەو ڕۆژە دێ کە داوا بکەن بە پێی بۆچوونی خاوەنی وتار، داوا دەکەن و دەڵێن با هەر نەمێنێ ،چونکە بێزارمان دەکات و بێزاربوونی لێی بەڵگەشمان ئەوەیە کە دەڵێت: ((خوێندنی ئەدەب لە قوتابخانەکاندا بۆ خۆشەویستکردنی شاعیران و پەخشان نووسان و ئەدەبی کوردییە لە لای قوتابییان نەك ڕق لێبوونەوە)). ئەم وتەیەی بەڕێزیان ... قابیلی قبووڵ نییە ! ؟چونکە هەر بەرنامەیەك ڕاپرسی قوتابییانی لەسەر وەربگیرێ ئەوا لە لیستی وانەکانی هەفتەدا تەنها وەرزش دەمێنێتەوە؟!وتەکانی خاوەن وتار ئامای ئەو پەندەیە کە دەڵێ: ﴿هەر کەسە و گیزان لە هەمبانی خۆیدا دەژمێرێ﴾. جێی داخە کە ناوبراو بە دڵتەنگی و

دڵەکوتێ و دەروونێکی لێخندار سەیری شتەکان دەکات و هەڵیان دەسەنگێنێت، دوور لە ڕاستی لە کاتێکدا ئێمە لە ڕۆژگارێکی زێڕینی وەك ئەمڕۆ کە هیچ کات بە درێژایی مێژوو کورد بە خۆیەوە نەیدیوە غرور بمان گرێت و ڕۆژانی شوومی ڕابردوو فەرامۆش بکەین......؟!

لە تەوەرێکی تر لە ژێر ناوی (لە ڕێزمانێك زیاتر) دەڵێ ((قوتابییان لە کوردستاندا لە وانەی کوردیدا زیاتر لە دوو ڕێزمان دەخوێنن ، ڕێزمانی شێوەزاری کرمانجی ژووروو و ڕێزمانی شێوەزاری کرمانجی خواروو....)) هەروەها دەڵێت: ((ئەگەر سەیری ڕاڤە و ڕوونکردنەوەی بابەتەکانی ڕێزمان و ڕاهێنانەکان بکەین شێوەزارەکانی دیکەش بەدی دەکرێن.....؟!))هەروەها نووسیویە ((هاوکات زۆرجار شێوەزاری دیکەش لە پەرتووکی ڕێزماندا بەدی دەکرێن))، جا ئەمە بە ئەنقەست کرابێت یان لە بێ ئاگایی یەوە بۆ نموونە لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیدا – لە ڕێزمان بابەتی برگە – لە ڕاهێنانی (٣) دا ئەم هۆنراوە هاتووە:

**گوڵ چوون ڕووی ئازیز نەزاکەت پۆشان**
**وەفرەوان چۆن سەیلی دیدەی من جۆشان**

هەروەها بە پەلپ و بیانووی لە ڕادەبەدەر بۆ سەر لیژنەکان دەڵێ: ((ئەم لیژنەیە وەك بڵێی لە پێناو دژایەتی کردنی زمانی کوردی و قوتابییانەوە دروست کرابێ))، جگە لەوەش لە پێشەوەتر دەڵێ: ((کەسانێك لە پەنای لاف و گەزاف نیشتمانپەروەرییەوە ، خەریکە شیرازەی هەموو شتەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێك دەدەن کە یەکێ لەمانە سەر لە قوتابی شێواندنە بە هۆی ئەم ڕێزمانە پڕ لە کەم و کورییە، جگە لەوەش دەڵێت: ((هەڕەمەکیانە ڕاهێنانەکانیان هێناوەتەوە کە تەواوی ئەندامانی لیژنەی پسپۆر ناتوانن شیکاری بکەن...)) .هەروا نووسیویە ((خوێندنی زیاتر لە ڕێزمانێك ستەمێکی ئاشکرایە دەرهەق قوتابییان))، ئەمەش دەڵێ ((سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕی هاتە دیدارم کە زمان و ئەدەبی کوردیم دەگوتەوە)) ((سەرپەرشتیار بە قوتابییانی ڕاگەیاند کە هیچ لە کرمانجی ژووروو نازانێت....)).ئەوانەی ناو کەوانەکان پوختەی نووسینەکانی ئەو بەڕێزەیە ....بە سەرگوزەشتیەکی تۆکمە ئامێز ئاشناتان دەکەم بە ناوەرۆکی نووسینەکانی وەك: لە کۆندا لە لادێیەکی کوردەواریدا، پیرەژنێکی کت و کور لە دارەتی دنیادا

کوڕێکی شوانکارەی باڵغی دەبێت ... ئێوارەیەك لەسەر نانخواردن ... زۆر بە شەرمەوە بە دایکی گوت: حەزم لە ژنە دایکەش وتی: ڕۆڵەگیان ماف خۆتە، بەڵام نابێ بزانم کچی کێت دەوێ؟! کوڕە وتی: ئەمەیان نازانم .... دایکە وتی: ڕۆڵەگیان حەزت لە هەر کێیە بۆت دەخوازم، بەڵام پێشتر کچە دەست نیشان بکە و ، برۆ لای هەندێ پرچك و پەلاری تێ بگرە... بزانە ڕازی دەبێ شووت پێ بکات یاخود نا ....!ئێوارەی ڕۆژی ئایندە کوڕی ڕۆیشتە ڕێی کانی لە پەنای دارێکا خۆی مەڵاسدا ... کاتێ ڕەوە کێژەکان دەگەڕانەوە لە کانی و گۆزەیان لە شانی حیتوی کوڕی پیرێژن ، پەلارە دارێکی هاویشت بۆ هەردوو قاچی کچێك کە لە دواوە دەڕۆیشت بەناوی –بەسێ– بوو بە هاتوهاوار و بابەڕۆ ... خەڵکان تێی ورووژان و حیتۆش هەڵاتەوە بۆ لای دایکی ... پێی ڕاگەیاند کە کارەکەی ئەنجام داوە ... دایکەش لەبەر ڕەفتاری کوڕە تۆقرەی نەما ... دەقرقرا و دەنوزایەوە ... خزم و کەسی کچەش لەبەر نافامیدەیی و بێ هۆشی حیتۆ فەرمانی لێبوردەییاندا.

ئەو برا بەڕێزەش دەڵێ: پتر لە دوو ڕێزمان دەخوێندرێت.لە بەرنامەکەدا ، ئەگەر نۆ شێوەزاری کوردی تیادا بێت، لە چوارچێوەی یەك ڕێزمان کۆکراونەتەوە کە ڕێزمانی یەك نەتەوەیە، پێی ناگوترێ دوو ڕێزمان یان پتر ، بە بۆچوونی تۆ بێت هەر شێوەزار و ڕێزمانێکی تایبەتی هەبێت کەوابێ شێوەزارەکان هەریەکە و بۆ خۆی زمانێکی سەربەخۆیە ... ئای چەند هەڵەی بەڕێز جگە لەوەش گازاندە لەوە دەکات کە لە بابەتی برگەدا لە ڕێزمان هۆنراوەکەی مەولەوی هێنراوەتوە؟!بۆ ئەم وتەیەت پەندێکی عەرەبی هەیە کە دەڵێ: ﴿جاء لیکحله عماه﴾ واتە: هات کل لە چاوی بووك بکات، بەڵام کوێری کرد . جگە لەوەش ئەم هەموو پەلپ و بیانووە زۆرە و هێرشکردنە سەر لیژنەکان و نیاز خراپیان لە دروستکردنی زمانی یەکگرتوو .....برا گیان باش تێ بگە: دروستبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی نە ئەرکی لیژنەکانە ، نە بە کۆنگرە و کۆنفراسێ پێکدێ... ڕۆتینی زمانی ستاندارد دروست دەبێ کە کورد قەوارەی سیاسی سەربەخۆی ببێت....؟!جگە لەوەش بڵێ ئەوانە کێن بە لاف و گەزاف نیشتمانییەوە شیرازەی هەموو شتەکانی کۆمەڵگەی کوردی تێك دەدەن .. وێڕای ئەمەش کەموکوڕییەکانی ڕێزمان لە کوێیە ، خاڵ بە خاڵ دەست نیشانیان بکە و قۆڵت هەڵماڵە مەردانە ئەو ئەرکە بەجێ بێنە ...؟ کە دەڵێی هەڕەمەکیانە

ڕاهێنانەکانیان هێناوەتەوە و خۆشیان ناتوانن شیکاری بکەن ، ئایا پەیوەندیت بە ئەندامانی لیژنە کردووە کە ناتوانن ڕستەکان شیکار بکەن کە دەیانناوە؟باسی سەرپەرشتیارێکی پسپۆڕیت کردووە کە هاتۆتە دیدارت لە پۆلدا؟!خۆزگە ناوی ئەو سەرپەرشتیارەت دەهێنا تا خەڵکان بیناسن....؟ ، چونکە زۆر سەرپەرشتیار هەیە شایانی ئەو پایە نییە....؟جگە لەوەش نەت نووسیوە لە کام پۆلدا؟ لە کام قۆناغەدا؟ لە کام بابەتی ڕێزمان یان ئەدەبدا؟ بە هۆی نووسینەکەت گۆرانییەکی فۆلکلۆریم هاتەوەبیر، کە دەڵێ:

**چەندم پێ گۆتی شلەخەجێ مەچووە بیتوێنێ**

**ئاوی ئاسازە شلەخەجێ خۆ دەتفەوتێنێ**

ئەم سەرپەرشتیارەی کە ناوت نەهێناوە، هەقە کاتێ وتارەکەی تۆ و ڕەخنەکانی من لە وتارەکەت دەخوێنێتەوە .... یاتاخی بپێچێتەوە بۆ هەندەران بڕوات....بەڕێز گیان تۆ وتارێکی ڕەخنە ئامێزت نووسیوە، بەلام هێشتا زۆرت ماوە لە ڕەخنە بگەی. چونکە قسەکان کە دەنووسرێن بە تایبەت لە بابەتی ڕەخنەدا – لە ناو شایان– دەکێشرێن کە هەردوو لایان یەکسان دەوەستێ لاسەنگ نابێ.

لە تەوەرێکی تر. ڕێزمانێکی خۆشەویست دەڵێ: ((گە ڕێزمانێکی خۆشەویست هەبێ زمانێکی خۆشەویست دەبێ)) هەروا دەڵێ: ((بە بۆچوونی خم کە زمانێکی خۆشەویست نییە))....بۆ نووسینەکانی ئەو بەڕێزە دەڵێم: ئەگەر زمان وەك خێوەتێ بێ ، ئەوا ڕێزمان ئامای مێخ زنجیر و کوڵەکەکانی ئەو خێوەتەن.لە چەسپاندن و خۆراگری بەرانبەر وەیشومە و ڕەشەباکان ....میللەتیش لەناو خێوەتەکەدایە ، ژیان دەگوزەرێنێ و پشوو ئەدات ئارام و ئۆقرە وەردەگرێ کە خۆ لە خۆیدا خاوەنی خێوەتەکەیە ، واتە زمانەکەی ....؟!باشە ئەو مێخ زنجیر و کوڵەکانە کە هۆی داکوتانی خێوەتەکەن چ جوانییەك دەبەخشنە خێوەتەکە یانیش هۆیەکی سەرەکی چەسپان و قایمکردنی خێوەتەکەن....؟!کەواتە ڕێزمان زانستێکی زمانییە بە تەنها کاریگەری نابەخشێ لە زمانەکە.هەروا نووسیوتە ((ڕێزمانێکی خۆشەویست نییە)). ئادەی باسکە بۆمان تا بزانین هلومەرجەکانی ڕێزمانی خۆشەویست چین؟.! هەروا دەڵێت ((ڕستەکان لە سەرجەم پۆل و قۆناغەکاندا لە یەك ئاستدان)).

بە تێڕوانین لە کتێبەکان و بەراوردکردنیان قۆناغ بە قۆناغ دەگەین بەو ڕاستییە کە نووسینەکەی ئەو بەڕێزە بوختانێکی ڕیش سپییە؟هەروەها دەڵێت: ((ڕستە و هۆنراوەکان بۆ تەمەنێکی دیاریکراو نووسراون....)) ئەگەر داوا لە زانایەك یان مرۆڤێکی گەمژە بکەین کتێبەکان بخوێننەوە تا چەند نووسینەکەی بەڕێزیان ڕاستە لە ئەنجامدا هیچ کامێکیان بەو نزایە نالێن ئامین.... لە درێژەدا دەڵێ ((ڕستەکان بە گشتی وشك و برینگن.... دوورن لە واقیعی ژیانی قوتابییان لەگەڵ حەز و خەون و ئارەزوویان یەکانگیر نین)).بۆ ڕای بەڕێزیان دەڵێم: لە یەکێکیان پرسی: کوێت لە کوێیە ، بە دەستی ڕاستی لە پشت ملییەوە ، گوێی چەپی نیشاندا. ئەو بەڕێزەش هەموو ڕاستییەکان ئاوەژوو دەکات و لای لە ڕاستییەکان نەکردۆتەوە تەنها لە دڵێکی پڕ بوغز و کینەبارانی ڕق و ڕەشایی و بێزاری دەبارێنێ ، زانستییانە نەهاتووە شتەکان لێك بداتەوە ، ئەگەر پرسیاریشی لێ بکرێت ، ئەوا خۆی بە ڕاستگۆی یەکەم ڕەنووس دەکات.... لەو بڕوایەشدا نیمە کە دەست و هێزێکی چەپەڵ هەبێ دەستی لە پشتی بدات بۆ ڕەخساندنی کەش و هەوایەکی پڕ ژاوە ژاو ، دوور لە بەرژەوەندی نەتەوەیی.

لە تەوەرێکی تر (ڕێزمانی قوتابخانەکان دەبێ چۆن بێت) فەرموویە ((بەپێویستی دەزانم چەندخاڵی بخەمەڕوو بۆ لەمەودوا لیژنەی پسپۆڕ لە وەزارەت لە کاری پێداچوونەوە و بژارکردنەوە و چاپکردنی چاپەکانی داهاتووسوودی لێوەربگرن))، هەروەها دەڵێ: ((تا لەو دوا قوتابییان ڕقیان لە بەرانبەرزمانیکوردی زیاد نەبێت)) خۆی لە خۆیدا ساڵانە دەبێ پیاچوونەوە و بژارکردنی هەڵەکان ئەنجام بدرێت...؟!بەڵام ئەم نووسینەی لەجێیی خۆیدا نییە کەدەڵێ: ((تا قوتابییان ڕقیان لە بەرانبەر زمانیکوردی زیاد نەبێت)).ئەو بەڕێزە خۆی دەکات بە بریکاری قوتابییان و زمانی ئەوان .... بە ناوی ڕق و کینەیان ئەدوێت .... لەو بڕوایەدام کە هیچ قوتابییەك نییە ڕقی لەزمان و ئەدەبی کوردی بێتەوە ...تەنها کاسە لێسەکانی ، فاشیست نەبێت لەگەڵ نەیارانی کورد.ئامادەم شان بە شانی ناوبراو ڕاپرسییەك لەناو قوتابییاندا ئەنجام بەدەم بۆ ئیسپاتی وتەکەی کە ئاوارۆیە.هەر لە خۆڕایی بۆچی قوتابییان دەخەیتە ناو داربەندی ئەو تاوانە زلە ... کە گوایە ڕقیان زیاتر دەبێت .. خۆ ئەمەش دەزانین کە چەم بێ چەقەڵ نابێ .خاڵەکانیش لە ڕێنماییەکەیدا دەست نیشان دەکات بۆ لیژنە وەك :

١. ((بە زووترین کات شیکردنەوە ، شلۆڤەکردن لابیرێت)) بۆ ئەو داوایەی دەڵێم: شیکردنەوە گیانی زمان و دڵی ڕێزمانە... خوێن و تەزمی بەردەوامی دڵەکەیە.... بۆ برەو پێدان و تەمەن درێژی زمانەکە
گەر شیکردنەوە نەمێنێ زمانە کە ویشك و برینگ وەك باخێ کە ئاونەدرێت ئاوای بە سەردێت گەڵای درەخت و پۆپەکانی زەرد هەڵدەگەڕێن و بە کزە بایێ دەوەرن.
٢. ((یەك شێوەزار لە قوتابخانەکاندا بخوێندرێت ئەویش شێوەزاری کرمانجی خواروو بێت)) لە بەرانبەر ئەم دوایەش ئەز دەبێژم ، کریفۆ ، ئەو وتانە بەند و بالۆرەن و قسەی سواون، چونکە ئێمەی کورد هەموومان دەبێت یەك دەست و خواست و مەبەست بین .... ئەبێ دوور بیر بکەینەوە لەو کێشەیە، چونکە وا ئاسان نییە وێڕای ئەمەش چی لە دەستگەکانی هەوالگری و ڕادیۆ و گۆڤار و ڕۆژنامەکان دەکەی سیستەمی کارکردنیان هەپروون بە هەپروون دەبێ کەوایە بیرکردنەوەکەت زۆر تەسکە و لاتداوە لە ڕێبازی نەتەوایەتی.... بۆ ئەمەش سەد ئاخ و داخ و مەخابن....؟!
٣. ((با زۆری و بۆری و درێژدادڕی وەلاوە بنرێت))، بۆ ئەمەیان دەڵێم: درێژدادڕی لەهەندێ بابەت لە ڕێزمان پێویستە بۆ تێگەیاندنی بە تایبەت لە قۆناغی شەشەمی ئامادەیی.... بابەتەکانیش زۆر و بۆر نین بە پێی مانگ ڕۆژەکانی ساڵ....
٤. ((دوورکەوتنەوە لە تێکەڵکردنی ڕێزمان و ئەدەب بە تایبەت هۆنراوە))، ئەم نووسینە وەك خەونی چۆلەکە دێتە پێش چاوم کە کەس ناتوانێ لێکی داتەوە؟
٥. ((پێویستە کێشەی زۆری هاوواتاکان چارەسەر بکرێت))، هاوواتاکان چەند زۆر بێت سوودی پتر بە خەلکدەگەیەنێت .... ئامازەمان پێداوە پێشتر.
٦. ((باس لەهەڵەچنی دەکات کە نەسپێردرێت بە کەسانێ لە ڕێی وابەستەبییەوە- واسیتە-))، لێرەدا دەڵێم: تا یاسا سەروەر نەبێ لە هەموو دامودەزگاکانی هەر کەس بە خۆیدا نەچێتەوە لە کاری بێ یاساییدا ، حاڵی ئێمە هەروا دەمێنێ ... بێ سوودە، چونکە زۆرمان گوت، بەلام کەس گوێی لێ ڕانەگرتین.... !

٧. ((لەهەر پۆلێك چەند بابەتێكی دیاریكراوی ڕێزمان بخوێندرێت ، نەك بابەتەكان لە هەموو پۆل و قۆناغەكاندا بە بەردەوامی دووبارەبكرێنەوە))، ئازیزم: دووبارەكردنەوەی لە ڕووی سایكۆلۆژییەوە قازانجی زۆرە... لەهەندێ دووبارەكردنەوەشدا شتی تری خراوەتەسەر.

٨. ((با لیژنەی پسپۆڕ ، سەرنج وتێبینی مامۆستایان بە هەند وەربگرتن تا شتەكان هەر وەك خۆیان نەمێننەوە)) برا گیان سەرنج و تێڕوانینی مامۆستایان بە فەرمی لە ڕێی سەرپەرشتیاران وەردەگیرێت و لە ڕێی یەكەی سەرپەرشتیاری دەنێردرێت بۆ پرۆگرامەكان لە وەزارەت ... هیچ پەیوەندی بە لیژنەوە نییە ، بەڵكو چارەسەری گرفتەكانی زمان و زانستەكان لە پرۆگرامەكانەوەیە.

٩. ((با لیژنەی پسپۆڕ ڕاپرسی لەسەر ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوە و داڕتن ئەنجام بدات)) برای بەڕێزم: ڕاپرسی كاری لیژنە نییە دانانی بەرنامەی خوێندنیش پێویستی بە ڕاپرسی ناكات، چونكە ئەمەیان هەڵبژاردنی سەرۆكی شارەوانی و ئەنجوومەنی پارێزگا و ....تد. لەو بابەتانە نییە.

١٠. ((با ڕێزمان و ئەدەب و خوێندنەوە هەریەكەیان لە بەرگی تایبەتدا چاپ بكرێن و دابەش بكرێن)) بۆ ئەمەش دەڵێم: ئەو پێشنیازەت یەكجار پڕ بەها و ڕەوایە ئەگەر نەمرین ئەوەش دەبینین چونكە كاروانی سەركەوتنمان بەرەو لوتكە هەڵدەكشێت.

لە تەوەرێكی تری بە ناوی (بەر لە ماڵئاوایی) دەڵێ: (ئەوانەی لەم پەرتووكەدا خرانەڕوو بیربۆچوونی منە)).لە پێشەوەتر نووسیویە ((لە ڕاستیدا ئامانجی ئەم پەرتووكەم هەوڵێكە بۆ نیشاندانی ڕێزمان وەك خۆی)) .لە پێشتریش دەڵێ: ((دەمێك بوو بیرم لە پەرتووكێكی لەم چەشنە دەكردەوە ، كە شتەكان ...)) .لە دواییدا دەڵێ: ((دەمویست ئەو پەرتووكەی بەر دەستت بنووسم و بڵاوی بكەمەوە...)). لە دوا نووسیندا دەڵێ: ((ئەگەر هەڵەیێ یان كەموكوڕیێ هەبێ بەو پەڕی دڵ فراوانی وەردەگرم)).

منیش بەو برا بەڕێزە دەڵێم:

- دوای ماڵئاوایی ، هەوڵدە بۆ لە مەودوا ــ ئەگەر شتێكت نووسی ــ كورتبڕی پڕ واتا بێ .
- ڕەخنە دوو ڕووی سادەی هەیە ، ئەرێنیێ و نەرێنی ... ناكرێ لایەنێ دەربخەی بە ڕەشبینی لایەكەی تر فەرامۆش بكەی...

بۆ نموونە لە بەرنامەكانی زمانی كوردیدا كە دانراون بۆ فێربوون و خوێندن ... هەڵە وكەموكوڕییەكان لە هەموو قۆناغەكاندا ناگاتە ٣٪ ، بەلام لای تۆ ... هەڵە و كەموكوڕییەكان دەگاتە ٩٨٪ ، كە ئەمە هەرگیزاوهەرگیز ڕاست نییە ئەوانەیكاری فێربوونیان لە ئەستۆدایە درك بەو ڕاستیە دەكەن كە تۆ زۆر بە توندی دابەزیوی... توندڕەویش لە هەر كارێكدا دوور لە بەرێزتان .... ملشكانی بە دواوەیە.دابەزینەكەشت بەوشێوەیە لە قازانجی كورددا نییە ... لەم ڕۆژگارە دژوارەدا تەنها مایە و موژدەبەخشی خۆش گوزەرانی ئاحەز و داگیركەرانە.كەچی لاتان ئاشكرایە وەك ڕۆژی ڕووناك كە ئەم حكومەتە و بەرنامەكانی خوێندن و دامودەزگا چالاكییەكانی تر .... بەرهەمی چەندەها سالی تێكۆشان و خوێنی ئالی شەهیدە شكۆمەندەكانمان كە بۆ ئێمە فەراهەم هێنراوە.

– ڕەخنەش نەبێ لە هەر كۆمەلگەیەكدا بوارە جیاجیاكانی پێشكەوتن لە ژیاندا دەوەستێ وەك گۆمی مەنگی لێ دێ ، بەلام دەمێكە كورد فەرموویە ﴿نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ بڕار.....تد.﴾

– دوای نووسینی هەر بابەتێكیش مرۆڤ بۆ چەند جارێ پێویستە بە سەریدا بچێتەوە تا هەڵەكانی خۆی بدۆزێتەوە.

– ئەگەر ئەمەت بكردایە تووشی هەندێ هەڵە نەدەبووی وەك: ((ئامانجی ئەم پەرتووكە ، لەم پەرتووكەدا... بیرم لە پەرتووكێكی لەم چەشنە.... ئەوپەرتووكەی بەردەستت)).كە ئەمە وتارە پەرتووك نییە ، لە گۆڤارێ بلاوكراوەتەوە .

– هەڵەی تر زۆرە، بەلام با پێ بە قەد بەڕە ڕابكێشین....

– وێڕای ئەمەش وتارەكەت هەر خەمە و ڕەشبینی و گلە و گازەندە و بۆنی دڕدۆنگی لێوە هەڵدەستێ... كە لەگەڵ بارودۆخ و بەرژەوەندی نەتەوەكەمان ناگونجێ....

بۆدواجار دەڵێم:

گەردنی هەموو كوردەكەم بە شووشێ گولاو
لە بری سلاوێ شەست ملیۆن سلاو

# زمانی کوردی و بواری زانست و پەروەدە

د.یادگار لەتیف
کۆلێژی زمان/ زانکۆی سەلاحەددین

**پێشەکی:**

زمان دیاردەیەکی مرۆڤییەو بوونی وابەستەی بوونی مرۆڤە لەسەر گۆی زەوی، بەڵکو بوون وڕۆڵی بۆ پێش جێنشین بوونی مرۆڤ دەگەڕێتەوە لەسەر زەوی وەك چۆن قورئانی پیرۆز لەچیرۆکی بەدیهێناندا ئاماژەی بۆ دەکات، لەڕێگای دیالۆگی نێوان پەروەردگار وفریشتەکان لەلایەك، ونێوان پەروەردگار وئیبلیسدا لەلایەکی ترەوە، لەجیهانی مەلەکوتندا. وکاتێکیش ئادەم (د.خ) گیان دەکرێت بەبەریدا، زمان وەك سیستەم و وەك قسە (توانستی) ئامادەبەشی هەیە و ڕاستوخۆ پرسیاری ئاراستە دەکرێت و وەڵام دەداتەوە. وبەم ئامادەباشی وتوانستەوە مرۆڤ دێتە سەرزەوی، وزمان گرنگترین هۆکاری بەرەو پێش چوونی ژیانی دەبێت.

هەر لە مێژەوە مرۆڤ لەخۆی ولەزمانی ئاخاوتنی کۆڵیوەتەوە، وهەوڵی داوە هۆشیاری تەواو لەم پێناوەدا بەدەست بهێنێت، وبۆ ئەم مەبەستە چەندین تیۆری دارشتوە بۆ قوڵبونەوەی زیاتر لەزمان وفەراهەم هێنانی بەرچاو ڕوونی پێویست لەم مەیدانەدا.

زمان بریتیە لە کردەی قسەکردن، بەواتای پەیوەندیکردن communication لەڕێگەی بەکارهێنانی کۆمەڵێك هێمای گۆکراوەوە. زمان

دارێژراوە بوونەوەی هەستێت بە ڕاپەڕاندنی ئەرکێك، ئەو ئەرکەش بریتیە لە ئاراستەکردنی بیرو هۆش. هەربۆیە ژیانی کۆمەڵایەتی وابەستەی زمانە، هەرئەمە هۆکاری سەرەکی کارلێکە مەعریفی وپەروەردیی وشارستانیەکانە.

زمان گرنگیەکی گەردونی هەیە، زیاتر لەوەی وەك دیاردەیەك تەماشای بکرێت، چونکە زمان هۆکارێکی هەرەبنەڕەتیە لەوهۆکارانەی کەمرۆڤ دەکەنە مرۆڤ، لێرەوە زمان پەیوەندیەکی بەهێزی بەزانستە کۆمەڵایەتیەکانەوە هەیە، وناکرێت لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێت بەدوور لەم چوارچێوە گشتگیرە.

ئەرکی سەرەکی زمان بریتیە لەڕاپەڕاندنی کاری پەیوەندی لەنێوان مرۆڤەکاندا، واتە گواستنەوەی زانیاری لەسەرچاوەیەکەوە بۆ جێی مەبەست. پەیوەندیکردن چەند شێوازێك لەخۆ دەگرێت هەندێکیان زمانەوانین، وهەندێکیان نازمانەوانین. پەیوەندییە زمانەوانییەکان خۆیان لەبەکارهێنانی دەنگ ووشە ورستەدا دەبینێتەوە، کەکرداری قسە پێکدەهێنن، هەرچی پەیوەندی نازمانەوانیە بریتیە لە زمانی پشت بەستو بەنوسین وئامرازە نوێکانی وەك فێربونی ئەلیکترۆنی.

ئەم لێکۆڵینەوە مەبەستیەتی تیشك بخاتە سەر ئەو ئاستەنگانەی کەبونەتە هۆکاری قەیرانی پەروەدەیی وئاوێتە نەبونی بواری پەروەردە وفێربوون بەزمانی کوردی، وپاشان نەبونی زمانێکی پەروەردەیی کوردی هاوچەرخی یەکگرتوو. بۆ ئەم مەبەستەش دابەشکراوە بۆ دەروازەیەك وچوار ئاست:

**دەروازە:**

**ئەزمونی نوسین وزمانی کوردی:**

سەبارەت بەزمانی کوردی وزمانی پەروەردەیی کوردی" ئێمە گەربێت بەووردی سەرنج بدەین لەمبوارە هەر لەقۆناغەکانی خوێندنی سەرەتاییەوە، تا دەگاتە زانکۆ، ئەوا دەبینین زمانی کوردی توانیویەتی لەهەندێك ئاستدا بەرەو پێشچونی بەرچاو بەدەستبهێنێت، بۆ نمونە.

١-*ئاستی خوێندن*: بەکار هێنانی زمانی کوردی لە قۆناغەکانی بنەڕەتییەوە تا ئامادەیی:

بەهۆی ئەزمونی پەیرەوکردنی زمانی کوردی لەبوارەکانی ڕۆشنبیری وفەرهەنگی ونەدەبیدا لەسەدەی نۆزدەوە پاش دەرکەوتنی میرنشینی بابان وکردنی سلیمانی بەپایتەخت، گرنگیدان بەزمان وکلتوری کوردی گروتینێکی گەورەی بەخۆوە بینی، وپاشان ئەم ئەزمونە قوڵتر بویەوە بەدەرکەوتنی شێخ

محمودی ئەمر وەك مەلیك، چونکە لەسەردەمی شێخدا دوبارە جۆش درایەوە بەبزاڤەکەی بابان، وبنەمایەکی پتەو بۆ زمانی کوردی دارێژرا، لەو مێژووەوە چەندین ڕۆژنامە گۆڤار وکتێب بڵاوکرانەوە.

ئەم ئەزمون وباگراوندە توانی کار ئاسانی تەواو بکا بۆ وەرگێڕانی مەنهەجی خوێندن بۆ سەر زمانی کوردی (زاری کرمانجی خوارو)* لە کوردستانی باشور لە حەفتاکانی سەدەی بیستدا. ئەم کارەش بۆ خودی خۆی کاریگەری باشی بەجێهێشت لەسەر بەرەوپێشچونی بواری پەروەردە بەزمانی کوردی، چونکە خوێندن بەزمانی دایك والەخوێندکار وقوتابی دەکات زیاتر کارلێك لەگەڵ بابەتە زانستیەکەدا بکات، وپەیوەندی قوڵی لەگەڵدا ببەستێت.

**٢- ئاستی کلتوری:**

لەسەر ئاستی کلتوریش* پەروەردە و ووتنەوەی زانست وبابەتەکانی خوێندن بەزمانی کوردی کاریگەری پۆزەتیڤانەی بەجێهێشتوە لەسەر گرنگیدان بەکلتوری کوردی، ولێکۆڵینەوە زمانەوانی وئەدەبیە کوردیەکان، لەبەرامبەردا ئەم گرنگیدانە وایکردووە ئاوێتەبونێکی زیاتر لەنێوان قوتابی (وەرگر) وبابەتە زانستی وکلتوریەکاندا دروست بێت، وببێتە مایە نوسینی چەندەها بەرهەم ولێکۆڵینەوە، وبواری بەکارهێنانی زمانی کوردی فراوانتر بێت.

ئاستی یەکەم: ئاستەنگەکانی بەردەم بواری زمانی پەروەردەیی کوردی:

سەرەڕای بونی ئەودوو خاڵە پۆزەتیڤەی کە پێشتر ئاماژەی بۆکرا* نەتوانراوە برەو بەزمانی پەروەردەیی بدرێت لەزمانی کوردیدا، هاوشان لەگەڵ پێشکەوتنی بواری زانست وتەکنۆلۆژیا نەتوانراوە بەڵکو لانەکراوەتەوە بەلای زمانی پەروەردەییدا. ئێمە لێرەدا ئەو ئاستەنگانەی بونەتە بەربەست لەبەردەم زمانی پەروەردەییدا دەخەینە ڕوو:

زمانی کوردی بەدەست نەبونی دام ودەزگای زانستی گشتگیری یەکگرتووەوە دەناڵێنێت، لەهەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوەی زمانەوانی و وەرگێڕان وکلتوریی وئەکادیمی. بێسەروبەری بووەتە سیمای زمانی پەروەردەیی لەهەمو ئاستەکانی خوێندن وپەروەردەدا، بەتایبەتی لەخوێندنی زانکۆییدا، کەکاری وەرگێڕان وداتاشینی زاراوەی زانستی وپەروەردەیی بووەتە کارێکی تاکە کەسی ودەزگایەکی زانستی نیە هەستێت بەکاری وەرگێڕانی زانستی، و زاراوەکان لەسەر بنەمای پتەوی زانستی دابتاشێت.

لەبەر ئەوەی ئەمڕۆ زمانی کوردی بەقۆناغێکی زۆر هەستیاردا تێدەپەڕێت، وبووەتە زمانی پەروەردە وفێرکردن، وزمانی کارگێڕی وسیاسەت، وزمانی دادگا

ویاسادانان، چەندین بواری دیکە" لێرەدا گرنگی زاراوە وچۆنیەتی دروستکردنی ویەکخستنی دەردەکەوێت، کەبۆ کۆڵەگەی زمانی نەتەوایەتی وبنچینەی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو کارێکی زۆر گرنگە.

ئەم گرفتە لەسەرچاوەکانی زانستی (زمان ودەروونناسی)دا ناونراوە بە(پلانی کۆمەڵایەتی بۆ زمان) ، چونکە بونی دیاردەی خواستن لەناو گەلانی دنیادا، وای لەووڵاتان کردووە دامو دەزگای زانیستی تایبەت دابمەزرێنن بۆ دانانی ئەو زاراوانەی کەپێداوستیە زانستی وشارستانیەکان پڕ دەکەنەوە. پتر لەمە هۆکارێکی تر هەیە خوازیاری ئەم کارەیە" ئەویش بونی چەند دیالێکتێکی ناوخۆییە کەجیاوازیان هەیە لەگەڵ زمانی ڕەوان یاخود پەیڕەو کراو.

پلانی کۆمەڵایتی زمان مەبەستیەتی مفرداتی زمان فراوان بکات بۆ ئەوەی پێشکەوتنی بەردەوامی تەکنۆلۆجی وفەرهەنگی لەخۆ بگرێت. وپێوەری بەکارهێنانی مفردەکان وباری فۆنۆلۆژی وگرامەری بپێوێت تابتوانێت خزمەتی بکات. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کەئاستی بەکارهێنانی زمانی ڕەوان وستاندەر فراوانبکرێت، وبەتەنها وابەستەی بوارەکانی ئەدەب، وزانست، وبارنە رەسمیەکان نەبێت، بەڵکو بەکاهێنانی ڕۆژانەش بگرێتەوە.

ئەم کارەش دەتوانرێت بکرێت لەڕێگەی زیاتر گرنگیدان، وفراوانکردنی چوارچێوەی پەروەردەو فێرکردن لەکوردوستاندا، لەگەڵ فراوانبونی کاریگەری میدیا لەگەیاندنی زانیاری بەکۆمەڵگا.

نەبونی ئەنجومەنێکی باڵای نێونەتەوەیی لێوەشاوە بووەتە هۆی ئەوەی پتر ئەم کێشەیە خەست بێتەوە" ئەوەی ئێستا بەرپایە ئەوەیە هەردەزگاو بەڵکو هەرکەسەو لەدیدگای خۆیەوە نوسین ئەنجام دەدات. وێڕای ئەمەش لەبەشەکانی کوردوستاندا ئارێشەی شێوازی (ئەلف وبا)ش لەئارادایە" ئەلف وبای کوردی بەپیتی عەرەبی، ولاتینی، وسلافی ئەگەرێکی دی دروستکردنی ئاستەنگن لەبەردەم زمانی پەروەردەییدا.

**ئاستی دووەم: ئاستەنگی فەرهەنگ:**

لەگەڵ ئەوەی مێژوی یەکەم فەرهەنگی کوردی دەگەڕێتەوە بۆ زیاتر لە سێ سەدە ، بەڵام تائێستاش بەهۆی چەندین هۆکاری سیاسی دژوارەوە نەتوانراوە فەرهەنگێکی گەورە، وتەواو کەهەچوار دیالێکتە سەرەکیەکانی زمانی کوردی دابپۆشێ بنوسرێت، زۆربەی هەرە زۆری فەرهەنگەکانی زمانی کوردی

لەسەر ئاستی تاکە کەسیدا نوسراون، وهەوڵ وبەرهەمی تاکە کەسێن، ودەزگای کلتوری، وئاکادیمی نەتەوەییمان نەبووە هەستێت بەم کارە.
زمانە کاراو زیندووەکانی ئەمڕۆی دونیا هەموو خاوەنی دەیان وسەدان فەرهەنگن، لەبوارە جۆربەجۆرەکانی زانست وویژەدا. یەکێك لە پێداویستیە گرنگەکانی پەرەپێدانی زمانی کوردی، وبواری پەروەردە وفێرکردن" دانانی فەرهەنگێکی تایبەتە بەبوارە جیاجیاکانی زانستی سروشتی، ومرۆیی، بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە گەورەیەی کەهەیە.
سود وەرگرتن لە پێشکەوتنەکانی تەکنۆلۆژیای کۆمپیوتەر لەبواری فەرهەنگ، وکاری فەرهەنگ سازیدا، یەکێکە لەو هەنگاوانەی پێویستە بنرێت بۆ زاڵبون بە سەر ئەم ئاستەنگەدا. بۆ نمونە فەرهەنگی ئۆکسفۆرد کەیەکێکە لە فەرهەنگە هەرە ناسراو، وناوەزەکانی جیهان، بەهەردوو شێوەی پەڕاو، ئەلکترۆنی بڵاودەکرێتەوە. بەڕەنگ ودەنگ زانیاری پێشکەش بە خەڵکێکی بێ ئەژمار لەسەرانسەری جیهان دەکات. نەك تەنها واتا وزانیاری" بەڵکو هەستاوە بەگەیاندنی فۆنەتیك، وچۆنیەتی خوێندنەوە، ونمایشکردنی ئەوحاڵەتە دەرونی ناوەخنیانەی کەبەنمایش نەبێت سەختە دەربڕینیان، وناتوانرێت واتایان بگەیەنرێتە وەرگر. ئەم فەرهەنگە گرنگیەکی تریشی هەیە" ئەویش ئەوەیە هەموو خزمەتگوزاریەکانی بەهەردوو شێوازی ئینگلیزی بەریتانی وئەمریکی پێشکەش دەکات. بونی ئەم جۆرە فەرهەنگە لەزمانی کوردیدا کاری گەیاندن، وپەروەردە، وبەئاسانی فێربوونی دەربڕینی وشەکان لەهەموو زارەکاندا ئاسان دەکات.
ئاستی سێیەم: ***ئاستەنگی تەکنیکی:***
سود وەرنەگرتنی باش لە پێشکەوتنەکانی بەکارهێنانی کۆمپیوتەر لەبواری پەروەردە وفێرکردندا. یەکێکی ترە لەوئاستەنگانەی کەبواری زمان وپەروەردەی کوردی بەدەستیەوە دەناڵێنێت.
لەم دەساڵەی ڕابردودا بواری بەکارهێنانەکانی کۆمپیوتەر بەرەوپێشچونێکی کەم وێنەی بەخۆوە بینی، بەکارهێنانی ئەم زانستە پراکتیکیە لەبواری زمان وپەروەردەدا هەر لەبرەو و بەرەوپێشچوندایە، وچەندین شێوازی جۆراو جۆری لەخۆ گرتووە، هەر لەبەکارهێنانی کۆمپیوتەر تا بەکارهێنانی ئینتەرنێت بۆ فێرکردن، لە ئەنجامدا چەمکی (فێرکردنی ئەلیکترۆنی) هاتە کایەوە، کەپشت بە تەکنیك دەبەستێت بۆ پێشکەشکردنی ناوەرۆکی بابەتەکان

بەشێوەیەکی نوێ وکاریگەرتر بە قوتابی وفێرخواز، هەروەها ئەم شێوازی فێرکردنە گەلێ تایبەتمەندی وسودی هەیە، گرنگترینیان کەمکردنەوەی ئەرك وکورتکردنەوەی کاتە، هەروەها ئەم تەکنیکە لەتوانایدایە ئاستی گشتی خوێندن بەرزبکاتەوە، ویارمەتی مامۆستا وقوتابی بدات لەوەی ژینگەیەکی فێرکردنی سەرنجراکێش دروست بکەن.

فێرکردنی ئەلیکترۆنی ڕێگایەکە بۆ فێرکردن وبەکارهێنانی هۆکارە نوێیەکانی پەیوەندیکردن، لەکۆمپیوتەر وپاشکۆکانی، وفرەهۆکارەکانی دەنگ ووێنە، ونیگار، ویستگەکانی گەڕان، وکتێبخانە ئەلیکترۆنیەکان، ودەروازەکانی ئینتەرنێت، چ لەدەرەوە یان لەناو پۆلەکانی خوێندندا بێت، واتە بەکارهێنانی تەکنیك بەهەموشێوەکانیەوە لەبواری پەروەردە، وپێدانی زانیاری بەقوتابی وفێرخواز بەکورتترین کات وکەمترین ماندوبون زۆرترین سود وەرگرتن.

فێرکردنی ئەلیکترۆنی پێکدێت لە کۆمەڵە بەرنامەیەکی جیاجیای وەك: پاوەر پۆینت Power Point، وبەرنامەی ڕیەل پریزنتۆڵ Real Prizntol، وبەرنامەی تێست پیلۆت Test Pilot، وبەرنامەی پۆپ Pop. ئەم بەرنامانە لەگەڵ چەندین بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیای سەربەخۆ سودمەندن بۆ بەدیهێنانی کەش وهەوای فێربونی ئەلیکترۆنی، کەلەگەڵ تایبەتمەندێتی دەرونی وەرگردا دەگونجێت.

بۆنمونە بەرنامەی پاوەر پۆینت Power Point یەکێکە لەو پەیڕەوانەی بۆ فێرکردنی زمان وگوتنەوەی وانە لەقوتابخانە، وزانکۆ پێشکەوتوەکانی جیهان لەم سەردەمەدا بەکار دەهێنرێت، ئەم بەرنامەیە بۆ گوتنەوەی هەمو زانستەکان دەتوانرێ سودی لێببینرێ، لەنێوانیشیاندا بواری وتنەوەی زمان.

گرنگی پاوەر پۆینت لەوەدایە کە هەڵدەستێ بە بەکارهێنانی تەکنیکی دەنگ ووێنە ونوسین، وپەخشکردن ونمایشکردنی بابەتەکە بەچەندین شێوازی هونەری سەرنج ڕاکێش وڕون، کەدەبێتە هۆی ئاسانکردنی کرداری تێگەیشتن ووەرگرتن، بەهۆی بەکاهێنانی پتر لەهەستێك سەرەڕای ئەوەی کەشێوازێکی خستنەڕوی ووروژێنەرە. هەروەها لایەنی تێبینی وەرگر دەوڵەمەندتر دەکات کەبەکارامەیی ڕێکخستنی زانستەکان دادەنرێت.

یەکێکی تر لەوڕەهەندانەی کەئەم ئاستەنگە تەکنیکیەی زیاتر چەسپاندووە، نەبونی تاقیگەی دەنگە لەزوربەی هەرەزۆری قوتابخانە، وکۆلیژەکانی کوردستاندا، ئەم نەبونە گرفتی گەورەی دروستکردووە لەبواری

ڕاستازی دەنگی وڕاستنوسیدا، وکێشەی گەورەی بەردەم قوتابیە لەهەموو قۆناغەکانی خوێندندا.

ئاستی چوارەم: *ئاستەنگی نەبونی زمانی ئەدەبی یەکگرتوو وزمانی یەکگرتوو:*

بونی چەندین زار ودیالێکتێك لەهەر زمانێکدا کارێکی ئاساییە وبونیشی بونێکی سروشتیە" بۆ نمونە زمانی ئینگلیزی خاوەنی چەند زار وشێوازێکە، هەروەها لەزمانی عەرەبیشدا هەمان دیاردە هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا هەردوو زمان زمانی جیهانین، وبەملیۆنەها قسەپێکەریان هەیە. بەڵام هەردوو زمان زمانی ستاندەریان هەیە، ئەوزمانەی هەموو پێی دەنوسن وسکۆتلەندی، وئێرلەندی، ئینگلیزێك بەئاسانی بەنوسین لەیەك دەگەن، چونکە لەنوسین وگوتارە ڕەسمیەکاندا یەك زمان بەکاردەهێنن. هەروەها مەغریبی، وعێراقی، میسری، وسعودی، تونسیەك -کەلەقسەکردن لە یەك جیاوازن- بەهۆی بونی زمانی ستاندەرەوە لەیەك دەگەن. بەپێچەوانەی زمانی کوردیەوە کەئەم دیاردە -سروشتیە- بوەتە مایەی گرفت بۆ بوراەکانی پەروەردە، وفێرکردن، وبەیەکگەیشتن، هەر قوتابیەکی کوردستانی باکور کەدێتە باشور گرفتی گەورەی تێنەگەیشتن ونەتوانینی فێربون ونوسینە بەدیالێکت وئەلف وبێی بەکار هاتوو لە باشور. هەمان گرفت دوچاری قوتابیەکی باکور دەبێتەوە گەر بیەوێت سەرچاوەیەکی نوسراو بە شێوەزاری کرمانجی سەروو، یاخود هەورامی.. .

گەر لەمەوبەر کارکردن بۆ هێنانەدی زمانی ستاندەر ئەستەم بووە بەهۆی ئەوەی کوردستان لەژێر چەپۆکی داگیرکەراندا بووە، وداگیرکەرانیش هەوڵیان داوە لێکدابڕان، وجیاوازی شێوەزارەکان زیاتر قوڵبکەنەوە، ئەوا ئێستا پاش ئازادبونی بەشێکی کوردستان، وپاش ئەو شۆڕشەی بوارەکانی گەیاندن وپەیوەندیکردن بەخۆیەوە بینی، ودونیای کردە گوندێکی بچوك، وتواناى ئەوەی ڕەخساندووە پەیوەندی لەهەمو ئاستەکاندا ئاسان بێت، کاتی ئەوە هاتوە بەووردی، بەگیانێکی زانستیانە کار بکرێت بۆ هێنانەدی زمانێکی ستاندەری کوردی، یاخود بەلانی کەمەوە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو.

# کێشەی زاراوە لە بەراوردی ئەدەبیدا

د. عادل گەرمیانی

کۆلێژی زمان/ زانکۆی کۆیە

سادەترین پێناسەی چەمکی زاراوە ئەو ناوەیە هەندێ زاناو شارەزا لەسەری ڕێک دەکەون بۆ مەبەستێکی مەعریفی وەک زاراوە ئەدەبییەکان یا زاراوە زانستییەکان یا زاراوە فەلسەفیەکان .. هتد . دروستکردنی زاراوەش بە چەند ڕێگایەک دەبێت وەکو لەڕووی دارشتنەوە زاراوەی دارێژراو دروست دەبێت ، هەروەها لەڕووی خواستنەوە زاراوەی خوازەیی دروست دەبێت و ، لەڕووی رۆژانە بەکارهێنانەوە زاراوەی باو دروست دەبێت و ، لەڕووی وەرگێرانەوە زاراوەی وەرگێراو دروست دەبێت و ، لەڕووی هەڵکۆڵینی زمانییەوە زاراوەی هەڵکۆڵێنراو دروست دەبێت .

بەراورد وەک چەمك بەواتای وەرگرتنی دوو شتی جیاواز لەنێو تەرازووی بەراوردکردنەکەدا بۆ خستنەڕووی لایەنەکانی لێکچوون و جیاوازی نێوان شتە بەراوردکراوەکان . لە بواری ئەدەبیاتدا بەراوردی ئەدەبی وەک پرۆسەیەکی مەعریفی لەنێوان دەقە زمان جیاوازەکان دەکرێت بەمەبەستی خستنەڕووی کاریگەری یا داهێنانی نێو دەقە بەراوردکراوەکان و لە ئەنجامیشدا بەراوردی ئەدەبی دەبێتە ئەڵقەیەکی بەستنەوەی کەلچەری گەلانی جیهان و ، بەم شێوەیە بەراوردی ئەدەبی خزمەتی ئەدەبی جیهانی دەکات .

لەبواری بەراوردی ئەدەبیدا چەند قوتابخانەیەکی بەراوردی سەرەکی هەیە کۆنترینیان قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسییە لەسەر دەستی فرانسوا ڤیلمان سەری هەڵدا کاتێ بۆ ماوەی دوو ساڵ (١٨٢٨-١٨٣٠) لە زانکۆی سۆربۆن لەبارەی کاریگەری ئەدەبی فەرەنسی بەسەر ئەدەبی ئیتاڵی وانەی دەوتەوەو ، لەم قوتابخانەدا زاراوەی ئەدەبی بەراورد بەکاردەهێنرێت بۆ ناو لێنان لەو پرۆسە بەراوردە لەنێوان دەقە زمان جیاوازەکان دەکرێت .

گۆتە نووسەرێکی بەناوبانگی ئەڵمانیایە لەسەدەی نۆزدەهەمدا هەوڵیدا بۆ دروستبوونی جۆرە ئەدەبێکی گشتی سەرجەم مرۆڤایەتی و گەلان وێنەی خۆیان تێیدا ببیننەوە ، بەڵام لەبەر هەندێ هۆکار ئەو هەوڵە پیرۆزەی گۆتە سەری نەگرت ، بەڵام کاریگەری خۆی هەبوو بەسەر بزاڤی بەراوردی ئەدەبی لە ئەڵمانیا کەوا زاراوەی مێژووی ئەدەبی بەراوردیان بەکاردەهێنا ، چونکە لێکۆڵەر لەبواری ئەدەبی بەراورددا سوود وەردەگرێ لە مێژووی ئەدەبی گەلانی خاوەن دەقی بەراوردکراوەکان .

لێکۆڵەرانی بەراوردی ئەدەبی لە ڕووسیای قەیسەریی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتای سەدەی بیستەهەم سەرەتا لەژێر کاریگەری قوتابخانەی بەراوردی فەرەنسی زاراوەی ئەدەبی بەراوردیان بەکاردەهێنا ، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر لە ساڵی ١٩١٧ لە ڕووسیاو پاشتر دروستبوونی سیستەمی سۆشیالیستی لە یەکێتی سۆڤییەت و هەندێ وڵاتی ئەوروپا ئەوسا زاراوەکە گۆڕا بۆ زانستی ئەدەبی بەراوردی سۆشیالیستی و ئەلیکسندەر دیما لە کتێبەکەیدا ( شەنکستەکانی ئەدەبی بەراورد ) بە وردی خەسڵەتە تایبەتییەکانی ئەم زاراوەی باسکردووەو ، بەلایەوە ئەدەبی بەراورد زانستێکە هەرچەندە بەلامانەوە ئەدەب زانستە نەك ئەدەبی بەراورد کەوا چەشنێکی ئەدەبییە نەك زانست ، هەروەها ئەم زاراوەیە ئاماژە بە ڕەهەندێکی سۆشیالیستی دەکات کەوا ئەدەب لەسایەی سیستەمی سۆشیالیستسدا دەبێ خاوەن ئاڵاو بیرێکی سۆشیالیستی بێت بەپێچەوانەی چەمکی ئەدەبی بەراورد لای پۆل ڤان تیگمی ڕابەری قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردی فەرەنسی لە سەدەی بیستەهەمدا کەوا داوای دەکرد لە بەراوردکردنی ئەدەبیدا تەنیا مەڵبەندێتی ئەورووپی بەگشتی و جەمسەری فەرەنسی لە بەراوردکرنەکەدا ڕەچاو دەکرێت ، هەرچەندە هەردوو قوتابخانەی ئەدەبی بەراوردی فەرەنسی و سۆشیالیستی بایەخێکی زۆر بە دیاریکردنی جۆری کارتێکردنە ئەدەبییەکە دەدەن .

دوای جەنگی دووەمی جیهانی هەندێ لێکۆڵەری بەراورد لە ئەمەریکا پەیدابوون هەوڵیاندا جۆرە کەسایەتییەکی جیاوازی ئەمەریکی بە پرۆسەی بەراوردی ئەدەبی بدەن و ، بەناوبانگیان ڕینییە ویلیکە کەوا لە کتێبەکەیدا (چەمکە ڕەخنەییەکان) زاراوە بەراوردی ئەدەبی بەکارهێناو ، بەلایەوە ئەدەبی بەراورد لەڕاستیدا بریتییە لە پرۆسەیەکی بەراورد لەنێوان دەقە ئەدەبییەکاندا .

جگە لەو چوار قوتابخانە ئەدەبییە بەراوردە چەند قوتابخانەیەکی دیکەی تازەی پێگەیشتوو هەیە وەك قوتابخانەکانی ئەدەبی بەراوردی هیندی و بەرازیلی

و عـەرەبی و کـوردی کـەوا کێـشەی زاراوەکـە بەلایانـەوە سـاغ نەبۆتـەوەو لێکۆڵەرانیان لەژێر کاریگەری هەردوو قوتابخانەی بەراوردی ئەدەبیی فەرەنسی و ئەمەریکی زاراوەکە بەکاردەهێنن ·

ئەگەر بەوردی وردبینەوە لە واتای زاراوەی ئەدەبی بەراورد ( الادب المقارن – COMPARATIVE LITERATURE) وەیا بەراوردی ئەدەبی وەیا ڕەخنەی بەراورد وەیا زانستی ئـەدەبی بـەراوردکاری ، کـەوا هـەر یـەکێکیان لـە نێو قوتابخانەیەك لە قوتابخانە سەرەکییەکانی بەراوردی ئەدەبی لەبەر بەلگەو هۆی خۆی بەکار دەهێنرێ ، ئەوا لە نێویاندا هەندێ جیاوازیمان بۆ دەردەکەوێ · بۆ نموونـە مەبەسـت لـە زاراوەی ئـەدەبی بـەراورد لـە قوتابخانـەی بـەراوردی فەرەنساییدا ئـەو جۆرە نووسینەیە بۆ کاری بـەراورد تـەرخانکرابێ و لایـەنی پێوەندی مێژوویی نێوان دەقە ئەدەبییە بـەراوردکراوەکان بخاتـە ڕوو لـە ڕێی دەستنیـشانکردنی جـۆری ناوەنـدێتی گواسـتنەوەی لایـەنی کاریگـەریی نێـوان نووسەری دەقـی کارتێکـەرو نووسـەری دەقـی کـارتێکراو · ئـەم جـۆرە کردەوە ئەدەبییە بە لامانەوە دەکرێ وەك کردەوەیەکی ئەدەبیی شیکاری سەیر بکرێ، بەلام ناکرێ وەك جۆرە ئەدەبێکی سەربەخۆ دابنـرێ ، چونکە نەبوەتـە خـاوەن سەرفرازی خۆی لە نێو ڕەگەزەکانی ئەدەبدا · هەرچەندە دەکرێ وەك چەشنە ئـەدەبێك سـەیر بکرێ هـەر وەك چۆن دەڵێین ئـەدەبی منـالان وەیـا ئـەدەبی دەروونی وەیا ئەدەبی سۆشیالیستی وەیا ··هتد ·

مەبەست لە زاراوەی بەراوردی ئەدەبی ( المقارنە الادبیە ) ئەو جۆرە کارەیە زیاتر بە ئەرکی خستنە ڕووی جۆری بەراوردکردنەکە هەڵدەستێ ، کەوا لە بواری ئەدەبدا دەکرێ ، بـەلام ئـەم زاراوەیـە پاشـتر لـە لایـەن ڕابـەرانی قوتابخانـەی بەراوردی فەرەنساییەوە هەندێ دەستکاریکرا · بۆ نموونە زاراوەکە لە سـەدەی نۆزدەهەمدا بەلای جان جـاك ئـەمپیرەوە دەبێتـە مێـژووی ئـەدەبیاتی بـەراورد (تـاریخ الاداب المقـارن) و ، زاراوەکـە بـەلای بالدنـسپێرکەوە دەبێتـە مێـژووی ئـەدەبیی بـەراورد کـراو ( التـاریخ الادبـی المقـارن ) و، زاراوەکـە لـە سـەدەی بیستەهەمدا بەلای پۆڵ ڤان تیگیم و جان ماریە کاریە و فرانسوا گۆیـارو هـەزارو پێشوا دەبێتە ئەدەبی بەراورد (الادب المقارن)·

لێکۆڵەرانی بەراورد لە قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکایی حەز لە بـەکارهێنانی زاراوەی ڕەخنـەی بـەراورد ( النقـد المقـارن ) دەکـەن ، چـونکە بەلایانـەوە لێکۆڵـەری بـەراورد لـە کارە ئەدەبییەکـەیدا دەبـێ بـە جـۆرە شیکردنەوەیەکی ڕەخنەیی هەڵبستێ لە کاتی دەستنیشانکردنی لایەنە باش وخراپ و جیاوازیەو

لێکچووی نێوان دەقە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان ٠ هەروەها لایەنی خستنە ڕووی ئاستی ئیستاتیکای دەقە بەراوردکراوەکان و ئاستی داهێنانی نێو دەقە بەراوردکراوەکان لە ئامانجە سەرەکییەکانی قوتابخانەی بەراوردی ئەمەریکاییە.

سرووشتی زاراوەی ڕەخنەی بەراورد بەلامانەوە جێی پەسەندە ، بەلام لە بەکارهێنانی توشی کێشەی چۆنێتی ڕەفتارکردن لەگەڵ کاری شیکردنەوەو ڕەخنەی هاوسەنگی ( النقد الموازن ) دەبین ، چونکە هاوسەنگی و بەراورد دوو ڕووی یەك دراوی ئەدەبییە٠

زاراوەی زانستی ئەدەبی بەراورد ( علم الادب المقارن ) زیاتر لە نێو قوتابخانەی بەراوردی سۆشیالیستی چەسپاوەو ، وەك هەوڵدانێکە بۆ بەخشینی مۆرکێکی تایبەتی بە سرووشتی ڕێبازی بەراوردکردنی نێو ئەم قوتابخانەیە ٠ ئەم جۆرە کارە ئەدەبییە ناکرێ بە زانست دابنرێ ، چونکە خودی ئەدەبی بەراورد بە لقێك لە لقەکانی زانستی ئەدەب دادەنرێت ، کەوا بریتییە لە : مێژووی ئەدەبی و تیۆری ئەدەبی و ڕەخنەی ئەدەبی و ئەدەبی بەراوردکراوو ئیستاتیکای (جوانی) ئەدەبی٠

زاراوەی ئەدەبی بەراوردکراو ( الادب المقارن ) لە نێو ئەدەبی عەرەبیدا زیاتر لە زاراوەی رەخنەی بەراورد بەکاردەهێنرێ ، بەلام ئەم جۆرە ئەدەبە بەلامانەوە بناغەی لۆجیکی نییە ، چونکە خودی زاراوەکە باس لە ڕەگەزە ئەدەبییە بەراوردکراوەکان دەکات نەك لە جۆرە ئەدەبێکی تازە، بۆیە بەلامانەوە وەها باشترە بووترێ ئەدەبی بەراوردکەر ( الادب المقارن ) کەوا باس لە چەشنە نووسینێك دەکات بە کردەوەی بەراوردکردنی دەقە ئەدەبییەکان هەڵدەستی ٠

لەبواری بەراوردی ئەدەبیی کوردیدا سێ زاراوەمان بەرچاو دەکەوێت :

١- ئەدەبی بەراورد کەوا وەرگێڕانێکی زاراوەی الادب المقارن (بفتح الراء)٠

٢- ئەدەبی بەراوردکار کەوا وەرگێرانێکی زاراوەی الادب المقارن (بضم الراء)٠

٣- بەراوردی ئەدەبی کە وەرگێرانێکی زاراوەی المقارنە الادبیە ٠٠

ئێمە لە هەڵبژاردنی زاراوە بۆ ناوی قوتابخانەی بەراوردی کوردیمان زاراوەی بەراوردی ئەدەبی هەڵدەبژێرین ، چونکە مەبەستی زاراوەکە لە ڕاستیدا جۆری پرۆسەکەیە نەك جۆرە ئەدەبیەکەیە کەوا یا شیعر دەبێت یا پەخشان ٠

# زمانی یەکگرتووی کوردی

ئامادەکردنی:
هاوسەر نەوزاد

بەسەرپەرشتی:
م. نەریمان خۆشناو

**زمانی کوردی و دیالێکتەکانی**

دیالێکتەکانی زمانی کوردی هەرێمێکی گەورەو پان و بەرینی خۆرئاوای ئاسیای گرتۆتەوە،کە بە شێوەیەکی زۆر فراوان هەموو بەشەکانی باشوور و باشووری خۆرهەلاتی تورکیا و،قوڵی سنورەکانی باکووری سوریا و،بەشی باکوور و باکووری خۆرهەلاتی عێراق و،هەموو خۆرئاوای ئێرانی – ناوچەی عەرەبستان نەبێت – گرتۆتەوە.(١)

زمانی کوردی،کە وا بە فراوانی بلاو بووبێتەوە،ئەم هەرێمە زۆرەی گرتبێتەوە،بێگومان هەموو سنوورەکەی لە کاریگەری بێگانە دوور نەبووە لەسەر زمانەکە،بەڵکو دەتوانین بڵێین کە دەوڵەتە دراوسێکان کاریگەرییەکی زۆریان هەبووە لەسەر زمانی کوردی و دیالێکتەکانی،جا بەهەر هۆیەك بووبێت،بەلام لەوانەیە ناوەڕاستەکەی – واتە بەشی ناوەوەی دیالێکتەکان – ئەم کاریگەرییەی لەسەر نەبووبێت بە شێوەیەکی ئاشکرا و دیار،چونکە لە ناوچە سنورییەکانەوە دوورن.(٢)

ئەم فراوانییەش وایکردووە،کە ببێتە هۆی دابەشبوونی زمانی کوردی بەسەر چەند دیالێکتێکی جیاوازدا،هەریەکە لەو بەشە دیالێکتانەش چەند لقە زارێکیان لێدەبێتەوە،هەر لەبەر ئەم فراوانییەشە،کە لێکۆڵەرەوان و زانایانی زمان هەریەکەیان لێکۆڵینەوە و دابەشکردنی زمانی کوردی بەسەر بەشە دیالێکتەکاندا بە جۆرێك نووسیوە و خستوویانەتە ڕوو.

ئێمەش لێرەدا بە گوێرەی پێویست هەندێکیان دەخەینە ڕوو:

**چەند ڕایەك دەربارەی دیالێکتە کوردییەکان**

((أ- زمانی کوردی،لە شەرەفنامەی میر شەرەفخانی (بەدلیس)یدا،کە لە ١٥٩٦ ی زایینیدا،باسکراوە و بۆ یەکەم جار لە (بترسبرگ)،لە ١٨٦٠ دا بلاوکرایەوە، بەسەر
چوار لقەوە دابەش بووە :

١- کرمانج.

٢- لوڕ.

٣- کەلهوڕ.

٤- گۆران)).(٣)

ب- (دی مۆرگان) لە سالی ١٩٠٤ز دا،بە زمانی فەرەنسی لەچەند شێوەزارێکی زمانی کوردی دواوە و
بەراوردی کردوون،کە ئەمانەن :

١- موکری ڕووسی.

٢- یەزیدی بایەزیدی.

٣- سنەیی.

٤- کرماشانی.

٥- هەورامانی.

٦- جافی.

٧- ڕێژاوی.

٨- سلێمانی.

٩- لەکی.

١٠- خوجرەندی.(٤)

ج- (مێجەر سۆن) لە سالی ١٩١٣ ز دا،زمانی کوردی کردووە بە چوار بەشەوە،لە کتێبەکەیدا
بەناوی (ڕێزمانی کوردی)،کە ئەمانەن :

١- کرمانجی : کە لە دوو بەش پێك دێت : أ- ژوورو. ب- خوارو.

٢- گۆرانی. ٣- لوڕی. ٤- زازایی.(٥)

د- (مینۆرسکی) زمانی کوردی دابەش دەکات بەسەر ئەم بەشانەی خوارەوەدا :

١- شێوەی خواروو : كە دوو بەشە :
أ- كرماشانی.
ب- سنەیی.
٢- شێوەی ڕۆژهەلاتی : كە ئەمیشیان دابەشكردۆتە سەر دوو بەشەوە :
أ- سلێمانی.
ب- سابلاغ -موكری-.
٣- شێوەی ڕۆژئاوایی : كە لە سەرانسەری كوردستاندا بلاوە.(٦)
ه- بەلام (ئەدمۆندن) هاتووە بەشێوەیەكی زانستی زمانی كوردی دابەشكردووە بەسەر دوو كۆمەڵەی بنچینەیی،كە ئەمانەن :

**كۆمەڵەی یەكەم،كۆمەڵەی ژووروو:**

ئەو شوێنانەی،كە دەكەونە ڕۆژئاوا و خوارووی ئەو هێڵەی،كە ناوی خوارووی گۆمی (ورمێ)وە دەست پێدەكات،هەتا زێی گەورە،لە خوارووی ڕۆژهەلاتەوە بۆ خوارووی ڕۆژئاوا،ئەمجا لادەدات تا دەگاتە ئەو شوێنەی،كە دەڕژێتە ناو ڕووباری (دیجلە)وە و شانبەشانی ئەم ڕووبارە دەڕوات.

**كۆمەڵەی دووەم،كۆمەڵەی خواروو:**

ئەمەش ئەو هێلانە دەگرێتەوە،كە دەكەونە نێوان ئەو شوێنانەی لە كۆمەڵەی یەكەمدا باسمان كردن،لەگەڵ خوارووی كوردستان، هەرچەندە خوارووی كوردستان دوو كۆمەڵی گەورەی(موكری - سۆرانی) و (سلێمانی - سلێمانی ئەردەلان) ی تێدایە.

ئەم دوو كۆمەڵەیەی باسمان كردن،تێكەلاوی و بەیەكدا چوون لە نێوانیاندا هەیە.(٧)

ئەوەی لێرەدا باسمان كرد، چەند لێكۆڵینەوە و ڕا و بۆچوونێكی زانایانی زمانەوانی بوو لەبارەی دیالێكتەكانی زمانی كوردی،بەلام بە شێوەیەكی گشتی،چونكە ئەمانە هیچیان بە شێوەیەكی ورد دیالێكتەكانیان دابەش نەكردووە،ئێمەش لێرەدا بە شێوەیەكی ورد و كورت باسی دابەشبوونی دیالێكتەكانی زمانی كوردی دەكەین،كە لە چوار دیالێكت پێك دێن :

**یەکەم: دیالێکتی کرمانجی باکوور:**

ئەمەیان لە هەموو دیالێکتە کوردییەکانی تر فراوانترە،هەر لەبەر ئەم فراوانییەشە،کە چەند لقە دیالێکتێکی تری ناوچەیی لێ جیا بۆتەوە،هەرچەندە جیاوازییەکی ئەوتۆشیان نییە لە نێواندا،ئەم لقانەش ئەمانەن :

١. بایەزیدی: لە باکوور و باکووری خۆرهەڵاتی گۆلی (وان) -زەریاچەی وان-دا.

٢. هەکاری : لە باشوور و باشووری خۆرئاوای زەریاچەی (وان)دا.

٣. بۆتانی : لە دەور و بەری دۆڵی بۆتان و،شاری سعرت و ئەرتوش و جەزیرە و دیاربەکر-ئامەد-دا.

٤. شەمدینانی : گۆشەکەی باشووری خۆرهەڵاتی تورکیا و،خۆرهەڵاتی زێی ژووروو و ناوچەکانی نزیکی ئەم (زێ)یەشی لە ئێراندا داپۆشیوە.

٥. بادینانی : لە پارێزگای دهۆک و قەزاکانی ئامێدی و زێبار و ئاکرێ و شێخان و شەنگاردا.

٦. دیالێکتی خۆرئاوا : خەرپوت و ئورفە و عفرین و مەرعەشی گرتۆتەوە. (٨)

**دووەم : دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست :**

کە پێنج دیالێکتی ناوچەیی تری لێ بۆتەوە :

١. موکری : مەڵبەندەکانی : شنۆ،نەغەدە، مەراغە، میاندوا و، شاهین دژ، سەقز، بۆکان، بانە و سەردەشت دەگرێتەوە.

٢. سۆرانی : جگە لە قەزای (زێباری)،هەموو پارێزگای هەولێری گرتۆتەوە،ناو جەرگەکەشی شاری هەولێرە.

٣. ئەردەڵانی : مەڵبەندەکانی : سنە، بیجار، کەنگەوەر، ڕەوانسەر و باکووری ناوچەکانی جوانڕۆیە و لە شاری سنەدا جەمسەری گرتووە.

٤. سلێمانی - بابانی- : شاری سلێمانی ناو جەرگەکەیەتی،هەموو پارێزگای سلێمانی و هەندێ ناوچەی خانەقینیشی گرتۆتەوە.

٥. گەرمیانی: جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ هی سلێمانی نییە،لەگەڵ ئەوەشدا دیالێکتێکە، هەموو ناوچەکانی (کفری و قەرەتەپە و کەرکوک و توز-شوان)ی گرتۆتەوە.(٩)

**سێیەم: دیالێکتی کرمانجی باشوور :**

(ئەمیش دیالێکتێکی فراوان و گەورەی زمانی کوردییە و،لە باکوورەوە،هەر لە ڕێگا گشتییەکەی نێوان قەسری شیرین -کرماشان - و

مەلایەرەوە،بیگرە،بەرەو باشوور کشاوە تا دەگاتە کەناراوەکانی باکووری خۆرهەڵاتی کەنداوی عەرەب و، ئەو دیالێکتەیە،کە هەموو تیرەکانی کوردی (لوڕ) ی پێی دەدوێن،ئەم هەرێمە گەورەیەش،کە ئەوانی لێ دەژین بە لوڕستان ناو دەبرێت،بۆیە هەندێ لە نووسەران بە دیالێکتەکەیان دەڵێن دیالێکتی لوڕ)).(١٠)

ئەم دیالێکتەش وەکو دیلێکتەکانی تر،چەند لقێکی ناوچەیی لێ جیا دەبێتەوە،کە ئەمانەن:

١- لقە دیالێکتی لوڕی ڕەسەن،یان فەیلی.

٢- لەکی.

٣- کەلهوڕی.

٤- بەختیاری.

٥- مامەسەنی.

٦- گۆهگلۆ.(١١)

**<u>چوارەم</u> : دیالێکتی گۆران :**

(( دیالێکتی گۆران،گەر لە باشوورییەوە بیگرین،هەر لە باکووری ڕێگای نێوان قەسری شیرین -کرماشانەوە دەست پێدەکات،بەرەو باکوور کشاوە،تا دەگاتە شاخەکانی هەورامان،لە خۆرئاواشەوە،هەر لە سەرچاوەکانی سیروانەوە بەرەو خۆرهەڵات داپۆشیوە تا دەگاتە کرماشان.

گۆران لەم هەرێمەدا لەچەند تیرەیەکی یەکگرتوو پێك هاتووە و بەیەك دیالێکت دەدوێن، کە دیالێکتی گۆرانە و، هەر بەو ناوەشەوە ناو دەبرێت .

تیرەکانی (هەورامان و ریجاب و ڕاژاو و کاندوله)، - کە لە کرماشانەوە نزیکن -، هەروەها لقە ڕاستەقینەکانی سەر بە سنجاوی گۆران و باجەڵان هەموویان بەم دیالێکتە دەدوێن .

جگە لەوان، شەبەکی باکووری خۆرهەڵاتی موسڵیش، کە لە ناوەڵێژەی ڕووباری خۆسەردا دەژین، هەر بەو دیالێکتە دەئاخەفن)).(١٢)

ئەم دیالێکتەش، وەکو دیالێکتەکانی تر دابەش دەبێت بەسەر چوار لقە دیالێکتی ناوچەیی، کە ئەمانەن :

١- گۆرانی ڕەسەن .

٢- هەورامانی .

٣- باجەڵانی .

٤- زازا .(١٣)

**زمانی ستاندەری کوردی لە مێژوودا**

لــەبارەی نەتــەوەی کــورد و زمانەکــەی بــیر و ڕای ســەیر و ناحــەز تۆمارکراوە،ئەمەش هەمووی لە پێناوی سوك کردنی زمانەکەی ئەنجام دراوە،بۆ ئەوەی دەنگی کورد کپ بکەن و دەسەڵاتی خۆیانی - مەبەست دووژمنانی کوردە - بەسەردا بسەپێنن و بە کەیفی خۆیان کوردەکان بڕەتێنن و خۆشی لەبەرچاوی خۆی سوك بکەن،بەڵام ئەم هەموو پلان و دووژمنکارییانە سەری نەگرتووە و،لەلایەن کوردەکان خۆیان،یان زانایانی بە ویژدان و ڕستگۆوە بەرپەرچییان دراوەتەوە و ڕووی ڕاستەقینەی کورد و زمانەکەیان خستۆتە ڕوو،وە بە بەڵگەی ڕاست و دروستی مێژوویی ڕوونیان کردۆتەوە،کە نەتەوەیەك هەیە بەناوی کوردەوە و زمان و ڕەسەنایەتی خۆی هەیە و پاراستوویەتی و بەرگری لێ کردووە.

گەلی کوردیش وەکو گەلانی تر خاوەن زمانی ڕەسەنە و لەگەڵ گۆڕانی کۆمــەڵ و بەرەوپێشــچوونی کۆمــەڵی کــوردەواری زمانەکــەی گــۆڕاوە و پێشکەوتووە،ئەم پاراستنەی ڕەسەنایەتی و سەربەخۆیی پاراستنی ناسنامەی نەتەوایەتی داوەتێ.(١٤)

نەتەوەی کورد وەکو هەموو نەتەوەکانی تری جیهان،خاوەن زمانێکی تایبەت بەخۆیەتی و یەکێکە لە خێزانی زمانە ئێرانییە زیندووەکان،کە ئەویش بەشێکە لە خێزانە زمانی هیندۆ ئەورووپییەکان.

زمانی کوردی دیاردەیەکی ژیاری کۆمەڵی کوردەوارییە و بەهۆیەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ دەربڕینی هەست و ئەسست و بیر و بۆچوونەکان و هیوا و ئاوات و خۆزگەکانی نەتــەوەی کوردمــان هــەر لەســەردەمی کۆنــەوە تــا ئەمڕۆ،هــەموو بوارەکانی ئەدەبی و ڕۆشنبیری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و زانستی و هونەری و زانیاری و هەموو بوارەکانی تردا.(١٥)

(( بەڕای زۆربەی شارەزایانی زمان،زمانی نوێی کوردی،زمانێکی سەربەخۆیە و لە نێوان زمانە ئێرانییەکاندا،تایبەتی خۆی هەیە و تەنیا ئەوە نەبێت،کە زمانی کــوردی و فارســی هاوڕەگــەزن و لــە زمانــە هینــدۆ-ئەوروپاییــەکان،یان ئارییەکان،هیچ شتێکی دی بەزمانی فارسییەوە نایبەستێتەوە.

زمانی کوردی توانیویەتی،کە موفرەداتە بنچینەییەکانی خۆی بپارێزێت و کاریگەرییەکی کەمی زمانی عەرەبی و تورکی و فارسی لێوە دیاربێت. وە هەرچەندە ئەم زمانە،دەبێت بەچەند شێوە زمانێکەوە -دیالێکت-،بەلام ئەم دیاردەیە،هیچی لە تایبەتییەکانی ئەم زمانە کەم نەکردۆتەوە و نەبۆتە مایەی شێواندن،یان نەچەسپاندنی ئەم زمانە)).(١٦)

ئاشکرایە،کە نەتەوەکەمان -نەتەوەی کورد- خاوەنی نیشتمانی تایبەتی خۆی بووە،بەلگەی ئەمەش ئەوەیە،کە چواردە دەولەتی نەتەوەیی و سی و پێنج میرنشینی گەورە و گچکەی دامەزراندووە و ماوەیەکی زۆر لە مێژوودا سەربەخۆیی خۆیان هەبووە،ئەم میرنشینانە لە ناوەوە و دەرەوەی ولاتدا دامەزراون،کە هەموویان ئاینێکی دیاری کراویان هەبووە و بەزمانی تایبەتی خۆیان -کوردی-دواون.

بەلام ئەگەر سەیرکەین ئەمڕۆ نەتەوەی کورد زۆربەی ئەم شتانەی لەدەست داوە،سەرەڕای ئەوەش زۆر بەش هەیە لە مێژووی نەتەوەکەماندا - کورد - دیارنین ،یاخود تێکچوون و یان شێوێندراون،یان تەم و مژاوین،هەروەها زمانەکەشی لەهەندێ رووەوە تائێستا بەتەواوی ڕوون نەبۆتەوە.

لە ڕاستیدا،تا ئێستا بەتەواوی و بەشێوەیەکی زانستیانە بۆمان ڕوون نەبۆتەوە،کە نەتەوەی کورد پێش زایین بە چ زمانێک دواون ،ئایا ئەم زمانەی ئێمە،کە ئەمڕۆ قسەی پێدەکەین بەردەوامی ئەو زمانەیە،کە پێش زایین هەبووە و مادەکان پێی دواون ؟ یان ئێمەی کورد زمانی نووسین و خوێندنەوەمان هەبووە ؟ یان تەنها زمانی ئاخاوتنمان هەبووە ؟ یان ،کە زمانی نوسینمان هەبووە بە چ پیتێک نووسیومانە ؟ یان ئەگەر پێش زایین زمانی نووسینمان نەبووە،ئەی دوای زایین کەی نووسیومانە و دەستمان بە خوێندنەوە کردووە ؟ وە چ جۆرە ئەلف و بێیەکمان بەکارهێناوە؟(١٧)

ئەگەر سەیرکەین زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیش دەورێکی گەورەی گێڕاوە،لە زمانی نەتەوایەتی کورددا و تەجروبەیەکی تەواو و تایبەتی خۆی هەیە لەم بارەیەوە.

مێژووی ئەدەبیاتی کوردی باسی تەجروبەکانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردیمان بۆ دەکات،کە چۆن بەرە و پێشەوە چووە لە مێژووی نەتەوەکەماندا ،بەلام بەهۆی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی ،

کە هاتوونەتە سەر ڕێی ئەم تەجروبەیە بەرەو کزی،یان نەمان چووە،بەلاّم ئەمە نەبووە هۆی وازهێنان لەو تەجروبانە،بەڵکو پاش چەند ماوەیەك لە شوێنێکی تری ولاّتدا سەری هەڵداوەتەوە .

ئەمەش ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە،کە مێژووی گەلەکان هەمیشە بەرەوپێش دەڕوات،بەلاّم بەهۆی هەندێ ڕووداو و کارەسات،کە لە ژیانی نەتەوەکەدا ڕوودەدات،ئەم پێشکەوتنە دەباتە دواوە،– نەتەوەکە دەباتە دواوە –،بەلاّم سروشتی ژیان و مێژوو وایە،کە گیانێکی خەباتکارانە و کۆڵنەدەرانە دەبەخشێتە گەل و نەتەوەکان،وایان لێ دەکات،کە پاش ماوەیەك لە ژێرباری سەختی کارەسات و ڕووداوەکان بێنە دەرەوە و بەرەو پێش بڕۆنەوە.

نموونەی دیار ی ئەمانەش لە مێژوودا،هێرشە خوێناوییە ڕقاوییەکانی مەغۆلن ( هۆلاکۆ و تەیموری لەنگ و جەنگیزخان)،کە کارەساتی جەرگ بڕ و خوێناوی و کتێب سووتان و کوشتنی بیرمەندان و ڕۆشنبیران و سەرکردە لێهاتوو و شارەزا و زیرەکەکانی لێکەوتەوە،هەروەها هەردوو جەنگە جیهانییەکەش بەهەمان شێوە لەو ڕووداوانەن،هەروەکو خانی شاعیر لەم بارەیەوە دەڵێ:

**ئەڤ قەلزەمی روم و بەحری تاژیك**
**هەندێ کو دکەن خروج و تەحریك**
**کرمانج دبن دخـــوین مولەتتەخ**
**وان ژێکەفە دکەن میسالی بەرزەخ**

بەم شێوەیە،گەر سەیر کەین گەلێ تەجروبە لێك هەڵوەشێنران،تا ئەم تەجروبەیەی سەدەی نۆزدەهەم،کە ئێستاش بەردەوامەو لەبەرەو پێشچووندایە.

ئەگەر لە ڕوانگەی دیالێکتە، ە سەیری زمانی ئەدەبیاتی یەکگرتووی کوردی بکەین،کە کام دیالێکتە لە مێژووی نەتەوەکەماندا بەرزترین و زۆرترین ئەدەبیاتی نەتەوەییمانی پێ نووسراوە،چوار هێڵی ڕۆشن دەبینین،کە چوار دیالێکتی سنوور جیاوازمان نیشان دەدەن،کە هەوڵیان داوە لەو سنورانەی خۆیاندا بچنە دەرەوە،کە ئەدەبیاتەکەی پێ نووسراوە،هەرچەندە ئەم پەلهاویشتنەی دیالێکتەکان بە زۆرداری و خەڵتانکردنی خوێن لە لایەن دوژمنانەوە پاشە کشەی پێکراوە.(١٨)

لێرەشدا ئەم چوار دیالێکتەی،کە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی پێنووسراوە،بە پێی مێژووە کانیان دەخەینە ڕوو:

١- بەشێوەی لوڕ :

ئەوەی لای مێژوو نووسانی ئەدەبی کوردی زانراوە،ئەوەی،کە (بابا تاهیری عوریانی) بە کۆنترین شاعیر دادەنرێت،کە کۆمەڵە شیعرێکی ئەومان لەبەردەستدایە،بە دیالێکتی لوڕی کوردی نووسیویەتی.

لە ڕاستیدا هەردوو ساڵی (٩٣٥-١٠١٠)ی زایینی،بە ساڵانی لە دایك بوون و وەفاتی دانراوە.

بۆیەش بە کۆنترینیان دادەنرێ،چونکە لە مێژووی ئەدەبیاتماندا شتێکی لەوە کۆنترمان نییە، کە لەبەر دەستدا بێت و تۆمار کرابێت.

بۆیە دیالێکتی لوڕی،بەیەکەم دیالێکتی کوردی دادەنرێت،کە هەوڵی ئەوەی دابێت ببێتە زمانی یەکگرتووی ئەدەبیات لە کوردستاندا.

شیعری بابا تایەر و بەکوردی نووسین لەو سەردەمەدا،لە هەوڵ و کۆششی گەلانی تر کەمتر نەبووە و جیا ناکرێتەوە،کەپاش نەمانی میرنشینی کوردی و دەسەلاّتیان هەوڵیان داوە،کە زمانی کۆنی خۆیان بکەنەوە بە زمانی ڕەسمی و نووسین و کار و بار و زمانی ئەدەبیات،هەروەکو گەلانی تر،کە لەکاتی نەمانی میرنشینەکانیان و نەمانی دەوڵەتی یەکگرتووی موسڵمانان،هەوڵی ئەوەیان داوە،کە زمانە کۆنەکەی خۆیان بگەڕێننەوە و بیکەنەوە بە زمانی ڕەسمی و زمانی ئەدەبیات.(١٩)

بابا تایەری عوریانی کۆنترین شاعیری کوردە،کە شیعری بە کێش و سەرواى پتەو و ناوەڕۆکی بەهێز و فۆرمی جوانی بۆ جێهێشتووین ،بەڵگەش بۆ ئەمە ،لەم چوارینەیەدا دەردەکەوێ:

**بە خەنجەر گەر دەرارەند دیدەگانەم**
**بە ئاتەش گەر سوزەند ئوستخوانەم**
**ئەگەر بەر ناخونانم نەی بکوبەند ،**
**نەگیرم دل زیاری میهرەبانەم** (٢٠)

(( هەروەك پەیدابوونی شاعیرێکی کورد لەناوچەی هەمەدانا لە زروفی مێژووی کاتی خۆی و پەیدابوون و نەمانی میرنشینی لوڕستان جیاناکرێتەوە)).(٢١)

٢- کرمانجی ژوورو (بۆتان) :

پاش بەرهەمە تۆمارکراوەکانی تاقە شاعیری کۆنی کورد ( بابا تایەری عوریانی )،دیالێکتێکی تر دێتە پێشەوە،کە ئێستا ( کرمانجی ژووروو) ی ناوە،کە ( بۆتانی و هەکاری و بادینی و بایەزیدی وئاشتایی) هەریەکەیان بە بەشێك لەو دیالێکتە دادەنرێن.

شاعیرەکانی ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروو لەسەدەی شانزەهەم و سەدەی حەڤدەهەمدا هاتوونەتە ناوەوە،چونکە زۆربەی رایەکان،لەسەر ئەوە کۆکن، کە (مەلای جزیری و فەقێی تەیران و عەلی حەریری) لەو سەردەمەدا ژیاون، هەروەها شاعیری گەورەی کوردیش (ئەحمەدی خانی) لە سەدەی حەڤدەهەمدا ژیاوە.

مەلای جزیری هاتووە کۆمەڵێ ویکچوون و رازاندنەوەی رەوانبێژی لە ئەدەبیاتی عەرەبی و فارسیەوە وەرگرتووە و خستوویەتە ناو قالبە کوردییەکە و،لەگەڵ دیالێکتی بۆتاندا – کە زمانی خۆیەتی – تێکەڵی کردووە و زمانێکی جوانی ئەدەبیاتی ئەو سەردەمەی لێ پێك هێناوە،هەروەها ( عەلی حەریری)،کە لە شاری حەریردا ژیاوە هەر بەم جۆرە زمانە شیعری نووسیوە،کە بێگومان لە زمانی ئەو سەردەمەی شاری هەریر نەچووە،ئەگەر عەلی حەریری لە بنەڕەتدا خەڵکی شاری هەریریش نەبووبێت و خەڵکی شەمدینان بووبێت،هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێت و ئەو بۆچوونە ناگۆڕێت، کە ئەو زمانە هەوڵی ئەوەی داوە،کە پەل بهاوێت و ببێتە زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی. ئەگەر ئاوڕێك لە شاعیری بەرزی کورد ( ئەحمەدی خانی) یش بدەینەوە،هەمان شت بەدی دەکەین –واتە هەمان زمانی بەکارهێناوە– لە (مەم و زین)دا،هەروەکو خۆی باس دەکات و ئەو راستییەمان پێ دەڵێت،وە لەو جۆرە زمانە دەئاخڤێ،کە مەم و زینی پێ تۆمارکردووە :

**کوردی،عەرەبی،دەری و تازی**
**تەرکیب کرن بە هەزەل و بازی**
**بوهتی و مەهمەدی و سلێڤی**
**هەن لەعل و هەنەك ژ زێر و زیڤی**

هەروەکو لە چوارینەکەدا دیارە،کە ئەحمەدی خانی زمانی کوردی و دیالێکتەکانی لەو کاتەدا بەو سێیانە تێگەیشتووە.

بێگومان گەشەسەندنی کرمانجی ژووروو بەندە بە گەشەسەندنی دەسەڵاتی میرنشینی بۆتانەوە،هەروەها خانیش ئاواتی گەورە بوونی ئەم میرنشینەی

خواستووە و داوای یەکێتی کوردستانی کردووە،هەروەها ئاواتی خواستووە،کە میرنشینێکی گەورەی یەکگرتووی کوردی دابمەزرێ.

**گەر دێ هەبووامە پادشاهەك**

**لایق بدیا خودێ کــولاهەك**

لە ڕاستیدا خانی هەوڵی ئەوەی داوە،کە شیعرەکانی بۆ کەسانی ڕۆشنبیر و فەقیر بنووسێ،بە پێچەوانەی شاعیرانی ترەوە،کە بۆ کەسانی گەورە و خاوەن دەسەلاتیان دەنووسی،هەروەها خانی دەسەلاتی میرنشینی بۆتانی بە هی میرەکان نەزانیوە،بەلکو بە هی ڕۆشنبیران و زانایانی ئەوکاتەی زانیوە،کە دێتە سەر باسی داگیرکارانی عەجەم و ڕۆم،دەڵێت :

**تابیعی وان ئــەگە چی عارە**

**ئەو عارە ل خــەلکی نامدارە**

**نامووسە ل حاکم و ئەمیران**

**تاوان چییە شاعیر و فەقیران**

هەروەها خانی شاعیر خەلکی (بایەزید) بووە،بەلام هــەولی ئــەوی داوە ،کە زمانی بۆتانی ببێتە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،بەلام هــەموو ئــەو هیوا و ئاوات و هەولانەی چوونەوە هیچ،لەگەلْ ڕووخانی میرنشینی بۆتان.

هەرچەندە لەدوای ئەمە کۆمەلێ ڕۆشنبیر و شۆڕشگێڕ هــەولی ئەوەیاندا،کە کرمانجی ژووروو ببێتە زمانی یەکگرتووی کوردی،بەلام ئەمە لەگــەلْ لەناوچوونی کۆمەلانی ( هێڤی و تەعالی کوردستان و خۆیبوون – کە لـە بـاکووری کوردستان بوون – ) ،دامرکایەوە و نەما.(٢٢)

٣- شێوەی گۆران (هەورامی) :

هێشتا گڕ و تینی ئەدەبیاتی کرمانجی ژووروو نەکوژابووە،کە دیالێکتێکی تر خۆی هاویشتە گۆڕەپانی ململانێکەوە،کە ئەویش دیالێکتی (گۆران) بوو،لەوێشدا ( هــەورامی ) بەتایبــەتی ،ئــەم ئەدەبیاتــە بــە ڕەنگینــترین ئــەدەبیاتی کــوردی دادەنرێت،چونکە کۆمەلێ شتی جیاواز و خاسیەتی تایبــەت بــە خــۆی هەبوو،کە لەوانی پێشوودا نەبوو،لە دیارترینیشیان بەکارهێنانی ( کێشی پــەنجــەی خۆمــالی بوو)،کە ئەمەش لەگــەلْ هــەموو خاسییەتەکانی دیالێکتــەکانی تــردا دەگونجێت ئەگــەر ســەیرکەین لــەدوای کشانەوە و بــەرە و دواچــوونی ئــەم دیالێکتەش،ئەو خاسیەتانە لــە دیالێکتەکانی تردا خۆیــان بینیــەوە و لــەناو نەچــوون،بەلکو بووە

هۆی دەوڵەمەند کردنی دیالێکتەکانی دواتر و کارێکی زۆری کردە سەر ئەو ئەدەبیاتە یەکگرتووەی،کە ئەمڕۆ پێی دەنووسرێت.

ئەم دیالێکتە بەمە جیادەکرێتەوە،کە ڕەنگە ( ئایین و مەزهەب و تەریقەت) هۆیەکی بنەڕەتی و سەرەکی گەشەسەندنی ئەم دیالێکتە بن.(٢٣)

گەلێك لە شاعیرە بەرزەکان و بەناوبانگەکانی کورد بەم دیالێکتە نووسیویانە،لەوانە ( مەلا مستەفای بێسارانی،١٦٤١-١٧٠٦ز) و (خانای قوبادی،١٧٠٠-١٧٥٩ز) و (مەولانا خالیدی نەقشبەندی،١٧٧٧-١٨٢٦ز) و (مەلای جەباری،١٨٠٦-١٨٧٦ز) و (مەولەوی،١٨٠٦-١٨٨٢ز).

وەکو مەولەوی شاعیر لە دێڕە شیعرێکیدا،کە لە وەسفی جوانی یارەکەیدا و لە لافاوی فرمێسکی خۆیدا،دەڵێت :

**گوڵ چون ڕووی ئازیز نەزاکەت پـۆشان**

**وە فراوان چون سەیل دیدەی من جۆشان**

ئەم دێڕە شیعرە ئەوەندە لە دیالێکتی کرمانجی خواروو نزیکە،کە بەتەواوی تێی دەگەین و دەتوانین بە ئاسانی ڕاڤەی بکەین.(٢٤)

لەم دیالێکتەی کوردیدا دەسەڵاتی سیاسی جیا ناکرێتەوە لەم جۆرە گەشەسەندنەدا.

هەروەکو چۆن لە کرمانجی ژووروودا (ئەحمەدی خانی ) لووتکەی دیالێکتەکە و نوقتەی هاتنە خوارەوەی بوو،بەهەمان شێوە (مەولەوی) شاعیریش لووتکەی شیعری هەورامی و نوقتەی هاتنە خوارەوەیەتی.(٢٥)

٤- کرمانجی خواروو :

ئەگەر سەیرکەین ئەو زمانە ئەدەبییەی،کە ئێستا کوردی پێدەنووسرێت بەتایبەتی لە باشوور و زۆربەی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا دەچێتەوە سەر لقە دیالێکتی (سلێمانی)،هەرچەندە بەهەڵە تێگەیشتنێك دروست بووە لەسەر ئەم بەشە دیالێکتە،بەڵام ئەگەر ئێمە بێت و بە ویژدانەوە قسە بکەین،دەبینین زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی و خستنەپاڵی بۆ سەر ئەم بەشە دیالێکتە لە جێی خۆیەتی،چونکە دروستکردنی شاری سلێمانی کارێکی پێویست بوو لەو سەردەمەی خۆیدا،کە پێویست بوو ئەنجام بدرێت،لەبەرئەوەی میرنشینی بابان،کە پایتەختەکەی (قەڵاچۆلان) بوو لە چارەکی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بەرەو فراوانی دەچوو،وە قەڵاچۆلانیش بەمشێوەیە مەجالی فراوانبوونی

نەبوو،بۆیە ( ئیبراهیم پاشای بابان) لەم شوێنەی ئێستای شاری سلێمانی بڕیاری دروستکردنی ئەم شارەی داو بڕیارەکەشی لە جێی خۆیدا بوو.

ئەم بڕیارە بۆ ئەوە بوو،کە ئەگەر لەمەوپێش میرنشینەکانی بۆتان و ئەوانی تر نەیانتوانیبوو بەشێوەیەکی زۆر فراوان بن،ئەوا میرنشینی بابان فراوان بێت.

هەر لەسەرەتای دروستکردنی شاری سلێمانییەوە گرنگی پێدرا و لەسەر باشترین نەخشەی ئەوسای ڕۆژهەلات دروستکرا و،زێراب و ئاو و ئاوەڕۆی بۆ دروستکرا و،قوتابخانە و مزگەوت و یانەی ڕۆشنبیری تێدا دروستکرا و کرایەوە،جگە لەمەش ئیبراهیم پاشا بانگەوازی دێهاتەکانی دەوروبەری کرد بۆ ئەوەی،ئەوەی ئارەزووی لێیە بێتە شار نیشتەجێ بێت،ئەمانیش زیاتر،ڕۆشنبیران و ئەوانەی حەز بە شار دەکەن ،جووتیارە تێگەیشتووەکان هاتنە شارەوە ،وە لەناو ئەوانەشدا کۆمەڵێ شاعیری بەناوبانگ و جێ پەنجە دیاریان تێدا بوو،هەروەها مەلا و فەقێی بەناوبانگیان لەناودا بوو،ئەمانەش هەموویان هۆ بوون بۆ دروستبوونی قوتابخانەیەکی ئەدەبی گەورە،کە ئێستاش هەر بەردەوامە.

لەبەر گرنگی ئەم پێڕەوە و پێشکەوتوویی ئەم ناوچەیە وایکرد،کە لقە دیالێکتی سلێمانی ببێتە زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،بۆ هەموو ناوچە کوردییەکان.

بێگومان،کە باسی قوتابخانەی ئەدەبی بابان دەکەین،هەمووومان ناوێکی ترمان بەرگوێ دەکەوێ و لە مێشکماندا دەزرینگێتەوە،کە ئەویش ناوی مامۆستای گەورەی ئەدەبی کوردی (نالی) شاعیرە،هەروەها ناوی هەردوو شاعیری گەورەی کورد ( سالم،١٨٠٥-١٨٦٩ز) و (کوردی،١٨١٢-١٨٥٠ز) لەگەڵیدا دێت.

بۆیە ئەم دیالێکتە پەلی هاویشتە هەموو ناوچەکان،وە ئەمەش لە شیعری شاعیرانی ئەو سەردەمە زۆر بە ڕوونی و جوانی دەردەکەوێ،وەکو شاعیران (حاجی قادری کۆیی،١٨١٥-١٨٩٧ز) و (ئەختەر،١٨٢٦-١٨٨٦ز) و (کەیفی جوانڕۆیی) لە خاکی سۆرانەوە و (مەجدی،١٨٤٩-١٩٢٥ز)لە ئەردەڵانەوە و،کۆمەڵێ شاعیری تری ناوچەی سنە و موکریان بەهەمان چەشنی نالی و هاوەڵەکانییان نووسیوە.

هەرچەندە ئەگەر ئێستاش سەیر بکەین دەتوانین هەریەکە لە (سلێمانی و سنە و موکریان) بە بەشە دیالێکتی جیاوازیان لە قەڵەم بدەین،لەبەر جیاوازی زۆر لە نێوانیاندا،ئەمەش دووبارە بەڵگەی ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ،کە بەشە دیالێکتی سلێمانی وەکو زمانێکی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی بەکارهاتووە.

ئەگەر ئەو زمانەی،کەوەکو زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو بەکارهاتبوو لەسەردەمی میرنشینەکانی بۆتان و هەروەها (گۆران) بەرەو کزی و نەمان چوو بوون،ئەوا بە لەناوچوونی میرنشینی بابان ئەم زمانە ئەدەبییە یەکگرتووەی،کە هەبووە و لەناو نەچووە،ڕاستە هەندێ جار بەرەو کزی چووە بەهۆی داگیرکاری و دوژمنانەوە،بەڵام ئێستاش ئەم زمانە هەر بەردەوامە و چالاکە.(٢٦)

ئەگەر سەیرکەین شیعرەکانی (عەلی بەردەشانی) یەکەمین ڕەنگدانەوەی ئەدەبی بوو لەوسەردەمەدا،بەڵام بەشێوەی شیعری میللی،نەك بە شێوەی شیعری کلاسیکی پتە و قاڵبی هونەری داڕژا و بەهێز و پڕ وردەکاری و ڕەوانبێژی،چونکە عەلی بەردەشانی خۆی نەخوێندەوار بووە،هەر بۆیەش شیعرەکانی نەبوونە پێڕە و پرۆگرامێك بۆ پێڕەو کردنی نمونەی ڕێبازێکی ئەو سەردەمەی شیعری کوردی،بەڵام بوونە ڕێخۆشکەرێك بۆ سەرهەڵدانی شاعیرە مەزنەکانی وەکو (حەزرەتی نالی و سالم و کوردی) دروستبوونی قوتابخانەیەکی نوێی کلاسیکی کوردی،لەسەردەمی حوکمڕانی میرنشینی باباندا.(٢٧)

نمونەیەك لە شیعری دڵداری،عەلی بەردەشانی :

**ئەگەر یارێم ناناسن باریکەو بەڵەك چاوە**
**قەدی نەمامی عەرعەر لاولاوی تێ ئاڵاوە**(٢٨)

**هۆیەکانی دروست نەبوونی زمانی ستاندەری کوردی لە هەرێمی کوردستاندا**

ئەگەر سەیری وڵاتانی جیهان بکەین،هیچ وڵاتێك نییە،کە خەڵکەکەی بە تێکڕایی بە یەك زمانی یەکگرتوو بدوێن و هیچ لەهجەیەکی تر بەکار نەهێنن،بۆیە پێویستە ئێمە لەم ڕووەوە بەزەییمان بەخۆماندا نەیەتەوە،بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەوەیە،کە وڵاتانی جیهان زمانێکی یەکگرتوویان هەیە،کە کار و باری ڕۆژانە و نووسین و ئاخاوتنی خۆیانی پێ بەڕێوە دەبەن،بە پێچەوانەی زمانی

کوردییەوە،کە زمانێکی یەکگرتووی نییە،کە دەبێت لەمەیاندا بەزەییمان بە حاڵی خۆماندا بێتەوە.

کە دەڵێن زمانی یەکگرتوو،مەبەستمان ئەوە نییە،کە زار و شێوە زارەکانی تر واز لە زاری خۆیان بهێنن و تەنها زمانە یەکگرتووەکە بەکاربهێنن،نەخێر بەڵکو ئەم زمانە یەکگرتووە با بۆ نووسین و ئاخاوتنی و کار و باری گشتی ڕۆژانەی نێو گەلی کورد بێت،هەروەکو ئەم جۆرەیان لە سویسرا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و وڵاتانی عەرەبی و داتوانین بڵێین زۆربەی وڵاتانی جیهاندا دەردەکەوێ،کە چەندین لەهجاتیان هەیە،بەڵام تەنها زمانێکی یەکگرتوو بەکاردەهێنن بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان و ئاخاوتن و نووسین.

نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی گەلێ کێشەی ناوەتەوە لەم ڕۆژگارەی ئەمرۆماندا،ئەم نەبوونی زمانە یەکگرتووەش بەهۆی گەلێ هۆکارەوەیە،کە لێرەدا بەکورتی ئاماژە بۆ هەندێ لەو هۆکارانە دەکەین :

١- نەبوونی زمانی ستاندەری کوردی بۆتە هۆی دروستکردنی کێشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ نووسەرانی کورد،چونکە نەبوونی ئەم زمانە دەبێتە هۆی کەم خوێندنەوە،وە کەم خوێندنەوەش دەبێتە هۆی کەمفرۆشی نووسراوەکان،وە ئەمیش دەبێتە هۆی کەمتر چاپکردن،هەموو ئەمانە وا لەنووسەری کورد دەکات،کە ژیانی خۆی تەنها بۆ نووسین تەرخان نەکات،چونکە ناتوانێت بژێوی خۆیی وماڵەوەی پێ پەیدا بکات،بە پێچەوانەی وڵاتانی جیهانەوە،کە ئەگەر نووسینەکانیان چاك بێت زیاد لە پێویست بژێوی ژیانییان پەیدا دەکەن،هەر بۆیەش نووسەری کورد نووسینی کردووە بە ئیشێکی لاوەکی،چونکە کە دەنووسێ بە لەهجەیەك لە لەهجەکان دەنووسێ،کەواتە ئەوانەی دیالێکتێکی تر بەکاردەهێنن نابنە خوێنەری نووسراوەکەی،بۆیە خوێنەری کەم دەبێتەوە و ژمارەیەکی کەم لە نووسراوەکەی چاپ دەکرێت،بۆ نمونە گەر بە کرمانجی ناوەڕاست بەرهەمەکە چاپ بکرێت،ئەوا تەنها خەڵکانی سلێمانی و هەولێر دەیکڕن،وە ئەگەر بە کرمانجی ژووروش چاپ بکرێت،ئەوا تەنها خەڵکانی دهۆك دەیکڕن،ئەمەش وایکردووە،کە بازاڕیان کەم بێت،هەر لەمەوە بۆمان دەردەکەوێت،کە دروستبوونی زمانی یەکگرتووی کوردی دەبێتە هۆی دروستبوونی بازاڕێکی گەورەی فرۆشتنی بەرهەم و بیری کورد.(٢٩)

٢- جگە لە بابەتی چاپەمەنی،دەتوانین هەمان خاڵ لەبارەی بەرهەمهێنانی فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی دووبارە بکەینەوە ،چونکە بەرهەمهێنانی فلیمی سینەمایی و تەلەفزیۆنی ڕەواجێکی زۆری هەیە و بینەرێکی زۆریشی لەخۆی کۆکردۆتەوە،بەڵام بەداخەوە بەهۆی نەبوونی زمانێکی یەکگرتوو و ستاندەری کوردی دووبارە تووشی کێشە بووینەتەوە لەم ڕووەوە،چونکە ئەمە وایکردووە،کە بازاڕ بۆ فلیم نەبێ،کە بازاڕیش نەبێت،قازانجیش دروست نابێت،کە قازانجیش دروست نەبێت،ئەوا دەبێتە هۆی نەبوونی بازاڕی ئازاد و پێشبڕکێی سەرمایەداری،کەواتە بە نەبوونی ئەمانە ناکرێت چاوەڕوانی داهێنان بکەین،مەگەر تاك تاکە نەبێت. (٣٠)

٣- کتێبخانەی کوردی زۆر هەژارە،کتێبی جۆراوجۆر و هەمەچەشنەی تێدا نییە،بەڵکو کۆمەڵێ کتێبی (مێژوویی،سیاسی،ئەدەبی،ئایینی و چەند کتێبێکی فەلەك) پشی تێدایە،ئەگەر بڕوانین،دەبینین ڕێژەیەکی زۆری کتێبەکان ئەدەبین،بە هەموو لقەکانییەوە شیعر و پەخشان و ڕۆمان و چیرۆك و ڕەخنە و ژیاننامە و وتاری ئەدەبی و... هتد،هەرچەندە ئەمانەش لەئاستی پێویستدا نین،چونکە ئەگەر بپرسین ئایا چەند کتێبی (فیزیایی،کیمیایی،فەلسەفی،ماتماتیك،وەرزشی،ئەتۆم،پزیشك و ئەندازە و... هتد) بیمان هەیە،ئەوا بێگومان،یان نیمانە،یان ئەگەر هەشمان بێت،بە پەنجەی دەستان دەژمێردرین،سەیر ئەوەیە،کە پێنج زانکۆشمان هەیە،ئایا ئەم زانکۆیانە ئیشیان چییە ؟ خۆ خوێندنیش تێیاندا بە کوردییە. زۆر جار دەبینین ڕێکخراوە کوردییەکان بەجۆرێەتەوە داوای خوێندن بە زمانی کوردی و گۆڕینی مەنهەج دەکەن بۆ زمانی کوردی... ئایا چۆن مەنهەج دەکرێ بە کوردی ؟ لە کاتێکدا،کە کتێبخانەی کوردی لەم بوارانەی،کە باسمان کرد،چەند کتێبێکی کەم،یان هیچی نییە،کە گۆڕینی مەنهەج پێویستی بە سەدان کتێب هەیە بۆ لێکۆڵینەوە و دروستکردنی مەنهەجەکە.

لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە،ئایا مامۆستایانی زانکۆ تەنیا ئیشیان وانە گووتنەوەیە ؟! بێگومان نەخێر،کاتێك ئەم مامۆستایانە بە لێکۆڵەر ناو دەبرێن ،بۆچی هەریەکەیان لە بوارەکەی خۆیدا کتێبێك،یان چەند کتێبێك نانووسێت و وەرناگێڕێت و کتێبخانەی کوردی پێ دەوڵەمەند ناکات ؟ جگە لەمەش کۆسپێکی تر ئەوەیە کاتێك ئەمانە دەشنووسن،دەچن بە زمانی بێگانە دەنووسن وەکو

(عەرەبی،فارسی،تورکی،ئینگلیزی ،... هتد)،کە ئەمەش دەبێتە هۆی هەژاری کتێبخانەی کوردی و بەکەمزانینی زمانەکەمان،کە وا لە ئەوەی داهاتوومان دەکات وا بیر بکاتەوە،کە زمانی کوردی تەنها بۆ گفتوگۆ بەکاردێت و زمانی زانست و لێکۆڵینەوە نییە،بۆیە پێویستە لەسەرمان،کە ئەو لێکۆڵینەوە و نووسینانەی،کە دەیانکەین و دەیان نووسین بە زمانی کوردی بیان نووسین.

کەمی سەرچاوەی کوردی گرفتی دروست کردووە،کە پەنا بەرنە بەر سەرچاوە بیانییەکان،کاتێ سەیرکەین ئەمە بە پێچەوانەیە لەناو فارسدا،چونکە خوێندکاری فارس هەر سەرچاوەیەکی بوێت بە زمانی فارسی دەستی دەکەوێ،بۆیە لەسەر حکومەت پێویستە،کە هەوڵ بدات سەدان سەرچاوەی کوردی بخاتە ناو بازاڕەکانەوە و سەرمایەی تایبەتی بۆ تەرخان بکات ،بۆ ئەوەی کتێبخانەی کوردی بەرەو دەوڵەمەندی ببات و بەرەو زمانێکی یەکگرتووی کوردی بەڕێ بکەوین،هەروەها پێویستە دەسەڵاتی کوردی بیر لەوە بکاتەوە،کە جیهانی ئەمڕۆ گوندێکی بچوکە و عەولەمە دەسەڵاتی بەسەردا گرتووە،ئێمەش لەو بازاڕی عەولەمەیەدا تەنیا کڕیارین،دەبێ هەوڵی ئەوە بدەین،کە فرۆشیاریش ئەبین ئەوا سەدا سەد کڕیار نەبین،بۆ ئەوەی سەدا سەد نەکەوینە ژێر کاریگەری سلبی نەتەوایەتی،لێرەدا مەبەست لە کڕین و فرۆشتنی کاڵاکان ئەوەیە،کە تۆ چەند کتێب لە وڵاتانی تر وەردەگری و چەندی پێ دەبەخشی و چەندی هی خۆتە.(٣١)

٤- لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت باڵی بەسەر هەموو جیهاندا کێشاوە،هەر بەرنامەیەکی مایکرۆسۆفت بڵاو دەبێتەوە،لەگەڵیدا نوسخەی (فارسی،عەرەبی،تورکی،... هتد ) تێدایە،بۆچی دەبێ هەر زمانی کوردی لەگەڵدا نەبێت ؟ یان ئەگەر بە کوردیش بێت بە کام زارەیان بێت ؟ ئەمەش خۆی کێشەیەکە،بۆیە پێویستە بیر لە زمانێکی ستاندەر بکرێتەوە،بۆ ئەوەی لە ئامێرەکانی وەکو کۆمپیوتەر و مۆبایل و ئینتەرنێتدا بڵاو بکرێتەوە،چونکە ئەم ئامێرانە هیچیان لە وەزارەتی پەروەردە کەمتر نییە لە ڕووی کاریگەرییان لەسەر کۆمەڵگا و خوێندکاران...

تا ئێستا تاکە بەرنامەیەکیش نییە بۆ کۆمپیوتەر و زانستەکانی،کە بە زمانی کوردی بێت،ئایا چۆن ماف بە خۆمان بدەین،کە بڵێین پێشکەوتووین ؟ ئێمە ئێستا وەکو گوندێکی بچوکی دوورە دەست واین لە بەرانبەر جیهان،بۆیە

پێویستە دەسەڵات لە هەوڵی گەشەپێدانی ئەم بوارەدا بێت و چەند پسپۆڕێکی تایبەت پەیدا بکات و زمانێکی ستاندەر و یەکگرتووی کوردی بۆ ئەم بوارە دابنێ،ئەوەی جێگەی خۆشحاڵییە تا ئێستا هیچ نەکراوە و لە خاڵی سفرەوە دەتوانین دەست پێبکەین،تا کات بەسەر نەچووە بەرنامەیەکی تۆکمە و یەك زمانی ستاندەر،بۆ کۆمپیوتەر و زانستەکانی دابنێین.(٣٢)

٥- ئێمەی کورد چەند پێویستمان بە یەکڕیزی و یەکێتی هەیە لە ڕووی سیاسی و هەڵوێستی سیاسییەوە،زۆر لەوە زیاتر پێویستیمان بە یەکبوونی توانا فکرییەکان هەیە،چونکە ئەگەر سەیر کەین لەوانەی دەربڕینی هەڵوێستێکی سیاسی زەرەرێکی کاتی لێبکەوێتەوە،بەلام نەبوونی یەك فکری زەرەرێکی هەمیشەیی لێدەکەوێتەوە و نەبڕیاری سیاسی و نە دەسەڵات ناتوانێت بیگۆڕێت،هەر ئەوەندە چەسپا ئیتر دەستکاری ناکرێت،وەکو ئەوەی کە ئینگلیز و فەرەنسا ناتوانن دەستکاری ڕێنووسەکانیان بکەن،تەنانەت هاتووچۆی سەیارەکان لەناو ئینگلیز پێچەوانەی جیهانە و ئێستاش ناتوانن دەستکاری بکەن،چونکە سەرمایەیەکی زۆری دەوێ،چەسپاندنی فکرەکەش بەهەمان شێوە وەکو ئەوەی،کە لە خاڵی یەکەمدا باسمان کرد،کە ئەو بەرهەمانەی بە کرمانجی ژووروو نووسراون،تەنها بۆ ئەوان سوودی هەیە،وە کرمانجی ناوەڕاستیش بە هەمان شێوە،ئەمەش دوو ڕایی و دوو ئایدۆلۆژیا دێنێتە ئاراوە،تا لە کۆتاییدا

دەبێتە هۆی پەیدا بوونی دوو زمانی جیاواز،ئەمەش پەیدا بوونی دوو نەژادی جیاوازی لێدەکەوێتەوە و دوورمان دەخاتەوە لە دروست بوونی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردی.(٣٣)

٦- ئەگەر ئێمە هەوڵ بدەین،کە دوو ستاندەری بێنینە ئاراوە،ئەوا بارێکە قورسی خەرجی لە ڕووی ئابوورییەوە دەخاتە سەرشانی هاوڵاتیان و دەسەڵات،بۆ نمونە وڵاتێکی وەکو کەنەدا،کە هەردوو زمانی (فەرەنسی و ئینگلیزی) تێدا بەکاردێت،ساڵانە ڕێژەی (١٪) لە بودجەی فیدراڵی بۆ ئەم مەبەستە خەرج دەکرێت،ساڵی ١٩٧٨ ز بڕی (٥٠٣) ملیۆن دۆلاری کەنەدی لە دوو ستاندەری خەرج کراوە،هەروەها پسپۆران لەم بوارەدا تەنیا فێربوونی زمانی ئەڵمانی لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٨ ز دا بە بڕی ١٤ ملیۆن فرانکی بەلجیکی مەزەندە کردووە.

ئێستا ئـەگەر سەیر بکەین کوردیش هەوڵی دوو ستاندەری دەدات،کە ئەمە شتێکی هەڵەیە و تەنانەت لە ڕاگەیاندنەکانیشدا بەکاری دەهێنن،وە هەڵەیەکی زۆر گەورەتر،کە ئێستا بەدی دەکرێت،ئەم دوو ستاندەرییە خراوەتە مەنهەجی خوێندنەوە،کە ئەمەش خراپ کردنییەنی نەك چاککردنی،وا دەکات،کەبەرەو دوو زمانی بچین و دواتریش بەرەو دوو نەتەوەی لێك جیاواز و دوو وڵاتی لێك جیاواز و خستنە مەترسی ئاسایشی نەتەوەییمان،ئەگەر سەیر بکەین گەورەترین کۆسپیش لەم بوارەدا ناوچە گەرێتییە،چونکە هەر لە ڕاپەڕینەوە تاکو ئێستا حیزبە کوردییەکان ئەوەندەی خەریکی دروستکردنی ئینتمای حیزبی و عەشیرەتی و ناوچەیی بوون،بە چارەکە هێندە خەریکی دروستکردنی ئینتمای نەتەوایەتی نەبوون لـەلای تاکی کوردی،کە ئەمەش وایکردووە ئەم جۆرە ئینتمایانەمان زاڵ بێـت بەسـەر هەسـتی نەتەوایەتیماندا،هـەروەهـا کۆسـپێکی گـەورەتریش ئەوەیە،کە بە درێژایی مێژوو کـوردستان هـەر پارچـە پارچـە بـووە و دوژمنان نەیانهێشتووە یـەك بگرێتەوە،بۆیـە دوور بـووین لـــە زمـانی سـتاندەر،ئەوەی زیاتریش ڕێگە خۆش دەکات بۆ ئـەم ستاندەرییە،ڕاگەیاندنەکانن،ئەگەر سەیر بکەین لـــە کاتی پێشکەشکردنی هەواڵەکان و بەرنامـەکان،یان دۆبلاژکردنی بەرنامە و فلیمی سینەمایی و زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان و فلیمە کارتۆنییەکان،دوو ستاندەری و زمانی ناوچەیی بەکاردەهێنن،ئێمەش تا بەم شێوەیە بیر بکەینەوە دوورتـر دەکەوینـەوە لـە زمانێك تۆکمـەی سـتاندەری کوردی،تەنانـەت ئــەگەر ســەیر بکــەین بــەهۆی ڕاگــــەیاندنەکانی خــــۆمانەوە ڕاگــــەیاندنە بیانییەکانیش،وەکو

تەلـەفزیۆنی جیهـانی سـەحەر و ڕادیـۆی (VOA) ئـەمریکی و گـەلێکی تـر بەهەردوو زمانی کرمانجی ژووروو و کرمانجی ناوەڕاست بەرنامـە و هەواڵـەکانیان پێشکەش دەکەن،بۆیە ئـەوەی پێویستە لەسـەر خـەمخۆرانی کـورد ئەوەیە،کە دوورمان خەنەوە لەو دوو ستاندەرییە و کاری خێرا بکـەن بـۆ زمـانی سـتاندەری کوردی.(٣٤)

٧- بـەهۆی نـەبوونی قەوارەیـەکی یـەکگرتووی سیاسـییەوە،تا ئێستا کـورد نەیتوانیوە زمانێکی یەکگرتوو دابنێت،چونکە یەك دەسەڵاتی سیاسـی نەبوو،کە بتوانێ ڕاپرسی بکات لەسەر هەڵبژاردنی زمانی ستاندەر،یان سەپاندنی زمانێك بە

زمانی ستاندەر،بۆ ئەوەی ببێتە زمانێكی یەكگرتوو بۆ ئاخاوتن و ڕاپەڕاندنی كارەكان و نووسین و ڕاگەیاندن و... هتد.(٣٥)

٨- نەبوونی ئایینێكی كوردانەی گشتی،كە بەهۆی ئەو ئایینەوە كورد توانیبێتی زمانێكی ستاندەری یەكگرتووی كوردی هەبێت،هەرچەندە وەكو مێژوو بۆمان دەگێڕێتەوە،ئایینی (زەردەشت) لەسەردەمی مادەكان (واتە كوردستانی ئەمڕۆ) پەیامبەر و داهێنەری ئایینی (مەزدا یەسنی) بووە لەو ناوچەیەدا،هەر بەزمانی ئەو ناوچەیەش قسەی كردووە،بەڵام تا ئێستا هیچ بەڵگەیەك نییە بۆ ئەوەی،كە كتێبی (ئاڤێستا) ی زەردەشت بەتەواوی بە زمانی مادەكان نووسرابێت،یاخود بەچەند سەدەیەك دوای وەفاتی زەردەشت نووسرابێتەوە.(٣٦)

٩- تاكو ئێستا كورد ئەدەبیاتێكی فراوانی بەتەنیا شێوەیەك نەبووە،بەڵكو بە درێژایی مێژوو لەگەڵ ئەمارەتەكان ئەدەبیات هەبووە،هەروەكو لە خاڵی دووەمی ئەم بەشەدا ئاماژەمان بۆ كردووە،بەڵام تاڕادەیەك دەتوانین ئەمارەتی بابان نزیك بكەینەوە لە زمانی ستاندەر،چونكە بە شێوەیەكی فراوان باڵی كێشاوە بەسەر ئەدەبیاتی كوردیدا،بەڵام ئەدەبیاتیش دەوری وای نەگێڕا،كە بتوانێ بە یەكجاری زمانێكی یەكگرتووی ستاندەری كوردی دروست بكات.(٣٧)

١٠- ئەوەی لای هەموومان ئاشكرایە،تاكو پاش یەكەمین جەنگی جیهان،خوێندنگە و زانستگەی كوردی و ڕۆژنامە و گۆڤاری كوردی ئەوتۆ نەبووە،كە بتوانێ زمانێكی ستاندەرمان بخاتە بەردەم و بیچەسپێنێ لەو كاتەدا،تەنها ڕۆژنامەیەك،كە پێش جەنگی یەكەمی جیهان دەرچوو و یەكەم ڕۆژنامەی كوردی بوو،ڕۆژنامەی (كوردستان) لە ساڵی ١٨٩٨ز ی بنەماڵەی بەدرخانییەكان بوو،ڕاستە هەندێ خوێندنگە هەبوو نیان لە مزگەوتەكاندا فەقێیەكان دەیانخوێند،بەڵام لە ڕاستیدا زمانی كوردی مەنهەج نەبوو،بەڵكو زمانی عەرەبی بە پلە یەك و زمانەكانی فارسی و توركی بەكار دەهاتن لە خوێندندا،هەرچەندە لێكدانەوەیان بە كوردی بوو،بەڵام ئەمە تەنها بۆ تێگەیاندن بووە،هەربۆیەش لە درووستكردنی زمانی ستاندەری كوردی بەدوور بووە.(٣٨)

١١- ئەگەر سەیركەین بە درێژایی مێژوو ناڵەباری ژیانی كۆمەڵایەتی هۆكارێكی سەرەكی بووە بۆ دروست نەبوونی زمانی ستاندەری كوردی،چونكە هیچ كاتێك لە كوردستاندا شارێكی گەورەی وا نەبووە،كە مامەڵەی بازرگانی و هاتووچۆی بازرگانی تێدا بكرێت بە شێوەیەكی فراوان و نێو دەوڵەتی - مەبەست پێش

یەکەمین جەنگی جیهانە - ئەمەش بە هۆی نەبوونی پێوەندی بازرگانی بەهێز و سەختی و نائەمینی ڕێگەوە،چونکە لەوکاتەدا،هاتووچۆی نێوان شارەکان زۆر کەم بووە وە بەهۆی پارچەپارچەکردنی کوردستانیشەوە لەلایەن دوژمنانەوە،ئەم پەیوەندی و هاتووچۆیە زۆر کەم کرایەوە و ڕێی لێگیراوە.(٣٩)

١٢- گرفتێکی تری دروست نەبوونی زمانی ستانداردی کوردی نەبوونی ڕێنووسێکی یەکگرتووە،هەرچەندە ئێستا لێکۆڵەرە کوردییەکان دەیانەوێ ڕێنووسی لاتینی بهێننە ئاراوە،بەڵام ئەمەش کۆسپێکی تر دروست دەکات،کە ئەویش ژمارەیەکی زۆرمان دەبن بە نەخوێندەوار،هەروەها ئەوەکانی داهاتوومان،کە تەنها لاتینی بزانن،ئەوا بێئاگا دەبن لە ڕابردوو و مێژووی گەلەکەمان.(٤٠)

نووسینی کوردی ئێمە لە عەرەبی و فارسی ڕێك و پێك ترە،وە ئەگەر بڵێین ئەلف و بێیەکەمان عەرەبییە،ئەوا (فارس) یش بەهەمان شێوە دەنووسێ و هیچ کێشەیەکیش نییە،بەڵکو لێرەدا ڕێنووسەکە بەم شێوەیە دەور ناگێڕێ،وەکو ئەوەی دەسەڵاتێکی سەربەخۆ و کیانێکی سەربەخۆ و ئازاد و یەکگرتوو دەور دەگێڕێ لە دروست کردنی زمانی ستانداردی کوردی.

هەموو ئەمانەی باسکران لەم خاڵانەدا،کۆمەڵە هۆکارێکن بۆ دروست نەبوونی زمانێکی یەکگرتووی کوردی،هەرچەندە لە زۆر کۆنەوە یەکێتی زمانەکەمان پەرەی سەندووە،کە ناتوانین سەرەتاکەی دیاری بکەین،بۆ نمونە ئەگەر (ئەحمەدی خانی) بەسەرەتاکەی دابنێین،ئەوا پێش ئەو (مەلای جزیری) هەوڵی خۆی داوە،هەروەکو دەڵێ :

گوڵی باخی ئیرەمی بۆتانم

شەب چراغی شەبی کوردستانم

کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی،کە خۆی بە خەڵکی کوردستان و ڕۆڵەی کورد دادەنێ،نەك بە تەنها بۆتان.(٤١)

بۆیە پێویستە لەسەر ڕووناکبیرانی کورد،کە هەوڵی دروستکردنی دەزگای ڕۆشنبیری کوردی بدەن،کە لە خزمەت فەرهەنگ و زمانی کورد دا بێت،بەڵام ئەمەش بەتەنیا بە ڕووناکبیرانە ناکرێت،بەڵکو بۆ ئەم کارە دەبێت دەوڵەت پشتیوان بێت،هەم لە ڕووی مادی و هەم لە ڕووی مەعنەویەوە،چونکە ئەگەر دەسەڵات یارمەتی ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی کوردی نەدات،ئەی کێ بەم کارە

هەستێ ؟ خۆ ئەمانیش تەنها خۆیان نین،بەڵکو بژێوی ماڵەوەشیان لەسەرە،کەواتە هیچ کارێک بێ پشتگیری دەوڵەت و دەسەڵات ناتوانێت سەرکەوتن بە شێوەیەکی بەرچاو دەستەبەر بکات.(٤٢)

ئەنجام:

لە ئەنجامی باسەکەوە گرنگی زمانمان بۆ دەرکەوت لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤەکاندا و بەکارهێنانی لە ئاخاوتن و کارەکانی ڕۆژانەیداو ، گرنگی پێویستی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردیمان بۆ ڕوون بۆوە ، کە میللەتی کورد چەند پێویستییەتی ، چونکە بوونی زمانێکی ستاندەر بوونی گەل و نەتەوە دەسەلمێنێ ، وە بە درێژایی مێژوو کورد هەوڵی داوە ، کە زمانێکی ستاندەر بۆخۆی دروست بکات ، کە ڕیشەی زمانی ستاندەر ، هەندێ لە زانایانی زمانەوانی دەیگێڕنەوە سەردەمی پێغەمبەر زەردەشت و کتێبە ئایینییەکەی (ئاڤێستا) ، بەڵام هیچ شتێکی تۆمارکراومان لەبەر دەستدا نییە ، وەکو بەڵگە ، ئەوەی لەبەر دەستدایە و تۆمار کراوە بەرهەمەکانی بابا تایەری عوریانییە (٩٣٥ - ١٠١٠) ی زایینی ، بەڵام ئەگەر بڕوانین قوتابخانەی بابان و حەزرەتی (نالی) بە دامەزرێنەری زمانی ستاندەر دادەنرێن ، کە دەتوانین بڵێین ئێستاش ئەو زمانە هەر بەردەوامە ، ئەگەرچی پلانی دوژمنانی کورد لێنەگەڕاوە ئەمە سەربگرێ ، ئینجا چ بە داگیرکاری و لە ناوبردنی میرنشینەکان ، یان چ بە نانەوەی ئاژاوە و دووبەرەکی لە ناو کورددا بووبێت.

بەڵام بە داخەوە بەهۆی ئینتمای حیزبایەتی و ناوچەگەرێتی و جایوازی چینایەتی و بیر و بۆچوون و فیکری هەڵەوە - کەهەر لە کۆنەوە هەبووە و بەردەوامیشە - ، خەریکە ئەم دەسکەوتە گرنگە بەرەو دوو ستاندەری دەبەن ، کە ئەمەش دوو نەتەوەیی لێ دەکەوێتەوە ، وە خاوەن دیالێکتە ناوچەییەکانیش داوای سەربەخۆیی دەکەن لە سایەی ئەمانەوە ، هەروەکو (لوڕ و هەورامی) سەر بە دیالێکتی گۆران ، کە ئێستا داوا دەکەن ، کە ئەمان زمانێکی سەربەخۆن و پێویستە دانییان پێدابنرێت ، کە ئەمانەش هەمووی زەرەر لە ئاسایشی نەتەوەیی دەدات و زمانی کوردی پەرتەوازە دەکات و هەرگیز نامانگەیەنێتە زمانی ستاندەر.

لە کۆتایی ئەم باسەدا هیوادارم لێپرسراوان و دەسەلاتداران و خەمخۆرانی گەلەکەمان ، بە خۆیاندا بچنەوە و بەرژەوەندی تاك بەلاوە بنێن و ، هەوڵدەن بۆ دروستکردنی زمانێکی ستاندەری یەکگرتووی کوردی ، کە ئاواتی هەموو کوردێکی دڵسۆزە بۆ گەل و نیشتمانەکەی.

١- بڕوانە:فوئاد حەمە خورشید،زمانی کوردی – دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی،بەغدا،چاپخانەی افاق العربیە،١٩٨٥،ل٥٥.

٢- بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل٥٦-٥٨.

٣- زبیر بیلال اسماعیل،مێژووی زمانی کوردی،و.لە عەرەبییەوە:یوسف رۆوف علی،بەغدا،١٩٨٤،ل١١٠.

٤- بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل١١٢.

٥- بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل١١٢.

٦- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٢-١١٣.

٧- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١٣.

٨- بڕوانە:فوئاد حەمە خورشید،زمانی کوردی – دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی،بەغدا،چاپخانەی أفاق العربیە،١٩٨٥،ل٥٨-٦١.

٩- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٦١-٦٣.

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٦٣.

١١- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٦٥-٧٠.

١٢- هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧٠-٧١.

١٣- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٧١- ٧٤.

١٤- بڕوانە:د.رەفیق شوانی،مێژووی زمانی کوردی لەکۆنەوە تا ئەمڕۆ،گۆڤاری کاروان،ژمارە ١٤١،٢٠٠٠ ،ل١٠٣.

١٥- بڕوانە:کەریم شارەزا،نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی الادیب،بەغدا،١٩٨٤،ل٣.

١٦- زبیر بیلال اسماعیل،مێژووی زمانی کوردی،و.لە عەرەبییەوە:یوسف رۆوف علی،بەغدا،١٩٨٤،ل٨٩.

١٧- بڕوانە:حسێن محەمەد عەزیز،سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی،چاپخانەی کاردۆ،سلێمانی،٢٠٠٥،ل١٦٥.

١٨- بڕوانە:د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول،زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،چاپخانەی (سلمان الاعظمی)،بەغدا،١٩٧١،ل١٧-١٩.

١٩- بڕوانە:د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،بۆ زمان، چاپخانەی شڤان،هەولێر،٢٠٠٥،ل٩٦.

٢٠- بڕوانە:کەریم شارەزا،نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،چاپخانەی (الادیب)،بەغدا،١٩٨٤ز،ل١٠.

٢١- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،بۆ زمان، چاپخانەی شڤان،هەولێر،٢٠٠٥، ل٩٦.

٢٢- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٩٧- ٩٩.

٢٣- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٩٩- ١٠١.

٢٤- بڕوانە:کەریم شارەزا،نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،چاپخانەی الادیب،بەغدا،١٩٨٤،ل١٢- ١٤.

٢٥- بڕوانە:د.عیزەدین مستەفا ڕەسوڵ،بۆ زمان،چاپخانەی شڤان،هەولێر،٢٠٠٥،ل١٠٠-١٠١.

٢٦- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٠١ -١٠٧.

٢٧- بڕوانە:کەریم شارەزا،نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،چاپخانەی الادیب،بەغدا،١٩٨٤،ل٢٢-٢٣.

٢٨- هەمان سەرچاوە،ل٢٣.

٢٩- بڕوانە:قەیس کاکل تۆفیق،ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێك)،هەولێر،چاپی یەکەم ،چاپخانەی دەزگای ئاراس،٢٠٠٧،ل٢٩-٣٠.

٣٠- بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل٣٠-٣١.

٣١- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣١- ٣٤.

٣٢- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل ٣٥-٣٦.

٣٣- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل٣٦-٣٧.

٣٤- بڕوانە:هەمان سەرچاوەپێشوو،ل٣٦-٤٨.

٣٥- بڕوانە:جەمال نەبەز،زمانی یەکگرتووی کوردی،ئەڵمانیا،١٩٧٦،ل٨.

٣٦- بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل٩-١١.

٣٧- بڕوانە:هەمان سەرچاوە،ل١١.

٣٨- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١١-١٢.

٣٩- بڕوانە:هەمان سەرچاوەی پێشوو،ل١٢.

٤٠- بڕوانە:أحمد فەرهادی،بۆ زمانی ستاندارد زۆر شت هەیە پێویستە بیری لێبکەینەوە و پەلە نەکەین،ئا.ئیسماعیل بەرزنجی،گۆڤاری کاروان،ژمارە ١٤٨،هەولێر،٢٠٠٠،ل٨٤.

٤١- بڕوانە:د.عیزەدین مستەفا ڕەسول،بۆ زمان،چاپخانەی شڤان،سلێمانی،٢٠٠٥،ل١٢١.

٤٢- بڕوانە:احمدی قازی،تێدەکۆشین بۆ دامەزراندنی زمانی یەکگرتووی کوردی،هەڤپەیڤین.فەرەیدون سامان، گۆڤاری کاروان،ژمارە ١٤٦،هەولێر،٢٠٠٠،ل٨٧.

## سەرچاوەکان

### کتێبەکان


١- بێرنارد کەمریْ - جێرید دایمەند- دەوگ واڵن - ک.دەیڤد هاریسن،زمان،و:کامیل مەحەمەد قەرەداغی ،چاپی یەکەم،چاپخانەی تیشك ،٢٠٠٧.

٢- جەمال نەبەز،زمانی یەکگرتووی کوردی،ئەڵمانیا،١٩٧٦.

٣- حسێن محەمەد عەزیز،سەلیقەی زمانەوانی و گرفتەکانی زمانی کوردی،چاپخانەی کاردۆ، سلێمانی،٢٠٠٥.

٤- د.ئەورەحمانی حاجی مارف،فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی (کوردی،عەرەبی،ئینگلیزی)، سلێمانی،٢٠٠٤.

٥- د.عەبدولواحد ئەلوافی،زانستی زمان،و.لە عەرەبییەوە:د.ئیبراهیم عەزیز ئیبراهیم،چاپخانەی ڕۆشنبیری،هەولێر،٢٠٠٧.

٦- د.عیزەدین مستەفا ڕەسوول،زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،چاپخانەی (سلمان الاعظمی)، بەغدا،١٩٧١.

٧- د.عیزەدین مستەفا رەسولْ،بۆ زمان، چاپخانەی شڤان،هەولێر،٢٠٠٥.

٨- د. محەمەدی مەحوی،زمان و زانستی زمان - سەرەتایەك بۆ زاستی زمان - ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم،سلێمانی ،٢٠٠١.

٩- زبیر بیلال اسماعیل،مێژووی زمانی کوردی،و.لە عەرەبییەوە : یوسف رؤوف علی،بەغدا ، ١٩٨٤.

١٠- سەلام ناوخۆش و نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو،زمانەوانی،بەرگی یەکەم،هەولێر،٢٠٠٨.
١١- عەبدوڵلا گۆران،دیوانی گۆران،شیعری (بەرەو ڕێگادا بەرەو کۆنفرانس)،بڵاوکراوەی پاییز،تاران،چاپی سێیەم ،٢٠٠٧-٢٠٠٨.
١٢- فوئاد حەمە خورشید،زمانی کوردی-دابەشبوونی جوگرافیای دیالێکتەکانی،بەغدا،چاپخانەی افاق العربیە،١٩٨٥.
١٣- قەیس کاکل توفیق،ئاسایشی نەتەوەیی و پلانی زمان (ڕوانینێك)،هەولێر،چاپی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس،٢٠٠٧.
١٤- کەریم شارەزا،نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، چاپخانەی الادیب،بەغدا،١٩٨٤.
١٥- محمد معروف فتاح،زمانەوانی،چاپخانەی ( دار الحکمة )،١٩٩٠.

**گۆڤارەکان:**

١- گۆڤاری زانکۆی نوێ،ژمارە ٢٠٠٧،٢٢٠.
٢- گۆڤاری کاروان،ژمارە ٢٠٠٠،١٤١.
٣- گۆڤاری کاروان،ژمارە ٢٠٠٠،١٤٦.
٤- گۆڤاری کاروان،ژمارە ٢٠٠٠،١٤٨.

# لەبارەی زمان و زمانی کوردییەوە

ئاری عوسمان خەیات*

**یەکەم: زمان چییە و چۆن پەیدا بووە؟**

سەبارەت بەو پرسیارەی سەرەوە، مەگەر پەنا بەرینە بەر سەرچاوە مێژووییە هەرە کۆنەکان، ئەمەش بێگومان بەردەستمان ناکەوێت، هەروا بە ئاسانیی، یان ئەوەتا تێڕوانین بە بۆچوون و ڕای زانا و بوارناسانی ئەم لایەنە، ئەگینا ناکرێ شتێکی وا لێرەدا بخەینە ڕوو کە جێگای متمانەی تەواو بێت. لەم بارەیەوە مامۆستا (کەریم زەند) بۆچوونێکی جوانی هەیە کە دەڵێ: (لە بەراییدا "وشە- وتە" لای یەزدان بووە، بریتی بووە لە ژیان و زیندوویی، ژیانیش تیشکی مەردووم بووە، ئەو تیشکە جیهانی ڕۆشن کردۆتەوە و لە تاریکی ڕزگاری کردووە، تاریکیش نەیتوانیوە تروسکەی ئەو ڕۆشناییە خەفە بکات. وتە (وشە) بەرجەستەیی پەیداکردووە، تا بۆتە هۆی لێك تێگەشتن لە نێوان مەردوومدا، لە ڕۆشنایی و تاریکی وشەی "نیك و بەد، چاك و خراپ" هاتۆتە بوون، لە دوواییدا هەردوو وشەی "نیك و چاك" بەسەر وشەکانی "بەد و خراپ"دا سەردەکەون). هەروەها دەڵێ (هەر وەك چۆن کۆمەڵگای مرۆڤایەتی، لە پێشدا یەك بوون و دواتر بە پێی ڕووداو و کارەساتەکانی گەردوون و ژیانەوە، دابەش بوونە و هەر یەك لە جێگە و هەرێمێکی تایبەتدا لە سەر ئەم گۆی زەمینەدا جێگیربوون، ئاواش بەو پێی بناغەی دابەش بوونە، هەر کۆمەڵێك پارێزگاری کردووە لە شێوە زمانی خۆی و تا ڕۆژ بە ڕۆژ زمان هاتۆتە بوون و -بۆتە فاکتەرێکی سەرەکی لە گواستنەوەی زانیارییەکان لە نێوان مرۆڤەکاندا.)

دواتر لە بارەی زمانەوە دەنووسێ: (زمان داینەمۆیەکە خاوەن ڕووداو و سەلماندنە، واتاکانی سەرکەوتووە، شێوەی پەیوەندی بە ڕاڤەی وشەکانیەو و

ڕەگ و ڕیشەی وەستاو، قەوارە و بوونی میللەتان دەگۆڕێت، بە پێی کەلتور و ڕۆشنبیری و فراوانی بڵاوی هاتوچۆی نێوان مەردووم. زمان ئاوێنەیەکە نەریت و خوو، ڕەوشت و ڕەفتار و کرداری گەلەکەی تێدا دەرئەکەوێ)."١"

بەڵێ هەندێ لە زانایان و پسپۆرانی ئەم بوارە، پێیان وایە کە زمان هەر بە کوتوو پڕی هاتۆتە کایەوە، بە واتا پێویستی مرۆڤ بە هۆی دروستبوونی زمان دانانێن، لەوانەش: (شلیگل) کە لەو لەو باوەڕەدایە، زمانی (سنسگریتی) بە تەواوی و پێشگەیشتوویی هاتۆتە کایەوە و ئەم زمانە کۆنترین زمانی هیندۆ ئەورووپاییە، هەندێکی تریش ڕای وایە کە، زمان دیاردەیەکی خەملاوە و پێشگەیشتووە، نەتەوە لە قۆناغی لوتکەی پەرەسەندنی ئابوری و ڕۆشنبیری و شارستانییەتدا، وەدەستی دێنێ و دەیکا بە شوورەی قەوارەی تایبەتی خۆی."٢"

زمان لە کوردیدا مەبەستە، یان بڵێین وشەیەکە بۆ دوو مانا، واتا دووشت:

**یەکەم**: ناوە بۆ ئەو پارچە گۆشتەی کە لە ناو دەمدایە و دەستێکی باڵای هەیە لە دروستکردنی دەربڕین و ئەو ترپانەی (نبرە) کە پیتەکان دروشمی ئەون.

**دووەم**: ناوە بۆ ئەو ئاخاوتنەی کە لە نەتەوەیەکدا باوە و ئەو نەتەوەیە بە هۆی ئەو ئاخاوتنەوە لەیەک تێدەگەن، کە ئەم ناساندنەش بە زمانی عەرەبی بە (اللغە) ناو دەبرێ. جا ئەم زمانە بەم ناساندنەی دووەمیانەوە ئایا چۆن پەیدابووە و داهاتووە؟

لەم ڕووەوە زانایان ئەبن بەچەند دەستەیەکەوە، هەریەکەشیان بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە بیروڕایەکیان دەربڕیوە، هەندێکیان کە دەستەی ئاینین، دەڵێن: (پەیدابوونی شتێکی – تەقیف– واتا دەق (نص)ێکە، کە خوا تاکەتاکەی زمانەکەی بە ئادەم فێرکردووە و لەوێندەرێوە بڵاوبۆتەوە بەسەر ڕۆڵەکانی باپیرە گەورەماندا.

لەم بارەیەوە چەندین دەقی قورئانی پیرۆز هەن، بۆ نمونە لە سورەتی (البقرە، ئایەتی ٣١)دا ئەفەرموێ: (و علم ادم الاسماء کلها..)، هەروەها لە سورەتی (الروم، ئایەتی ٢٢)دا هاتووە: (ومن ایاته خلق السموات و الارض و اختلاف السنتکم و الوانکم ان في ذلك لایات للعالمین).

دیسان لە (اصحاح)ی دووەمی تەوارت و لە (سفر)ی تەکوینیدا، دەڵێ: (خوا لە قوڕ هەموو گیانلەبەری سەرزەوی و باڵندەی ئاسمانی دروستکرد، پاشان

پێشانی ئادەمی دا، بۆ ئەوەی ئادەم ناویان بۆ دابنێ، ئادەم هەموو گیانلەبەری ماڵی و جۆرو جانەوەری کێوی و باڵندەی ئاسمانی هەر یەکە بە ناوی خۆیەوە ناوداری کردن).

بە پێی بیروباوەڕەکەی (قران)ی پیرۆز، کە – تەوقیفە – فەیلسوفی یۆنانی (هیراکلیتس) کە لە نێوان سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایندا ژیاوە، (هیراکلیتس) کە لە نێوان سەدەی شەشەم و پێنجەمی پێش زایندا ژیاوە، باوەڕەکەی ئەو دەستە بەرەیە بۆ (قران) و قسە ئاینییەکانی تر، چونکە ئەو لەسەر ئەو ڕایەیە کە پەیدابوونی زمان لە میهرەبانیی خواکانەوەیە. زانایانی ڕۆژاواییش" ئەوانەی کە باوەڕیانە بە – تەوقیف – هەیە بەڵگەی ئەوانیش دەق و قسەکەی (تەورات).

دەستەیەکی تر لە زانایان لایان وایە کە پەیدابوونی زمان شتێکی زاراوە (واتا اصطلاحي)یەو دەڵێن: (سەرەتا کە ئادەمیزادپەیدابوو و تۆزێ ژیرییەکەی پێگەیشتووە و دوو کەسیان یا زیاتر کە کۆبوونەتەوە کاتێ شتێکیان بەرچاو دەکەوت، شتەکە گیانلەبەر، یان جیا لە گیانلەبەر بووایە ئیشارەت و هێمایەکیان بۆ دەکرد و کوتوپڕ ناوێکیان لێدەنا، ئەو ناوە ئەگەر جارێکی تر پێویستییان بەو شتە هەبووایە، دەیانوتەوە. بەم جۆرەش ناو بۆ شتەکان داهات.

دەستەی سێیەم: قوتابخانەی زانای ئەڵمانی (ماکس میللەر)ە و مێژوونوسی نووسی فەرەنسی (رینان)ە، دەڵێن: (پەیدابوونی زمان شتێکی سروشتییە، ڕەمەکە (غەریزەیە) لە ئادەمیزاددا، بە هۆی ئەو ڕەمەکەوە ناو بۆ شتەکان دائەنێ، بە شێوەیەکی وا کە لەیەك تێبگەین، پاشان کە ئیشی خۆی گەیاندە ئەنجام ئیتر ڕائەوەستێ واتا لە هەر کۆمەڵە نەتەوەیەکدا دوای ئەوە کە غەریزەکە بە ئەندازەی پێویست وشەی دانا چ بۆ (ناو–اسم) چ بۆ (فرمان–فعل)و دواتر بۆ (ڕستە–جملە) ئیتر ئیشی نامێنێ ە ئەگەر زیاد لەوە لەسەری بڕوا، ەو لە سەر ڕۆینە دەبێتە هۆی تێنەگەیشتنی تاکەکان و کارتێك دەچێ.

بەڵام باوەڕی چوارەم لە سەر چۆنێتی پەیدابوونی زمان، ئەڵێ: (پەیدابوونی زمان لە چاولێکەرییەوە بووە، بۆ ئەو دەنگانەی کە لە سروشت پەیدا دەبن، وەکو دەنگی گیانلەبەر و هاژەی گیا و گڤەی با و هەندێ خشۆك و.. هتد، لەمەشەوە دەنگەکانیان داناوە، و پاشان هەر لەسەر ئەو ڕێبازە چوونەو بۆ دانانی ئەو شتانەش کە خۆیان لە سروشتد دەنگیان نییە، بەم جۆرە ناویان بۆ (ناو–کردار–ڕستە)ش داناوە."٣"

ئەوەی شیاوی ئاماژە پێدانە لەم بارەیەوە، تەنیا ئەو چەند بۆچوونەی بوارناسانە و ئیدی ئێمە ناتوانین بڕیاری ڕاست و چەوتی بەسەریاندا بدەین و یەکیان هەڵسەنگێنین و ئەوانی دیکەیان فەرامۆش بکەین، یان ئەوەتا لەم بوارەدا زیاتر پێویستیمان بۆ لێکۆڵینەوەی ورد و درشت هەیە.

**دووەم: چەشنەکانی زمان**

زمان کە هۆیەکە بۆ تێگەیشتن، مەیدانێکی بەر فراوان و بێ سنوورە، چ لە کاری تێڕامان لە بارەیەوە یان لە بارەی ناسین و چوونە نێو قوڵایی باسییەوە. لێرەدا بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەچەشنەکانی زمان بدەم، ئەگەر چی بە شێوەیەکی سەرپێییش بێت.

١-**زمانە تێکەڵەکان**: (هەرەمەیی- سەرەتایی- بەرایی)، وەکو زمانی ئەسکیمۆ، زمانە کەناری(سواحلی)یەکان لە ئەفریقیا، ئەم زمانانە هیچ ڕێزمانێکی بەسەردا ناسەپێ، وتا شتێکی جێگیر و چەسپاو نین، زۆرینەیان دۆزراونەتەوە و هێشتا لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە،

٢-**زمانی یەك بڕگەیی (کەنارگیر)**: ئەم جۆرە زمانانە پیت یان ئامراز کۆیان ناکاتەوە، وەکو زمانی (چینی، ژاپۆنی، سیامی)، بۆ وێنە: من بازار چووم... لە جێگەی من چووم بۆ بازار، بەکار دەهێنن، ئامرازی پەیوەستی و پەیوەندی نییە، کە بیبەستێ بە وشەکانی دیکەوە، پیتی ڕاکێش و بەستنەوە (ئیزافەوجەپ)، کە بە فارسی پێی دەڵێن (قیود)، لەم جۆرەی تێدا نییە، بە کورتی ناوبەندی نییە کە پێکەوەیان ببەستێ.

٣-**زمانی لکاو (ئەگۆتینەیت)**: ئەم زمانە ئەبێ بە دوو لقەوە، کە ،ریتین لە:-

ا)**ئۆراڵ لە ئاسیا**: ئەمەش بریتییە لە زمانەکانی (تورکی، مەغۆلی، مەنشووری، تاتاری ژاپۆنی، ئیلامی و سۆمەری).

ب)**ئاڵتای لە ئەورووپا**: ئەمەیان پێکدێت لە (فینۆ ئۆکری، کە ئەمەیش دەبێت بە: ئەستوونی+لاپی، کە فنلاندی و هەنگاری دەگرێتەوە. لاپی سەرووی فنلاند و سوێدە، ئەمانە کۆچەرن و بەرهەمی ئاژەڵیان هەیە، زمانەکەیان پارچەی دێتە سەر و پاشگری هەیە و لکاوە و شتی دەچێتە سەر و واتاکەی دەگۆڕێت، وەکو: گێلدم (ئەچم)- گێلمادم (ناچم)، لە زمانی تورکیدا.

٤-**زمانی نەرم**: وەکو زمانی (سامی و حامی و عەرەبی و حەبەشی و عیبری ئاریی -هیندۆ ئەورووپی-). ئەم جۆرە زمانانە توانای نەرم بوونەوەیان هەیە.

بۆیە بە زمانی زیندوو دائەنرێن، بەڵام زمانە مردووەکانی ئەم بەشە (قیبتی- ئارامی- فینیقی- بەربەری- لیبی- ئاموری- کەنعانی- بابل-یە). حامی وەکو بەربەری و لیبی و قیبتییە، و سنووری نێوان حامی و سامیش کەنداوی (سوەیس)ە، زمانی کوردیش لە شێوەی نەرمە، بۆیە دەبێت بیگەیەنین بە زمانەکانی جیهان، بە تایبەت ئەو کۆمەڵە زمانانەی کە نزین لە کوردییەوە."٤"

بەڵام بە پێی سەرنج و لێکۆڵینەوەی نوێی زانایان، زمان بە شێوەیەکی گشتگیر بریتییە لە چەند بەشێك، کە ئەمانەن:- زار (دیالێکت) و زمانی وێژەیی (ئەدەبی)، زمانی ئاینی، زمانی میری، زمانی زیندوو، زمانی مردوو، کە بە پێی تواناهەریەکە و پێناسەیەکی کورتی دەکەین.

*زاراوە (دیالیکت): بەشێکە لەو زمانەی کە هۆزێك یان ناوچەیەك پێی دەدوێن (دەئاخوێن)، وتا زمانی گفتوگۆیە، و هی نووسین نییە.

*زمانی وێژەیی (ئەدەبی): زمانی نووسینی میللەتێکە، زمانی بەرزە، وەکو زمانی کوردی پەتی و پاراو، زمانی عەرەبی دروست و هی تر...

*زمانی ئاینی: زمانی لاتینی لە ئەوروپا و زمانی عەرەبی ئیسلامی لە دەرفەت و هەلکەوتە ئاینییەکاندا، لە ناو کورددا بە کار دەهێنرێت.

*زمانی میری (ڕەسمی- سەرەکی): زمانی کۆمار و دەوڵەتە.

*زمانی زیندوو (نوێ): زمانی جیهانییە، (١٣) زمانی زیندوو هەیە لە سەر ڕووی زەمین، کە لە زۆر شوێندا بەکار دەهێنرێن، و ئەوانەش بریتین لە:- (ئینگلیزی، ڕووسی، ئەڵمانی، فەرەنسی، ئیسپانی، عەرەبی).

*زمانی مردوو: کۆنە و لەناو چووە، مانێکە نەماوە لە جیهاندا، (٣)هەزار زمان هەیە، ژمارەی زمانە کۆنەکان (٥٠٠)دەبێت، کە بەکار نایەن و هی وایش ماوە لە گیانەڵاندایە، وەکو لاتینی کە لە پێشدا زمانێکی زیندوو بووە."٥"

**سێیەم: ڕیشەو بنچینەی زمانی کوردی**

کورد نەتەوەیەکی هەرە دێرینی ناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستەو هەمیشە لە پێشەوەی گۆڕانەکاندا پێشەنگ بووە، خۆ دێرەکانی مێژوو گەواهیی بۆ ئەو ڕاستییە حاشا هەڵنەگرە ئەدەن. یەك لە بنەماکانی دروست بوون و هۆیەکانی نەفەوتانی ئەم نەتەوەیە، کە بە چەندەها هەڵدێر و کوێرە شیوی خەتەرناکدا گوزەری کردووە، زمانەکەیەتی، کە هەمیشە بەرگریی کردووە لێی. توێژینەوەکەشمان لەسەر زمانی کوردییە، بۆیە ئەبێ باسی ڕیشە و بنچینەی ئەم

زمانە بکەین.بۆ ئەو مەبەستەش پێویستیمان بە پیاچوونەوەیەکی خێرایی هەیە، بەسەر کلێشەی دابەشبوونی زمانەکانی هیندۆ ئەورووپایی بکەین.

سەرنج و لێکۆڵینەوەکانی پێش پەنجا ساڵ، دەریان خستووە، کە زمانی کوردی زمانێکی ئارییایە، واتا (هیندۆئەورووپی)، ئەگەر بێتوو تەماشایەکی نەخشەی زمانە هیندۆ ئەورووپیەکان و دابەشبوونی جوگرافیایی هاوچەرخ بکەین، دەبینین هیندۆ ئەورووپی کۆن چەند کۆمەڵە زمانێکی سەرەکی لێدروست بوو و جیا بۆتەوە، یەکێك لەو کۆمەڵە زمانانە (هیندۆ- ئێرانی)ە، کە دەبێتە سێ بەشی گەورەوە، ئەمانەن:- (دردی، هیندی، ئێرانی). هیندی تەنیا زمانی (سنسگریتی) لێ پەیدابووە، و ئەویش دەبێتە پانزە لقە زمانی دیکەوە، کە بریتین لە:- (سیندی، رۆمانی، نوردوو، هیندی، بیهاری، ئاسامی، پەنگال، مارانی، کوجوراتی، پەنجانی، سەنگالی)، بەڵام ئێرانی شەش لقە زمانیدیکەی لێ دەبێتەوە، ئەوانەش: (پشتو، بلوجی، کوردی، سوکدیانی، ئاڤێستا، فارسی کۆن)، لەهەمانکاتدا لقە زمانی فارسی کۆن، دەبێتە سێ بەشی دیکەوە، کە ئەوانە بریتین لە: (پەهلەوی، فارسی ناوەڕاست، فارسی نوێ)، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی، زمانی (هیندۆ ئەورووپی)، ئەمڕۆ لە ئێشکایی ئاسیا و ئەورووپادا کۆمەڵەیەکی زۆر زمانی سەرەکی و کۆمەڵە لقێك زمانی جۆر بە جۆری تێدا هەیە، کە ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. کۆمەڵە زمانی هیندۆ ئەورووپی
٢. کۆمەڵە زمانی ئەندۆلی
٣. کۆمەڵە زمانی ئیتالیایی
٤. کۆمەڵە زمانی جەرمانی
٥. کۆمەڵە زمانی کلتی
٦. کۆمەڵە زمانی بەڵتیك-سلاڤی

ئینجا ئەم کۆمەڵە زمانە، خۆیشیان دەبنە چەند زمانێکەوە، یان بڵێین کۆمەڵە زمانێکی دووەمینەوە (پانوی)، کە هەموو زمانە هاوچەرخە هیندۆ ئەورووپییەکانی تێدایە.لێك نزیکییەکی ئاشکراش لە نێوان کۆمەڵە زمانە هیندییەکان و کۆمەڵە زمانە ئێرانییەکاندا بەدی دەکرێت، ئەم لێکنزیکییەش بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو دوو کۆمەڵە زمانە، لە یەك شوێنەواری ڕەچەڵەکدا سەریان هەڵداوە" ڕەسەنیەکی هاوبەشیان بووە، کە ناوی (هیندۆ ئێرانی)ی

لێنراوه، و بڕوایش وایه که ئەو ڕەسەنه بێت که ئەم لقانەی ئێستای کۆمەڵ زمانه هیندیەکان و کۆمەڵه زمانه ئێرانییەکانی لێ جیابوونەوه. بەلام کۆمەڵەی زمانه ئێرانییەکان، که زمانی کوردی و فارسی و، ئەو زمانانەی تری که له پێشەوه باسکران، هەموویان هەر دەچنەوه سەر ئەو- دەکرێت به سێ بنجەوه:-

١. زمانه ئێرانییەکانی باکوور
٢. زمانه ئێرانییەکانی باشوور
٣. زمانه ئێرانییەکانی خۆرهەلات

جا زمانی کوردی سەر بەو بنجەی یەکەمیانه (زمانه ئێرانییەکانی باکوور)، بەلام زمانی فارسی دەچێتەوه سەر بنجی دووەمیان (زمانه ئێرانییەکانی باشوور)، ئەمەش بەلگەیەکە، که ئەو دوو زمانه هەریەکەیان بۆ خۆی سەربەخۆیەو لەیەك جیان."٦"

لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوه و بۆمان دەردەکەوێت، که زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆیه و له کۆمەڵەی هیندۆ ئێرانی، لقی باکوورییه، بەلام هەندێ بیر و ڕای جیاواز هەیه که زمانی کوردی دەبەنەوه سەر زمانی (ئاڤێستا)ی زەردەشتی پەیامبەر، که له هەمان کۆمەڵه زماندایه (هیندۆ ئێرانی).

ئەم تیۆرەش له لایەن زۆربەی لێکۆڵەران و پسپۆرانی وەك (هورات، دارمیستر)ەوه پشتگیری لێکراوه، که کورتەی وتەکەیان دەڵێت: (زمانی ئاڤێستای زەردەشت، زمانی ئێستای کوردی و زمانی دێرینه..)، له هەمانکاتدا ئەبێ زمانی کوردی له زمانی مادەکان بێت، چونکه زەردەشت به زمانه میدییه دوابیەکەی مادەکان دوواوه و له ژووروی میدیاشدا، که ئێستە به (مۆکریان) ناودەبرێت، هاتۆته دنیاوه.

زمانی کۆنی مادەکان، زمانێکی ئێرانی ژووروی ڕۆژئاوایه و ئەم زمانەش سەبارەت به زمانی کوردی، هەر وەك زمانی دێرینی عەرەبی خوارو وایه، بۆ زمانی عەرەبی نوێ.

له لێکۆڵینەوەی بەراوردی زمانی ئاڤێستادا، ئەو زمانەی که لەوە و پێش به ئاڤێستا ناودەبرا، تا له فارسی کۆنی جوێ بکەنەوه، ئەم ڕاستییه سەلمێنرا و باش لێکۆڵینەوه به زمانی مادی ناوبراوه. هەروەها (دارمیستر) دەڵێت: (زمانی کۆنی مادەکان، هەر هەمان زمانه که ئاڤێستای پێنووسراوه، و چاکتر وایه ئەو

کتێبە بە مادی ناو ببەن نەك بە ئاڤێستا، بەو شێوەیەی زاناکان دەیدەنە پاڵ ئاڤێستاو لە نێوانیاندا بڵاوە). (تیدسکۆ)یش دەڵێت: ( زمانی ئاڤێستا سەر بە زمانی ژووروی ڕۆژئاوایە) و (هرتسفلید)یش لەم بارەیەوە پشتگیری لێوە دەکات و دەڵێت: (زمانی ئێرانی ڕۆژئاوایش، هەمان زمانی ماد دەگرێتەوە)، هەروەها (ڕۆلاند کنت) لە دەنگەکانی زمانە ئێرانییەکان کۆڵیوەتەوە و بۆی دەرکەوتووە، کە زمانی ئاڤێستا لە گەڵ زمانی مادەکان پتر یەك دەکەوێت، وەك لەگەڵ فارسیدا.

بەم شێوەیە دەبێت زمانی کوردی پاشماوەیەکی پێشکەوتوو و نوێی زمانی کۆنی مادەکان بێت و زمانی فارسیش هەر زمانی کۆن یان هاخامەنشی بێت. "٧"بۆ زیاتر پشتگیری کردنی ئەو بۆچوون و ڕایەی سەرەوە (مامۆستا محەمەد مەردۆخی کوردستانی) نووسیوێتی: (بنچینەی زمانی کوردی ڕۆژهەڵات بە شێوەیەکی تەواو بریتییە لە زمانی مادی ئاڤێستا، ڕیشەو بنچینەی زمانی ئاریایی کۆنە، کە زمانی – ئانزانی– یان پێ وتووە)."٨"هەر لەم نێوەوە، (سۆکۆلۆڤ) لە چەند خاڵێکی کورتدا دەری خستووە کەوا زمانی کوردی ئەمێستامان بریتییە لە توانەوەی زمانی ئاڤێستا و دەڵێت:

١–زمانی کوردی ئەمڕۆ بەسەر پاکی شێوازەکانییەوە، نەوەی نوێی زمانی ئاڤێستایەو ئەویش زمانی ئاینی و هی شارستانیەتی میدییەکان بووە و ئەمیش زمانی هۆزەکانی (ئێریەن قاچ)بووە، کە لە ژووروی ڕۆژئاوای ئێران –کوردستانی ئەمڕۆ– نیشتەجێ بوون و ئەو زمانەی ئەوانیش یەکێکەلە زمانە ئێرانییە هەرە کۆنەکان.

٢–زمانی ئاڤێستا و زمانی ناوچەی (باکتریا) ئەگەر چی لەیەکترەوە نزیکن، لە نێوانیاندا جیاوازییەکی زۆر هەیە، بەڕادەیە هەریەکە لەوانە بە زمانێکی سەربەخۆ دانراوە و سەرژمێر کراوە، تەنها هۆی کۆچکردنی زەردەشت لە کاتی تەنگانەدا، بۆ باکتریا و چوونە پەنای شای باکتریاوە، بۆ بڵاوکردنەوەی دینەکەی ئەوە ناگەیەنێ کە بە زمانی باکتریایی دینەکەی بڵاوکردۆتەوە، یان ئاڤێستای بەو زمانە باکتریایە دارشتووە، ئەگەر زانیمان زمانی باکتری زمانی دایکزادی زەردەشت نییە.

٣-بوونی و هەندێك دەنگ لە ئاڤێستادا و نەبوونیان لە (پارسی کۆن)دا یان بە پێچەوانەوە، بڕوامان پتەو و قایم دەکات بەوەی، کە هەریەك لەوانە زمانێکی جیاواز و سەربەخۆیە."٩"

ئەوەی زۆر جێی سەرنج و تێڕامانە لەم بارەیەوە، بۆچوونەکەی (مامۆستا مەسعود کەتانی)یە، دەربارەی پێوەندی نێوان هەردوو زمانی کوردی و زمانی ئاڤێستا، ئەو بە شێوەیەك قسەی لێوە دەکات، کە تەواو پێچەوانەی ئەو ڕایەی سەرەوەیە و لە کتێبەکەیدا نوسیویێتی: (..فاللغة الميدية كانت تسميتها ايضا أبستا او افستا او اوستا، قريبة جدا من كلمة الـ(بست)أي ان الكلمة الكردية هي معدن أي اللغة القديمة لدولة ميديا، فقد يكون الميديون اخذوا الكلمة الكردية و هذا احتمال قوي و يدل على ان اللغة الكردية اقوم و اقدم من الافستية الميدية التي دونوا بها كتابهم المقدس..)"١٠"

بەمپێیە مامۆستای ناوبراو پێی وایە کە زمانی کوردی زۆر دێرین و بەهێز تریشە لە زمانی ئاڤێستای میدییەکان کە کتێبە پیرۆزەکەیان پێ نووسیوەتەوە. مامۆستا کەتانی، هەر لە درێژەی باسەکەیدا، سەلماندویێتی کە میدیەکان یەکە باپیری کورد نین و هەروەك (صلاح سعدالله)یش لەمبارەیەوە، پێیوایە کە کاردۆخییەکان باپیرە گەورەی کوردن، نەك میدیەکان، بەڵکو میدیەکان پتر لە بنچێکی دووەمی کوردان، هیچ تر بەولاوە نین، بۆیە لە کتێبەکەی هەردوو ئەواندا، زمانی کوردی لە ئاڤێستایی جوودا دەکەنەوە و بە سەربەخۆی دادەنێن."١١"

**چوارەم: قۆناغەکانی پێگەیشتن و پێشکەوتنی زمانی کوردی**

ئەوانەی لە سەرەوە هاتنە باسکردن و لێیان دووایـن، دەربارەی ڕیشە و کرۆکی زمانی کوردی بوو، چ لە ڕووی دابەشبوونی جوگرافیاییەوە، چ لە ڕووی مێژووییەوە، ئەوەشمان بۆ ڕوون بوویەوە کە لە بارەی بنچینەی زمانی کوردییەوە دوو ڕای لێکجیا لە ئارادایە، بەڵام لێرەدا پێویست بەوە دەکات پیاچوونەوەیەك بەو قۆناغە مێژووییانەدا بکەین کە زمانی کوردیان پێدا تێپەڕیوە، و پێگەشتووە. ئەمەش بە شێوەی لای خوارەوە لە لایەن (د.جەمال ڕەشید)ەوە ڕوون کراوەتەوە و بەسەر پێنج قۆناغدا دابەشی کردووە، کە بریتین لە:-

**قۆناغی یەکەم**: ئەو سەردەمەی کە زمانە سەرەتاییەکانی تێدا پەیدا بووە، لە گوند و دێهاتە کشتوکاڵییەکانی چەرخی (نیولتی) لە هەزارەی شەشەم و پێنجەم و سەرەتای هەزارەی چوارەمی پێش زایین، وتا قۆناغی زمانە نەنووسراوەکان (چەرخی پێش پەیدابوونی نووسین). ئەم قۆناغە دابەش دەبێتە سەر سێ زمانی جیاجیادا، جگە لە زمانی (سۆمەری)، ئەمانەی لای خوارەوەن:

١. کۆمەڵە زمانەکانی عیلامی، وەکو (لولوبی، کاسی).

٢. کۆمەڵە زمانەکانی قەفقاس، وەکو (ئۆراتی، هوری).

٣. کۆمەڵە زمانەکانی خۆجێیەتی، وەکو (گۆتی).

ئەم زمانانەیش ئێستا پەرش و بڵاون، هیچ کۆمەڵە مرۆڤێك نییە لە باکووری میزۆپۆتامیا یان ئەنادۆڵ و قەفقاس، کو دان بەوەدا نانێن زمانەکەیان پێوەندی بەو زمانانەوە مابێت.

**قۆناغی دووەم**: سەردەمی پێشکەوتنی زمانە خۆجێیەتییەکانە، و کاریگەریان لەسەر کەلتوری سۆمەری و ئەکەدی و بڵاوبوونەوەی نووسینی مێخی (مسماری) لە باکووری میزۆپۆتامیا و ڕۆژهەڵاتیدا، لەماوەی کۆتایی هەزارەی چوارەمی پێش زایین و ناوەندی هەزارەی دووەمی پێش زایین.

**قۆناغی سێیەم**: پەیدابوونی زمانی (میتانی) و (هیندۆ ئەورووپی) و بڵاوبوونەوەی بەسەر ئەو ناوچە ناوبراوانەی پێشوو، لە ناوەندی هەزارەی دووەم و سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زایینیدا.هەروەها پێشکەوتنی زمانەکانی لولوبی و گۆتی و کاسی، بە تایبەتی زمانی هۆرێکان (خورێکا).

**قۆناغی چوارەم**: سەرهەڵدانی ئاشووری و کاریگەری بەسەر زمانە خۆجێیەتییەکان، لە ماوەی نیوەی دووەمی هەزارەی دووەم و ناوەندی هەزارەی یەکەمی پێش زایین.

**قۆناغی پێنجەم**: سەرهەڵدانی زمانە ئێرانییەکان، کە بریتین لە زمانەکانی:-

- **میدی**: زمانی هەموو خێڵ و هۆزە کۆچبەرەکانی دەوڵەتی میدی بوو، کە بەرەو خۆرئاوای وڵات کۆچیان دەکرد.

- **ئاڤێستا**: ئەم زمانەش تایبەت بووە بەو توێژە ئاینییەی وڵاتی مادەوە و هەرهەموو ئەوانەی باوەڕیان بە ئاینی (زەردەشت) هەبووە.

- **پەهلەوی و ساسانی**: زمانی سەرەکی بوون لە وڵاتی ساسانییەکاندا. ئەم قۆناغە لە سەرەتای هەزارەی یەکەمی پێش زاینەوە تا سەدەی حەوتەمی زایینی

بەردەوامبووە، لە ماوەی ئەم قۆناغەدا (سێیەم و چوارەم) هەموو ئەو زمانانە کەوتنە ژێر کاریگەری زمانی (حیپیە)کە زمانێکی هیندۆ ئەوروپی بوو، لە خۆرئاواوە، هەروەها زمانی (لیدی)کە زمانی یۆنانی کۆنەو زمانی لاتینی، لە ماوەیچەرخی (الهللین) و کاتی دەست بە سەر گرتنی (ئەسکەندەر مەکدۆنی) بەسەر (بلاد الشرق)دا و سەرهەڵدانی دەوڵەتی (سلوقی و رۆمانی و بیزەنتینی). "١٢"

**پێنجەم:** سەربەخۆیی زمانی کوردی (لە نێوان زمانی کوردی و فارسیدا)

مێژووی شارستانییەتی هەر نەتەوە و گەلێك پێوەستە بە ڕادەی پێشکەوتنی زمانەکەیەوە، تێکچوون و فەوتانی لە ئاکامی پەرتوبڵاوی و فەوتانی زمانەکەیەتی.

کوردیش وەکو هەموو میللەتانی دونیا، خاوەن زمانی تایبەتی خۆیەتی و دیارە لەو ڕێسایەش بەدەر نییە، بۆیە ئەکرێ هەر لە هەمان ڕێگەوە چەند و چرنێتی ئەم نەتەوەیە هەڵسەنگێنین، لە تەرازوەکانی مێژوودا.

لەم بارەیەوە ئەتوانین بڵێین زمانی کوردی جێگەو ڕێگەی خۆی کردۆتەوە لەم جیهانە بەرینەدا، ئەوەشی بیەوێت ئەتوانێت بە نێو سەرچاوە مێژوویە ڕاستەقینەکانی ئەم زمانەدا گەشتێك بکات، ئەگەر چی هەر لەم باریەوە چەندین بەرهەمی نا پوخت و دژ بە بێگەردی و سەربەخۆیی ئەم زامنە هاتۆتە بوون.

زۆرکات کە باس لە زمانی کوردی دەکرێ، زۆر کەس، نەك هەر لە کەسانی ئاسایی، بەڵکو لە زاناو پسپۆرانی ئەو بوارەش، یەکاویەك تۆمەتی ئەوە ئەدەنە پاڵ زمانی کوردی کە گوایە لقە زمانێکی سەر بە فارسی کۆنە و هیچ سەربەخۆییەتێکی بۆ ناهێڵنەوە، هەڵبەت ئەمەش پێچەوانەی ڕاستییەکان و هەموو خاوەن هزرێکی هۆشمەند دروست و نادروست لێك جیا دەکاتەوە.

بێگومان ئەوەی بیەوێت بەرجەستەی خۆی بکات و سەربەخۆیی هەر شتێك (لێرەدا مەبەستمان زمانە) بسەلمێنێ، پێویستی بە لێکۆڵینەوی ورد و درشتانە هەیە لەو بارەوە، نەوەك هەر چەند وشەیەکی لەو زمانەدا کەوتە بەرچاو، کە لەگەڵ زمانە دراوسێکەیدا وێکچوون، ئیدی ئەوەی پێ بەست بێت و کوێرانە و بەهەوەس و ئارەزووی دڵی خۆی لە ڕاست ئەو زمانە بدوێت.

خۆ زمانی کوردی شێوەیەکی بێ سەرو بەر نییە لە زمانی فارسییەوە چەمابێتەوە، و هیچ دیالێکتێکی ڕەشۆکی بێ سەروبەری فارسیش نییە، هەوەها

زمانێکی سەر بە ڕەسەنی هیندیش نییە، هەر وەکو هەندێ گەڕۆك و نووسەر، کە خۆیان ئاگاداری زمانی کوردی نەبوون و شارەزایی تەواویان لێوە نەبووە، بڕوایان وابووە.

یا ئەوەش لە یاد نەکەین، کە هەندەك لە گەڕۆك و نووسەرانی بێگانە، بە هەمان شێوە و بێ خەبەرانە زمانی کوردی بە زمانێکی داتاشراو لە زمانی کلدانی دەزانن. پەیدابوونی ئەو جۆرە بۆچوون و بیر و ڕایانەش دەگەڕێتەوە سەر دوو هۆکار، (فوئاد حمە خورشید) لە کتێبەکەیدا ئاماژەی بۆکردووە:-

١-کەمبوون یان بە دەگمەن دەستکەوتنی ئەو بەرهەم و نووسین و کەلەپوورانەی زمانی کوردی، کە گەلێك بۆ ئەو لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنانە پێویستە.

٢-زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی.

بەڵێ، ئەم دوو هۆیەش لە بەردەم بێگانەدا کە بیەوێت بە تەواوی شارەزایی پاکی ئەم زمانە بێت، دەبنە کۆسپێکی هەرە گەورە و تووشی کێشەیەکی زۆری دەکەن، بە جۆرێك کە نەتوانێ لەمەڕ ڕەچەڵەك و سەربەخۆیی ئەم زمانە شتێکی بەکار و ڕایەکی ورد تۆمار بکات.

بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی ڕاستیانە بەرپەرچی ئەو جۆرە بۆچوونە چەوتانە بدەینەوە کە درهەق بە زمانی کوردی لە ئارادان و گوایە لقێکە لە زمانی فارسی، لێرەدا پەنا دەبەینە بەر وتەی چەند پسپۆر و زانایەکی شارەزا...

*جەستی: لەسەر ئەوە باوەڕی سوورە کە زمانی کوردی لقێك نییە لە زمانی فارسی، کە ئەمەیان دەستی کاولکاری تێوەرداوە و بێ بایەخ بووە، بگرە لە ڕووی ڕژێمی دەنگ و لێداتاشین و لێوەرگرتنیشەوە لە زمانی فارسی زۆر جیاوازە.

*سۆسینە: ئەوەی ڕوونکردۆتەوە کە زمانی کوردی دیالێکتێکی برا زمانی پەهلەوی و زمانی فارسی تازەش نییەو بەڵکو پێوەندی نێوانیان مەسەلەیەکی دوورترە، سەرباری ئەمە، ئەوەشی ڕوونکردۆتەوە، کە زمانی کوردی لقێکی زمانی فارسی کۆنیش نییە، کە لێی جیابووبێتەوە."١٣"

*سیدنی سمیس، دەڵێت: ئەمە ڕایەکی هەڵەیەو ئەقڵ گیر نییە، چونکە زمانی کوردی خاوەنی گۆڕانکاری تایبەتی کۆنی خۆیەتی، کە جیاوازییەکی زۆری هەیە لەگەڵ فارسی کۆندا و زۆریش لەو کۆنترە."١٤"

-ئـــا-یـوت: زمـانی كـوردی زمـانێكی سـەربەخۆیەو ڕەسـەنە لـە نێـو زمانـە ئێرانییەكاندا... زمانی كوردی لە كوردستاندا پارێزگاری لە سەربەخۆیی خۆی كردووە، هەرچەندە جۆرە پێوەندییەكی نزیكی لە گەڵ زمانی فارسیدا هەبووە، بەڵام لە چۆنێتی پێشكەوتنیدا، هیچ پێوەندییەكی پێوە نەبووە.

-فردریك میولەر: هەرچەندە زمانی كوردی و زمانی فارسی لـە ڕووی ڕێزمانـەوە، دەنگ، فۆنەتیك، لە یەك بچن، بـەڵام بـە هـیچ جۆرێـك زمـانی كـوردی لـە زمانی فارسیەوە وەرنەگیراوە و زۆر وشـەیش لـە كوردیـدا هەیـە كـە لـە هـیچ زمـانێكی ئێرانی تردا نییە.

میولـەر لـە لێكۆڵینـەوە زمانـە ئێرانییەكانـدا بایـەخێكی گـەورەی بـە زمـانی كوردی داوە و دەڵێت: هەرچی لێكۆڵینەوەیـەك لـە زمانـە ئێرانییەكانـدا بكرێـت و زمانی كوردی تێدا فەرامۆش بكرێت، ئەو لێكۆڵینەوەیە بە كـەم و كـوڕ و ناتـەواو دادەنرێت.

-**میجەرسۆن**: زمـانی ئێستای كوردەكـان زمـانێكی شـێواو و نارێـك نییـە، كـە بنچینەو تایبەتی خـۆی نـەبێت، وەك گـەڕۆكـەكان تێگەشتوون، بـەڵكو زمـانێكی ئاریایی زۆر پاكەو ئێستاش هەر بەردەوامە وهەیە.

-**مینۆرسكی**: زمانی كوردی لە زمانە ئێرانییەكانە و لە فارسییەوە وەرنەگیراوە، بەڵكو زمانێكی سەربەخۆیەو یاسای فۆنەتیكی و سینتاكسی تایبەتی خۆی هەیە، پێوەندی ئەم زمانەش بە زمانی ئەدەبی سویسرایيە شاخاوییەكان وایە بە زمانی ئیتالیاییەوە.

هەر لەم بارەیەوە سدنی سمیس، لە ڕایەكی دیكەیدا دەڵێت: زمـانی كـوردی تەنانەت لەو زمانە فارسییەش كۆنترە كە نەخشە بە ناوبانگەكەی (دارا)ی لەسەر كێوی بێستوون پێ نووسراوەتەوە."١٥"

ڕاستە هەردوو زمانەكە لـە ڕەگـەزدا هاوبەشـن، بـەڵام میانەیـەكی گـەورە لـە نێوانیاندا هەیە و جیاوازی لە (وشە-مفردات) و ڕێزمـان و گۆكردنـدا زۆرە، جگـە لەمانەش ناسیاوی كۆنیان لە نێواندا هەیە و هـەردووكیان سـەر بـە یـەك كۆمەڵـە زمانن كە ئەویش هیندۆ ئەورووپییە، بەڵام لە بنـچینەدا ئـەم دوو زمانـە ئاسـمان و ڕیسمانیان بەینە و ناكرێ هەروا بە خاتری ئەمیان، ئەویان كوێر بكەینەوە.

لێرەدا ئاماژە بەو چەند خاڵەی (ڕزگار عەلی) ئەدەم، کە هاوەڵێتی نێوان زمانی کوردی و فارسی لەگەڵ زمانە هیندۆ ئەورووپییەکاندا بەتایبەت، و لەگەڵ زمانەکانی تری ئەو کۆمەڵەیەدا بەگشتی، دەرئەخات، ئەوانەش بریتین لە:-

١-لە یەکچوونی زۆری پیتە کوردییەکان لەگەڵ پیتە هیندۆ ئەورووپییەکان.

٢- بەکارهێنانی هەندێ وشەی زۆر لە یەکەوە نزیک، تەنانەت لە گۆکردنیشدا هەر لە یەك دەچن، بۆ نموونە، لە بە کوردی دەڵێین (سێو)، بە فارسی (سێب)، هەروەها (ڕۆژ) بە کوردی و (روز) بە فارسی، ئەمەش دیاردەیەکە و هیچ زمانێکی ئەم جیهانە، لێی بێ بەری نەبووە.

٣-لە زمانی کوردیدا زۆر وشەی لێکدراو هەیە و بە جۆرێك کە فەرهەنگی زمانەوانی کوردی پێی دەوڵەمەند بووە، هەمان ئەم دیاردەیەش لە زۆرینەی زمانە هیندۆ ئەورووپییەکانی تردا بەر چاو دەکەون.

٤-لە یەکچوونی هەندێ یاساو پێڕەوی زمانەوانی، لە نێوان زمانی کوردی و زمانە هیندۆ ئەورووپییەکاندا."١٦"

سەرەنجام ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ئەوەی بێگومانە و هەموو سەرچاوەیەکی مێژوویی ڕاستگۆ گەواهی بۆ ئەدات، ئەوەیە کە زمانی کوردی زمانێکی سەربەخۆی سەر بە کۆمەڵە زمانی هیندۆ ئەورووپییەو تەنانەت هیچ پێوەندییەکی وای بە فارسییەوە نییە، تا وەکو هەندێ کەسی نا شارەزا پێیان وایە، کە کوردی لەتێکە لە فارسی، ئەوەتا لەم بارەیەوە مامۆستا (ئەمین زەکی بەگ) دەفەرموێ: (نەك زۆری خەڵك بەڵکو بەشی زۆری زانایان و موفەکیرانیش لە دەربارەی زمانی کوردیەرە یات تەواو بێ خەبەرن، یان زۆر خراپ تێگەشتوون، کە لەم بابەتەوە پرسیاریان لێد کەیت ئەڵێن: زمانی کوردی لەهجەیەکی تێکەڵ و پێکەڵی زمانی فارسییەو هیچ ئەسڵ و ئەساسێکی سەربەخۆی نییە...).

خۆ ئەگەر ئێمە بە وردی تێبنوارینە دێرەکانی مێژوو، ئەوا زۆر بە ئاسانی بۆمان دەردەکەوێت، کەوا زمانی کوردی زۆر لە زمانی فارسی کۆنترە، (واتا زمانی پەهلەوی). ئەنجا ئەگەر نەچینە قاوخی ڕەگەز پەرست، یان شکاندنەوە و کەم کردنەوە لە پایەی زمانی فارسی، بەڵام مێژوو هەر وابووە و ڕەحمی بە کەس نەکردووە، تا ئێستە من یان کەسێکی تر، بهانەوێ لاوازی زمانی فارسی لە ژێر ئەو بارە سەنگینەدا وەدەرکەین.

لێرەدا باسێکی کورتی زمانی (پەهلەوی) ڕووندەکەمەوە. هەڵبەت وشەی (پەهلەوی) لە وشەی (فهله)ی عەرەبییەوە وەرگیراوە، کە بۆ مەبەستی ڕاڤەکردن لە زمانی پێنج ناوچەی ئێرانی ئەو سەردەمە، کە بریتی بوون لە (ئەسفەهان، هەمەدان، نەهاوەند، ئازەربایجان و دی) بەمەش دەردەکەوێت کەوا پەهلەوی بەو بەرتەسکییەوە لەو پێنج ناوچەیەدا ڕۆڵی هەبووە، نەك وەکو زمانێکی سنوور فراوان، بەڵکو وەکو دیالێکتێکی بچووك وابووە. "١٧"

هەندێ ڕاو بۆچوون ئەڵێن، کەوا زمانی پەهلەوی پاش هێرشەکانی سووپای ئیسلام بۆ سەر ناوچەکە تێکەڵ بە عەرەبی بووە، و دەرەنجام زمانی نوێی فارسی هاتوتە ئاراوە، و پیتە عەرەبییەکانی وەکو (ذ-ض-ص-ط-ظ) خزاونەتە نێو پیتەکانی زمانی فارسییەوە و ژمارەیان بۆتە (٣٣)پیت.

هەڵبەت یەکێك لەو بنەما پتەوانەی، کە بە هێزی و تۆکمەیی هەر زمانێکی لێ پێکدێت، ئەتوانەوە و کارلێنەکردنی کوشندەی فاکتەرە دەرەکییەکانە، بۆ نموونە زمانی کوردی کە میللەتی کورد خاوەنیەتی بە درێژای مێژوو چەندین جار ڕووبەڕووی مەترسی گەورە بۆتەوە و هەڕەشەی لە مانەوەی کردووە، و دەرفەت بە ڕۆڵەکانی نەدراوە کە گفتوگۆی پێ بکەن، کەچی هەر ماوەتەوە و بگرە پەرەشی سەندووە، بەڵام وادیارە زمانی پەهلەوی یان فارسی، خاوەنی هیچ لەو تایبەتمەندییانە نەبووە و نییە، بۆیە شێوەی ڕاستەقینەی خۆیان لە دەست داوە. یان ئەوەتا هەر لە زمانی عەرەبییەوە وەرگیراون، و خۆیان لقێکن لە عەرەبی؟!.

ئەوەی تەماشای زمانی فارسی نوێ بکات بۆی دەرئەکەوێ کەوا (٧٪)ی وشەکانی ئەو زمانە بێگانەن و لە عەرەبی و زمانی ترەوە وەرگیراون و مامەڵەیان لە نێزدا دەکرێ، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین" چونکە ئەو وشانە بەڕەسەن فارسی نین، بۆیە ناتوانن هیچ یاساو ڕێسایەکی ڕێزمانی بەسەردا بسەپێنن، تا دەرەنجام دەستەواژەی نەکولیویان لێدێتە بەرهەم، ئەم دیاردەیەش بە ئاشکرایی پانتایی نووسینە فارسییەکانی تەنیوە.

کار هەر بەوەوە ڕانەگیرا، کە لە عەرەبییەوە وشە وەرگرن، بەڵکو کار ترازاو چەندین وشەی کوردی و تورکی و ئینگلیزیش جێی خۆی لە فارسیدا کردۆتەوە، تا ئەو ڕادەیەی کە چەقەی لە جەرگی ئەدیب و نووسەرانی فارس هەڵگیرساند و لە (١٣١٥ خورشیدی)دا کۆڕی زمانی فارسییان دامەزراند، گوایە کار بۆ

بەبڕکردنی وشەی بێگانە بکا لە زمانەکەیاندا، کەچی کورِ بە ئاوات نەگەشت، بە تایبەت دەرهەق بەو هەموو وشە عەرەبییانەی وەکو (صنعتی، مشخصات، جوهر، مجتمع، عکس، و. هتد)، من ناڵێم دیاردەی وشە وەرگرتن لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، ڕەوانییەو بفەیە، یانبڵێم، زمانی کوردی لەو دیاردەیە بێبەشە،نەخێر، بەڵام ئاخر براینە ئەوەی زمانی فارسی هیچی تێدا نەمێڵاوەتەوە!

**شەشەم: هۆی پەیدابوونی دیالێکت چییە؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیسەرەوە، کە وەکو سەر دێڕی ئەم بابەت قۆستوومەتەوە، بێگومان ئەبێ وەکو سروشتی سازدانی هەموو توێژینەوەیەک، پشت بە سەرچاوە ببەستین، سەبارەت بەوەش دوو بۆچوون لە ئارادایەو مامۆستا (عەلائەدین سەجادی) بەم شێوەیە ئاماژەی بۆکردووە:-

**یەکەم:** ئەو ناوچەی کە وشەیەکی بۆ شتێك بەکار هێناوە، کە لە ڕەواڵەتدا جیاوازی هەیە لە وشەی ناوچەیەکی تر بۆ هەمان شت. ئەمە وەنەبێ ئەو وشەیە جیابێ لەوەی ناوچەکەی تر، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەم لە سەرەتای زمانیدا وای پێخۆش بووە کە بیلێت، واتا فۆنەتیکەکەی بە لای ئەمەوە وا خۆشتر بووە، ئیتر بەم جۆرە لەسەر ئەو فۆنەتیکە ڕۆشتوون و ناوچەیەکی تریش لەسەر هی خۆی، تا دیالێکتی جیاواز پەیدابووە.

ئەمە تا ڕادەیەك ڕاستە ئەگەر ئەو دوو وشەی ئەو دوو دیالێکتە گۆڕانەکەیان گۆڕانێکی ڕواڵەتی بێ، بەڵام ئەگەر لە بناغەدا گۆڕانی ڕواڵەتی فۆنەتیك هەر نەبوو، بەڵکو گۆڕانەکە گۆڕانێکی ڕیشەیی بوو، ئەوا ئەم دەستورە لەوێدا بەجێ نایە. بۆ نمونە ئەگەر لە ناوچەیەکی کوردیدا لە باتی (کیژ) وترا (کچ) ئەمە سەر دەگرێ، بەڵام ئەگەر ناوچەیەك وتی (کوچك) و ناوچەیەك وتی (بەرد)، ناوچەیەك وتی (لووت)و ئەوی تر وتی (کەپوو)، ئەمەیان بە هیچ جۆرێك سەر ناگرێ!. بەڵێ هەرچەن ئەو وشانەی لە هەر زمانێکدا (کە ڕیشەیان جیان) بە چاو زمانە بناغەیەکەوە زۆر کەمن.

ئەوەی پێویستە لێرەدا ڕوونی بکەینەوە، ئەوەیە کە ئەو بۆچوونەی سەرەوە، واناگەیەنێت کە ئەگەر هاتوو دوو وشەیەکی وەها بوو، ئیتر ئەو دیالێکتە لە دوو زمانی جیاوازن، بە پێچەوانەوە هەر یەکن و بە جۆرێکی زۆر کەم ئەو جیاییە لە هەندێ تاکە تاکەی وشەکانیا پەیدا بووە.

دووەم: لە هەر زمانێکدا ئاخاوتنێکی سەرەکی هەیە، واتا بەشێکی زۆر هەیە بە تێکڕایی ئەو تاکە تاکە وشانە، کە لەو زمانەدا هەن دەدوێن (دەئاخوێن).

یەکێك وەیا دەستەیەك لەوانە شوێن هەواری خۆیان بەجێ دێڵن و دەکەونە ناو دەستە مەردمێکی تری ئەو زمانەوە، ئەوانە کە کۆچیان کردووە و ڕۆشتوون جۆری ئاخاوتنەکەشیان لەگەڵ خۆیان بردووە بۆ جێگەکەی تر، ئەو کەسە وەیا ئەو کۆمەڵە کە، کەوتوونەتە شوێنەکەی تری، وشەیەك لە وشەکانی لای خۆیان لە شوێنی کۆچ بۆ کردووەکەدا دەڵێن، ئەو شوێنە و ئەو وشەیە تا ئەو سەردەمە باو نەبووە لە ناویاندا، وشەکە دەڵێن، کە بە جۆرێك لەگەڵ ڕێختی دیالێکتەکەی خۆیاندا ڕێککەوێ، واتا بۆیان نایە وەکو ڕەسەنەکەی خۆی بڵێن، بەڵکو تا ئەندازەیەك ڕوو دەکاتە تێکدراوی و بەو شێوازە لە ناویاندا بڵاو دەبێتەوە، یان یەکێك لە مەردەمی ئەو دیالێکتە دەچێتە شوێنێکی تر، لەو شوێنە هەندێ شە وەردەگرێ، بەڵام نەبە وەرگرتنێکی وەکو مەردەمی شوێنەکە، بەڵکو وەری دەگرێ بە هەندێ تێکدانەوە، ئەو وشە تێکدراوە دەهێنێتەوە بۆ ناوچەکەی خۆی و بەو شێوەیە بڵاوی دەکاتەوە، بێگومان دووریش نییە کە ناوچەکە پێشتر گوێی لەوشەی وانەبووبێ، بۆیە بەو جۆرە جێگیر دەبێ. "١٨"

لە پاڵ ئەمەشدا پەیدابوون و هاتنە کایەوەی هەموو دیالکتەکانی ئەم جیهانە، لە زمانە لێك جیاوەزەکاندا، هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ژیانی ئابووری و هاتوچۆی بازرگانی و پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و ڕامیارییەکان، جگە لە داگیر کردن و کۆچ پێکردن،هەر کۆمەڵگەیەك بە پێی ئاستی پێگەیشتووی خۆی ئەو هۆکارانە تێدا کاریگەریی دەنوێنی. بەو پێیەش زمانی کوردی دەستگیری ئەو هۆکارانە بووە، بەڵام دیالێکتەکانی زمانی ئێستای کوردی، لە ناوچەکانی کوردستاندا، هەموو بۆ تەنیا زمانێکی ڕەسەن و خاوەن بنچینەی سەربەخۆ دەگەڕێنەوە، کە ئەویش یەکەم زمانی کوریە.

ئەوەی پێویستە ئەبێ ئێمە جیاوازی زانستی نێوان هەردوو وشەی (زمان) و (دیالێکت-زار) بزانین، ئەنجا ڕۆچینە قوڵایی بابەتەکەوە، کە ئەویش (دیالکتەکانی زمانی کوردی)یە. بۆ ئەم جیاوازی کردنەش (د. کامل حسین) پێیوایە کە:"١٩"

| زمـــان | دیـــالێکت |
| --- | --- |
| ١- هـۆی دەربـڕینی گـشت ئەندامەکانی (یان تاکەکانی) نەتەوەیە. | ١- شێوازی دەربڕینی کۆمەڵێك لەو نەتەوەیە،کە لە بەر پچڕاوی ناوچەی دانشتەکان، یەکێتی خزمایەتیان و چەند دەرفەتێکی تر پێوەندیان بەسەرچاوەی بیری زانستی و ڕۆشنبیری لاواز دەبێت. |
| ٢- زمـــان تۆمارگـــەی ڕۆشـــنبیری و زانـــستی و ویژەیی نەتەوەیە. | ٢- ئاوێنـەی لێـدوانێکی تەنگـە بـەرە، ئەگـەر چی دەشـێ ئـەم ئاوێنەیـە دەنگدانـەوەی جـۆرە بەرهەمێکی هۆنراوەیی بێت بێت لـە کـاتی زاڵبـوونی زمان بەسـەر چەند پارچـەیەك لـە کۆمـەڵگای نەتەوە. |
| ٣-بۆ هـەموو لایەنـەکانی لـە دەنـــگ و وشـــەو ڕســـتە و دارشـتنی گـشتی دەسـتوری چەسـپاو و نووسـراوی خـۆی هەیە. | ٣- دەستورەکانیان پچڕ پچڕن و ڕێگای پەیدابوونیان لابەلایی لە سەرچاوەی زمانی نەتەوایەتی جیابوونەتەوە. |

هەرچییەك سەبارەت بە وشەی (دیالێکت) هەیە، لێرەدا دەیخەینەڕوو. هەڵبەت بێشکێن لەوەی کە ئەو وشەیە (دیالێکت) کوردی نییە، بەڵکو لە (dialect)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە و لە نووسینە کوردییەکاندا بەکار دەبرێت، ئەگەر چی خۆشمان وشەی هاوواتامان بەرامبەری هەیە، کە ئەویش (زار)ە و هەندێ نووسەری تریش (شێوە)یان بەکارهێناوە بۆ ئەو مەبەستە. بەڵام ئەوەی ڕاستی بێت ئەمەیان لە ڕووی دارشتنەوە زۆر جار نارێك دەبێت، بۆ نمونە ئەبێ بنووسین (شێوە شێوە) بە واتای (جۆرە شێوە)، بۆیە باشتر وایە (زار) بە کار بهێنرێت، کە لە ساڵی (١٩٨٤) کۆڕی زانیاری کورد، پەسەندیان کردووە.

ئەوەی ماییەتەوە بیڵێم لەم بارەیەوە، هۆی بەکارهێنانی وشەی دیالێکت لە لایەن خۆمەوە، تەنها بەو نیازەیە کەوا خوێنەری کورد زیاتر بە فراوانییەوە تێبینواڕێتە زمانەکەی و ئەنجاش ئەوەی ڕاستی بێت، زۆرێك لەو سەرچاوانەی کە لە بەردەستمدا بوون، بۆ ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە، بە هەمان شێواز ئەم وشەیان بەکار هێنابوو. هەندێکیشیان وشەی (شێوە)، کە من لای خۆمەوە گۆڕیومن بۆ (دیالێکت).

**حەوتەم: دیالێکتەکانی زمانی کوردی**

لە مەڕ دابەشکردن و ژمارەی دیالێکتەکانی زمانی کوردییەوە، ئەم شێوەیە کە لای خوارەوە نیشان دراوە، باشترین شێوەیە، چونکە لەگەڵ هەموو ڕاستییەکی زمانەوانیدا ڕێك دەکەوێت و جووتە، هەروەها لە ڕووی هەلومەرجی جوگرافیایشەوە تەواویٚ گونجاوە، کە ئەویش ئەمانەن:-

٢-دیالێکتی گرمانجی خواروو.

٣-دیالێکتی کرمانجی ناوەڕاست.

٤-دیالێکتی کرمانجی باشوور.

٥-دیالێکتی گۆران.

هەر یەکە لەمانەش دیالێکتی گەورەن و چەند لقێکی دیالێکتێکی ناوچەیی بەگشتی وێکچوویان هەیە، کە تەنیا لە سووکە جیاوازییەکی وشەی دیالێکتە هاوسێیەکەی بەولاوە، هیچ جیاوازییەکیان لە نێواندا نییە، و هەموو هەلومەرجێکی هاوزمانی و یەك دەنگییان هەر بەسروشتی بۆ ڕەخساوە و ئاشکرا دیارە. ئەو لقە دیالێکتانەش بریتین لە:-

١-کرمانجی باکور: (بایەزیدی، هەکار، بۆتانی، شەمدینانی، بادینانی، دیالێکتی ڕۆژئاوا).

٢-کرمانجی ناوەڕاست: (مۆکری، سۆرانی، ئەردەلانی، سلێمانی، گەرمیانی).

٣-کرمانجی باشوور: (لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسانی، کۆهگلۆر، لەك، کەلهوڕ).

**٤-گۆران: (گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەلانی، زازا). "٢٠"**

سەرەڕای ئەمانەش، ڕاستە کە لە باشووری خۆرهەلاتی کوردستاندا (بابان) ئەم زمانە، تا دیالێکتی کرمانجی کەمێك جیاوازی هەیە، وەلێ ئەوە ڕاست نییە کە ئەو جیاوازییە کەمە بە جیاوازییەکی گیانی لە قەڵەم بدرێت. بۆ هەر کەسێك

دیالێکتێکی لە دیالێکتەکانی ناوچەیەکی کوردستان بە چاکی بزانێت و فێری بێت، دەتوانێت زۆر بە ئاسانیی لەو دیالێکتەکانی دیکەی تێبگات.

ئەمەو زۆرجاریش دوژمنانی نەتەوەی کورد، هەر وەکو چۆن هەوڵی تێکدان و شێواندنی زمانی کوردیان داوە، ئاواش کوێرانە کەوتوونەتە نێو دیالێکتەکانی زمانی کوردی و هاتوونە دیالێکتی (هەورامی) بە زمانێکی فراسی کۆن دائەنێن، و دەیان بیر و بۆچوونی دیکەی لەو چەشنە دەرهەق بە زمانی کوردی و دیالێکتەکانی بلاودەکەنەوە.

لەم نێوانەدا زۆرێك لە پسپۆر و زانایانی ئەو بوارە، زۆر ڕاستگۆ و ڕاشکاوانە دەربارەی دیالێکتە کوردییەکان دوواون، لەوانەش:-

***ئەدمۆندز**: کوردستان وڵاتێکی بەرزی شاخاوییە و ڕێگە و بانێکی یەکجار سەختی هەیە، چەند سەدەیەك بەو جۆرە ماوەتەوە، بێ ئەوەی یەکبوونێکی سیاسیانەی بە خۆوە دیبێت، تا کەلەپوورێکی هاوبەشی بۆ دروست بێت، شتێکی دووریش نییە گەر بڵێین، دیالێکتە ناوخۆییەکانی ئەم زمانە زۆر جار لە دۆڵێکەوە بۆ دۆڵێکی دی، یات لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکی دیکە، جیاوازە، بەلام ناوەرۆکە تایبەتییەکانی ئەم زمانە هەر وەکو هەندێ لە باوەڕپێکراوان دەڵێن: لەگەڵ ئەو دووری و جیاوازیەی نێوان هۆزە کوردەکاندا دەبینرێت، بەلام ئەم دیاردەیە تەنیا بەوە دەدرێتەوە، کە ئەو هەموو دیالێکتانەی لە زمانێکی ڕەسەنی دێرینەوە وەرگیراون، کە زمانی مادەکانە، دیار و ئاشکرایە.

***مینۆرسکی**: ئەوەی مایەی سەرسوڕمان و یەکێتی کوردەکان بێت، زمانەکەیانە، کە هەرچەندە لەنێوان دیالێکتەکانیشیدا جیاوازی هەبێت، بەلام لە ڕووی دەنگ و ڕێزمانەوە هەر تەنیا یەك زمانە. "٢١"

**هەشتەم: هۆی زۆری دیالێکتەکانی زمانی کوردی**

لەم بەشەماندا هەر هێندە ماوەتەوە، کە ئاماژە بەوە بەدەین، کە ئایا بۆ لە زمانی کوردیدا دیالێکت زۆرە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە پێشتر باسی هۆکارەکانی هاتنە کایەوەی دیالکتمان کردو وتمانزمانی کوردیش بە پێی خۆی دەستگیری هەندێك لەو هۆکاران بووە، بەلام لێرەدا بە شێوازێکی جیا و پوخت تر ئەو هۆیانە باس دەکەین، ئەمەش بەو چەشنەی کە (فوئاد حمە خورشید) لێی دوواوە، دوو هۆکاری گەورەن، کە ئەمانەیە:-

**١)هۆکاری جوگرافی:**

جێگای کوردستان و باری خوادەی چیایی سەخت و پێچ و پەنای گرانبڕ و شاخ و دۆڵی هەزار بەهەزار و بێ ڕێگاو بانی، هەوراز و لێژی و بێ شوومار، ڕووباری خوڕ و سەرماوسۆڵەی زستانیش، بە زۆری خێڵەکان (هۆزەکان)ی لێک دابڕیوە و تێکەڵییانی کەمکردۆتەوە، خۆ لە چەرخەکانی ناوەڕاستدا ئەم هۆکارە ئێجگار کاریگەر بووە، چونکە ئەو سەردەمانە دانشتوانی کوردستان تێکەڵی و هاودەنگییان نەبووە، چ جای لێك فێربوونی بیروڕاو ڕۆشنبیری؟.

٢)هۆکاری سیاسی:

کوردستان یەکێتییەکی سیاسی نەتەوەیی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە، تا هەموو قوڵ و ناوچەو هەرێمەکانی بگرێتەوە، بێگومان ئەمەش زیاتر ڕێگر بووە، لە پێش بەیەك گەیشتن، ئەگەر چی چەندین میرنشینی سەربەخۆ و نیمچە سەربەخۆ، بە تایبەتیش لە سەدەکانی ئیسلامەتیدا لە کوردستان پەیدابوون، کەچی هێشتا ئەوەش زمانێکی کوردی یەك ڕەنگی نەهێنایە گۆڕێ و بگرە زیاتریش سەرپەڕی بە دیالێکتەکان گرتووە و زۆرتر لێکی ترازاندوون، چونکە ئەو دەسەڵات و میرنشینانە هەر یەك لە ناوچەو هەرێمێك جیاواز هاتنە بوون، و هەر یەکەشیان بایەخی زیاتری بە دیالێکتی ئاخاوتنی ناوچەکەی خۆی ئەدا. "٢٢"

ئەم زۆری دیالێکتە، لە زمانی کوردیدا یان لە هەر زمانێکی تردا بێت، هێندە کێشە نییە، تا وا بکات مەترسی بخاتە سەر ئەو زمانە، هەر وەیش نییە کە تەنیا زمانی کوردی فرە دیالێکتی هەبێ و ئەو قسانە بۆ پاکانە کردنی خۆمانی بیکەین،ئەخێر ئەوەتا زمانی ئینگلیزی وئەڵمانی بەدەست زۆر و بۆری دیالێکتەکانیانەوە ڤاڵبوونە، جگە لەوانیش چەندین زمانی دیکەی جیهان هەن، بە هەمان شێوە فرە دیالێکتیان تێدا وەبەر دیدە دەکەوێت، لەوانەش:

***هیند**: زیاتر لە (٢٥٠) زمان و دیالێکتی تێدایە، بەڵام (١٤) زمانی پەسەندکراوە، زمانی (هیندی و ئینگلیزی) بە زمانی نەتەوەیی ئەم وڵاتە ئەدرێنە قەڵەم، لە زمان و دیالێکتەکانی دیکەشیان ئەمانەن:- (تلگو، پەنگالی، ماراتی، تامیل، ئۆردۆ، گوجاراتی، کاناری، مالایلامی، سانسگریتی، کەشمیری و...).

***نایجیریا**: زمانی نەتەوەیی نییە.. بەڵام زمانی ئینگلیزی پەسەندکراوە لەم وڵاتەدا، زیاد لە (١٠٠)زمان و دیلێکتی تێدایە، ئەو زمان و دیالێکتانەش کە زیاد لە (٣,٥٪) خەڵکی پێی دەئاخوێن بریتین لە:- (هاوسا، ئەیبو، یوروپا، فولانی، تیف، کانوری، ئەیبیبۆ، ئایدو).

*گینیا: زمانی نەتەوەیی نییە، زمانی فەرەنسی پەسەندکراوە، لەم وڵاتەدا (٧) زمان و دیالێکتی گەورە هەن، ئەوانەش:- (فولانی، ماندینگو، سوسو، کیسی، کپیلە، دیالانگە، لوماریاندا).

*چاد (شاد): زمانی نەتەوەیی نییە، زمانی فەرەنسی پەسەندکراوە، زیاد لە (٢٠٪)ی خەڵکی بە زمانی (عەرەبی) دەئاخفن، ئەو زمان و دیالێکتانەی لەم وڵاتەدا هەن، ئەمانەن:- (باگرمی، کانوری، داگو، هاوسا، ماسا، موسکو، مابا، مالاسیت، تاما، کورا، تدا، مبوم، کوتوکو).

*کینیا:زمانی ئەم وڵاتە کەناریبیە (سواحلی)، هەروەها چەند زمانێکی تری تێدا باوە، وەک:- (ئینگلیزی، کیکویو، لورکامبا، لوهیا، گوسی، مرو).

*زائیر: زمانی نەتەوەیی نییە، بەڵام زمانی پەسەندکراویان (فەرەنسی)یە، لە دیالێکتەکانی ئەم وڵاتە:- (لویا، مونکو، کۆنگو، رواندا).

*چین: گەلێکی زۆر دێرین و ناوداری جیهان و مێژووە، هەرچەندە (ماندەرین) زمانی پەسەندکراوی وڵاتە، کەچی تا هەنووکە چەندین دیالێکت و زمانۆچکەی لاوەکی تێدا باوە، لەوانەش:- (چوانگ، ئۆیگور، هوی، لی، میاو).

*ئیسپانیا: ئەم زمان و دیالێکتانەی تێدا هەن:- (قشتالی-زمانی نەتەوەیی وڵاتە، کتلان، گالیگو، ئۆسکیرا)."٢٣"

**دوێیەم: زمانی نەتەوەیی کوردی**

بێگومان میلەتی کوردی هەزار ساڵەهایە لە پێناو گەلێك خەونی مێژینەییدا تێدەکۆشی و ڕۆڵەکانی بۆ ماندوو دەکات، یەك لەو خەونە هەرە گەورانەی کورد، بوون بە دوڵەتە، پێموایە ئەوی تریان خۆی لە زمانێکی نەتەوەیی یەکگرتوودا دەبینێتەوە.

ئەمە وەنەبێ کورد هەرگیز خاوەنی دەوڵەت نەبووبێ و قەتیش زمانی نەتەوەیی بۆ خۆوە نەدیبێ؛ نەخێر ئەگەر با چاکی تێبنوارینە دێرەکانی مێژوومان، ڕوون دەبێتەوە کە ئەم میللەت خاوەنی کۆمەڵێکی گەورە لە سەروەرییەکان و خاوەنی شارستانییەتێکی بێ کەموکورتی بووە. بەڵام هەروەك داگیر کردن و داپڵۆسینی ڕۆڵەکانی لێك دابڕاندووە، و هەر یەك کەوتوونەتە سەر وڵاتێك، ئاواش زمانەکەی پەرت و بەڵاو بۆتەوە، ئەمەش جارێکی تر بەجەرگی کوردان دەدەخات، کە هەمیشە لە تێکۆشاندا بەردەوامن و وورەیان ناڕوخێ و هەمیشە خۆیان بە یەك دەزانن، لە ڕاست گۆڕانکارییەکاندا. من دەپرسم، ئایا

کوردێکی کوردستانی باکوور (تورکیا) چەنەهای چەن ساڵە کە بێبەش کراوە لە ئاخاوتن بە زمانی دایکی خۆی، کە کوردیە، ئەگەر چی لە بیریشی چووبێتەوە (ئەوە نوێیەکەی) بەڵام هەردەم چۆکی بۆ ئەو بێبەش بوونە، نەداوە و نایشدا. با لە باسەکەمان بە دەر نەبین، کە ئەویش دوانە لە سەر زمانی یەکگرتووی کوردی.

(د.کامل حسن البصیر) لەم بارەیەوە ئەڵێ: (پسپۆری کورد و ئەوانەی لە زمانی کوردیدا کارامانە ئیش دەکەن، لە کۆڕی لێکۆڵینەوە و بیرنۆزیدا بەرەنگاری گەلێ کۆسپ و تەگەرە دەبن، کە دەیانەوێ سیماو تایبەتمەندییەکانی زمانێکی نەتەوایەتی کوردی دەست نیشان بکەن، و ڕەنگە بگەنە سەر ئەنجامێك و بڵێن: زمانی کوردی هیچ ڕۆژێك لە ڕۆژان لە دایك نەبووە.)

ئەنجاش دێتە سەر ئەوەی کەدەڵێ: (زمانی نەتەوایەتی کوردیمان ڕۆژێك لە ڕۆژان لە قۆناغێکی مێژوویدا لە دایك بووە و ڕەگ و ڕیشەی لە زەمینەی باری هەمە چەشنی ئەم نەتەوەیەدا کوتاوە و پەرەی سەندووە، وەکو زمانی نەتەوەکانی دیکەی ئەم سەر زەمینە ئەرکی سەر شانی خۆی ئەنجامداوە).

ئەم بۆچوونەی سەرەوە بە واتایەکی ڕوونتر ئەوە دەگەیەنێ، کە نەتەوەیی کوردی هەبووە و هەیە، بەڵام لە نێوان فرەیی دیالێکتەکاندا ون بووە، یان بڵێین شاراوەتەوە، بە واتایەکی تریش، ئەوە دەگەیەنێ کە زمانی نەتەوایەتی کوردی پێویستی بە چاکسازیکردن و هەڵسانەوە هەیە، نەك سەر لە نوێ بنیاتنان و بناغە بۆ دروستکردن. بۆیە ئەمە ئەرکی سەر شانی هەموو کوردێکە، کە هەوڵبدات و لەو پێناوەدا زیاتر خۆ ماندوو بکات.

بێگومان ئەم کارە هەروا ئاسان نییە، و پێویستی بە مەودایەکی مێژوویی هەیە، نەك بە ساڵێ و دوو ساڵێ هەوڵی تێکەڵ کردنی هەردوو دیالێکتە کوردیەکە بدەین و بڵێین ئیتر تەواو.

زمانی نەتەوەیی، بەو زمانە دەگوترێت کە ڕۆڵەکانی نەتەوە لە هەر لایکی وڵاتدا بن، لێی تێبگەن و زمانی نووسین و خوێندن و وێژەییان بێت.

لەبارەی زمانی یەکگرتووی کوردییەوە، بوارناسانی کورد، لەم بارەیەوە چەندین بیر و ڕای لێك جیاوازیان هەیە، لێرەدا بە پێی توانا هەندێك لەو ڕێگا و هۆکارانەی کە دەکرێ بیانگرینە بەر لە بەدیهێنانی ئەو ئامانجەدا، ئەو ڕێگاو هۆکارانەش بریتین لە:-

١-یا لە زمانی نەتەوە بە هەموو دیالێکتەکانییەوە وەردەگیردرێت.

٢-یان بناغەی ئەو زمانە ئەدەبییە لە یەکێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانەوە وەردەگیرێت، بە واتایەکی تر بڵێین لە ڕێگای سەپاندنی یەکێك لە دیالێکتەکانی ئەو زمانەوە.

٣-یاخود پوختە کراوی زمانی قسەکردن، هەڵدەبژێردرێت.

٤- لە خۆوە دروستبوونی شێوەیەکی ئەدەبی، ئەمەش بەم ڕێگایانە دێتە بوون:-

ا)بە هۆی نووسینەوەی کتێبێکی پیرۆزەوە، بە یەکێك لە دیالێکتەکان، هەروەك دیالێکتی قورەیش لە ناو عەرەبەکاندا، قورئانی پیرۆزی پێهاتە خوارەوە، تا لە ئەنجامدا ئەو دیالێکتە بوویە زمانی نەتەوەیی عەرەبەکان.

ب)بووژاندنەوەی ئەدەبیاتی وڵات بە یەکێك لە دیالێکتەکانی، ئەمەش لە سنوورێکی بەرفراواندا دێتە بوون.

ج)خزمەتکردنی زانست و زانیارییەکان و دەرکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار و کتێبی هەمەجۆر، بە تەنیا دیالێکتێکیان، ئەمەش دەبێتە هۆی دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی ەکگرتوو.

د)هەندێ جار جۆری ژیانی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بازرگانی و ئابووری دەبنە هۆی دروستبوونی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو.

٥-هەوڵدانێکی ڕێکخراوی زانستییانەو لە سەرخۆ، بۆ بەرهەمهێنانی زمانێکی ئەدەبی.

ئەمەش بە ڕای (دکتۆر جەمال نەبەز) باشترین ڕێیە و تەنیا ڕێیە، کە کورد بتوانێ پێیدا بڕوا بۆ پێکەوەنانی زمانێکی ئەدەبی یەکگرتوو. "٢٤"

ئەمە لە لایەکەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە (فوئاد حمە خورشید) لە کتێبەکەیدا بۆچوونێکی دیکەی خستۆتە ڕوو و پێیوایە ئەوە ڕێگاچارەیەکی باشە بۆ گەیشتنی هەرچی زوو ترە بەو ئاواتە و دەڵێ: (ئێمە بە لامانەوە وایە، کە ئەگەر ئەو ئاواتە بە گشتی کۆمەکی نەکرێت و بڕواشمان وایە، کە ئێمەش لە ڕێی ئەم هەنگاوانەی لای خوارەوە هاویەشییەکی پڕ بە دڵ و کاریگەری لەم ڕێگایەدا دەبەخشین:-

١-پێویستە لە ڕێی دەسەڵاتێکی باڵاوە نەخشە وپلانێکی ڕاگەیاندن و پەروەردەکردن و ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ بە سەر هەموو لایەکدا بسەپێنرێت، کە ئەم ڕێبازە بگرێتە بەر و بەهێزی بکات.

٢-دیالێکتی کرمانجی ناوەند (کە بناغەی زمانە یەکگرتووەکەیە) دەبێت لە ڕێی دامەزراندنی کۆ زمانێکی بە پرسیارەوە و هەموو وشەو زاراوە ڕەسەنەی هەڵبژێراوی دیالێکتی کرمانجی باکوور و باشوور و گۆرانی تێدا بێت و پێیان دەوڵەمەند بکرێت، بەڵکو لە هەموو بارێکەوە پێگەیشتوو بێت و ئەو زاراوانەش کە جیهانین و بەکار دەهێنرێت، لە بیر نەکرێن.

٣-پێویستە بەڕێوەبەرایەتی گشتی خوێندنی کوردی (هەڵبەت لەم کاتەی ئێستەماندا وەزارەتی پەروەردە ئەو ئەرکەی لە ئەستۆدایە)، بە گوێرەی توانا، هەموو لێژنەکانی دانان و گۆڕینی کتێب، هان بدات کە تا ئەتوانن لە وشەو زاراوەی هەردوو دیالێکتە کرمانجییەکەی باکوور و باشوور هەڵبژێرن، چونکە لە ڕێی ئەم کتێبانەوە ئەو گرێیانە تەخت دەکرێن، کە وەکو کۆسپێک کەوتوونەتە سەر ڕێگای بڵاوکردنەوە و سەپاندنی زمانە یەکگرتووەکە.

٤-پێویستە پارتە سیاسی و ڕێکخراوە کوردییەکانیش لە بڵاوکارییەکانی خۆیاندا ئەم ڕێبازە بگرنە ئەستۆ و لێی لانەدەن، بۆ ئەوەی وشەو زاراوە تازەکان تا بکرێ بە فراوانی بخرێنە کار و بنج بهاوێن.

٥-هەروەها لە ئەستۆی دەزگاکانی ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەدایە، کە ئەم ڕێبازە بگرنە بەر و ڕێنمایی ئەو نووسەرانە بکەن کە کتێب و نامیلکە و.. دەردەکەن، بۆ پێڕەوکردنی ئەو ڕێیە.

٦-پێویست کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی تری وەکو ئێسگە و تەلەفزیۆن و.. لەم ڕێبازە لانەدەن و لە کار و چالاکییەکانیاندا ئەم ئەرکە بگرنە ئەستۆ.

٧-بەرهەمهێنانی فەرهەنگێکی یەکگرتووی گەورە، کە سەرجەم وشەو زاراوەکانی هەردوو دیالێکتەکەی تێدا بێت، خۆ ئەکرێ لە کاتێکی ئاوادا وشەیەکی پێویست دەست نەکەوت، پەنا بەرینە بەر دیالێکتە بچوکەکانی ترمان، یان بگەڕێینەوە سەر ئەو زمانانەی کە سەر بە هەمان کۆمەڵە زمانن، لەگەڵ زمانی کوردیدا.

٨-پێویستە وێژەوان و نووسەرانی کورد، لە دانانی کتێب و دەرکردنی ڕۆژنامەو گۆڤارەکانیاندا ڕەچاوی ئەم ڕێبازە بکەن و هەوڵی ڕاستەقینەی بۆ بخەنە گەڕ. "٢٥"

* خوێندکاری بەشی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی کەلار.

## پەراوێزەکان:


١) کەریم زەند: زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان،لا٤-٦ .
٢) د. کامل حسن البصیر: زمانی نەتەوایەتی کوردی،لا٢٣.
٣) عەلائەدین سەجادی: زانینی کرۆکی زمان،لا٢٧-٤٠.
٤) هـ.س.پ، لا ٣٦- ٤٠.
٥) کەریم زەند: زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان،لا٢١-٢٣.
٦) هـ.س.پ، لا١٩-٢١.
٧) فوئاد حەمەخورشید: زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، لا ١٩-٢١.
٨) زبیر بلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی کوردی،لا٤٩-٥٢.
٩) محەمەد مەردۆخی کوردستانی: مێژووی کورد و کوردستان، لا٩١-٨٤ .
١٠) سۆکۆلۆف: زمانی ئاڤێستا،لا ٤ .
١١) د. مسعود مصطفى الكتاني: اصل الكرد و كردستان و اصالة اللغة الكردية، ص٧٧.
١٢) صلاح سعد الله: عن لغة الكرد و تأريخهم، ص١٦.
١٣) kiholimeفوئاد حەمەخورشید: زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی، لا ٦٩-٧٠.
١٤) محەمەد مەردۆخی کوردستانی: مێژووی کورد و کوردستان،لا ٨٦.
١٥) زبیر بلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی کوردی،لا ٩٢-٩٧.
١٦) ڕۆکار علی عبدالرحمن: الوجيز في تعليم اللغة الكردية، ص٧.
١٧) د. مسعود مصطفى الكتاني: اصل الكرد و كردستان واصالة اللغة الكردية، ص٧٠.
١٨) عەلائەدین سەجادی: زانینی کرۆکی زمان، لا ٤٣-٤٦.
١٩) د. کامل حسن البصیر: زمانی نەتەوایەتی کوردی،لا ٢١-٢٢.
٢٠) فوئاد حەمەخورشید: زمانی کوردی و دابەشبوونی جوگرافیایی دیالێکتەکانی،لا ٣٨-٤٠.

٢١) زبیر بلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی کوردی، لا ١٠٠-١٠٢.
٢٢) فوئـاد حەمەخورشـید: زمـانی کـوردی و دابەشـبوونی جوگرافیـایی دیالێکتەکانی،لا ٤٢-٤٤.
٢٣) صلاح سعد الله: عن لغه الکرد و تأریخهم، ص٣٦-٣٧.
٢٤) کەریم شارەزا: نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی،لا٩٤-٩٧.


**سەرچاوەکان بە زمانی کوردی:**

١. جەمال نەبەز: زمانی یەکگرتووی کوردی،بامبێرگ-ئەڵمانیا، ١٩٧٨.
٢. زوبێر بیلال ئیسماعیل: مێژووی زمانی کوردی، بەغدا،١٩٧٧.
٣. سۆکۆلۆڤ: زمانی ئاڤێستا،بەغدا، ١٩٨٨.
٤. عەلائەدین سەجادی: زانینی کرۆکی زمان، بەغدا، ١٩٧٧.
٥. فوئـاد حەمەخورشـید: زمـانی کـوردی و دابەشـبوونی جوگرافیـایی دیالێکتەکانی، بەغدا، ١٩٨٥.
٦. کامل حەسەن بەسیر: زمانی نەتەوایەتی کوردی، بەغدا،١٩٨٤.
٧. کەریم شارەزا: نالی و زمانی ئەدەبی یەکگرتووی کوردی، بەغدا ١٩٨٤ .
٨. کەریم زەند: زمانی کوردی و هونەری وەرگێڕان، سلێمانی، ١٩٧٧.
٩. محەممەد مەردۆخی کوردستانی: مێژووی کوردو کوردستان، بەغدا١٩٩١ .

**سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی:**

١. رزکار عبدالرحمن: الوجیز في تعلیم اللغة الکوردیة، بغداد ١٩٨٥ .
٢. صـلاح سـعد الله: عـن لغـة الکـرد و تـأریخهم (نقـد في الثقافـة الکردیـة)، بغـداد ١٩٨٩.
٣. مـسعود مـصطفی الکتـاني: اصـل الکـرد و کردسـتان و اصـالة اللغـة الکردیـة (مقارنـة، مناقشة وتحلیل لارا' فیلولوجیین و علماء متخصصین في اللغـات الهنـدو-اوربیبة، دهوك ٢٠٠٢.

# زمان و بیر

ئاڤگە عومەر حەمەساڵح

زمان و بیر پەیوەندییەکی پتەویان بە یەکترەوە هەیە ، زانایان و لێکۆڵەران لێکۆڵینەوەی زۆریان ئەنجامداوە بۆ دەرخستنی پەیوەندی نێوانیان و دەرخستنی ئەوە، کەوا زمان کاریگەری لەسەر بیر هەیە یاخود بە پێچەوانەوە یان هەردووکیان کاریگەریان هەیە لەسەر یەکتری؟ یاخود دەکرێ بەبێ زمان بیر بەکاربێنین یان بە پێچەوانەوە؟ بۆیە زانایان زۆر هەوڵیانداوە و چەندین توێژینەوەیان ئەنجامداوە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە و چەندین پرسیاری تر.

زمان گرنگییەکی زۆری لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤدا هەیە. ساپیر دەڵێ: ((زمان هۆیەکی ناغەریزی تایبەت بە مرۆڤە بۆ مەبەستی پەیوەندیکردن و گواستنەوەی هزر و هەست و ئارەزوو بەکاردێت ، لە کۆمەڵە هێمایەك پێکهاتووە و لەژێر دەسەڵاتی مرۆڤدایە)) (أدوارد ساپیر: ١٣٧٦: ٢٦). لەم پێناسەیە بۆمان ڕوون دەبێتەوە کەوا زمان تایبەتە بە مرۆڤ و جگە لەوەی ئەرکی بەهێزکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتییە ئەرکێکی گرنگی تری هەیە ، ئەویش دەربڕینە لە هەست و سۆزی بیری قسەکەر و گواستنەوەی بۆ کەسی بەرانبەر.

یاخود زمان ئامێرێکە مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە بەکاری دێنێ. واتە بەهۆی زمان لە بیرکردنەوە بەردەوام دەبین. (هۆگۆ شۆخارت) دەڵێ: ((زمان بەرهەمی دەروونی تاکە کەسێکە))، واتە زمان بەرهەمی ناوەوەی کەسەکەمان بۆ دەردەخات و زمانیش لە دەروونی مرۆڤەوە دروست دەبێت.

(شتایتاڵ) لەو باوەڕەدایە: زمانی تاکە کەس ڕەنگدانەوەی بیری تاکە کەسە و زمانی کۆمەڵ ڕەنگدانەوەی بیری هەستی کۆمەڵە ، واتای وشەش سنووردار

نییە ، چونكە بەستراوەتەوە بە باری دەروونی و تاقیكردنەوەكانی مرۆڤ ، هەربۆیەش واتای وشە ناگاتە ڕاستی تاك و لە لایەن كەسێكەوە گۆ نەكرێت.

(فندریس) خاوەنی (زمانەوانی دەروونی) لەو باوەڕەدایە كە: هەموو كردەیەكی گوتن هەڵگری كاریگەرییەكی دەروونییە.

(باڵی) (١٨٦٥ – ١٩٤٧) دەڵێ: هەر كردەیەكی گوتن هەڵگری سیمایەكی كەسی و دەروونییە. (میلكا أفیتش : ١٩٩٦: ٩٥)

زمان پێویستییەكی ژیانی مرۆڤە و هۆكارێكیشە بۆ پەیوەندیكردن و پێكەوەبەستنەوەی كۆمەڵ. هیچ میللەتێك لەسەر ڕووی ئەم زەمینە نییە پێویستی بە زمان نەبێت بۆ پێشكەوتنی شارستانیەت و پەیوەندی كۆمەڵایەتی. لە سەرەتای بوونی مرۆڤایەتییەوە تاكو ئێستا بە درێژایی ڕۆژگار زمان و بیر دەورێكی باڵایان هەبووە لە ژیانمان و هەریەكەیان بە پێی ئەركی خۆی دەورێكی گرنگی هەیە لە ژیانی مرۆڤدا.

زمان هۆیەكە بۆ دەربڕینی بیر لە ڕێگەی دەنگ كە بە شێوەی وشە دەردەبڕێ. هەروەها پێناسەی بیریش شتێكی وا ئاسان نییە ، بەڵكو پێویستی بە وردبینی و گرنگییەكی زۆری هەیە تاكو بگەینە ڕاستی تەواوی ئەم بابەتە. یەكێك لەم پێناسانە بریتییە لە: ((بەكارهێنانی توانای مێشك لە شتە زانراوەكان بۆ گەیشتن بە نەزانراوەكان)) (أحمدشفیق: و.نەریمان خۆشناو) واتە بیر ئەوەی ڕوودەدات لە شارەزایی بوونەوەری زیندوو كاتێك بە دوای چارەسەری كێشەیەك دەگەڕێت.

(دۆلاكروا) پێی وایە ((بیر دروستكەری زمانە لە هەمان كات ئەوەی دروستكەری لایەنەكەی ترە زمانە)). بیر ئەو دەفرەیە كە لە ناویدا پێشبینی و خەیاڵ و بیرەوەریی و زیرەكی هەیە ، زیرەكی جوولێنەری بیرە و لای مرۆڤ ناگاتە پلەی تەواوی لە كاتێكدا نەبێ كە مێشك ژیری و چالاكی بە شێوەیەكی بێ وێنە بەكاربێنێت كە تێگەیشتن و بۆچوونەكان لە ڕێگەی زمانەوە بێت (حاتم صالح: ١٩٨٩: ١٣٩).

واتە بیر ئەوەی ڕوودەدات لە شارەزایی بوونەوەران جا مرۆڤ یان هەر گیانلەبەرێكی تر بێت كاتێك تووشی كێشەیەك دەبێت یاخود بۆ دوای چارەسەرێكدا دەگەڕێ.

(الدوز هكسلي Aldus Huxley) دەڵێ: ڕۆشنبیری مرۆڤ و هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بیرکردنەوە بەبێ زمان نابێت. (جمعة سيد يوسف : ١٩٩٠ : ١٤٣).

زمان لە کۆمەڵگەیەک بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت بەمەش بیرکردنەوەشیان دەگۆڕێت. هەموو ناونانێکیش لە ئەنجامی بیرکردنەوەیە. ئەوەی لە وشەش دایە کەمترە لەوەی لە ناو بیردایە ، واتە وشەکان پڕ بە واتای ئەوە نین کە لە ناو مێشکدایە.

زمان بیر ڕوون دەکاتەوە و بیریش زمان دادەهێنێت. بیر بە بێ زمان ناتوانێ دەربڕین لە هیچ شتێك بكات ، چونکە خوای گەورە بیری داوە بە مرۆڤ بۆ بیرکردنەوە لە دیاردەی دەوروبەری لەگەڵ ئامێرێکی زمانی بۆ دەربڕینی ئەوەی لە ناو بیردایە. زمان ئەو توانایەیە کە لە مرۆڤدایە بۆ داهێنانی ڕەمزی نوێ بە گوێرەی پێویست بۆ دەربڕینی بیری نوێ کە پێشتر مرۆڤ بیری لێ نەکردۆتەوە، چونکە بیر بە تەنیا ناتوانێت دەربڕین لەسەر هیچ شتێك بكات بەبێ زمان.

دەتوانین بڵێین: بیر کەمێك پێش زمان دێت لە لایەنی کاتی ، چونکە لە سەرەتا بیر دەکەینەوە ئینجا بە دوای دەربڕین دەگەڕێین کە ئەم واتایە بدات کە لە ناو بیرماندایە. هەروەها دانانی چەند وشەیەك بۆ یەك مانا ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە بیر پێش ئەو هۆیە زمانیانەیە کەوا بەکاریان دێنین. منداڵیش لە دایك دەبێت پێش بە دەستهێنانی زمان. توانای بیرکردنەوەی هەیە ، ئینجا زمان بە دەست دێنێت نەك زمانی هەبێت ئینجا توانای بیرکردنەوە بە دەست بێنێت ، بەڵام لە لایەنی پێشکەوتن لەگەڵ یەکترن. پێشکەوتنی زمان پێشکەوتنی بیری لەگەڵە هەروەها پێچەوانەکەشی ڕاستە. بیرکردنەوەش هەر زمانە، بەڵام زۆر کات زمانێکی بێ دەنگ و هەر لە ناو مێشکدایە ، بەڵام هەندێك جار بیرکردنەوە بە دەنگە و کەسانی چواردەوری گوێ بیستی بیرکردنەوەکەی دەبن.

زمان و بیر بە تەواوی بە ناو یەکتردا چوونە وەکو دوو ڕووی یەك شتن یاخود وەکو دووکەڵ کە نیشانەی ئاگرە. ئەمانەش تەواوکەری یەکترن بوونی یەکێکیان بێ ئەوی تر نابێت. هەر کاتێك لێکۆڵینەوە لەسەر زمانی هۆزێك یان نەتەوەیەك ئەوا لێکۆڵینەوە لەسەر بیریان ئەکەین. یاخود لێکۆڵینەوە لەسەر بیریان بکەین ئەبێت لێکۆڵینەوە لەسەر زمانیان بکەین. بۆیە ئەگەر مرۆڤ توانای بیرکردنەوەی لە دەستدا ئەوکات توانای دەربڕینیشی نامێنێ. کەواتە زمان خزمەتی بیر دەکات و بیریش خزمەتی زمان دەکات.

بیر بە هۆی زمان لە گۆڕانکاری بەردەوامە لە ئەنجامی کاریگەری دەرەکی و پێشکەوتنی زانستی کە پێشکەوتنی کۆمەڵ دەردەبڕێ ، کەواتە پەیوەندی زمان و بیر پەیوەندییەکی پتەوە.

**کاریگەری زمان لەسەر بیر**

سەبارەت بەپەیوەندی نێوان زمان و بیر، زمانەوانەکان بیرو ڕای جیاوازیان هەیە. زمان لە فۆڕم و واتا پێکهاتووە ، واتاش لەناو بیرە، ئەگەر واتا وەك چەمك لێکبدەینەوە دەکەوێتە ناو بیر. بۆ سەلماندنی کە دەڵێین (دێو) خۆی لەبەر چاومان نییە، بەڵام چەمکێك هەیە لەناو مێشکمان. کەواتە زمان پەیوەندی بەبیرەوە هەیە. بەهۆی زمانەوە دەتوانین ئەوەی لەناو بیرە دەربڕین، بەڵام ئەم فۆڕمانە هەرگیز ناتوانن هەروەك چۆن لەناو بیرە بەتەواوی دەربڕن، هەروەها ناتوانین بە شێوەیەکی ورد و ڕوون کاریگەری زمان لەسەر بیر دەربڕین، چونکە تاکو ئێستا چەندین بۆچوونی جیاواز هەیە لەم بارەیەوە. ئەگەر سەیری زمانی قسەکەر بکەین و چۆنیەتی کاریگەری لەسەر کەسی بەرانبەری لەهەمان کۆمەڵگە. واتا ئەگەر سەیری تاکی کۆمەڵگەیەك بکەین ئەوە جیاوازی هەیە لەچۆنیەتی دەربڕین و شێوەی قسەکردنیان.

ئەم جیاوازییە لەتاکێك بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت. بەهەمان شێوە کاریگەرییەکەش لە تاکێکەوە بۆ یەکێکی تر دەگۆڕێت، چونکە شێوەی دەربڕین کەسایەتی ئەم تاکەت بۆ دەردەخات و بەگوێرەی شێوەی دەربڕین و پلەی کۆمەڵایەتییەکەی لەسەر کەسانی بەرانبەر دەگۆڕێت. واتە شێوەی دەربڕینی زمان پاراوی کاریگەری زۆری هەیە لەسەر کەسی بەرانبەر. واتە بەهۆی دەربڕینەکانەوە دەتوانین بیروڕای کەسێك لەبارەی شتێکەوە بگۆڕین و کاریگەریت هەبێت لەسەری. بۆ نموونە پیاوێکی ئایینی کە باس لەلایەنێکی ئایینی دەکات کاریگەری زۆرترە لەکەسێکی تر لەم بوارە شارەزاییەکی کەمی هەیە یاخود (مەلا) نییە. شێوەی دەربڕین و توانای کەسایەتیش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت کاریگەرییەکەشی لەسەر بیری بەرانبەر لە تاکێکەوە بۆ تاکێکی تر دەگۆڕێت.

ئەگەر سەیری کەسێك بکەین ، کە زمانەکەی لە لایەنی بایلۆجی تەواو نەبێت، ئەوا کاریگەری کەمترە لە سەر ئەو کەسەی زمان پاراو و بە شێوازێکی جوان و دەربڕینی گونجاو قسەدەکات ، چونکە ئەگەر سەیری کەسێك بکەین کە نەخۆشی زمانگرتنی هەبێت یان هەر نەخۆشییەکی تر لە زمانەکەی لە لایەنی بایلۆجی دەبینین کاریگەری زۆر کەمترە ، چونکە زۆرجار کەسی بەرانبەر لە بەر تەرکیزی کردن لەسەر شێوەی قسەکردنەکەی زۆر ئاگای لە ناوەرۆکی بابەتەکە نامێنێت. یاخود ئەو کەسانە لە هەموو کات ناتوانن دەربڕینی گونجاو بە شێوەیەکی جوان و شیاو دەربڕین، بۆیە زمانەکەیان کاریگەری کەمترە لەسەر بیری کەسی بەرانبەر ، چونکە وەك دەزانین لە کاتی ئاخاوتن زمانگر تووشی سێ ڕەوشتی گوتەیی دەبێت یان سێ ڕەوشتی گوتەیی لە ڕەوشتی ئاخاوتنی زمانگر هەستی پێ دەکرێت، کە ئەمانەن:

١. دووبارەکردنەوەی دەنگ یان وشە یان ڕستەی کورت.
٢. وەستان لە کاتی ئاخاوتندا.
٣. درێژکردنەوەی دەنگێك یان بڕگەیەك (دانا تەحسین محەمەد: ٢٠٠٨: ٧٥)

لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە ئەم شێوە دەربڕینانە کاریگەرییان کەمترە لەسەر کەسی بەرانبەر ، چونکە وەك وتمان گوێگر سەرنج لە شێوەی قسەکە دەدات زیاتر نەك لە ناوەڕۆك یاخود ئەوەندە سەرنج دەداتە وشەکانی تاکو لە واتایان بگات و ئاگای لە ناوەرۆکی بابەت نامێنێ بۆیە کاریگەری لەسەر تاکی بەرانبەر کەمترە لەو کەسانەی بە زمان پاراو و دروست و ڕەوان دەدوێن. لەمەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە زمان پاراوی و لێزانی لە هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان کاریگەری زۆریان هەیە لەسەر کەسی بەرانبەر ، بۆیە هەندێك جار قسەکەر بەهۆی زمانەکەی و جوا ی شێوازی قسەکردنی دەتوانێت بیروڕای کەسی بەرانبەری بگۆڕێت جا ئەگەر ئەم بیروڕایەی ڕاست بێت یان بە پێچەوانەوە.

(فندرس) دەڵێت: ئەوەی لە مێشکدایە کەمترە لەوەی لە زماندایە.

هەروەها سەبارەت بە گرنگی زمان لەسەر بیر ، ئایا زمان پێویستە هەبێت بۆ بیرکردنەوە یان نا ، بیروبۆچوونی جیاواز هەیە لە بارەی ئەم بابەتەوە لە ڕووی بایلۆجییەوە.

گرووپی یەکەم: پێیان وایە کە بوونی زمان مەرجێکی تایبەتییە بۆ توانای بیرکردنەوە. ئەفلاتوون لە زانا دێرینەکان و (جۆن واتسۆن) لە زانا هاوچەرخەکان نوێنەرایەتییان دەکات ((دەڵێت بیرکردنەوە لە زمانێکدا ڕوودەدات کە ئاخاوتن و پێکهاتەکانی بێ دەنگ بێت)) ، هەروەك بڵێیت کەسێك گفتوگۆ و وتوێژ لەگەڵ

کەسێکی تردا بکات ئەمەش مانای وایە کە فێربوونی زمان مەرجێکە بۆ بوونی توانای بیرکردنەوەی مرۆڤ.

گروپی دووەم: کە (هۆستیۆن فندلر) نوێنەرایەتی دەکات بیروبۆچوونێکی جیاوازیان هەیە بوونی زمان و فێربوونی زمان بە مەرجێکی تایبەتی و چەسپاو دانانێت بۆ پەیدابوونی و توانای بیرکردنەوە ، بەلگەشیان بۆ ئەمە ئەوەیە کەوا ((کەسێکی کەڕ و لاڵ توانای بیرکردنەوەی هەیە ، چونکە هەست بە دەروپشتی خۆی دەکات و بڕیار وەردەگرێت، لەوانەشە گۆڕانکاری بەسەر بیروڕای خۆیدا بێنێت ، کەچی زمانیش نازانێت و ناتوانێت قسەبکات ، بگرە لە منداڵیشەوە یەک وشەی نەبیستووە و نەیوتوە)) (أحمد شفیق خطیب: و. نەریمان خۆشناو: ٢٠٠٩: ٩٥ – ٩٦)

**کاریگەری بیر لەسەر زمان**

بیرکردنەوە لە ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ هەڵدەقوڵێت و هەموو بیرکردنەوەی زانستی و زانیاریشی لە ژیانی ڕۆژانە سەرهەڵدەدات ، بۆیە بارودۆخی ژیانی میللەتێك و زمانی کە لەگەڵ میللەتێکی تردا جیاوازە، شێوەی بیرکردنەوە و زمانیشی جیاوازە. هەروەها شێوەی تێگەیشتنیشیان جیاوازە، زمانیش میراتێك نییە وەك ڕەنگی پێست و شێوەی لەشە و ...هتد. بەڵکو بە گوێرەی شوێنەکە دەگۆڕێت، هەربۆیەش بیری میللەتێك لەگەڵ شێوەی بیرکردنەوەی میللەتێکی تر دەگۆڕێت. هەروەها مێژوو و ژینگەی میللەتێك لەگەڵ میللەتێکی تر جیاوازە، ئەمەش کاریگەری لەسەر شێوەی بیرکردنەوە هەیە. زمانی ئەم میللەتەش بە گوێرەی زانیاری و ئاستی ڕۆشنبیری ئەم میللەتە یاخود ئەو تاکە دەبێت. چونکە شێوەی بیرکردنەوەکە کاریگەری لەسەر شێوەی زمانەکە دەبێت کەسی ڕۆشنبیر و زمانێکی پاراو و جوانی هەیە، بەڵام کەسێك ئاستی ڕۆشنبیری کەم بێت فەرهەنگی شێوەکانیشی لاوازە وەك کەسی ڕۆشنبیر فەرهەنگی وشەی دەوڵەمەند نییە. بۆیە زمانەکەشی لە ئاستی ڕۆشنبیرییەکەی دەبێت.دنیای واتاکان لەگەڵ دنیای دەنگەکان پێکەوە پەیوەستن. (محمد مەحوی: ٢٠٠٩: ١٨٤)

پێشکەوتنی لایەنێك لە ژیاندا ڕەنگدانەوەی لەسەر بیری کەسەکانی ئەو ناوچەیە هەیە، بەمەش کاریگەری لەسەر زمانی ناوچەکە دەکات.

(بیلابیر) (١٩٦٣) پێی وایە بۆ تێگەیشتنی پەیوەندی بیر بە زمانەوە زۆر پێویستە دوو لایەنی بیر لە یەکتر جیابکەینەوە، کە لایەنی دینامیکی ڕوخسار و لایەنی ناوەڕۆك و کاکڵەیە. جا لایەنە دینامیکییە شکڵییەکان چەند مەسەلەیەکی وەکو چەمك و یاسا و دەرەنجامەکان دەگرێتەوە ، ئەم لایەنە دینامیکییە ڕوخسارەش بۆ هەموو مرۆڤایەتی یەك شتن ، ... بەم مانایە دەتوانین بڵێین: کە

لۆجیك بۆ هەموو گەلان هەر لۆجیکە و یاساکانی بیرکردنەوەش بۆ مرۆڤ هەر یەکە ، بەڵام لە نێوان تایبەتمەندییەکانی بیرکردنەوەی دەروونی توخمێکی دی هەیە کە (ناوەرۆك)ە ، ناوەرۆکی بیرکردنەوە بە پێی شارەزایی گەلان گۆڕانکاری بەسەردا دێت. (موفق حمدان : و. نەریمان خۆشناو: ٢٠١٠ : ١١١)

(دونلاب) دەڵێت: ((کاتێ بونیادی زمانی نەتەوەیەك دەخوێنینەوە دەتوانین شێوەی بیرکردنەوەشیان بزانین و کاتێکیش چەمکەکانیان دەخوێنینەوە، دەتوانین ئەو شتانە دیاری بکەین کە پێی جیادەکرێتەوە. زمان لە بیرکردنەوەی کۆمەڵگاوە هەڵدەقوڵێت ، جیاوازی نێوان زاراوەکانی زمانە جیاوازەکان نیشانەی جیاوازی کەلتورەکانە)) (حاتم صالح ضامن: ١٩٨٩: ١٤٣)

بیر دیاردەکانی دەوروبەر و ژینگە و سروشت لەسەر لاپەڕەکانی مێشکی مرۆڤ کۆپی دەکات و وا لە مرۆڤ دەکات تێیان بگات. واتە کاری بیرکردنەوەیە لە دیاردەکانی دەوروبەری. هەرچی زمانە ئەرکی گواستنەوەی بیر و ئاڵوگۆڕکردنی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگا. زمان و بیر تەواوکەری یەکترن، چونکە زمان بیر ڕوون دەکاتەوە و بیریش زمان دادەهێنێ.

**سەرچاوەکان:**


١. أدوارد ساپیر ، ١٣٧٦ (١٩٩٧) ، زبان (در أمدي بر مطالعة سخن گفتن) ، چاپ أول ، انتشارات سروش ، تهران.
٢. میلکا أفیتش ، ١٩٩٦. ت. سید عبدالعزیز مصلوع و وفاء کامل فاید ، اتجاهات البحث اللساني ، بغداد.
٣. أحمد شفیق الخطیب ، زمان و بیر ، و. نەریمان خۆشناو ، گۆڤاری زمانناسی ، ژ. (٣)ئەیلولی ٢٠٠٩ ،.
٤. حاتم صالح الضامن ، ١٩٨٩ ، علم اللغە ، طبعة بمطبعة التعلیم العالي بالموصل.
٥. محمد مەحوی ، ٢٠٠٩ ، زانستی هێما (هێما ، واتاو واتا لێکدانەوە) بەرگی دووەم ، چاپخانەی پەیوەند ، سلێمانی.
٦. موفق حمدان ، زمان و بیر ،و. نەریمان خۆشناو ، گۆڤاری زمانناسی ، ژ. (٦) کانوونی دووەمی ٢٠١٠.
٧. جمعة سید یوسف ، ١٩٩٠ ، سیکولوجیة اللغة والمرض العقلي ، عالم المعرفة.
٨. دانا تەحسین محەمەد ، ٢٠٠٨ ، نەخۆشی زمانگرتن لە نێو منداڵانی کورددا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر.

# ئەو کەرەستە زمانیانەی دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە

سەرکەوت عەبدوڵلا

کار بەبناغەی دروست بوونی ڕستە دادەنرێت ، ڕستە لەسەر دوو بناغە دادەڕێژرێت : بەشی سەرکار و بەشی کار . هەروەها کار بە هەموو دەمکاتەکانی بە بنچینەی فرێزی کاری نێو ڕستە دەژمێردرێت کار بەتەنێ بۆی هەیە ڕستە دابرێژرێت و واتایەکی تەواو ببەخشێ بە یارمەتی ئەو بکەرە لکاوەی کە بەکۆتایەوە لکاوە وەك : – دەنووسم .

کار یان فرمان لەڕووی ڕۆنانەوە دەکرێتە دوو بەشەوە :

١– کاری سادە

٢– کاری نازادە

هەروەها کاری نازادەش دوو جۆرە :

أ – کاری دارێژاو

ب – کاری لێکدراو

ئەوەی مەبەستمانە کاری لێکدراوە.

**پێناسەی کاری لێکدراو**

**کاری لێکدراو** : ئەو کارەیە کە لە دوو بەش یان زیاتر لە دوو بەشی واتادار پێکدێت ، بەشی یەکەمی لە ناوێ یان جێناو یان ڕاناو پێك دێت بەشی کۆتای لە چاوگێك پێك دێت ، مەبەست لە کاری لێکدراو لە زمانی کوردیدا ئەو کارەیە کە لەناو کار وە یا پێشگر و کار پێك هاتووە ، بە پێی ئەم جۆرە دارشتنە کاری لێکدراو دوو جۆرە :

١- کاری لێکدراوی ناوی
٢- کاری لێکدراوی پێشگری

هەروەها بۆ پێناسەی کاری لێکدراو لە ناو زمانی کوردی زۆر باس کراوە وەك لە زمانی کوردی دا کرداری لێکدراو بە یاریدەی ناو و ئاوەڵناو پێك دێت وەك :

دەست برین - ڕێ گرتن - پڕکردنەوە - شەرم کردن.

ئاوەڵناویش سادە بێ یان دارِژاو یان لێکدراو هەروەك ناو دەتوانێ لە ڕۆنانی کرداری لێکدراو بەشدار بێ و ناو دەتوانێ لە ڕۆنانی کرداری لێکدراو بەشداربێ وەك :

١/ ئاوەڵناوی سادە : سوور + بوون = سووربوون
بڵند + کردن = بڵند کردن

٢/ ئاوەڵناوی دارێژراو : نەخۆش + کەوتن = نەخۆش کەوتن
بەهێز + بوون = بەهێزبوون

٣ / ئاوەڵناوی لێکدراو :

سەرخۆش + بوون = سەرخۆش بوون
ڕووڕەش + بوون + ڕووڕەش بوون

یان **کاری لێکدراو** : بریتی یە لەو ڕۆنانەی کە مەرجە کارێکی دارِژاو بەشداری لە پێکهێنانی دا بکات و بەلای کەمەوە کەرەستەیەکی زمانیشی لەگەڵ دابێت .

بە گشتی کەرەستە زمانی یەکە فۆرمێکی ئازادە کە لە کۆمەڵێکی ناوی یان ئاوەڵناوی یان ئاوەلکاری پێکهاتوون وەك دانەیەکی سینتاکی کارد ەکەن .

لە زمانی کوردی دا چەند کەرەستەیەکی زمانی یان بەشە ئاخاوتن بەشدار دەبن لە ڕۆنانی کاری لێکدراودجا کارەکە فراوان دەکەنەوە بە پێچەوانەی کاری دارێژراو وە بەشە پێك هێنەرەکانی کاری دارێژراو ( پێشگر و پاشگر ) ی دارشتن بە هیچ شێوەیەك لە کارە ناترازێن چونکە بەشێکن لە کارەکە لەم بارەیەوە تەنیا جێناوە لکاوەکان توانای ئەوەیان هەیە کە بچنە نێوان کەرتەکانیان .

بۆ ڕوونکردنەوە و دیاری کردنی ئەو بەشە ئاخاوتن و کەرەستە زمانیانە کە دەکەونە نێوان کاری لێکدراوە بەم جۆرە دیاری دەکەین :

**ئەو بەشانەی دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە**

١- جێناوی لکاو / لەنێوان کاری لێکدراو دا

شوێنی جێناوی لکاو هەمیشە دەکەوێتە کۆتایی کارەوە ئەگەر هاتوو کارەکە ڕابردووی سادەی تێپەڕ - تێنەپەڕ - ڕانەبردووی تێ نەپەڕ - ڕانەبردووی تێ پەڕ - کاری داخوازی - کاری ڕابردووی تێ پەڕ بێ ( بەرکار باس نەکرابێ ) .

١ـ من نووسیم    من فرۆشتم    کاری ڕابردووی تێپەڕ

ئێمە نووسیمان    ئێمە فرۆشتمان

٢ـ من خە وتم    -    من کەوتم

ئێمە خەوتین    -    ئێمە کەوتین    کاری ڕابردووی تێنەپەڕ

٣ـ من دەخەوم    -    من دەکەوم

ئێمە دەخەوین    -    ئێمە دەکەوین کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

٤ـ من دەنووسم    -    من دەنێرم

ئێمە دەنووسین    -    ئێمە دەنێرین    کاری ڕانەبردووی تێپەڕ

٥ـ بخوێنە    -    بفرۆشە

بخوێنن    -    بفرۆشن    کاری داخوازی

ئەگەر هاتوو کارەکە تێ نەپەڕ بوو ڕاناوی لکاو لە حاڵەتی فاعلی یەتدا لەگەڵ تێ نەپەڕدا بە هەموو دەم و داڕشتنەکانیەوە وەك :

هاتم - ئەو هاتن - ئەم هاتن

.........................

هاتم - هاتن

من دەچم - تۆ دەچی

ئەز دچم - تو دچی

...............

بەڵام ئەگەر هاتوو کارەکە لێکدراو بوو ئەوا جێناوی لکاو دەکەوێتە سەر کۆتایی بەشی یەکەمی کارەکە وەك لە کاری ( نان خواردن ) - نانەکەتان خوارد .

ئەگەر هاتوو کارەکە بوو بە لێکراو بەهۆی پێشگری ( چ ) نیشانەی جۆری کات بێ یا پێشگرێکی ئیشتقاقی بێ ئەوە ڕاناوەکە دەلکێ بە پێشگری یەکەمەوە ، وەك :

ئەمان کرد – هەڵمان ئەکرد

ئەگەر تەواوکەرێ چ ڕاستەخۆ چ ناراستەوخۆ دەرکەوت بەمەوە دەلکێ وەك :

ئێمە نانمان خوارد .

ئێمە بۆ ئەومان ئەنارد .

ئێمە بۆمان نارد .

هەروەها لە هاوجێ گۆرکێ و یان جێ گۆڕان دا ( جێگا گۆڕان ) هەندێ جار لە هەندێ ڕستەی تایبەتیدا ( پێ ) جێگای پرپۆزشنی ( بـ ) دەگرێتەوە ، ئەو جێگایانەش ئەمانەن :

أ – هاتنی ڕاناوی ئەلکاوی کەسی سەربەخۆ بۆ کەسی یەکەم و دووەم و سێ یەم و تاك و کۆ بەدوای ( بە)دا بۆ وێنە :

کارەکە بە تۆ دەکەم .

دەبێتە کارەکەت پێ دەکەم .

یاخود کارەکە پێت دەکەم

هەروەها لەکاری داخوازی لێکدراو جێناوی لکاو کۆمەڵەی A (م–مان، ت–تان،ی–یان) دەکەوێتە نێوان کارەکەو لەدەوری بەرکاری ناڕاستەوخۆ(بەرکاری تیان) دەردەکەون:–

لێم مەشارەوە– لێمان مەشارەوە . ڕاناوە کەسی یە لکاوەکانی کۆمەڵەی (A) لە ڕستەدا لەجێی ڕاناوە کەسی یە خۆیەکان دەبنە بەرکاری ناڕاستەوخۆی فرمانی ئەمری ئێنەپەڕی ناسادە (لێکدراو) لە شێوازی ئەرێ و نەرێ دا ولە دوو مەڵبەندا دەردەکەوێت:–

لێ – (م–مان) نزیك بکەرەوە . حاڵەتی ئەرێ

ی –یان

لێ –(م –مان) نزیك مەکەرەوە . حاڵەتی نەرێ

ی –یان

* ناو دەکەوێتە نێوان کاری لێکدراوە :–

ناو دەكەوێتە نێوان كاری لێكدراوەوە بە هۆی ئامرازی ( بە ) وە ، جا ناوەكان تایبەتی بن یان گشتی .

(( ئەگەر لە بری ئەم ڕاناوە كەسی یە ئەلكاوانە ناوێكی تایبەتی یان زیاتر هات هەر هەمان دەستووری یاساكە ڕێڕەوی خۆی گرتووەتەبەر بۆ وێنە :

كارەكە بە ئازا دەكەم .

دەبێ بە :

كارەكە بە ئەو دەكەم .

كارەكەی پێ دەكەم .

كارەكە پێ ی دەكەم .

هەروەك لە چاوگی ( چاوپێ كەوتن ) دەبینین :

چاوم بە نەسرین كەوت .

( م — بە — نەسرین )

م / جێناوی بكەری لكاو ،

بە / ئامراز .

نەسرین / ناوی تایبەتی .

هەروەها ناوی گشتی بەهەمان شێوەی ناوی تایبەتی دەكەوێتە نێوان كاری لێكدراوەوە وەك :

چاوم بە پیاوەكە كەوت .

م / جێناوی بكەری .

بە / ئامراز .

پیاوەكە / ناوی گشتی + نیشانەی ناسراوی .ئەو كارە لێكدراوانەی بەیاریدەی ناو یان ناو ئاسا دروست دەبن سیمای تایبەتی یان هەیە كەبەر ناوی (ی)دەكەوێتە پێش كارەكەو ڕێگا دەدات ناوەكەو كارەكە لێك بترازێن و كەرەستەی تر بچێتە نێوانیان كە ئەركی دیارخەر ببینن

*** جێناوی سەربەخۆ لە نێوان كاری لێكدراو دا :—**

جێناوی سەربەخۆ ئەویش وەك بەشێكی تری بەشەكانی ڕستە دەكەوێتە نێوان كاری لێكدراوەوە بەم شێوەیەی خوارەوە :

لە چاوگی ( کارکردن ) : وەك : من کارم کرد . لەم ڕستەیەدا تەنها جێناوی لکاوی بکەری کەوتۆتە نێوان کارەکەوە بەڵام ئەگەر هاتوو بەرکاری تیان لە ڕستەدا دەرکەوت بەم جۆرە :

من کارم بە تۆ کرد .

( م – تۆ ) ئەکەونە نێوان کارە لێکدراوەکەوە ، وە ئەگەر کارەکە بکەینە نەرێ:

من کارم بەتۆ نەکرد .

ئەو بەشانەی کەوتوونەتە نێوان کارەکەوە :

١– ( م ) جێناوی بکەری تەواو .

٢– ( بە ) ئامرازی پەیوەندی .

٣– ( تۆ ) جێناوی کەسی سەربەخۆ .

٤– ( نە ) ئامرازی نەرێ .

وە هەروەها لە کاری ڕابردووی لێکدراوی بەردەوام :

من کارم بە تۆ دەکرد .

ئەو بەشانەی دەکەونە نێوان کارەکەوە :

١– ( م ) جێناوی بکەری لکاو .

٢– ( تۆ ) جێناوی کەسی سەربەخۆ .

٣– (بە ) ئامرازی پەیوەندی .

٤– ( دە ) نیشانەی بەردەوامی کاری ڕابردوو .

ئەگەر هاتوو کارەکە ڕابردووی لێکدراوی بەردەوامی نەرێ بوو :

من کارم بە تۆ نەدەکرد .

ئەو بەشانەی کەوتوونەتە نێوان کارە لێکدراوەکەوە ئەمانەی خوارەوەیە :

١– ( م ) جێناوی بکەری لکاو .

٢– ( بە ) ئامرازی پەیوەندی .

٣– ( تۆ ) جێناوی کەسی سەربەخۆ .

٤– (نە ) ئامرازی نەرێ .

٥– ( دە ) نیشانەی بەردەوامی کاری ڕابردوو .

ئەمانەی ژوورەوە کە باسکران کاری تێپەڕ بوون بە هەمان شێوە ئەگەر هاتوو کارەکە تێ نە پەڕ بێ ئەو بەشانەی دەکەونە نێوان کارە لێکدراوەکەوە وەك لە چاوگی ( چاو پێ کەوتن ):

من چاوم بە تۆ کەوت .

١- ( م ) جێناوی بکەری لکاو .

٢- ( بە ) ئامرازی پەیوەندیە .

٣- ( تۆ ) جێناوی کەسی سەربەخۆ .

حاڵەتی نەرێ : چاوم بە تۆ نەکەوت .

١- ( م ) جێناوی بکەری لکاو .

٢- ( بە ) ئامرازی پەیوەندی .

٣- ( تۆ ) جێناوی کەسی سەربەخۆ .

٤- ( نە ) ئامرازی نەرێ.

بە هەمان شێوە ئەگەر هاتوو کارە لێکدراوەکە ڕابردووی بەردەوام ئەرێ و نەرێ بێ

ئــاوەڵناو : دەکەوێتە نێوان کاری لێکدراو :

ئاوەڵناو وەك بەشێکی تری ڕستە دەکەوێتە نێوان کاری لێکدراوەوە . بەڵام ئاوەڵناو وەك بەشێکی سەربەخۆ نایەت وەك دیارخەر ێلەناو کارەکەدا ، دیار خراوەکە باس نەکراوە ، لە بری ئەوەی بڵێین :

چاوم بە پیاوە مەزنەکە کەوت .

دەبێتە : چاوم بە مەزنەکە کەوت.

ئەوەی جێی باس کردنە ئەو چاوگە لێکدراوانەی کە ئاوەڵناو بەشدار دەبن لە ڕۆنانی کارەکە و ڕێ نادات فراوانتر بێت و بەشی تری ئاخاوتن بکەوێتە نێوان کارە لێکدراوەکە وە ، وەك :

بڵند کردن – نەخۆش کەوتن – سەرخۆش بوون .

تە نها جێناوی لکاو دەکەوێتە نێوان بەشەکانیەوە و نێوان ئەوانی تر جێناوە لکاوەکەش وەرناگیرێت وەك :

بڵندم کرد .

ڕوو ڕەشی کرد .

سەر خۆش بووم .

نەخۆش کەوتم .

٣- ( نووسین ) چاوگ

١- ناوێك نیشانەی نەناسراو

واتە چاوگ لە هەموو دۆخەکاندا بە گوێرەی جۆری کارەکە وەك بەشەکانی تری ناو ڕستە دەکەوێتە نێوان کاری لێکدراوەوە ، دیسانەوە هەندیّ کاری لێکدراو لەم دەستەدا ڕێگا بە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناراستەوخۆ دەدەن کە بچنە نێوان کەرتەکانیانەوە بێ ئەوەی کار لە بنەمای ڕۆنانی واتای کارەکان بکەن وەك : دکتۆر مارف وەڵامی پرسیارەکانی بە نووسین دایەوە

ئەم بەشانەی سەرەوە کە کەوتنە نێوان کاری لێکدراوەوە دەتوانین هەموویان پێکەوە وەك فرێزی ناوی و ئاوەڵکاری بەشدارین لە نێوان کاری لێکدراو وەك :

چاوم بە تۆ و نەسرین و مەزنەکە و نووسینەکە کەوت .

* جێناوی خۆیی پرس ( نادیار – دیار ) :

جێناوی خۆیی و جێناوی دیارو نادیار جێناوی پرس دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە

١- جێناوی خۆیی : کارم بۆ خۆم کردووە . نزیك خۆمم کردەوە .

٢- جێناوی پرس : کارت بۆ کیّ کرد ؟ . کارت بە کیّ کرد ؟

٣- جێناوی نادیار : کارم هیچ نەکردووە .

٤- جێناوی دیار : کارم هەموو کردووە .

ئەنجام:

ئەو بەشانەی دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە، دەتوانین بە پوختی لەم خاڵانەی خوارەوە پیشانی بدەین :

١- جێناوی لکاو وەك بکەر و وەك بەرکار لە نێوان کاری لێکدراودا .

٢- جێناوی کەسی سەربەخۆ .

٣- ناو / ناوی تایبەتی و ناوی گشتی وەك بەرکاری تیان

٤- ئاوەڵناو / وەك دیارخەر بۆ دیارخراوێك لەناو کاری لێکدراودا .

٥- ئاوەڵکار بە هەموو جۆرەکانیەوە دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە .

٣- ( نووسین ) چاوگ

١- ناوێك نیشانەی نەناسراو

واتە چاوگ لە هەموو دۆخەکاندا بە گوێرەی جۆری کارەکە وەك بەشەکانی تری ناو ڕستە دەکەوێتە نێوان کاری لێکدراوەوە ، دیسانەوە هەندێ کاری لێکدراو لەم دەستەدا ڕێگا بە بەرکاری ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەدەن کە بچنە نێوان کەرتەکانیانەوە بێ ئەوەی کار لە بنەمای ڕۆنانی واتای کارەکان بکەن وەك دکتۆر مارف وەڵامی پرسیارەکانی بە نووسین دایەوە :

ئەم بەشانەی سەرەوە کە کەوتنە نێوان کاری لێکدراوەوە دەتوانین هەموویان پێکەوە وەك فرێزی ناوی و ئاوەڵکاری بەشداربن لە نێوان کاری لێکدراو وەك :

چاوم بە تۆ و نەسرین و مەزنەکە و نووسینەکە کەوت .

* جێناوی خۆیی پرس ( نادیار – دیار ) :

جێناوی خۆیی و جێناوی دیارو نادیار جێناوی پرس دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە

١- جێناوی خۆیی : کارم بۆ خۆم کردووە . نزیك خۆمم کردەوە .

٢- جێناوی پرس : کارت بۆ کێ کرد ؟ . کارت بە کێ کرد ؟

٣- جێناوی نادیار : کارم هیچ نەکردووە .

٤- جێناوی دیار : کارم هەموو کردووە .

ئەنجام:

ئەو بەشانەی دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە، دەتوانین بە پوختی لەم خاڵانەی خوارەوە پیشانی بدەین :

١- جێناوی لکاو وەك بکەر و وەك بەرکار لە نێوان کاری لێکدراودا .

٢- جێناوی کەسی سەربەخۆ .

٣- ناو / ناوی تایبەتی و ناوی گشتی وەك بەرکاری تیان

٤- ئاوەڵناو / وەك دیارخەر بۆ دیارخراوێك لەناو کاری لێکدراودا .

٥- ئاوەڵکار بە هەموو جۆرەکانیەوە دەکەونە نێوان کاری لێکدراوەوە .

٦- چاوگ / ئەویش وەك ناوێ بەهەموو تایبەتیەکانی یەوەواتا بە هەموو دۆخەکانی یەوە دەکەوێتە نێوان کاری لێکدراوەوە .

٧- جێناوەکان/ جگە لە جێناوە کەسی یەکان جێناوی خۆیی ، جێناوی پرس ، جێناوی دیار ، جێناوی نادیار ) هەموو بەشدار دەبن لە نێوان کاری لێکدراوەوە .

سەرچاوەکان:-

١ـ قەناتی کوردۆییف، ڕێزمانی کوردی بەکەرەستەی دیالێکتی کرمانجی وسۆرانی، و: د.کوردستان موکریانی، ساڵی ١٩٨٤.

٢ـ محمد ئەمین هەورامی، پریپۆزیشنی (بە) لە زمانی کوردی دا-ڕۆشنبیری نوێ-ژ-١٠١-١٩٨٤ .

٣ـ نوری علی ئەمین، ئەرك وشوێنی ڕاناوە کەسییەکان لە ئاخاوتنی کوردی دا -١٩٨٦.

٤ـ بەراوردکاری لەنێوان زارە کوردیەکاندا -لیژنەی زمان -گۆڤاری کۆڕی زانیاری عیراق -دەستەی کورد-ب -١٠ .

٥ـ ئەورەحمانی حاجی مارف، بەرهەمە زمانەوانییەکانم- بەرگی دووەم - ساڵی ٢٠٠٤ سلێمانی.

٦ـ د. کوردستان موکریانی، سینتاکسی ڕستەی کوردی -هەولێر ،دەزگای ئاراس.

٧ـ د. یوسف شەریف، کاری لێکدراو لە کوردی وفارسی دا، نامەی دکتۆرا- ١٩٨٨ .ز.سلاحەدین.

# ڕۆڵی ژمارە لە پێکهاتەی وشەی کوردیدا
# ناو بە وێنە

د. سەباح مووسا
کۆلێژی پەروەردە/ زانکۆی کەرکووک

بەشی یەکەم

**پێشەکی:**

زمـان وەك دیاردەیـەكی زمانـەوانی لـەڕووی شـێوە و ڕواڵـەت و فـۆرم لـە سەرتاسەری جیهاندا لەنێو زماناندا یەکەو زۆر باس و تیۆرو بۆچوون سەبارەت بە سەرهەڵدان و پەیدابوونی زمانانی جیهاندا هەیە.

بەڵام لێرەدا بواری باسکردن و شرۆڤەکردن ئـەم بابەتـە نییـە، زمـانی هـەر میللەتی یا نەتەوەیەك خاسییەت و تایبەتمەندو یاساو ڕێزمانی خـۆی هەیـە، ئـەو خاسییەت و سیمایانە لەگەڵ زمانانی دیکەی جیهاندا جودای دەکاتەوە، هـەر بـۆ ئـەم مەبەستەش مەحاڵـەو سانا نییـە، دوو زمـانی جیهانـدا لـە ئاسـتی یاسـای ڕێزمانی و تایبەتیتی پێکهاتن و ڕێکەوتنی زمانەوانی و گشت یاساکانی فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی و سینتاکس و سیمانتیکس وێك بچن، ئەگینا ئەو جیاوازییەو لەیەك نەچوونە نەبایە، ئەوا سەرجەم زمانانی جیهـان لەیـەك دەچـوون و وێـك چـوون و یاساو سیستم و لیڤلەکانی زمان هەمووی یەکسان دەبوون.

زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانە جیهانییانەی، کە خـاسییەت و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەبوارەکانی زمان و ئاستەکانی زمان، کـە جـودای دەکاتـەوە لەگـەڵ زمانانی تری جیهاندا.

ژمارە بەو کۆمەڵە بەهادارە دەوترێت، کە ئاماژە دەداتە نرخ یان بەهای کۆمەڵە شتێك کە زیاتر لە دانەیەکە و بەزمانی فارسی بە (شمارە) و بە عەرەبی (الرقم - العدد) بە زمانی ئینگلیزی پێی دەوترێت (Number) و مرۆڤ هەر چاوی بەدونیا هەڵهێناوە و تێکەڵاوی هاورەگەزی خۆی بووە و ژیان وای پێویست کردووە کە گوزەرو ژینی لەگەڵ هاوڕێ و هەڤاڵانی بیاتەسەر، ئەو ساتەو کاتە پێویستی بە کۆمەڵە کەرەستەو هێما هەبووە، کە گوزارشت لەژیانی دەوروبەری بکات، وەك ئەوەی ناوی لە درەخت و چیا و دۆڵ و ڕووبار و گڤەی باو و هاژەی ئاو بنێت و لەوهەمان کاتدا کە لە دانەیەك زیاتر لە مەڕو ماڵات بوویێت یان حیساب کردنی ئەندامانی خێڵەکەی بوویێت یان هەوڵی دابێت بزانێت چەند سەرە مەڕ یان ڕۆژ و شەو ساڵ بزانێت، پێویستی بەوە هەبووە، هێمایەك یان نیشانەیەك بەکاربهێنێت، ئەو کەرەستەو شتومەکانە لەیەکتر جودا بکاتەوە، هەر بۆ ئەم مەبەستەش پەنای بردۆتە بەر ژمارە بۆ ئەوەی حیساباتی ڕێك بخات و لێی تێك نەچێت، بۆیە کە دەڕوانینە مێژووی سەرهەڵدانی شارستانی و پەیدابوونی مرۆڤ لەسەر کۆی زەوی لەسەر تاشە بەردەکان و دیواری ئەشکەوتەکان بۆ هەر هێمایەك ژمارەیەکی داناوە و هەر هێمایەك ئاماژە دەداتە ژمارەیەکی سادەو ساکاری بەکارهێناوە چونکە ژیانەکە سادەبووە، بەڵام لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگاو دروست بوونی شارستانی ئەو ژمارانەی پێشوو لەتوانایاندا نەبوو کە پێویستییەکانی ژیان پڕ بکەنەوە بۆیە ئادەمیزاد ناچاربووە ژمارە و هێمای نوێ بەکاربهێنێت بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەو ئەنجا لەسەد و هەزارەوە هەنگاوی ناوە بەرەو ملیۆن و ملیار و ملیاردو ئەنجا ترلیۆن و... هتد.

چەمکی ژمارە لەئەنجامی مێژوویەکی درێژی پێشکەوتنی ئادەمیزادەوە پەیدابووە، زانای ئەوروپی (ف. ئینگلیس دەڵێ ((چەمکی ژمارە و تەنەکان لە شوێنێکی نادیارەوە وەرنەگیراوە، بەڵکو لە واقیعی دەوروبەرەوە هاتووە)).

**بەشی یەکەم: جۆرەکانی ژمارە:**

پێشەکی ئاماژەمان پێی دا کە سەرەتا ژمارە ساکاربوون، بەڵام پاشان پێشکەوتن و گەشەسەندنی بەخۆوە بینی و تا گەیشتە ڕۆژی ئەمڕۆمان، ئێستاکە سێ جۆر ژمارە بەکاردەهێنرێت لەسەرجەم وڵاتانی جیهاندا و ئەمانەی خوارەوەن:

١ـ ژمارەکانی زمانی ئینگلیزی کە ناوی لێ نراوە (Number) و لەهەموو جیهاندا لەکاروباری بازرگانی و بانکە نێو دەوڵەتییەکان و سەرجەم کاروباری ئابووری بازرگانی و سەوداکردنی کەل و پەل و ژیاندا ئەو ژمارانە بەکاردەهێنرێن لە سفرەوە دەست پێ دەکات کە گوزارشت لەبەهاکانی خوار ژمارە یەکەوە دەکات و پاشان ژمارەکانی (١، ٢، ٣، ٤، ٥... هتد) تا ملیارو ترلیون دەڕوات.
٢. ژمارەی لاتینی، کە ئەمەش زۆر کۆنەو لەدێرین زەمانەوە لەکاتی گریکەکانەوە ڕەچاو کراوە و هەر ژمارەیەك هێما تایبەتی خۆی هەیە، لەژمارە یەکەوە دەست پێ دەکات تا کۆتایی و بەم جۆرە (IIV,Iv,III,II,I...هتد.)
٣. ژمارەی عەرەبی کە زۆر لەزاناکان دەڵێن کە بەڕەگەز لەهیندستانەوە یە و عەرەب لەوانی وەرگرتووە و ئێمەی کوردیش بەهۆی تێکەڵاوی و دراوسێتی و کارتێکردنی ئایینی ئیسلام لەوانەوە وەرمان گرتووە. بەڵام لە خوێندنەوەدا جیاوازی هەیە، ئەویش عەرەب لەخوێندنەوەی ژمارەدا، لەژمارەی بچووکەوە بۆ گەورە دەست پێ دەکات وەك (٧٥) خمسە وسبعون، کەچی کورد لەژمارەی گەورەوە بۆ بچووك دەیخوێنێتەوە و دەڵێت هەفتاو پێنج.

ژمارەکانیش لە سفرەوە کە واتای بەهایەکی بێ نرخە دەست پێ دەکات تا کۆتایی ژمارەکانی بەکارهێنراوی ڕۆژی ئەمڕۆمان.

**بەشی دووەم: ژمارە لەزمانی کوردیدا:**

زۆر لەزمانەوانانی کورد کەم یان زۆر باسیان لەژمارە کردووە، وەك بەشێکی ئاخاوتن کە ڕۆڵ و دەوری گرنگی لە یاسای زمانی کوردیدا هەیە، یەکەمین سەرچاوە باسی لەژمارە کردووە، کتێبەکەی مامۆستا (سعید صدقی کابان)ە بەناوی (مختصر صرف و نحوی کوردی)، کەلە ساڵی ١٩٢٨ لەشاری سلێمانی چاپکراوە و تیادا باسی ژمارە دەکات و دەڵێت (ژمارە بەشێکە لەناو) و چوار جۆر ژمارەی باس کردووە کە ئەمانەن:
١. ژمارەی ئەصلی = ژمارەی بنچی کە لە ژمارە یەکەوە تا ژمارە هەزاری باس کردووە و بە ژمارە ١ ـ ١٠ بە یەکان ناوزەد کردووە و لەژمارە ١٠ تا ١٠٠ بەسەدان و لەژمارە ١٠٠ ەوە تا ١٠٠٠ بەهەزاران و لەژمارە ١٠٠٠ تا ملیۆن بە ملیۆنان ناساندۆیەتی و هیچی تری باس نەکردووە.
٢. ژمارەی ڕوتەبی یان پلەیی: تەنیا ئەوەندەی وتووە کە بەخستنەسەری (ەم) و (ەمین) بۆ سەر ژمارەی (ئەصلی) دروست دەبێت.

٣. ژمارەی تەوزیعی یان ژمارەی دابەش وەك یەك یەك، دوو دوو.
٤. ژمارەی کەسری یان ژمارەی کەرتی کە بەشی سەرەو لەگەڵ خوارەوە بەیەکەوە دەنووسرێت.

مامۆستا (توفیق وەهبی) لە کتێبی (دەستووری زمانی کوردی) ئاماژە بەوە دەدات کە ژمارە بەشێکی ئاخاوتنەو دەچێتە خانەی ئاوەڵناوەوە و وتوویەتی ژمارە دووجۆرە ژمارە لای بنچی و ژمارەی پلەیی.

مامۆستا (نوری عەلی ئەمین) لەکتێبی (ڕێزمانی کوردی - چاپی بەغدا - ١٩٨٥) باسی ژمارە دەکات و دەڵێت ژمارە ئاوەڵناوە و بەڵام لەشێوازی دابەش کردنی جۆرەکانی ڕێچکەی مامۆستا سعید صدقی کابانی گرتوتەبەر.

(د. ئەورەحمانی حاجی مارف) لەکتێبی (ڕێزمانی کوردی - مۆرفۆلۆژی - بەشی چوارەم - بەغدا - ١٩٨٧) بەتێرو تەسەلی باسی لە ژمارە کردووە و دەڵێت (ژمارە وەك بەشێکی ئاخاوتن خاوەنی خاسیەتی واتای ژمارەیە بەگشتی و لەڕووی پێکهاتنەوە خاوەن تایبەتییەکی دیاری کراوی وەهایە، کە لە بەشەکانی تری ئاخاوتن جودا دەکرێتەوە).

هەروەها دەڵێت لەزمانی کوردیدا سێ جۆر ژمارە دیاری دەکرێت:

١. ژمارەی بنچی.
٢. ژمارەی پلەیی.
٣. ژمارەی کەرتی.

مامۆستا (احمد حسن احمد) لەکتێبی (ڕێزمانی کوردی) چوار جۆر ژمارەی جودا کردۆتەوە کە ئەمانەن:

١. ژمارەی بنچی.
٢. ژمارەی پلەیی.
٣. ژمارەی کەرتی.
٤. ژمارەی دابەش و پلەیی بە ئاوەڵناو لەقەڵەم داوە و سیانەکەی تریشی بەناو وەسف کردووە.

**بەشی سێیەم: نووسین و خوێندنەوەی ژمارە لەزمانی کوردیدا:**

لەنووسینی ژمارە ڕەچاوی نووسین دەکەین وەك چۆن لە نووسینی زمانی ئینگلیزی ڕەچاو دەکرێت واتا لەدەستی چەپەوە دەست بەنووسینی ژمارە دەکرێت واتا ئەگەر ژمارەی ملیۆن و چوارسەد و هەفتاو پێنج هەزار و سەدوو

بیست و سێ بە ژمارە بنووسین لەدەستی چەپەوە و لەژمارەی گەورەوە بەرە و بچووکتر و بەم شێوەیە: (١٤٧٥١٢٣)، کە واتا نووسینی ژمارە بە پێچەوانەی نووسینی ئەلفوبێی ئاساییە.

بەلام لەشێوازی خوێندنەوەی ژمارە دوو ڕێگای بنەڕەتی هەیە بۆ خوێندنەوەی ژمارە و بەم جۆرە:

ژمارە ١ تا ٩ ئاساییەو هەروەك خۆی دەخوێندرێتەوە.

١ـ ڕێبازی کۆکردنەوە و ئەمەش لە ژمارە ١١ تا ١٩ بەکۆکردنەوە واتا لە کۆکردنەوەی ژمارە (١٨) = هەشت + دە = هەژدە یان (١٤) = چوار + دە = چواردە.

بەلام ژمارەکانی سەرووتر واتا لە (٣١) تا (٩٩) لەڕێگای ناوبەندی (و) کۆدەکرێنەوە، وەکو (٤٣) چل و سێ واتا ژمارەی گەورە و ناوبەندی (و) و ئەنجا ژمارەی یەکان و بەم جۆرە.

لە ژمارە گەورەکان بەهەمان شێوە (١٢٦٧٢) دوازدە هەزار و شەش سەد و هەفتا و دوو.

٢ـ ڕێبازی لێکدان و ئەمەش وەکو و ژمارەی چوار سەد / شەش ملیۆن/ دە هەزار.

لەڕووی پێکهاتەی ڕێزمانییەوە ژمارەوە ناو دابەش دەکرێتە سەر چوار بەشەوە:

١ـ ژمارەی سادە: کە ئەو ژمارانەیە یەك ڕەگەزو بنەمایان هەیە: یەك، سەد، هەزار.

٢ـ ژمارەی ناسادە (داڕێژراو + لێکدراو) داڕێژراو ئەو ژمارانەن کە لە ژمارە سادەکەو پاشگرێك و رۆنان بێت، وەکو (حەفتا، هەشتا)، لێکدراویش بەوانە دەوترێت کە لە ئەنجامی لەیەکدانی دوو ژمارە رۆنان دەبن، بە وێنە (چواردە، شەش سەد).

هەروەها کۆمەڵێك مۆرفیم و نیشانە و پاشگر دەچنە سەر ناو ژمارەی پلەیی رۆنان دەکەن وەکو (ەم ـ مین ـ وم ـ انی ـ ێ) و لە کرمانجی سەرووش بۆ نێر و مێ (بید، بیت)، هەر بە وێنەش (چوارەم، چوارەمین، دوانی، بیکی، بێد جاران).

لەزمانی کوردیدا ژمارەی پلەیی پاش ناو دێت و بۆ خوێندنەوەی ژمارە پلەیەکە ئەوا لەکاتێك ژمارەکان زۆر بوون ئەوا ژمارەکە دەچێتە دوا ژمارە وەکوو شەست و دووەم یان شەست و دووەمین و بەو شێوەیە.

لەخوێندنەوەی ژمارەی کەرتی کە ئەندازەی کەرت نیشان دەدات وەك سێ یەك واتا یەکەم جار ژمارە گەورەکە و ئەنجا ژمارە بچووکەکە دەخوێندرێتەوە (سەدە شەش)ن زۆر جاریش پێشبەندی لە دێتە پێش ژمارە کەرتییەکەوە و لەگوڵیدا دەخوێندرێت، وەکو (لە هەزار سێ).

بەهەمان دەستوور زۆر جار وشەی (لەسەر) دەکەوێتە نێوان هەردوو ژمارەکەوە (پێنج لەسەر دوو)، یان نیشانەی سەرخستنە سەری (ی) کە بەژمارەی یەکەمەوە دەلکێت، بۆ نموونە (سەدی حەوت) لەبواری زانستی لیکسیکۆژیدا، ژمارە ڕۆڵی دیارە بەرچاوی هەیە لەبابەتی هەڤدژی بازنەیی و پلەداری، بە وێنە لە هاودژی پلەداری یان دژواتای پلەداری (درجەدار) دەبینین ڕۆڵی ژمارە زۆر زەقە بەتایبەتی لەبواری سەربازی و دەیاوانی، وەکوو (ملازمی دووەم، ملازمی یەکەم)، (مفەوەزی درجە یەك یان چوار..) و بۆ دژواتای بازنەییش دەوترێت (یەکشەممە، دووشەممە،...) و بۆ کاتەکانی ڕۆژ و ڕۆژەکانی مانگ و مانگەکانی ساڵ (سەعات یەك و دوانزە خولەك، دووی مانگی نیسان، مانگی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٩).

ژمارەش بەپێی دابەشبوونی جوگرافی دیالیکت و بەشە دیالیکتەکانی زمانی کوردیدا، شێوەی نووسین و خوێندنەوەی جودایە، تەنانەتی لە شێوە زارەکان جیاوازی لە نووسین و خوێندنەوەدا هەیە، ناوچەی سلێمانی و دەوروبەری شێوە و ڕێگایەك بەکاردێنن، کە جودایە لەشێوەی نووسین و خوێندنەوەی شێوەزاری موکریانی و ناوچەی هەولێر، وەکو چوار لە موکریان دەڵێن و دەنووسن (چار)، بۆ حەوت دەوترێت (حەفت)، بۆ سیانزەو چواردە و شانزە، دەوترێت (سێزدە و چاردەو شازدە).

ژمارە یەکان لەکرمانجی باکوور بەم شێوەیە دەنووسرێت:

ئێك/ یێك ـ یەك، دوو/ دوو ـ سێ/ سێ ـ چوار/ چار ـ چوار ـ پێنج/ پێنج ـ نەه/ نۆ ـ دەه/ دە.

لەژمارەی دەیان لەکرمانجی سەرووی بەم شێوەیە دەخوێنرێتەوە:

یازدە/ دوازدە/ سێزدە/ چاردە/ پازدە/ شازدە/ هەڤدە/ هەژدە/ نۆزدە.

لەژمارەکانی تریش بەم شێوەیە دەخوێنرێت و دەنووسرێت:

بیست/ سیە/ چل/ پێنجی/ شێست/ هەفتێ/ هەشتێ/ نوت/ سەد/ هزار.

بۆ بەکارهێنانی ژمارە لەگەڵ ناودا وەك دیارخەر و دیارخراو لە کرمانجی باکوور بەم جۆرە دەبێ:

قوتابیێ ئێکێ / یەکەم قوتابی - قوتابی دوویێ / دووەم قوتابی - قوتابی سێی / سێیەم قوتابی - قوتابی چارێ / چوارەم قوتابی.

**بەشی چوارەم: ناو لەزمانی کوردیدا:**

د. ئەورەحمانی حاجی مارف لەکتێبی ڕێزمانی کوردی (بەشی یەکەم) بەم جۆرە پێناسەی ناو دەکات ((ناو ئەو وشەیەیە کە ناوی گیاندارێك یان بێ گیانێك یان بیرێك یان کارێك دیاری دەکات))، بۆیە بۆ ناونانی کەسێك یان شتێك بەکاردەهێنرێت، وەکو پیاو، مار، مریشك، گوڵ، نان، هەناسە...هتد.

(سەعید سدقی کابان) لەباسی ناودا دەڵێت: ((اسم کلمەیەکە دانرابێت بۆ ناوی انسانی یان حیوانی یا بۆ ناوی شتی))، ڕەگەزی ناویش لە کتێبی (مختصری نحو صرفی کوردی) باسی دەکات و دەیکاتە دوو بەشەوە ناوی نێر و ناوی مێ.

مامۆستا (نوری عەلی ئەمین) لە کتێبی (ڕێزمانی کوردی) چاپی بەغدا لەساڵی ١٩٨٥ دەڵێت ((ناو وشەیەکە بۆ ناونانی کەسێ یان شتێ بەکارئەهێنرێت)).

زۆر لەزمانەوانی کورد باسیان لەناو وەك بەشێکی گرنگی ئاخاوتن کردووە و هەموو پێناسەیان کردووە و بەڵام هەموو پێناسەکان لە واتای ناودا یەك ئەگرنەوە وەکو مامۆستایان تۆفیق وەهبی و جەمال نەبەز و ئەحمەد حەسەن ئەحمەد و سادق بەهائەددین و زۆری تر.

ناو لەڕووی واتاوە دەکرێت بەسێ بەشەوە:

١- ناوی تایبەتی: (شیرین، ئاسو، فەرهاد).

٢- ناوی گشتی: (ئافرەت، ڕووبار، چیا).

٣- ناوی کۆمەڵ: (گەل، وڵات، میللەت).

ناو لەڕووی پێکهاتنەوە دەکرێت بەسێ بەشەوە ناوی سادە (سەر، هیوا) و ناوی لێکدراو (دەنگوباس، دڵخواز، گوڵەبەڕۆژە) واتا دوو ناو لێکدەدرێن بە ئامراز یان بەبێ ئامراز و سێیەمیان ناوی داڕێژراو و ئەمەش لەڕێگای ناوێك و پاشگرێك یان پێشگرێك ڕۆنان دەبێت.

لەڕووی ژمارەوە ناوی تاك و ناوی كۆ هەیە تاك ئەو ناوەیە كە تەنیا یەك كەس یان شت نیشان دەدات كەچی ناوی كۆ ژمارەیەك كەس یان شت نیشان دەدات و ئەمەش لەڕێگای ئامرازی كۆ دروست دەبێت.

بەنیسبەت رەگەزەوە ناوی كوردی دەبێتەوە چوار بەشەوە ناوی نێر ئاماژە بەنێر دەدات وەكو و ناوی مرۆڤی نێر و ناوی مێ كە ئاماژە بۆ مێ دەكات وەكو مریشك یان ناوی مرۆڤی مێ یان پیشەی مرۆڤ وەكو: مامۆستا، قوتابی، ناوی بێ لایەنیش هەیە كە نە بۆ نێرە یا بۆ مێ وەكو: دیوار، دەرگا... نیشانەی ناسیاوی لەناودا لەڕێگای نیشانەی (كە)ەوە دەكرێتە ناسیاو و نیشانەی نەناسیاوی یا ناسیاری لەزمانی كوردیدا (ێك)ە.

**بەشی پێنجەم: ڕۆڵی ناوی عەرەبی بەسەر زمانی كوردی:**

لێرەدا تیشك دەخەینە سەر ناوی تایبەتی و ناوی گشتی كە زیاتر پەیوەندی بە مەسەلەی ژمارەوە هەیە، ئەگەر بڕوانینە ناو لەزمانی كوردیدا سەرنجمان بەلای دیاردەیەكی زمانەوانییەوە دەچێت، ئەویش بوونی ژمارە و ڕۆڵی ژمارە لەناوی كوردی و تایبەت ڕۆڵی ژمارە لەناوە گشتییەكان زیاتر ڕۆڵی كاریگەرترو فراوانترە لەو ڕۆڵەی دەیبینێت لەناوی تایبەتی، بڕوانە سەدەها ناوی گشتی هەن كە شوێن پەنجەی ژمارەی بەسەرەوەیە، لەهەمان كاتدا ئەو دەورەی لەناوی تایبەتی هەیەتی كەمترە و زۆر لاوازە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە زۆربەی ناوی تایبەتی كوردی بەتایبەتی ئەو ناوانەی پێش ئەم ڕۆژگارو سەردەمە نراون و زۆربەی ناوەكان بەهۆی فاكتەری ئاینەوە بووە، بە وێنە ئاینی ئیسلام فاكتەری گەورەی لەسەر كەسایەتی مرۆڤی كورد هەبووە و ئەم خۆشەویستییەی كورد بەرانبەر بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پابەندبوونی بێ سنووری تاكی كورد بە ئاینەوە وای لێ كردووە ناوی منداڵ و كەسوكارو خزمو دەوروپشتی لەسەر ڕەنگدانەوەی ئاینەكە بێت لەسەریدا، ئەگەر بڕوانینە ئەو ژمارە زۆرەی ناوی تاكی كورد بەتایبەتی نەوەكانی رابوردوو تێبینی دەكرێت كە زۆربەی زۆری ناوی كورد پابەندە بە ئاینی ئیسلام و لەبەر ئەوەی زمانی ئەو ئاینە زمانی عەرەبی قورەیش بووە بۆیە سەرنج ئەوە دەكرێت، كە زۆربەی ناوەكانی لە دەوری ئاینی ئیسلام و كەسایەتی و ناودارانی ئیسلام و رووداو بەسەرهاتەكانی دەخولێتەوە، ئەگەر سەرنج بدەین ناوی (محمد) كە ناوی پێغەمبەری مەزن محمد (د.خ) یە دەبینرێت ئاست و لێڤلی ئەو ناو لەناو كۆمەڵگای كوردەواریدا زۆر بێ

شمارە و رادەی زۆر بەرزی تۆمار كردووە، ئەمەش خۆشەویستی تاكی كورد و كۆمەڵانی میللەتی كوردە بەرانبەر پێغەمبەر و ئایینە پیرۆزەكەیەتی، تەنانەت تا ڕۆژی ئەمرۆمان ئەوەندە ناوی (محمد) لە منداڵی نێری كورد دەنرێت ئەوەندە ناوی تر تۆمار ناكرێت، ئەنجا سەیری ناوەكانی تر بكە كە مۆركی ئایین و كەسایەتی ئایینی پێوە دیارە وەكو (عەلی، عوسمان، زوبێر، عومەر، ئەبوبەكر، حوسێن، حەسەن،...هتد) ئەمە بەنیسبەت ناوی نێرەوە بە هەمان ڕێچكە دەتوانین بۆ ناوی مێینە سەدەها ناوی لەم شێوەیە ڕیزبەند بكەین (فاتمە، عایشە، زەینەب، خەجی كورتكراوی خەدیجە، حەوتسەد (حفصە)، ئایە،...هتد).

هەروەها سەدەها و هەزارەها ناو لەناو كۆمەڵگای كوردی بەهۆی كارتێكردنی ئایین و ڕێبازی ئیسلام و ڕەنگدانەوەی ئەم ئایینە بۆ سەر زمانی عەرەبی موسڵمانی كورد زمانی عەرەبی لا خۆشەویست بووە و ئەگەر ئاوڕێك لەمێژووی پڕ سەروەری كورد بدەین تێبینی دەكرێت ئەوەندە كورد و زانا و گەورە پیاوانی كورد خزمەتیان بەزمانی عەرەبی پێشكەش كردووە ئەوەندە میللەتانی تری غەیرە عەرەب خزمەتی زمانی عەرەبیان نەكردووە، وێنەش بۆ ئەم باسە زۆرە و لێرە ئەمە كاری ئێمە نییە، ئەنجا خۆشەویستی كورد بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و پاشان خۆشەویستی بۆ زمانی عەرەبی سەرنج دەدرێت تاكی كورد ئەوەندەی ناوی عەرەبی لەمنداڵی خۆی ناوە ئەوەندە ناوی تری تۆمار نەكردووە و بەوێنەش (ئەحمەد، مەحموود، كەریم، قاسم،...هتد) زۆر جاریش ئەو ناوانە عەرەبییانە بەهۆی جیاوازی لایەنی فۆنەتیكی زمانی كوردی و جیاوازی لەنێوان نرخی تاكە دەنگەكانی زمانی كوردی لەگەڵ زمانی عەرەبی و زەحمەتی تەلەفوز كردنی هەندێ فۆنیمی زمانی عەرەبی لەلایەن تاكی كوردەوە سەرنج دەدرێت زۆر لەناواوە عەرەبییانەی كە كورد وەریانی گرتوون ئەنجا چ ناوی نێربێت یان ناوی تایبەتی مێ بێت، كورد زۆر زیرەكانە ئەو ناوە عەرەبییانەی وەرگرتووە و بەرگێكی كوردی لەبەر كردووە و تەنانەت زۆر جاریش ئەگەر بەوردی ئەگەڕێتەوە سەر ناوەكە هەست بەوە ناكرێت كە ڕەگەزو بناغەی ناوە بدۆزرێتەوە، با بڕوانینە ئەم كۆمەڵە ناوە، هەر بەوێنە ناوی (محمد) بووەتە (حەمە، حەمەد، حەمەدۆك، مەمەد)، لەخۆشەویستی ناوەكە خراوەتە پاڵ ناوی تر وەك (محمد ئەمین یان حەمە مین، حەمە باقی، حەمەساڵح،...) كە لەزماندا پێی دەوترێت

(ناوی مرکب) یان زۆرجار بۆ خۆشەویستی بەرانبەر ناولێنراو وەکو (مەحموو بۆ مەحموود یان خولە، عائشە بووەتە عایشە یان عەیشێ و عەشە، فاتمە بووەتە فاتم یان فاتە، خەدیجە بووەتە خەجیج یان خەجە، عەلی بووەتە عەلە یان عەلەکە، مستەفا بووەتە مچە، ئەحمەد ئەحە، ئەحمەو، فەهیمە، فەیە، قادر، قالە، قابر...هتد).

**بەشی پێنجەم: ڕەنگدانەوەی ژمارە لەسەر ناوی کوردیدا:**

گومان لەوەدا نییە، کە کاتێك باس لەناو لە زمانی کوردیدا دەکرێت ئەوە بە خەیاڵمان دێت و بیرو هزرو فکرمان بەرە و ناوی کەسان ئاراستە دەبێت و بەو چەشنە ناوی ناوچەو شوێن و ڕووبارو وڵات و دارو درەخت و زۆر شتی تر نایەتە خەیاڵمان، ئەمە باس و بابەتی ئێمە نییە لەم باسەدا گرنگ ئەوەیە ڕۆڵی ژمارە لەناوی کوردیدا.

ئەوەی ڕاستی بێت ڕۆڵی ژمارە لەناوی کوردیدا پتر شوێن پەنجەی لەناوی شوێن و ناوچە و دۆڵ و ڕووبارو شار و گوند و لادێ و شاخی کوردستان دیارە، وەك ڕەنگدانەوەی ژمارە لەناوی کەسانی کوردی، ئەنجا نێر بێت یان مێ، وەك لە تەوەری پێشووە ئاماژەمان پێیدا، کە ناوی کەسانی تاکی کوردی لەدوو سەرچاوەوە هەڵقوڵاوە، یەکەمیان ناوی کەسانی عەرەبی پاش ئەوەی بە جلوبەرگێکی کوردی پۆشە کراوە یان ئەوەتا ناوی ڕەسەنی کوردین لەسروشت و میزاجی کوردەواری سەرچاوەیان گرتووە، ئەنجا لەبەر ئەم هۆیانەو هۆی کۆمەڵایەتی و دەروونی، کە زیاتر ڕێگا نادەن ژمارە ئەو ڕۆڵەی هەبێت لەناوناندا، بەڵام لەناونانی شوێن و جێگا زیاتر ڕۆڵ و دەورو فاکتەرەکە پتر بەرشت و دەکەوێت، بۆیە لێرەدا ڕۆڵی ژمارە بەم شێوەی خوارەوە پۆل پۆل دەکەین:

**تەوەر یەکەم: ڕەنگدانەوەی ژمارە لەنازناوو ناتۆرەر:** ناوچەکانی کوردستان بەگشتی و ناوچەی سلێمانی بەتایبەتی دیاردەی نازناو و ناتۆرە زۆر بەزەقی بەرچاو دەکەوێت و ئەمەش هۆکارو فاکتەری خۆی هەیە لەوانەش:

**یەکەم:** خۆشەویستی و سۆزایەتی و دڵ گەورەی و سینگ فراوانی.

**دووەم:** باری پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و شارستانی.

**سێیەم:** سنووری جوگرافی و تێکەڵاوی و گەشەسەندنی ئاستی ڕۆشنبیری و فیکری.

**چوارەم:** ژینگە و خۆشی و کامەرانی باری ژیان و پەنەوی پەیوەندی کۆمەڵایەتی.

ئەمانەی سەرەوە دەستی باڵایان لەو دیاردەیە هەیە، ئەنجا دەڕوانین کە ئەم دیاردەیە، کە دەچێتە ئاستی پراگماتیکی لەبواری زمانناسی، بۆیە لێرەدا چەند نموونەیەك دێنینە بەرچاو (حەسەن دوو ژنەنە، فاتە دوو ڕوو، ئەحە چوار مشقی، خولە چوار پێ، بلە شەش پەنجە،...هتد).

**تەوەری دووەم: ڕەنگدانەوەی ژمارە لەناوی گیانداراندا:**

بەسەرهات و مێژوو و داستانی گەلان بەشێوەیەکی ئێجگار گەورە و مەزن باس لەڕۆڵی گیانداران و ئەو مەترسییانەی بۆسەر ماڵ و گیانی تاکی کۆمەڵگا هەیانەو زۆر چیرۆك و داستان و بەسەرهات لەبارەیانەوە هەڵبەستراوەو دروست کراوە و زۆر جار بەسەرهاتەکان بەزمانی گیانداران گێڕاوەتەو قاڵبی خەیاڵی و ئەفسوناوی باڵی بەسەر ئەو چیرۆکانە کێشاوە و زۆر باسی لە دڵسۆزی یان دڕەندەیی و دژایەتی مۆڤ باس کراوە و هالەیەکی گەورەی خراوەتە سەری، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە مرۆڤ لەسەرەتای ژیانی لەسەر زەوی و لەبەر بێ هێزی و بێ توانایی و نەبوونی ئامرازی پارمەتیدەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو گیانلەبەرانەو خۆی بەلاواز داناوە و زۆر جاریش هێما بۆ چەندین گیانلەبەر کردووەو وەك خوا یان شتێکی پیرۆزی داناوە، مێژوو ئەوەمان بۆ باس دەکات کە مرۆڤ ئەو گیانلەبەرانەی بەخێو کردووە یان ماڵی کردووە، کە توانیویەتی ماڵی بکات، وەك مەڕ و بزن و سەگ و مراوی و مریشك و گوێ درێژ و زۆری تر، کە بەرژەوەندی هەردوولای تێدابووە، بەوێنە سەگ، کە لەکۆمەڵ ئاگای خۆی دوورکەوتۆتەوە و پەنای هێناوەتە بەر مرۆڤ، بەرژەوەندی هەردوولای تێدابووە، یەك مرۆڤ خۆراکی بۆ دابین کردووە، دوو ئەویش بەپێی ئەرکی خۆی مرۆڤ و دەوروبەری پاراستووە، بەڵام ئادەمیزاد بە بەرپەرچدانەوەی ئەو گیانلەبەرانەی توانا و هێزی بەرانبەریان نەبووە، خۆی دوور ڕاگرتووە و چیرۆکی زێدەڕۆی لەبارەیانەوە هۆنیوەتەوە، جاری واش ناوی سەیری ناون یان زێدەڕەوی (مبالغە)ی کردووە لەناوی.

لێرەدا مەبەستمان ژمارەیەو ڕۆڵی لەناوی گیانلەبەراندا، لێرەدا ئەو زێدەڕۆییە بەجوانی ڕەنگی داوەتەوە، بە وێنە کورد دەڵێت (هەزار پێ)، ئەم خشۆکە ژیانی ئەوتۆی نییە، بەڵام لەکوردەواری خۆماندا وا دەگێڕنەوە، کە ترسناکەو دەچێتە گوێ منداڵان و پەردەی گوێیان دەدڕێت و مێشکی ناو سەریان دەخوات، ئەمە بەشێوەیەکی زانستی نەسەلمێندراوە، کە چەند ڕاستە

یان نا، ئەمەش بەلای باسەکەی ئێمەوە گرنگ نییە، گرنگ ژمارەیە لەناوەکەدا کە جۆرە زێدەڕۆییەکی تێدایە، ئەم گیانلەبەرە خشۆکە هەزار پێی نییە وەک لەناوەکەی ئاماژەی پێ کراوە، بەلام ژمارەیەکە زیادکراوە و قەوارەیەک بەم گیانلەبەرە دراوە، یان قەوارەیەکی گەورەی بۆ کراوە وەک ئەژدیها و جنۆکە، عەرەبیش وەکو کورد ژمارەیەکی بەرزییان پێی بەخشیوە و پێی دەوترێت (أم الأربعين رجل)، هەرچەندە ژمارەکە زۆر نییە، گەر بەراورد بکرێت لەگەڵ ژمارە کوردییەکە کە هەزار پێیە.

نموونەیەکی تر (دووپشکە) ئەم گیانلەبەرە ترسناکەو ژەهر بەکلکییەوە هەیە لەکاتی پێوەدان بەمرۆڤەوە لەوانە ببێتە گیان لەدەستدانی بەتایبەتی دووپشکەی زەرد (زەرد و ڕەش) هەیە، دوو ژمارە دووە، پشکە لە دوو واتا سەرچاوەی گرتووە یان پشك بە واتای بەش یان لەپشکۆی ئاگرەوە هاتبێت، کە وەك ئاگر مەترسیی و سامناکە.

گوێ درێژ لە زۆر حاڵەت و بۆ دەربڕینی لایەنی ئەدەبی و ڕۆژنامەوانی و ناودەنرێت (چوارپێ) بە واتای ئەو گیانلەبەرە چوار پێی هەیەو هەرچەندە زۆربەی گیانلەبەرەکان چوار پێیان هەیە بەڵام ئەم زاراوەیە تایبەتە بەگوێ درێژ.

**تەوەری سێیەم: ڕەنگدانەوەی ژمارە لەناوی نەخۆشی و دیاردەی کۆمەڵایەتییەکان و ژیاندا:**

لەکۆمەڵگای کوردەواری و لەدێرین زەمانەوە بۆ دیاردەی کۆمەڵایەتی و نەخۆشی ژمارە بەکارهاتووە و ئاماژەی پێ دراوە، وەکو (سێیەڕۆ) جۆرە نەخۆشییەکی ترسناکە تووشی سینگی مرۆڤ دەبێت، لەگەڵیدا لەرزوتایەکی بەهێزەو کە ڕۆژە نە ڕۆژێك بتگرێ.

هەروەها بە واتای نۆبەتی دێت کە سێ ڕۆژەیە.

هەندێك دەڵێن جۆرە نەخۆشییەکە کە کوکە ڕەشەی لەگەڵدایە و ماوەکی زۆر نەخۆش بەدەست ئەو کوکەیەوە دەناڵێنێت و هەندێك جاریش وەك جنێو بەکاردێت. (یاخوا تووشی سێیەڕوو بێت).

(سێڕۆژە) نەخۆشییەکە تووشی منداڵان دەبێت و هەموو لەش و گیانی لیریك دەردەکات و سوور هەڵدەگەڕێ و ئەم کارەش سێ ڕۆژ دەخایەنێت.

پ. د. یوسف شەریف سەعید:

# کورد لەو بارودۆخەی ئێستایدا لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە زمانێکی ستاندەر هەیە

سازدانی: گۆڤاری زمانناسی

***هەبوونی زمانی ستاندەر وەك بۆ کورد گرنگە ، بۆ نەتەوەکانی تریش گرنگە؟!**

- یەکێك لەو سیمایانەی کە میللەتی پێ دەناسرێت زمانەکەیەتی، ئەو زمانەش لە بەڕێوەبردنی کاروباری ڕۆژانەیدا بەکاردی دەهێنێت و لەپەیوەندی دەرکی و ناوەکیدا سوودی لێوەردەگرێت، بۆ گەشەکردنی وڵات و بەختەورکردنی ئەندامانی کۆمەڵگاکەی بەکاری دەهێنێت.

لێرەدا هەر میللەتێك هەوڵدەدات زمانێك بکات بە زمانی ستاندەر یان شێوەزارێکی زمانەکەهەڵدەبژێرێت و بڕیاری بە ستاندەربوونی دەدات. بۆ ئەوەی بتوانێ بەو زمانە لە ناوەوە و دەرەوەی کۆمەڵگاکەی خۆی بناسرێت. کورد لەو بارودۆخەی ئێستایدا لە هەمووکات زیاتر پێویستی بە زمانێکی ستاندەر هەیە ، چونکە وەکو نەتەوەیەکی سەربەخۆ ناسراوە ، ئەو بارودۆخەی ئێستا بۆ کورد هەڵکەوتووە پێش پەنجا ساڵ خەونێك بوو ، ئەو دەسەڵاتەی ئێستا لە هەرێمدا هەیە، لەوپەڕی بەرپرسیاریەتیدایە کە بڕیارێك بدات بۆ ئەوەی یەکێك لە زارەکان بکات بە ستاندەر، چونکە پەیوەندی کورد لە ڕووی دبلۆماسییەوە گەیشتۆتە ڕادەیەك تەنانەت ئامێرە پێشکەوتووەکانیش خەریکە بەزمانی کوردی پێناسە و پرۆگرامی بۆ دادەنرێت بۆ نموونە مۆبایلەکان و زۆر شتی تریش پرۆگرامی بە کورد بۆ دانراوە، بەم زمانەش کورد بە جیهانی دەرەوە ناسراوە، تەنانەت هەر

ئەو زمانەش لە پەیوەندی دبلۆماسی و ناسنامە و جەواز و ڕەگەزنامەدا بەکاردێت. هەرچەندە ئەو زمانە بۆ کورد زۆر گرنگە لە هەمان کاتدا بۆ نەتەوەکانی تریش گرنگە، چونکە میللەتەکانی تر هەوڵدەدەن فێری زمانەکەی ئێمە ببن ئەگەر ئەو زمانە فێربوون بواری پەیوەندی کردن ئاسانتر دەبێت ، کەناڵەکانی پەیوەندی کردن زیاد دەبێت ، ئەم ڕاستیەش زۆر لەبەرچاوە ، ماوەیەکە کەناڵەکانی کوردی فیلم و زنجیرە بیانییەکان بە دۆبلاژی کوردی پەخش دەکەن، زانیارییەکان ، ڕووداوەکان ، کۆنگرە و کۆنفرانسەکان بەو شێوەیە ئامادە دەکەن تا بەو زمانە ستاندەرە پەخش بکرێت و لە سەرانسەری کوردستاندا بڵاوببێتەوە.

*** هۆکارەکانی دروستبوونی زمانی ستاندەر زۆر دووبارە دەکرێتەوە ، تێڕوانینت چۆنە بۆ بنەماکانی پلانی زمانی یان سیاسەتی زمان و دیاریکردنی زارێک بۆ زمانی ستاندەری کوردی؟**

ـ ئەگەر سەیری تاقیکردنەوەی میللەتەکانی تر بکەین، کە چۆن زمانێکیان هەڵبژاردووە و کردوویانەتە ستاندەر، هەندێ ڕاستیمان بۆ بەدیار دەکەوێت. لەوانەیە هەر ئەو ڕاستیانەیە بۆتە هۆکارەکانی دروست بوونی ستاندەرد. مێژوو هەندێ هۆکاری دەست نیشان کردووە ، لەوانە هۆکاری ئایینی ، هۆکاری ئابوری ، هۆکاری جوگرافیایی ، هۆکاری ڕامیاری ، هۆکاری ئەدەبی یان زمانی ئەدەبیاتی بەرزی کەلە شاعیرێك یان چەندین شاعیری بەناوبانگ....هتد. ئەمانە هەریەکە بە جیا بوونەتە هۆکاری دروست بوونی ستاندەر بۆ ئەو میللەتانەی کە باسی ستاندەر دەکرێ وەکو نموونە دەهێنرێنەوە ، بۆ نموونە هۆکاری ئایینی وایکردووە هەر لە کۆنەوە هیندییەکان بایەخ بە زمانی سانسکریتی بدەن و بیکەن بە زمانی ستاندەر، هەروەها ئایینی ئیسلام لە پشت بە ستاندەر بوونی زمانی عەرەبییەوەیە. کە دیالێکتی یەکێ لەهۆزەکانی دوورگەی عەرەبییە. ئەنانەت هۆکارەکانی تریش هەر بە هەمان شێوە کاریگەریان هەبووە لە دروستبوونی ستاندەر، لێرەدا پرسیار ئەوەیە ئێمەی کورد کام لەم هۆکارانەمان هەبووە یان بۆمان ڕەخساوە کە زمانێك یان شێوەزارێك بکەین بە ستاندەر. لە ڕاستیدا هیچ یەکێ لەم هۆکارانە کە ئاماژەمان پێدا لە ئارادا نەبووە بۆ کورد ، کە هەڵی هەڵبژاردنی زمانێکی ستاندەر یان شێوەزارێك بکات بەو ستاندەرە.

مێژووی کورد بۆمان دەگێڕێتەوە لە هەر شوێنێك لە کوردستان ئازادی و دەسەڵات هەبووبێ زمانی ئەو شوێنە بۆتە زمانی دەسەڵات و ئەدەبیات و کارگێڕی، نموونەی ئەمەش میرنشینەکانی کوردییە کە لە هەر میرنشینێك شێوەزارێك بە زەقی بەرچاو دەکەوێت کەزمانی دەسەڵات بووە ، لەوانە بۆ ماوەیەك شێوەزاری لوڕی ئینجا کرمانجی ژووروو، لە دوای ئەم گۆران و هەورامی، دواتر لە دوا میرنشینی کوردیی شێوەزاری کرمانجی خواروو بۆتە زمانی دەسەڵات، واتە لەمیرنشینی بابانەوە ئەوشێوەزارە بەردەوام ڕۆیشتووە تا ئێستا نزیکەی دوو سەد ساڵێکە بەبێ پچڕان گەشەی کردووە و زمانحاڵی سێ دەسەڵاتی تری کوردی بووە، لەوانە حکومەتی شێخ مەحموود و حکومەتی قازی موحەممەد و حکومەتی هەرێمی کوردستان کە تا ئێستاش بەردەوامە ، شایانی تێبینییە ئەو شێوەزارە سیما و قالبێکی وای گرتووە کە کەس ناتوانێ بڵێ ئەمە شێوەزاری سلێمانییە ، یان هەولێرە یان هەر ناوچەیەکی ترە کە لەو شێوەزارانەوە نزیکە، چونکە لەو ماوە دوور و درێژەدا زۆر گۆڕانی بە سەرداهاتووە ، تەنانەت ئەگەر سەیری وشەکانی فەرهەنگە جیاجیاکانی ئەو شێوەزارە بکەین ئەو ڕاستیەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. کەواتە وەکو ڕاستییەك دەبێ ئەوە بزانین کە سیاسەتی زمانی کوردی لەو ماوە دوور و درێژەدا ئەو شێوازەی هەڵبژاردووە و گەشەی پێکردووە ، چونکە ئاخێوەرانی زمانی کوردی لە هەموو زارە جیاجیاکانیدا هەوڵیانداوە بەو شێوەزارە قسەبکەن و پێی بنووسن، ئەم شێوەزارە وەکو سمبولێکی میللەتی کورد لەو ماوەیەدا ناسراوە بۆیە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ شێوەزارەکانی تردا بۆمان بەدیاردەکەوێت کە چەند کۆسپ و تەگەرەی بڕیوە و چەند گۆڕانی بە سەردا هاتووە تا گەیشتۆتە ئەم قۆناغەی ئێستای .... بە پێی ئەو تاقیکردنەوەی خۆم کە نزیکەی بیست ساڵە لەزانکۆ لەبواری زماندا کاردەکەم و وانە دەڵێمەوە ، هەستم بە گیروگرفتێکی وا نەکەوتووە کە قوتابییەکانم بە شێوەزارە جیاوازەکانیانەوە ڕووبەڕووی هیچ گرفتێك بووبن لە کاتی خوێندن و نووسینیان بەو شێوەزارە. تەنانەت لە خوێندنی باڵاشدا سەرپەرشتی چەندین قوتابیم کردووە کە شێوەزارەکانی خۆیان هەورامی یان کرمانجی ژووروو بووە ، بەڵام لە کاتی نووسینی نامەکانیان بەو شێوەزارەی ئێستا لە ئارادایە نووسیویانە و هیچ کێشەیەکیان نەبووە ، تەنانەت لە کاتی تاقیکردنەوەکانیان نە لەکاتی دەرس

خوێندنیان هیچ کێشەیەکیان نەبووە ، ئەمەش ڕاستییەکی ترە کە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، کاتێ باسی زمانی ستاندەر دەکرێ.

*** کاتی خۆی هەندێ هۆکاری سیاسی هەبوون لەمەڕ بە ستاندەر زانینی شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بە تایبەتی شێوەی ئەدەبی سلێمانی (بابانی) ، ئایا ئێستا ئەو هۆکارانە ماون؟**

- هەروەك ئاشكرایە كاتی خۆی هەندێ هۆکاری سیاسی هەبوون لەمەڕ بە ستاندەر زانینی شێوەزاری ناوەڕاست، بە تایبەتی ئەوەی کە ئێستا گفتوگۆی پێ دەکرێ و بەکاردێ ، ئەم هۆکارانە ئەگەر کاتی خۆی ئەم گرنگییەی پێ نەدرابێ وەکو پێویست ، ئێستا بە هەزارەها جار پێویستە گرنگی پێ بدرێت ، چونکە ئێمەی کورد لەم سەردەمەدا خۆمان خۆمان بەڕێوەدەبەین ، دەسەلاتی خۆمانە ، کەس ناتوانێ لەم ڕووەوە دەست لە کاروبارمان وەربدات ، جا بۆچی خۆمان ئەو هەلە نەقۆزینەوە و ئەو کێشەیە چارەسەر نەکەین ، تاکەی بەم شێوەیە بخوولێینەوە ، ستاندەرمان هەیە یان نییە ، بەلێ زۆر بە ئازایانە دەبێ بلێین هەمانە و ئەوەیە کە ئێستا بەکاری دەهێنین و بە سەدان گۆڤار و ڕۆژنامە و کتێب و شانۆگەری وگۆرانی و فەرهەنگ ....هتد. پێی نووسراوە و دەنووسرێ. زمانی ڕاگەیاندنمانە،زمانی ناسینی کوردە بە جیهان ، ئەو زمانەیە کە لە هەموو کاتێك زیاتر پێویستیمان پێی هەیە ، چونکە لەگەڵ هەنگاوەکانی بە دەوڵەت بوونی کورد دەڕوات و تەنیا پێویستی بە جۆرێك دان پیانانێکی خۆمانەوە هەیە.

*** باوەڕت چۆنە سەبارەت بە ڕۆڵی جوگرافیا لەدیاریکردنی زاری ستاندەر ، بە واتایەکی تر جوگرافیا وجوگرافیای سیاسی دەبێتە پێوەر بۆ بە ستاندەرکردنی زارێك؟**

- لە چوارچێوەی ئەو بەشەی کوردستان کە بە هەرێمی کوردستانی عێراق ناسراوە، من ڕۆڵی جوگرافیا لە دیاریکردنی زاری ستاندەر بە گرنگ نازانم ، تەنانەت لەو بارودۆخەی ئێستادا کە کورد تێیدا دەژی هەرگیز ناکرێ هۆکاری جوگرافی بکەینە پێوەر و بەو پێی ئەو جوگرافیایە شێوەزارێك هەڵبژێرین بۆ بە ستاندەرکردنی، چونکە ڕاستییە زانستییەکان ئەوە دەسەلمێنن کە زمانی ستاندەر دروست دەبێ و دروست ناکرێ ، هەروەها لە شەو و ڕۆژێکدا کەس لەتوانای نییە بڕیارێکی وابدات چونکە ئەستەمە و بۆی جێبەجێ ناکرێ ، بۆیە دووبارەی دەکەمەوە ئەو زمانەی ئێستا کە پتر لە دوو سەدەیە خزمەت کراوە و

بەو شێوەیەی لێهاتووە کە بتوانین بڵێین ستاندەرە و زۆر بەدڵنیاییەوە ئەو ئەرکەی پێ دەسپێردرێ و لە ئاست ئەو بەرپرسیاریەتییەش دایە.

*** جاران کۆڕی زانیاری کوردی لە بەغدا پاشان کۆڕی زانیاری کوردستان دامەزرا ، پاشان بووە ئەکادیمیای کوردی ، کامەیان بە مکوڕی (بەجددی) ئیشی بۆ زمانی کوردی کردووە؟**

- بە پێی ئەو بەڵگەنامە و کتێب وکارانەی کە لە هەر سێ دەزگاکە، کۆڕی زانیاری کوردی و کۆڕی زانیاری کوردستان و ئەکادیمیای کوردی دەرچووە، هەر سێکیان کاریان بۆ زمانی کوردی کردووە ، بەڵام هەریەکە بە پێی توانا و بارودۆخی خۆی ، چونکە وەکو ڕاستییەك دەبێت ئەوە بزانین کە ئەم دەستگایانە بە جیاوازی مێژووی کارکردنیان لە ژێر فشاری لایەنی سیاسی بوونە ، لە هیچ کاتێکدا دەسەڵاتێکی سەربەخۆیان نەبووە و نەیانتوانیوە بەئارەزووی خۆیان کاربکەن لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئاماژە بە لایەنە گەشەکانی کارەکانیان بدەین لە دەرکردنی کتێب و گۆڤار و ساغکردنەوەی دەستنووسی کوردی دریغیان نەکردووە ، ئەوەی کە لەتواناباندا بووە هەوڵیانداوە لە ڕێگەی توێژینەوە و بەستنی کۆڕ و کۆنفرانسی زانستی جێبەجێ بکەن ، بەڵام هەروەك بارودۆخی کوردی ئاڵۆزە و یەکلانەبۆتەوە و کارەکانی ئەم دەزگایانەش هەر بەو شێوەیە بەرچاودەکەوێ. لێرەدا حەزدەکەم ئاماژە بەوە بدەم کە ئەکادیمیای کوردی زۆر دڵسۆزانە و زۆر بەمکوڕی لەم بوارەدا کاری کردووە ، چونکە ماوەیەکە خەریکی ئەو بابەتەیە، بەڵام جێی داخە بۆچوونی سیاسیی و ناوچەگەریی تەسك کارەکانی سڕکردووە.

*** ئێمە لە سەنتەری زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی کۆشش دەکەین لەسەر دامەزراندنی کۆڕی زانستی زمانی کوردی ، چونکە باوەڕمان وایە ئەم کۆڕە کاری لەسەر زمانی کوردی پێ دەکرێ ، بە دیدی ئێوە لە ئەوروپا ئەم جۆرە کۆڕانە چ مێژوویەکی گرنگیان هەبووە لە بزاڤی خوێندن و زمانی کارگێڕیی؟**

- دەربارەی ئەو سەنتەرەی کە ئێوە باسی دەکەن، وا بزانم تەمەنێکی کورتی بڕیوە و کارێکی وای نەخستۆتە بەر دەست زمانەوان و ڕۆشنبیرانی زمانی کوردی تا بتوانێ بەو شێوەیەی کە هەیە هەڵی بسەنگێنین، هەرچەندە من دەسخۆشیتان لێ دەکەم و هیوای تەمەن درێژی و دەستکەوتی زۆرتان لە بواری زمانی کوردیدا

بۆ دەخوازم ، لەگەڵ ئەوەشدا داواتان لێ دەکەم هەندێ گۆڕان کە بە سەر زماندا دێت پشتگوێ نەخەن و نەگەڕێنەوە سەر نەخۆشییەکەی پێوەری لاتینی ، بۆ نموونە هیچ کوردێك کە خاوەن زمان بێت لەو شێوە ستاندەرەی کە هەیە نالێ: (لە ئەم شارەوە ، لە ئەم بازاڕەوە)، کەی باوی ئەمە ماوە فەیلەسوف یان لۆجیکناس یان هەرکەسێکی تر بە ئارەزووی خۆی دەستکاری زمان بکات کورد دەڵێ: (لەم شارەوە ، لەم بازاڕەوە) زمان دەگۆڕێ بەرەو ئاسان بوون ، ئێمە بە شان و باڵی ئەو شێوەزارەی زمانی کورد هەڵدەدەین کە بەرەو ئاسان بوون ڕۆیشتووە ، کەیسی ڕێزمانی تێدا نەماوە ، نیشانەی نێر و مێی تێدا بە زەقی بەرچاو ناکەوێت و ئەو قالبە ئاسانەی وەرگرتووە کە ئێستا بەکاردێت. ئەم ناقیکردنەوەی ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن ئەگەر بێتو ئازادی و دەسەڵاتێکی بە دواوە بێت، بەڵێ دەتوانن خزمەتێکی زۆری زمانی کوردی بکەن ، تەنانەت دەتوانن لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی تاقیکردنەوەکانی میللەتانی تر ڕاستی خزمەتکردنی زمانی کوردی بخەنە بەرچاو و کاری بۆ بکەن ، لە ئەوروپا تا سەدەی نۆزدەهەم تاقە زمانێك کە بە بۆچوونی ئەوان شایانی لێکۆڵینەوە بووبێ، زمانی لاتینی نووسراو بووە ، بە تایبەتی ئەو نووسینانەی کە کەڵە شاعیر و ئەدیبە بەناوبانگەکان و ناودارەکانیان بەجێیان هێشتبوو ، لە دوای ئەو مێژووەوە سەدەیەك تەرخان کراوە بۆ لێکۆڵینەوەی بەراورد، کە ئەمەش ئەنجامی باشی لێکەوتەوە لە پۆلێنکردنی خێزانە زمانەکان و پۆلێنکردنی زمانەکان ، تەنانەت ئەم سەدەیە ڕێگای خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی لێکۆڵینەوەی نوێ و سەرهەڵدانی قوتابخانەی نوێ. لە سەدەی بیستەمدا کە بە ڕاستی لێکۆڵینەوەکانیان ڕێبازی زانستییان لەبەر کردبوو ، بۆیە ئەو پێشکەوتنە لە بواری لێکۆڵینەوەی زمانیدا هاتەکایەوە ، ئەمەش وای کرد کە بە دەیان کۆمەڵە و کۆڕ و دەستەی زمانناسی دروست ببێت و هەریەکە لە بواری پسپۆڕی خۆیدا خزمەتی زمانیان کرد و توانیان زاڵ بن بە سەر کێشە لاوەکییەکانی زماندا ئەگەر ئێوەش بە هەمان شێوەی ئەوان بتوانن لە زمان بکۆڵنەوە بە تایبەتی لە ئاستە جیاوازەکانی زمان بە وردی لێکۆڵینەوە ئەنجام بدەن و لێکۆڵینەوەی مەیدانی و ڕووپێوی دیالێکتەکان بکەن و بەراوردیان بکەن ، یان بتوانن ئەتڵەسێکی فۆنۆلۆژی بۆ زمانی کوردی دروست بکەن ئەوا کارێکی زۆر باش دەکەن و ناوتان دەچێتە ناو مێژووەوە ، بەڵام ئەگەر کارەکانتان تەنیا وەك ئەو باسانە بێت کە

بڵاودەکرێنەوە، ئەوا هیچ شتێکی نوێتان نەکردووە ، کارەکانتان ماوەیەك بەردەوام دەبێت و دواتر خەفە دەبێتەوە یان دەکوژێتەوە.

*** بە شێوەیەکی سەرەکی دوو جۆر ئەلفوبێ لە ناو کوردان بەکاردێن ، ئێوە پەسندی کامەیان دەکەن و لەسەر چ پێوەرێك؟**

- زمانی کوردی بە درێژی ئەو ماوەیەی کە بەکارهاتووە و نووسینی پێ کراوە ، چەندین ئەلیفبای جۆراوجۆری لە نووسیندا بەکارهێناوە ، ئەوەی ئێستا لە بەر دەستدایە و بەکاردەهێنرێت دوو ئەلیفبایە ، یەکێکیان بەناوی ئەلیفبای عەرەبی ڕۆیشتووە، لە دەمێکەوە نەك هەر زمانی کوردی، بەڵکو بەشی هەرە زۆری زمانە هیندۆئێرانییەکان وەك فارسی و ئەفغان و پشتۆ و بلوژ و ئوردۆ بەکاری دەهێنن ، هەر ئەو ئەلیفبایەشە کە لە دەوڵەتی عوسمانی بەکارهاتووە ، ئەلیفبایەکەی تر ئەو شێوەیە کە لەگەڵ دروستبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیا موستەفا ئەتاتورك بەکاریهێنا و تا ئێستاش لەو وڵاتەدا کاری پێ دەکرێت کە بە ئەلیفبای لاتینی ناویانگی ڕۆیشتووە. ئێمە لە کوردستانی عێراقدا ئەلیفبا عەرەبییەکە بەکاردەهێنین و گۆڕانکاریشمان لەسەر ئەلیفبایەکە کردووە ، تەنانەت خوالێخۆشبوو تەوفیق وەهبی دەستکارییەکی باشی کردووە و لەسەر بنەمای زمانەوانی نوێ چوارچێوەیەکی بۆ داناوە، کە ئێستا بە نوێترین و باشترین ئەلیفبا دادەنرێت، چونکە وشەکان چۆن دەردەبڕێن بە هەمان شێوە دەیان نووسین واتە بۆ هەر دەنگێك هێمایەك دانراوە. تەنانەت سەر و بۆر و ژێریش هێمای بۆ دانراوە، کە لەگەڵ سیگمانتەکاندا ڕیزدەکرێن. بەم ڕێنووسە زانیارییەکی زۆر دەربارەی کورد و ڕۆشنبیری و مێژوو و جوگرافیا و هەموو ئەو زانستانەی کە لە کوردستان هەبووە تۆمارکراوە. لە ڕووی بەکارهێنانەوە لەوەتەی یەکەم کتێبی قوتابخانەی پێ نووسراوە هیچ کێشەیەکی نەبووە ، تەنانەت فێربوونی ئەم ئەلیفبایە زۆر ئاسان و لەبارە بۆ نووسینی کوردی. بۆیە من وای بۆ دەچم کە بە هیچ شێوەیەك نابێ دەست بەرداری ئەم ئەلیفبایە بین ، چونکە لە دەستدانی دەبێتە هۆی سڕینەوەی مێژووی کورد و ڕۆشنبیری کورد و کەلتوری کوردی کە بە سەدان ساڵە تۆمارکراوە ، سەرەڕای ئەمەش هیچ دەستگایەك ناتوانێ ئەم هەموو کتێب و سەرچاوانە دووبارە بە ڕێنووسێکی تر چاپ بکات. ئەمە لە لایەك لە لایەکی تر ئەگەر هاتوو ئەم ئەلیفبایەمان گۆڕی بە ئەلیفبایەکی تر دەبێ بیر لەوە بکەینەوە کە لە داهاتوودا منداڵەکانمان

ئاپینەکەیان لە دەست دەدەن. ئێمە لە زانکۆدا هەندێ قوتابی کوردستانی تورکیامان هەیە کە کێشەیەکی زۆریان هەیە لە فێربوونی ئەم ئەلیفبایە و ئەنانەت زۆر بەزەحمەتیش فێری دەبن. ئەگەر ئێمەش ئەم ئەلیفبایە بەیرەوبکەین بێشك زۆر شت لەدەست دەدەین کە لە سەرووی هەموویانەوە ئاپینەکەمانە. بۆ ئەوەی ئێمە سوود لە ئەلیفبایەکەی تر وەربگرین، پێویستە وەکو وانەیەك لە چەند قۆناغێکدا فێری ببین هەروەك ئێستا لە بەرنامەکانی خوێندن دانراوە ، بۆ سوود وەرگرتن لەو کتێب و سەرچاوانەی کە بەو ئەلیفبایە نووسراون یان دەنووسرێن. دەبێ ئەوەش لە یاد نەکەین کە لە قوتابخانە منداڵەکانمان فێری زمانی ئینگلیزی دەکرێن کە ئەمیشیان شێوەیەکی ترە لە ئەلیفبا کە لە لاتینییەوە نزیکە ، بۆیە فێربوونی هیچ کێشەیەك نانێتەوە.

وەڵامێکیش بۆ ئەوانە هەیە کە دەڵێن ئەلیفبای عەرەبی کێشەی بزرۆکەی هەیە، کە هێمای بۆ دانەنراوە و هەڵلای ئەوەی بۆ دەکەن کە ئەلیفبایەکە بگۆڕین ، ئەمانە لە ڕاستی زمان نەگەیشتوون ، چونکە ئەو کێشەیە تەنیا زمانەوان لەکاتی دەست نیشانکردنی فۆنیمەکاندا درکی پێ دەکات و دەزانێت کە برگە بەبێ ڤاوڵ دروست نابێ و چاوی بەهەندێ وشە دەکەوێ کە بەو ڕێنووسە دەرناکەوێت وەك: ژن ، کچ ، پشت. بەڵام ئەمە بۆ فێربوونی زمانی کوردی لە هەموو قۆناغەکاندا هیچ کێشەیەکی نەناوەتەوە، بۆیە دەبێ زۆر بوێرانە و زانستیانە لەو بوارەدا داکۆکی لەسەر ئەو ئەلیفبایە بکەین، چونکە ئەوەیە کە سەروەت و سامانی ڕۆشنبیری و زمانی و مێژوویی و ئابوری و ڕامیاری ...هتد.کورد دەپارێزێت.

*** بەشێك لە ڕۆشنبیرانی کورد ،ئنگەشەی ئەوە دەکەن، کە پێش ئیسلام کورد ئەلفوبێیەکی تایبەت بە خۆی هەبووە بە ناوی (ماسی سوراتی) ، لەهەندێ کتێب و وتار ئاماژە بەو ئەلفوبێیە کراوە ، ئایا دەکرێ ئاوڕێك لەو ئەلفوبێیە بدەینەوە و جارێکی تر زمانی کوردی پێ بنووسرێتەوە؟ یان ئەمە تەنها گێچەلکردنە بەمێژووی زمانی کوردی؟**

- ئەو ئەلیفبایەی کە گوایە پێش ئیسلام کورد بەکاری هێناوە، بە ناوی (ماسی سوراتی) کە لەهەندێ کتێب و وتاردا ئاماژەی پێ دەکرێت، نازانم بۆ چی تا ئێستا بڵاونەکراوەتەوە، تا بتوانین بۆچوونی خۆمانی لەسەر بدەین ، لێرەدا

چەند پرسیارێك لامان سەرهەڵدەدات ، لەوانە کوا ئەو بەڵگەنامانەی کە بەو ئەلیفبێیە نووسراون؟ ئەو زارە کوردییە کامەیە کە بەو ئەلیفبێیە نووسراوە؟ ئەو دەقانە چ جۆرە دەقێکن هۆنراوەن ، چیرۆکن ، فۆلکلۆرن کامانەن؟ لە چ دەسەلاتێکی کوردیدا نووسراون؟

گریمان ئەگەر ئەو ئەلیفبێیە هەبێت ئایا دەکرێ ئێمە ئێستا بەکاری بهێنین؟ لە ڕووی زانستییەوە نەخێر ناتوانین بەکاری بهێنین، چونکە هەروەك زمان لەگۆڕاندایە ئەلیفبێیەکانیش لە گۆڕاندان ، بۆ نموونە ئەو ئەلفبایەی کە لە ئەمارەتە کوردییەکاندا بەکارهاتووە و شاعیرەکان بەکاریان هێناوە، ئەو ئەلیفبایە نییە کە ئێستا ئێمە بەکاری دەهێنین ، ئەگەر هونەر و گرنگی لە گەڕانەوە بێت بۆ ئەلیفبێیە کۆنەکان ،دەبێ میللەتانی تر بە شانازییەوە بگەڕێنەوە بۆ نووسینی وێنەیی هیرۆغلۆفی و بزماری سۆمەری و ئاشوری و دەیەها ڕێنووسی تر کە بە درێژایی مێژوو میللەتان بەکاریان هێناوە. لێرەدا دەمەوێ بلێم گەڕانەوە بۆ دواوە چ سوودێکی هەیە بۆ زمان ئایا ئەگەر ماسی سوراتیمان بەکارهێنا کێشەکانمان چارەسەر دەکرێت، یان ئەوە وەکو خەیاڵ پلاو وایە خەون بە شتێك دەبینین، بەلام مەحالە جێبەجێ کردنی. باشتر وایە بەدوای ئەو ڕاستییانە بگەڕێین کە زانستی زمان سەلماندوویەتی ئەویش زمان کە بۆ پەیوەندی کردنە، دەبێ ئەو هۆکارەشی بۆ ساز بکرێت کە بە ئاسانی کردەی پەیوەندی کردنەکە ئەنجام بدات. ئەڵبەتە ئەمەش دیارە لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە ئاستەکانی زمان و هەڵبژاردنی ئەو ڕێنووسەی کە لەگەڵ زمانەکەدا دەگونجێن یان دەتوانێت زمانەکە بنوێنێ و چارەدەکرێت. لەکۆتاییدا دەڵێم خۆهەڵخەڵەتاندن بەو بیروبۆچوونانەی کە هیچ لێ ناکرێتەوە خۆ دوورخستنەوەیە لەو ڕاستییەی کەزمانی کوردی بەو شێوەیەی کە هەیە و بەکاردێت، پێویستی بەو ڕێنووسە نییە بۆی زیندوو بکەنەوە و گۆڕینی ڕێنووسی زمانێك ئەوەندە ئاسان نییە، وەکو گۆڕینی جلوبەرگ نییە کە بە ئاسانی ئەنجامی بدەین.

# ڕێبازەکانی شیکاری شێوازی

ئامادەکردن و وەرگێڕان: پ.ی.د. سەردار ئەحمەد گەردی

١. **ڕێبازی وەسفی:** لە پەیوەندی نێوان زمان و بیر دەکۆڵێتەوە. وە گرنگی بە بنیاتە زمانییەکان و ئەرکە جۆراوجۆرەکانی دەدات . وە بەم ڕێبازە دەوترێت گوزارشتی شێوازگەری وە بەناوبانگترین سەرئامادەکانی شارل بالی یە. (کریسو وە ماروزو وە بیرجیرو وە ئولمان) لێکۆڵینەوەی ئەم ڕێبازەیان زیاتر فراوان کرد.

٢. **ڕێبازی بازنەی فیلۆلۆجی:** ئەم ڕێبازە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە پێوەندی گوزارشت کردن بە تاک یان ئەو کۆمەڵەی کە دایدەهێنێت ئەویش پەیوەستە بە ڕەخنەی ئەدەبی. وە بەم ڕێبازەش دەوترێت شێوازگەری نووسەر یان شێوازگەری ئەدەبی یان شێوازگەری ڕەخنەیی یان شێوازگەری تاک. بەناوبانگترین سەرئامادەکانی( لیوسبیتزر ).

٣– **ڕێبازی ئەرکی:** وا دەبینێت کە سەرچاوە ڕاستەقینیەکانی دیاردەی شێوازگەری تەنیا لە زمان و جۆرەکانیدا نی یە. بەڵکو لە ئەرکەکانی و پەیوەندیەکانیشدایە. وە ناتوانرێت پێناسەی شێوازگەری بکرێت لە دەرەوەی گوتاری زمانی بەو سیفەتەی کە نامەیە. وە بەم ڕێبازەش دەوترێت بونیەویەت ( پێشی دەوترێت ڕێبازی بونیەوی) وە بەناوبانگترین نوێنەرەکانی (جاکۆبسۆن، ڕیفاتێر، ڕۆلان بارت).

٤– **ڕێبازی ئاماری:** گرنگیدەدات بە بەدواداچوونی ڕێژەی دووبارەبوونەوەی دیاردە شێوازگەریەکان لە دەقدا. بۆ ئەوەی شیکارەکانی خۆی سازبکات. بەپشت بەستن بەو دووبارە کردنەوەیە ئەگەر زۆربێت یان کەم .

**ڕێبازی ئاماری:-**

لە سەرەتادا کۆمەڵە پرسیارێك سەرهەڵدەدات وە پێش چوونە ناو بابەتەکەوە خۆی فەرزدەکات و داوای وەڵام دەکات بۆ ئەوەی ببێتە دەروازەیەك بۆ ئەم بابەتە.

١. ئامار چ گرنگی هەیە لە لێکۆڵینەوە شێوازگەریەکانی ئەدەبی و زمانی ؟.

٢ـ ئاماری ژمارەیی چۆن لە لێکۆڵینەوەی شێوازدا بەکاردەبرێت لەگەڵ پارێزگاری کردن لەسەر ئەدەبی بەتی ئەدەب و شیعریەتی شیعر ؟ واتە پارێزگاری کردن لەلایەنە کاریگەرییەکان و ئێستاتیکای دەقی ئەدەبی شیعر بێت یان پەخشان؟

٣ـ لە ئەنجامی بەکارهێنانی ڕێبازی ئاماریی ژمارەیی وشك ئەو کەم و کورییانە

٤ـ (خلل) چین کە زیان بە ئەدەبیەتی ئەدەب و شیعریەتی شیعر دەگەیەنێت ؟

(لە واقیعدا زۆر گرانە کە تاکە توێژەرێك وەڵامدانەوەی هەبێت بۆ ئەم پرسیارانە بەڵام ئیجتهادات هەیە وەك هەوڵێك بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارانە. لەبەرئەوەی کە ئامار زۆر بە لای لایەنەکانی ژیانی گرتوتەوە ئەوا سەیر نی یە ڕێگە جیاوازەکانی بێتە ناو زۆر لە لێکۆڵینەوەبیەکانی زمانەوانی).

لەوانەشە زۆران هاتنە ناوەوەی توێژینەوەی ئامارییان بە باش زانیوە بۆ ناو زانستی شێواز بە گشتی بەو پێ یەی کە ڕەهەندی ئاماری لە هەر زانستێکدا. بە یەکێك لە پێوەرە بابەتیەکان دادەنرێت کە دەتوانرێت بە هۆیەوە شێوازو جیاکردنەوەی جیاوازیەکان دەستنیشان بکرێت.

بایەخی ئاماریش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ڕێبازێکە ڕەهەندێکی بابەتی بە دەست دەهێنێت بە هۆیەوە دەتوانرێت سیما بنچینەیەکان شێواز دیار بکرێت. یاخود جیاوازی بکرێت لە نێوان سیماکان و خاسیەتەکانی زمانی. کە دەتوانرێت بە سیمای (خاسیەتی) شێوازی دابنرێت، وە ئەو سیمایانەی کە لە دەقدا دێت بە شێوەیەکی عەشوائی.

لەگەڵ ئەو ڕاستی یەی کە ڕێبازی ئاماری گرنگی هەیە لە هەندێ لایەنی یەوە لە توێژینەوەی شێوازگەریدا. بەڵام هەندێ لایەنی تری هەیە کە دوور دەکەوێتەوە لە ئەدەبیەتی داڕشتن و شیعریەتی دەق. وە گرنگترین خاسیەتەکانی دەق کە چێژو کاریگەری یە پێشکەش بە خوێنەر ناکات.

توێژەرەوەی ئاماری گرنگی دەدات بە ئامارکردنی ژمارەی کردارەکان و ناوەکان. ئاوەڵناوەکان و ڕاناوەکان ، ئاوەڵکارەکان ، ئامرازی خستنەسەرو ئامرازی پەیوەندی و ئیتر.کەچی ئەو توێژینەوانە لە سروشتە زمانەوانی یەکەی دەچێت بۆ سروشتێکی ژمارەیی ڕووت . ئنجا دواجار توێژینەوەکە لە کرۆکی توێژینەوەی ئەدەبی دەردەچێت .

بێ گومان هەندێ خاڵی جەوهەری هەیە کە لە بایەخی ڕێبازی ئاماری کەم دەکاتەوە لە لێکۆڵینەوەی شێوازیدا. وە سوودەکەی دیاردەکات. گرنگترینیان:ـ

**یەکەم:ـ** جیهانی زمان پەیوەست دەبێت بە جیهانی هەستەکان . ڕێبازی ئاماریش پێویستی بە هەستیاریەکی تەواو هەیە بۆ دۆزینەوەی هەندێ تێبینی وورد لە

شێوازدا. وەك سێبەرەكانی ویژدان. وە دەنگدانەوەی ئیحابەخش و كاریگەری بە ووردەكانی ڕیتم و ئی تر.

**دووەم:-** زۆربەی كارە ئامارییەكان ترسی دەستبەسەراگرتنی چەندێتی لەسەر چۆنیەتی لە نێو دووتوێ ی خوێدا هەڵدەگرێت .

**سێ یەم:-** پشت بەستن بە لایەنی ئاماری، ئەدەب بە زمانێك دەپێچێتەوە كە بیانی یە پێ ی . لە دەرەوەی ڕێگای تێگەیشتن و شیكاركردنیەتی.

**چوارەم:-** زانیاری یە ژمارەییەكان لەوانەیە بە ووردی ڕێبازەكە هەڵبەخەڵەتێت لەكاتی وەرگرتنی كارە ئەدەبییەكاندا. ووردی یەكی ساختەو هەڵخەتێنەر بخاتەسەر چونكە (دیاردەكان بە شێوەیەكی وا چوونەتە ناو یەك). زۆر لە دیاردەكان چوونە ناو یەكێكی ئەندامی دەچنە ناویەك . بە جۆرێك كە زۆر گرانە ئاماری یەكێكیان بە تەنیا بكرێت .

**پێنجەم:-** ڕێبازی ئاماری بەم هەڵوەشاندنەوە ژمارەیی یەی دەقی ئەدەبی . دەبێتە مایەی ڕەچاونەكردنی كاریگەری سیاقی دەق كە پێویستییەكی گرنگە لە پێویستییەكانی شیكاری شێوازیی . كە داوكاریەكە گشت توێژەرەوەكان جەختی لەسەر دەكەنەوە .

**شەشەم:-** هەندێ مەسەلەی نادیار یان ڕێژەیی هەیە وەكو ئاوازە سۆزدارەكان و ڕیتمی لێكدراو . ئەوانیش مەسەلەی نەرمن لە بەرامبەر وورد بی ڕەخنەی ئاماری . لە بەرامبەر ملكەچ بوونی بۆ شارەزاییە زمانیەكان.

**حەوتەم:-** لەوانەیە خراپیەكانی ڕێبازی ئاماری لە توێژینەوەی شێوازگەریدا ئەوەبێت كە كۆتایی نایەت بەشتێكی گرنگ . لەوانەیە ئەنجامەكەی ژمارەیەك بێت تەنیایە چاو دركی پێ بكرێت . وە جێگریەكەشی مەسەلەیەكی حەتمی یە لەبەر زۆر ڕوونی. دووبارەكردنەوەی وشەی (حب) خۆشەویستی لە غەزەلێكدا ، وە وشەی (كوشتن، كوشتار) لە شەڕێكی توندا كارێكی سەرسوڕهێنەر نی یە. جا ئاماری ژمارەییش وەكو ئەم دوو وشەیە شتێكی تازەمان لە بواری توێژینەوەی شێوازیدا پێشكەش ناكات لەگەڵ بوونی ئەم هەموو بەرەنگاری بوونەوەی كە ڕووبەڕووی ڕێبازی ئاماری دەبێتەوە. ئەگەر ڕاست بێت بە بەرەنگاری بوونەوەی دابنێین كە وای كردووە هەندێ لە لێكۆڵەرەوەكان لەم ڕێبازە دوور بكەونەوە. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم ڕێبازە زۆر لایەنی باشی تێدایە لە لێكۆڵینەوەی دەقی ئەدەبیدا، لەوانە:-

١- شیكاری ئاماری یارمەتیمان دەدات لە حەل كردنی گەلێ كێشەی ئەدەبی وەك لێكۆڵینەوە لە كەسیەتی دانەرو دڵنیا بوون لە دانەپاڵی دەقی ئەدەبی بۆ خاوەنەكەی، تێگەیشتنی پێشكەوتنی مێژوویی لە نووسینەكانی نووسەران و

دیاری کردنی تەرتیبی کاتی بۆ نووسینەکانی نووسەرێك ((ڕێکخستنی نووسینەکانی نووسەرێك بە پێ ی ڕێکەوتی نووسینیان)).

٢- دووبارەبوونەوەی دیاردەی دووبارە بوونەوە چەند جارێك واتاکەی دەگۆڕێت بە پێ ی ژمارەی دووبارە بوونەوەکان. ئنجا بەکارهێنانی ڕێبازی ئاماری لە بارودۆخی وادا دەمانبات بۆ لێکۆڵینەوە لەو واتایانە. چونکە هێنانەوەی واژەیەك یان ڕستە جارێك وەکو هاتنەوەی دەجاری ئەم واژەیە یان ڕستەیە نابێت لە دەقێکی ئەدەبیدا . هەریەکە دەلالەتی خۆی هەیە . لێرەدا گرنگی ڕێبازی ئاماری لە توێژینەوەی شێوازیدا دەردەکەوێت. وە ئەوەی گرنگی ئامار پشت ڕاست دەکاتەوە دەستووورە زێرینیەکانە لە ڕێبازی دیکاتی وەك ناسراوە.

٣- ئامار ئەو بابەتە ئەدەبی یەی کە توێژەر لێ ی دەکۆڵێتەوە زۆر بە ووردی پێشکەشی دەکات وردیش لە خودی خۆیدا داواکارییەکی زانستی ڕەسەنە. گرنگی کاری ئاماری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زانیاری زۆر ووردو دیاریکراو بە ژمارەو ڕێژە بۆ سیمایەك لە سیما زمانیە جۆراوجۆرەکان پێشکەش دەکات . ئەو سیمایانەی کە دەقێکی ئەدەبی دیاریکراوی پێ جیادەکرێتەوە، لەو سیمایانەش:

١- بەکارهێنانی وشەی دیاری کراوی فەرهەنگی .

٢- جۆری ڕستەکان (ناویە، کاری یە، سادەیە، لێکدراوە، دارێژاوە،خەبەری یە).

٣- درێژی ڕستەکان .

٤- هێنانەوەی لێکچواندن یان خوازە یان درکە یان خواستنە دیاریکراوەکان .

٥- زیادوکەمی ڕێژەیی لە بەکارهێنانی شێوەی دیاریکراودا . یاخود جۆرێکی دیارێکراو لە ووشە (ناوەڵناوەکان، ئاوەڵکارەکان، کردارەکان، ئامرازی پەیوەندی، ئامرازی خستنەسەر).

ئەم سیمایانەی زمان کاتێك کە بە ڕێژەییەکی بەرز دووبارە دەبنەوە یاخود پەیوەست دەبن بە سیاقی دیارێکراو بە جۆرێك کە واتای خۆی هەبێ دەبێتە خاسیەتی شێوازگەری وە لە دەقدا بە ڕێژەو چڕی و دابەشکردنی جیاواز دەردەکەوێت.

ئەوانەی ئەم ڕێبازەیان لە توێژینەوەکانیان پراکتیزە کردووە:

١- جوزیفین مایلز Josephine Miles لە کتێبەکەیدا سەردەم و شێوازەکان لە شیعری ئینگلیزیدا، سعد مصلوح: لەزۆرلەکتێب وتوێژینەوەکانیدالەوانەش کتێبی (الأسلوب ، دراسة لغوية أحصائية ، و في النص الأدبي دراسة أسلوبية إحصائية).

***ماوکێشەی بۆزیمان***

هەوڵێکە بۆ پێشکەش کردنی بەدیلێکی بابەتی کە بە هۆیەوە دەکرێت جیاوازی لە نێوان شێوازەکان و حەلی کێشەکان بکرێت .

١ـ جیاکردنەوەی زمانی ئەدەبی لە زمانی زانستی ( یان شێوازی ئەدەبی لە شێوازی زانستی ).
٢ـ جیاکردنەوەی زمانی شیعری لە زمانی پەخشان .
٣ـ جیاکردنەوەی ئەو زمانانەی کە لە جۆرە ئەدەبیەکاندا بەکارهاتوون ئەو هاوکێشەی بۆ پێوانی ئەم خاسیەتانەو دەستنیشان کردنی زمانی ئەدەبی بەکاردێت دەستنیشانکردنێکی چەندی (کمی) بە هاوکێشەی (بۆزیمان) دەناسرێت نیسبەتەن بۆ زانای ئەڵمانی (أ.بو زیمان A. Busemann) کە یەکەم کەسە دایهێناوەو لەسەر دەقە ئەڵمانییەکاندا پراکتیزەی کردووەو لە ساڵی ١٩٢٥ بڵاوکراوەتەوە.

پوختەی گریمانەکەی کە دایناوە لە توانادایە دەقی ئەدەبی پێی جیابکرێتەوە بە هۆی دیاریکردنی ڕێژە لە نێوان دوو دیاردە لە دیاردەکانی گوزارشت کردن.

یەکەمیان گوزراشت کردن بە ڕووداو Active Aspect ئەوی تریشیان گوزارشت کردن بەوەسف Qualitative Aspect، بۆزیمان مەبەستی لە یەکەمیان ئەو وشانەیە کە گوزارشت لە ڕوداو یان کار دەکەنەوە.
دووەمیان ئەو وشانەی کە گوزارشت لە سیفەتێکی دیاریکراوو جیاوازی شتێك دەکەنەوە واتە وەسفی ئەو شتە دەکات وەسفێکی چەندی و چۆنیەتی.

جیاکردنەوەی دەقی ئەدەبی لە دەقی تر دەوەستێتە سەر ڕێژە لە نێوان ئەو وشانەی کە گوزارشت لە ڕووداو دەکەن وە یان ئەو وشانەی کە گوزارشت لە کاردەکەن وە ئەو وشانەی کە گوزارشت لە وەسف دەکەن. حیسابی ئەو ڕێژە دەکرێت وەك باسمان کرد. بە ئامارکردنی وشەکان بۆ جۆری یەکەم دەگەڕێنەوە وە ژمارەی وشەکانی جۆری دووەم. ئنجا ئەنجام دابەش کردنی کۆمەڵەی یەکەم لەسەر کۆمەڵەی دووەم دەکرێت ، ئەوسا ئەنجامی دابەش کردنەکەمان دەداتێ ئەم ژمارەیە زیادو کەم دەکات بە پێ ی زیادی و کەمی کۆمەڵەی یەکەم. ئەم بەهایە بەکاردێت بەو ئیعتبارەی کە دەلالەت لە ئەدەبیەتی شێواز دەکات. هەرچەند ژمارەکە بەرزبێتەوە ئەوسا سروشتی زمانەکە لە شێوازی ئەدەبی نزیك دەبێتەوە هەرچەندە کەمیش کات ئەوا لە شێوازی زانستی نزیك دەبێتەوە.

لەو کاتەی بۆزیمان هەڵسا بە ژماردنی ڕێژەی نێوان دووجۆرە وشەکە لە چیرۆکی منداڵاندا تێبینی ئەوەی کرد کە دەربڕین لە ڕووداو زیاترە لە دەربڕین لە وەسف ، لە دواییدا بەوە گەیشت کە ئەو قسانەی کە لە مرۆڤێکی زۆر هەڵچوو

دەردەچێت وشەی ڕووداوی زیاترە لە وشەی وەسف کەچی ئەو قسانەی لە هەڵچوونێکی لەسەرخۆ ڕوودەدەن ڕێژەکە کەم دەکاتەوە.

بۆزیمان تێبینی ئەوەشی کرد کە جیاوازی لە نێوان قسەی وتراوو قسەی نووسراودا هەیە ئەم ڕێژەیە لە قسەی وتراو زیاد دەکات کەچی لە قسەی نووسراودا کەم دەبێتەوە وە کە ویستی تەفسیری ئەو حاڵەتە بکات پەیوەستی کرد بە معەدەلی خێرایی لە دەربڕیندا لە نێوان زیادی و کەمی ڕێژەی گوزارشت کردن بە ڕوداو بۆ بە وەسف لەبەرئەوەی معەدەلی خێرایی نووسینی وشەکان لەسەرخۆترە لەدەربڕینی وشەکان لە قسەکردندا . بۆیە فاسلە زەمەنیەکان لە نێوان نووسینی ووشەکان دەبێتە مایەی فێربوونی کرداری بەرجەستەبوونی بیرەکان و دیارکردنیان ئەمەش بە ڕۆڵی خۆی دەبێتە مایەی زیاتر بەکارهێنانی ئاوڵناو لەسەر حسابی بەکارهێنانی کردار لەگەڵ ئەوەشدالە توێژینەوە بەرایەکانیدا جیاوازی کرد لە ڕێژەکەدا لە نێوان شێوازی ئەدەبی و زانستی و قسەی کراو ونووسیراودا لە توێژینەوەکاندا بڕیاردەدات کە لە شێوازی تاکدا ئەم ڕێژەیە جێگیرە . واتە بۆزیمان ئەوە ڕەت دەکاتەوە کە بابەتی قسەکردن کاریگەری لەسەر کەمی و زۆری ڕێژەکەدا هەبێت.

بەڵام لە توێژینەوەکانی دوایدا (شێوازو کەسیەتی) ئەوەی ڕوون کردەوە کە بابەت کاریگەری لەسەر زیادو کەمی ڕێژەکەدا هەیە وە بڕیاری دەسەڵاتی بابەتی دا لەسەر شێوازی کەسی وەپەیوەندی دروست کرد لە نێوان زیادبوونی دەسەڵات و کامڵ نەبوونی کەسیەتی تاك کرد کە دەبێتە مایەی کرانەوەی شێوازەکەی لەسەر کاریگەری یە دەرەکیەکان.

دیارە ئەم توێژینەوەی بۆزیمان لەچوارچێوەی باسە سایکۆلۆژیەکانەوە سەری هەڵدا ئەوەی کە گرنگی بە توێژینەوەی کەسیەتی دەدات. توێژینەوەکانی دواترن کە زانایانی دەروونناسی یەکان پێی هەڵسان ئەوەیان سەلماند کە ئەو گریمانەی بۆزیمان دایناوە ڕاستەوە تێبینی ئەم و مژی دوو زاراوەکەیان کرد (نوبیارو شیلتمان اون انسبروك) هاوکێشەکەیان ئاسان تر کرد بە بەکارهێنانی کردار لە بری ڕووداو وە سیفەت لە بری کێشە وەسفیەکان.

ژ.کردار

ڕێژەی کردار بۆ ئاوەڵناو = ————

ژ. ئاوەڵناو

V = ( VAR) verb Adjective Ratio

A

لە ڕووی کردارەوە گشت کردارێك دەگرێتەوە جگە لە فەرمانی (کاری ناتەواو) ناوەڵناویش هەموو ئەو وشانە دەگرێتەوە کە دەکەونە خانەی ناوەڵناو. (صفە + موصوف) ئەو ناوانەش دەگرێتەوە کە (جامد)ن وەك ناوەڵناو بەکارهاتوون.

ئەو گریمانەی بۆزیمان وەك مونەشرێك بەکاردێت بۆ پێوانی هەڵچوون یاخود عەقلانیەتی زمانی بەکارهاتوو لە دەقەکاندا. دوایش وەك پێوەرێك بەکارهات بۆ دەستنیشانکردنی شێوازی ئەدەبی گرنگترین فاکتەرەکانی بەرزبوونەوە یاخود نزم بوونەوەی ئەمرێژەیەلەو هاوکێشەیەدا لەهونەری قسەدابرێتیەلە:

**یەکەم**: ئەو کاریگەریانەی بۆ دارشتن (شێوە) (صیاغە) Form دەگەڕێتەوە.

**دووەم**: ئەو کاریگەریانەی بۆ ناوەڕۆك Content دەگەڕێتەوە.

کاریگەری دارشتن لەسەر V.A.R ئەوانەی کە لەبنەما بنچینیەکان دیار دەکرێت.

١. قسەی ووتراو بە بەرزبوونەوەی V.A.R جیادەکرێتەوە لە بەرامبەردا لە دەقی نووسراودا نزم دەبێتەوە.

٢ـ لە دەقەکانی کە بە دیالێکتەکان دەنووسرێت بەرزدەبێتەوە لە بەرامبەر دابەزینی لەو دەقانەی کە بە زمانی پاراو دەنووسرێت (فصحی).

٣. لە دەقە شیعرییەکاندا بەرز دەبێتەوە لە بەرامبەر دابەزینی لە پەخشاندا.

ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە هەندێ فاکتەر هەیە ئەو ڕێژەیە بەرزدەکاتەوە هەندێکیش هەیە نزمی دەکاتەوە.

ڕێژەی V.A.R بەرزو نزم دەبێتەوە بە جیاوازی هونەرەکانی شیعرو پەخشان.

١ـ کارە ئەدەبیەکانی وەك (چیرۆك، قەسیدە، ڕۆمان، شانۆگەری) بە بەرزبوونەوەی ڕێژەکە جیادەکرێتەوە لە بەرامبەر دابەزینی لە کارە زانستیەکاندا.

٢ـ پەخشانی ئەدەبی بەبەرزبوونەوەی ڕێژەکە جیادەکرێتەوە لە بەرامبەر دابەزینی لە پەخشانی ڕۆژنامەگەری.

٣. ئەو ڕێژەیە دەگاتە بەرزترین پلەکانی لە چیرۆکەکانی ئەجندە (جنۆکە) Fairy tales (ئەچیرۆکانەی کەباسی جنۆکەوترس وتۆقانی تیایە) وە پێچەوانە دەبێتەوە بەرەبەرە لە چیرۆکی میللیەکان Fold tales ئنجا لە چیرۆك و ڕۆمانە دانراوەکان.

٤. شیعری لیریکی بە بەرزبوونەوەی ڕێژەکە جیادەکرێتەوە لە بەرامبەردا لە شیعری بابەتی (شانۆگەری) دادەبەزێت.

وە لە گرنگترین کاریگەرییەکانی سەر دارشتنَ (صیاغە) ڕێگەی خستنە ڕوو Mode of presentantion ئەوەرێگەیەی کە نووسەران لە کارە چیرۆکی و ڕۆمانەکاندا پەنای بۆ دەبەن.
(ئەنتوش) لە لێکۆڵینەوەکەیدا لە هەندێ ڕۆمانی ئەڵمانی چوار جۆر ڕێگەی خستنە ڕووی خستە ڕوو.
١ـ دیالۆگی ئاسایی (ئەو جۆرەی کە لە شانۆگەریەکاندا هەیە). Genuine dialogue
٢ـ مۆنۆلۆگ Monologue
٣ـ نووسینی گێڕانەوەیی وەسفی ڕووت.
purely Narrative and descriptive writing
٤ـ باسە پەرشوبڵاوەکان لە بەشەکانی گێڕانەوە لە دەقدا.
مونەشیرە ئامارەییەکانی لە باسەکایدا ئەوە دەگەیەنێت.
*یەکەم:* بەهای V A R لە گێڕانەوەو وەسفدا کەمتر دەبێت لەو ڕێژەی لە قسەی تاکدا ( مۆنۆلۆگ ) هەیە وە لە مۆنۆلۆگ کەمترە لە دیالۆگ .
*دووەم:* باسە پەرشوبڵاوەکانی نێوان بەشەکانی ( پاژەکانی ) گێڕانەوە شوێنێکی ناوەڕاست داگیردەکات لە ڕووی بەهای V A R لە نێوان دیالۆگ و مۆنۆلۆگ.
*سێ یەم:* بەهای V A R لە مۆنۆلۆگ کەمترە لە دیالۆگ.
*چوارەم:* بەهای V A R لەگەڵ گێڕانەوەدا بەرزتر دەبێت ئەگەر گێڕانەوەکە لە ڕووی تێڕوانینی کەسی یەوە بێت (لەسەر زمانی کەسێك) لەوانە ئەگەر گێڕانەوەکە تەنیا وەسف بێت بە ڕاستەوخۆی لەسەر زمانی خودی دانەرەکەی.
***کاریگەرییەکانی ناوەرۆك:-***
جۆری دووەم لەو کاریگەریانەی کە دەبێتە مایەی بەرزبوونەوە یان نزم بوونەوەی پ ف (Var)
ئا

ئەوەیە کە بە کاریگەری ناوەرۆك ناودەبرێت بۆیەش واناونراوە چونکە کاریگەریەکەی لەسەر بەهای پ . ف . ئا . لە دوو توێ ی کاریگەریەکەیەتی لەسەر ناوەرۆك وە گرنگترین کاریگەرییەکانیشی :
**١ـ تەمەن** *Age* ( چەماوەی V A R ) عادەتەن پەیوەستە بە قۆناغەکانی تەمەن لەسەردەمی منالّی و گەنجیدا مەیلی بەرەو تۆمارکردنی بەهای بەرز دەڕوات. ئنجا لەسەردەمی پیریدا بەرەو دابەزین دەڕوات. بۆیە پێوانی V A R لە کارەکانی نووسەرێك پاش تەرتیب کردنیان لە ڕووی مێژوویەوە. عادەتەن ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە مەیلی بەرەو دابەزینی بەهاکەی دەڕوات لە

بەرهەمەکانی دوا قۆناغی ژیانیدا بە نسبیەت بەرهەمەکانی قۆناغەکانی پێشووی (سەرەتایی).

**٢ـ ڕەگەز *Sex*:** بەهای V A R مەیلی بەرەو بەرزبوونەوە دەڕوات لە لای ژناندا لە بەرامبەر ئارەزوویکی ئاشکرا بەرەو دابەزین لە لای پیاواندا.

ئەو گریمانەیە زۆر ئاساییە لە پێوانی بەرهەمی ئەدەبی ژناندا. ( یاخود ئەوەی بە ئەدەبی ژنان ناوی بڵاوبۆتەوە) کاتێ کە بەراورد دەکرێن بەهاوتاکانی لە لای پیاوان. بە مەرجێك کە کاریگەریەکانی تری پەیوەست بە شێوەو ناوەڕۆك ئیعتباری بۆ بکرێت.

دەبێ ئەوە ڕوون بێت کە بەرزبوونەوەو نزم بوونەوە لە بەهای V A R شتێکی نسبی یە و ڕەهانی یە وە لەبەرئەوەی پێوەرەکە نسبی یە پێویستە دەلالەتەکەی دیاریکراو بێت بەو دەقانەی کە لەگەڵیا بەراورد کراوە ودەلالەتەکەی لە سنووری ئەو بەراوردانە بەدەست دێنێت.

ئاشکرایەکە ئەو بەرزبوونەوەو نزم بوونەوە نسبی یەش پەیوەستە بە ژمارەی ئەو کاریگەریانەیٚ کە باس کران .

ئەو کاریگەریانە ئەگەر شێوەی بێت یان ناوەڕۆك کاریگەری یەکەی خۆی بەکاردەبات لەسەر بەهایٚ V A R لە ئاراستەی جیاواز. هەندێکیان بەرەو بەرزبوونەوەی دەبەن و هەندێکیش بەرەو نزم بوونەوە لەوانەیە لە دەقێکدا ئەو کاریگەریانە کۆببنەوە کە لە یەك جۆرن، مەبەست لەوەیە کە یەیەك ئاراستە کاردەکات یان بەرەو بەرزبوونەوە یاخود نزم بوونەوە.

هەندێ جاریش لە هەندێ دەقدا ئەو کاریگەریانەی تێدایە کە بە ئاراستەی جیاواز کاردەکەن. وای لێدێت کاریگەری چاوەڕوانکراو لە لای هەندێکیان بەرەو بەرزبوونەوەی V A R وە لای هەندێکیشیان نزم بوونەوەی بەهاکەی ببەن، ئەنجامەکەی یان یەکتر لاواز دەکەن یان یەکێکیان ئەوی تر لەناو دەبات وە بەسەریا زاڵ دەبێت یاخود دەبێتە مایەی بێ لایەنی واتای V A R لە هەندێك کاتدا.

# پوختەیەك لە بارەی سەرەتا و کۆتایی شێوازگەریی

د. یوسف وغلیسی
زانکۆی قسنتیە / جزائر

و: ئیدریس عەبدوڵڵا
زانکۆی سەلاحەددین

ئەگەر بێت و شێوازگەری (Stylistics, Stylistique) بریتی بێت لە زانستی شێواز، یان جێبەجێکردنی مەعریفەکانی زمانەوانی نوێ (Linguistic Knowledge) لە لێکۆڵینەوەی شێوازدا، ئەوا شێواز (Style) لە زاراوەی زمانیدا تا ڕادەیەك نوێیە، بۆ وشەی (Stilus)ی لاتینی دەگەڕێتەوە، ئەو : بەو ئامرازە نووکتیژە مەعدەنیە دەگوترا، کە لە نووسین لەسەر تابلۆ مۆمییەکان نووسینی پێدەکرا، بەڵام لە پاشان واتا مێژووییەکانی گۆڕانی بەسەردا هات، لە (گوزارشت کردن لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردن) لە سەدەی چواردەی زایینی، بۆ (چۆنیەتی ناسین یان هەڵسوکەوتکردن) لە سەدەی پانزەی زایینی، بۆ (چۆنیەتی گوزارشتکردن) لە سەدەی شانزەی زاینی، تا لە سەدەی هەڤدەهەم واتاکەی لەسەر (چۆنیەتی چارەسەرکردنی بابەتێکی دیاریکراو) لە چوارچێوەی هونەرە جوانەکان کورتبوویەوە.

دوای هەموو ئەوە واتای زاراوەیی شێواز ـ لە بواری نووسیندا ـ لەسەر چۆنیەتی نووسین لە لایێك و لە لایێکی ترەوە چۆنیەتی نووسینی تایبەتی نووسەرێکی دیاریکراو، یان ڕەگەزێکی دیاریکراو، یان سەردەمێکی دیاریکراو کورتمایەوە، ...

یەك لەو نووسەرە یەکەمانەی شێوازیان بەکارهێنا، (نوفالیس) بوو، هەرچەندە زۆرینەی لێکۆلەرانی ڕۆژئاوا بە دەگمەن دان بەو بەکارهێنانە پێشوەختەی شێواز دادەنێن، کە بۆ سەردەمی هێشتا باڵکێشانی ڕەوانبێژی دەگەڕێتەوە، چونکە بەلای ئەوانەوە لەدایکبوونی دروستی شێوازگەری، بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، لەلایەن دی سۆسێر و قوتابیە گرنگەکەی لە بواری لێکۆلینەوە لیسانیەکاندا بە ناوی (شارڵ بالی)ی سویسری، (١٨٦٥ - ١٩٤٧) – Charle Bally کە لە کتێبەکەی خۆیدا "باسێك لە شێوازگەری فرەنسی" (Traité de Stylistique Française)، لە ساڵی ١٩٠٩ ئەو زانستەی داهێنا.

ئیتر لەو مێژووەوە وردە وردە گرنگی بە لێکۆلینەوە شێوازگەرییەکان ڕووی لە زیادی کرد، خۆی لە سنووری زانستەکانی دیکەی وەکو ڕەوانبێژی و زمانەوانی کۆن و ڕەخنەی ئەدەبی و زانستی نیشانەکان (علم العلامات) جیاکردەوە. چونکە لە دوای (بالی) دەستەیەك شێوازگەری دیکە سەریانهەلدا، کە بۆ خۆیان لە چوارچێوەی ئەو زانستە، ڕێگەو ئاراستەی تایبەتیان دەستنیشان کرد، ئەمەش وایکرد، لێکۆلینەوەی شێوازگەری، بە دیدی مەعریفی و مەنهەجی نوێ دەوڵەمەند بێت و بە هۆیانەوە شێوازگەری ببێتە پرۆگرامێکی خاوەن چەندین ئاراستەی لەیەکجیاو ناسنامە ناڕوون، بۆیە ئەگەر ئێمە خۆمان لە پێش چەندین ئاراستەی شێوازگەری لەیەکجیا ببینینەوە، ڕووبەڕووبوونەوەیان و کورتکردنەوەیان لەسەر شتێك، یان شتانێك، لە لێکۆلەرێکەوە بۆ لێکۆلەرێکی دیکە دەگۆڕێت.

بۆ نموونە: بریان جیل (Brian Jill) ، لە چوارچێوەی (فەرهەنگی لیسانیات)یدا دەبینین سێ شێوازگەری دەخاتە بەر چاو:

١- شێوازگەری زمان (نوێنەری ئەم ڕەوتە شارڵ بالی)یە.

٢- شێوازگەری بەراورد (لە توانایدایە یاسایەك، یان بنەمایەك بۆ پرۆگرامی وەرگێران دابێنێت).

٣- شێوازگەری ئەدەبی (جاکبسۆن ، بیار غیرو ، ...).

بەلام (بیار غیرۆ) جیاوازی دەخاتە نێوان دوو شێوازگەری، ئەوانیش:

١- شێوازگەری وەسفی (S. Descriptive)، یان شێوازگەری گوزارشتکردن (L'éxpression S. de): ئەمە شێوازگەری کارە ئەدەبیەکانە، ئەلتەرناتیڤی زانستی واتاسازی (سیمانتیکس)ە، لە پەیوەندییەکانی فۆرم بە بیر دەکۆڵێتەوە، هەروەها لە بنیات و ئەرکەکانیشی لە نێو سیستمی زمانیدا دەکۆڵێتەوە، (شارل بالی) نوێنەری ئەم شێوازگەرییەیە.

٢- شێوازگەری دروستکەری (الأسلوبية التكوينية) - (S. Génétique)، ئەمە بە ڕەخنەی ئەدەبی دەچێت، لە دەربڕین و پەیوەندی دەربڕین بە قسەکەر دەکۆڵێتەوە، بە بەرچاوگرتنی هەلومەرجی نووسین و نەفسییەتی نووسەر. نوێنەری ئەم ڕەوتە (شێوازگەری نمونەیی)یە، کە بە شێوازگەری (لیو سبتزر) دەناسرێت.

هەروەها (ج.م. شیفر)یش جیاوازی لە نێوان دوو شێوازگەری جیاواز دەکات:

١- شێوازگەری زمان (S. de la langue)، کە لەسەر: شیکارکردن و جەردکردنی کۆی سیما گۆڕاوەکانی زمانی ئەدەبی، (ئەوەش بە بەراببەرکردنی بەو سیما دروستانەی زمان، کە یاساکانی زمان دەیانسەپێنی)، لێرەوەیە دەڵێین: شێوازگەری فەرەنسی، یان ئەڵمانی، یان ئینگلیزی، نوێنەری ئەم ڕەوتەش (بالی و ماروزو و کروصو)ن.

٢- شێوازگەری ئەدەبی (S . Littéraire)، کە لەسەر (شیکارکردنی هۆکارە شێوازگەرییەکانی لەوانەبوو (محتمل)، پابەند بە مومارەسە ئەدەبیەکانەوە دادەمەزرێت (...) کارە ئەدەبیەکان، یان خاوەنەکانیان لە بە تەنیا تەماشاکردندا بە گرنگ دەزانێت)، ئەمە دواتر بووە شێوازگەری لادان (انزياح)، و شێوازگەری سایکۆلۆجی، ... نوێنەری ئەم ڕەوتە (لیو سبیتزر ، کارل فوسلر، موریس غرامون ، هنری موریی)ن.

جیاکردنەوەی نێوان ئەم دوو ئاراستەیە لە ڕووانگەی (ج.م. شیفر) – هەمیشە بە جیاکردنەوەی دوو شێوازگەری بە ئاکام دەگات، بۆ نمونە: (شێوازگەری کۆمەڵ و شێوازگەری تاک)، یان (شێوازگەری تیۆری و ڕەخنەی شێوازگەری)، یان (شێوازگەری گشتی و شێوازگەری ئەدەبی تایبەت).

بەڵام (جینجمبر G.Gengembre، باس لە (شێوازگەری وەسفی) دەکات، لە (شارل بالی) تا (ش. برینو وم)، ئامانجەکەی (پۆلێنکردنی هۆکارە کۆبووەوەکانی گوزارشتکردن لای هەر نووسەرێك)ە، ئەمە تا (جول ماروزو و بیار غیرو و لیو سبتزر) درێژدەبێتەوە.

ـ شێوازگەری بونیاتگەری.. هەوڵدەدات بۆ دەستنیشانکردنی پێوەرە زمانییە جۆرییە گونجاوەکان لە ڕووی شێوازەوە، نوێنەری ئەم ڕەوتە (م. ریفاتیر)ە، کە تیۆری شێوازگەری کاری ئەدەبیی دانا (S. Des effets)، کە پەیوەندی درووست دەکات لە نێوان پەیوەندییە سیاقییەکانی وشەکان، وای بینیوە، کە ئەم ڕەوتە شێوازگەری جێدەهێڵێ و بەرەو سیمیائی دەڕوات.

بەڵام دەبینین (غریماس)، کە لە کاتێکی پێشوودا وای بینیبوو: (سیمانتیکس و شێوازگەری تەنیا دوو ڕووی یەك وەسفن)، ئێستاکە وا حوکم بەسەر شێوازگەریدا دەدات، کە: بەرەو ڕێکبوون لە چوارچێوەی پسپۆڕییەکی سەربەخۆدا سەرنەکەوتووە. هەروەها دێت شێوازگەری دابەشی دوو بەشان دەکات:

١ـ شێوازگەری لیسانی (S. Linguistique) : کە (ش. بالی) نوێنەرایەتی دەکات.

٢ـ شێوازگەری ئەدەبی (S. Littéraire) : کە (لیو. سبیتزر) نوێنەرایەتیی دەکات.

هەروەها لە ـ سیاقی ئەو کارانەی شێوازگەری درووستی دەکات ـ ، ئاماژە بۆ شێوازگەری ئاماری (Statistique .S) لە لای (بیار غیرو) دەکات، ئەمەش لە چوارچێوەی شێوازگەری لادان (écarts S. des) پراکتیزە کراوە، کە وای بینیوە: دامەزرێنەرە ڕاستەقینەکانی ئێستاکە وازیان لەو تەرزە لێکۆڵینەوانە هێناوە، بە لای ئەوەدا ڕۆشتوونە گرنگی بە شێوازگەری بونیاتگەری (م. ریفاتیر) بدەن، چونکە ئەو نزیکترە لە خەریکبوونی سیمیائیەکان.

ڕوونیشە کە (گریماس) لە چوارچێوەی گرنگیپێدان و دەستگرتنە زۆرەکەی بە گشتگیریەتی سیمیائی، زۆرجار وەها تەماشای شێوازگەری و سیمانتیك و هاوشێوەکانیان دەکات، کە ئەوانە شتی بچووك و جێی گاڵتەپێکردنن، بەمە جەخت دەکاتەوە لەسەر: (بیرۆکەی زەوال و کۆتاهاتنی شێوازگەری، بە

شێوەیەکی ناڕاسنەوخۆش دەیەوێت ئەوە بڵێت، کە: کاتێك لێکۆڵەر گوێی لە وشەی شێوازگەری دەبێت، نیگەرانی ڕووی تێدەکات)!.
وەکو ئەمجۆرە گوتانە بووە سەرەتایەکی زەحمەت و ناخۆش بۆ قۆناغێکی گرنگ کە شێوازگەری پێی گەیشتبوو، وایکرد: (ئەوانەی لەو بوارەدا خەریکن، دوودڵی نەکەن لەوەی کەوا شێوازگەری بە سیمیائی ببەستنەوەو تەنانەت بە شێوەیەکی یەکجارەکی شێوازگەری لە نێو سیمیائی بتوێننەوە، کە ئەمە وایکرد شێوازگەری بە تایبەت لە ساڵی (١٩٦٥)ەوە وای لێبێت، سەربەخۆییەتی خۆی لە دەست بدات، لەوەی کەوا یەکێك بێ لە زانستە لیسانییەکانی دیکە)، تەنانەت هەندێ ڕەخنەگر دەرکەوتن، لەوانە: (ج.م. ئێلیس) هەوڵیاندا زاراوەی شێوازگەری بگۆڕن بە زاراوەیەکی دیکە، کە ئەویش بریتییە لە (لیسانیەتی داهێنەری ... اللسانية التأليفية – Linguistique synthétique)، ئیدیکە وای لێهات (میشال ئاریفی) و کەسانێکی دیکە، هیچ دوودڵییەکیان نەمێنێت، لەوەی کەوا بێن مردنی شێوازگەری ڕابگەیەنن!.
کەوابێت بەم شێوەیە شێوازگەری لەسەر پاشماوەکانی سەردەمی ڕەوانبێژی دا سەریهەڵداو لە ئەڵمانیاوە گەیشتە ئینگلتەرا و گەیشتە فەرەنسا...، بۆ ئەوەی نزیکەی شەست ساڵ لە ژیاندا بێت، وای لێبێت لە پەنجاکانی سەدەی بیستەم لە سەردەمی زێڕینی خۆیدا بژی، کەچی دوای ئەوەش ئیدی ڕۆژی مردنی دێتە پێش شێوازگەرانی ڕۆژئاوا خۆیان جاڕی مردنی ئەو تەرزە لێکۆڵینەوانەی بە ناوی شێوازگەری ڕادەگەیەنن.
بێگومان ئەو ڕاگەیاندنەی مردنی شێوازگەری بە تەنیا تایبەتە بە کەسانێکی کەم، ئەوانیش ئەو لێکۆڵەرانەن، کە لەو بوارەدا لێکۆڵینەوەیان کردووەو بە شێوازگەر دەرکەوتوون، ئەمەش وایکرد حوکم بە لە سێدارەدانی شێوازگەری شایانی پێداچوونەوە بێت، وەك ئەوەی جۆرج مولینییێ (G. Molinié) – ئوستازی شێوازگەری لە زانکۆی سۆربۆن و پێشەنگێکی گرنگی نێو پێشەنگانی لێکۆڵینەوە لە شێوازگەری پێی هەڵسا ـ کە هەواڵی (مردنی شێوازگەری)ی بە داخ و حەسرەتێکی زانستییەوە وەرگرت، وایلێهات بێت بە لێبڕاوییەوە لەو هۆکارانە بکۆڵێتەوە، کە (شێوازگەری)یان بەو ڕۆژە گەیاند، سەرەنجام بۆی دەرکەوت،

کە: (شێوازگەری) بە هەمان ئەو دەردە موبتەلا بووە، کە (فیلولوجیا)شی لە ناو برد، گوتی: (... شێوازگەری خرایە ڕیزی ئەو پسپۆڕییەتیانەی دیکە، کە لە بواری ڕەخنەی ئەدەبی بەکاردەهێنرێن، وەکو: مێژوو و مێژووی ئەدەب و دەروونناسی و فەلسەفەو تێکستولۆجی، کە ئەمە هەر تەنها بۆ نمونە هەندێکیان بیردێنینەوە، ئەوەی وەڕسێنەریشە لەوەدا، ئەوەیە، کە: شێوازگەری لەم بارەدا دەکەوێتە پایەی شوێنکەوتە، بە تەنیا بۆ خۆی لێکۆڵینەوەی بۆ ناکرێ، تەنانەت نە لەبەر خودی خۆیشی بیری لێ دەکرێتەوە، نە لەبەر ئەوەش کە پسپۆڕییەتێکی سەربەخۆ و تەواوە گرنگی پێدەدرێت، بەڵکو بەو پێیە بۆی دەڕوانرێ، کە لقێکی زانستێکی دیکەی گرنگ و گەورەیە. بەڵام کاتێك وەکو پرەنسیپ بە زانستێك لە زانستەکان دەژمێردرێت، کە ڕۆڵی دووەمی و شوێنکەوتەیی و یارمەتیدەریی هەیە، ئەوا پێویستی وەها دەخوازێت، پایەی خۆی لە دەست بدات، ناشتوانێت هیچ دینامیکیەکی تایبەت بە خۆی بە دەست بێنێ، بەمەش لە ناوەوەی خۆیدا تۆوی مردنی خۆی هەڵدەگرێت.

ئەمەش بە شێوەیەك لە شێوەکان بەسەر زمانەوانی کۆنیشدا (فقه اللغة)شدا هات، چونکە ئەویش بۆ ماوەییەکی زۆر درێژ لە ڕۆڵی هۆکار بۆ لێکۆڵینەوە ئەدەبیەکان لە چاپکردنی دەقە ساغکراوەکانیدا مایەوە. هەمان ئەو شتە خەریکبوو بەسەر (شێوازگەری)شدا بێت، کە لە ساڵانی نێوان (١٩٦٨-١٩٧٠) لە لایەن ئەوانەی وایان دەزانی شوێنکەوتەیی باری سروشتی ئەو تەرزە لێکۆڵینەوەیە، بڕیاری مردنی درا. لێرەدا دەبینین و دەرك بەوە دەکەین، کە: بوومەلەرزەیەکی دیکە و نوێ، بەسوودە بۆ شێوازگەری).

سەرچاوە: شبكە الحب.

# فەرهەنگی زمانناسی

## چەپکێك لە زاراوەگەلی بواری ئەندازیاری

د. شێرکۆ بابان
پرۆفیسۆری هاریکار
کۆلێژی ئەندازیاری، زانکۆی سەلاحەدین

| | | |
|---|---|---|
| abrasive | مادة حاكة | رووشێنەر، کرێنەر |
| abrasion | الحك | رووشاندن، کرێنەر |
| abrasive particle | جسيمات حاكة | تەنۆلکەی رووشێنەر، تەنۆلکەی کرێنەر |
| adhesive | مادة لاصقة | پێوەنووس |
| adhesion | الالتصاق | پێوەنووساندن |
| arm | ذراع | باڵ، نێڵ |
| arc | قوس | کەوانە |
| assembly | مجمع (تجميع) | کۆکراوە، هەڵبەستراو، هەڵبەستە |
| axial | محوري | تەوەرەیی |
| area | مساحة | رووبەر |

| | | |
|---|---|---|
| allowance | سماح | ڕێدراوی، ڕێدان |
| allowable | مسموح | ڕێدراو |
| average | معدل | تێکرا |
| accuracy | الدقة | هوردی |
| acetone | اسيتون | ئەسیتۆن |
| actual | فعلي | باری راستەقینە |
| alloy steel | صلب سبائكي | پۆڵای داڕێژراو |
| angle | زاوية | گۆشە، سووچ |
| angle gauge | قد قياس الزوايا | گۆشەپێوە |
| angular measurement | قياس الزوايا | گۆشەپێوی |
| angularity | تزاوي | گۆشەداری |
| anvil | سندان | دەزگا، سندان |
| angular displacement | إزاحة زاوية | جێ گۆڕکێ گۆشەیی |
| absolute displacement | إزاحة مطلقة | جێ گۆڕکێی رەها |
| absorption | امتصاص، مص | مژین، دامژین |
| acceleration | تعجيل | تاودان، تاوسەندن |
| angular acceleration | تعجيل زاوي | تاودانی گۆشەیی |
| air compressor | ضاغط هوائي | هەوا پەستێنەر |
| axis, axle | محور | تەوەر |
| air spring | نابض هوائي | سپرنگی هەوا |

| | | |
|---|---|---|
| base | قاعدة | بنکە، بنچینە |
| basic | أساسي | بنکەیی، بنچینەیی |
| bed | فرش | رایەخ، وەك ئەو رچەیەی کە پارچەیەکی لەسەر دەخزێت |
| belt | حزام | پشتوێنە، قایش، وەك قایش پانکەی مەکینە، وەك قایشی (مبردە) |
| blind hole | ثقب مسدود | کوێرە کون، کونی بندار، واتە، ئەو کونەی کە دەراودەرنییە و ئەوسەری دەرناچێت. |
| burring | تشذيب الزوائد | خنج کردن، خنجبڕی، واتە، لابردنی پرووش و لێوارە لە پاش بڕین. |
| bush | حلبة | بووش، بووشە، وەك بووشی هەر ماتۆڕێکی کارەبایی |
| bearing | تحميل | جێ خەوت، ئەو جێ یەی کە سەری شەفتی لەسەر دادەنرێت بۆ بەستن |
| bending | حني | چەماندن، چەماندنەوە |
| Beam | عتبة | کارێتە، راجە، بیم |
| butt joint | وصلة رأسية | تێکەبەست بەسەر |
| Ball gauge | قد قياس أقطار الكرات | ئامێری گۆپێو |
| Bilateral | ثنائي | دوو لایەنە، دوولاوەکی |
| blow hole | فجوة غازية | کەلێنی گازی، کونیلە، بلق |

| | | |
|---|---|---|
| brazing | وصل المونة | لکاندن بە قەلآی |
| box | صندوق | باوڵ، دەفر |
| bus | حافلة | پاس |
| braking | كبح، إيقاف | وەستاندن |
| balanced | متزن | هاوسەنگ کراو |
| Carbide | كاربيد | کاربید، ئاوێتەی (کاربون) لەگەڵ رەگەزی تردا. وەک کاربیدی سلیکۆن (SiC) |
| Carrage | عربة | گالیسکە، عەرەبانە |
| Cement | الاسمنت | چەمەنتۆ |
| Center | مركز | چەق، ناوەند |
| Centering | مركزة | چەق دانان، چەق ریژی |
| Center mark | علامة المركز | نیشانەی چەق |
| Chain | سلسلة | زنجیرە، زریزە |
| Chart | خريطة | نەخشە |
| Chip | رايش | کەپەک، تۆکل، توێژاڵ |
| Chip breaker | مكسرة الرايش | کەپەک شکێن |
| Clay | طين | لینە، قور |
| Clearance | خلوص | شلی، وەک برغۆی شل، وەک بەستن بە شلی |
| Clearance angle | زاوية الخلوص | گۆشەی شلی |
| Clutch | قابض | کلاج |
| Concentrici | تمركز | هاوچەقی |

| | | |
|---|---|---|
| ty | | |
| Concentric | متمركز | هاوچەق |
| Cooling | تبريد | ساردکردنەوە |
| Coolant | مبرد، سائل تبريد | سارکەرەوە |
| Cutting | قطع | بڕین، وەك بڕینی ئاسن بە تۆرنە |
| Cutting edge | الحد القاطع | دەمی بڕین، وەك دەمی چەقۆ |
| Cutting angle | زاوية القطع | گۆشەی بڕین |
| Cutting force | قوة القطع | هێزی بڕین، هێزی بڕەرر |
| Cutting tool | عدة القطع | ئامرازی بڕین |
| Charge | شحنة | بارگە |
| Control | سيطرة | رکێف، کۆنترۆل، دابینکاری |
| Casting | سباكة | تێ ڕشتن، تێ ڕێژی |
| Chord | وتر | ژێ |
| Circle | دائرة | بازنە |
| Cavity | فجوة التجويف | بۆشی، کەلێن، بلق، کلۆر |
| Conveyer | ناقل | ڕاگوێزەر |
| Connection | وصلة | تێك بەست، جومگە |
| Cylinder | اسطوانة | لوولە، لوولەك |
| Compression | الانضغاط | تێ پەستان، تێ پەستی |
| Cross – section | مقطع عرضي | گردە بڕ، بڕینی دەراودەر |
| Column | عمود | ستوون، دنگە |
| Cantilever | عتبة ناتئة | کاریتەی بەل |

| | | |
|---|---|---|
| | | وەك كاریتـەی لـە یـەك سـەرەوە پاڵـدراو و لـە سەرەکەی ترەوە (بەل) |
| Compound | مركب | لێکدراو |
| Cable | موصل التيار | کێبڵ |
| Caliper | فرجال | پەرگال |
| Carpentry | نجارة | دارتاشی |
| Centrifugal casting | سباكة الطرد المركزي | تێ ڕشتن بە چەقەهێز |
| Center gauge | قد قياس المركز | چەق پێوەرە (ئامراز) |
| Chisel | أجنة | ئەسکەنە، پەنتە |
| Circular saw | ماكينة النشر الدائرية | هەرەی بازنەیی |
| Coating | عملية الطلاء | رووکەشکردن |
| Chamber | غرفة | ژوور، هۆدە |
| Comparator | جهاز مقارنة | بەراوردکەرە (ئامراز) |
| Compressed air | هواء مضغوط | هەوای پەستاو |
| Concave | مقعر | چاڵ، دۆڵ |
| Concentricity | تتمركز | چەقگری |
| Condenser | مكثف | چڕکەر |
| Converter | جهاز معدل التيار | داگۆڕ |
| Convex | محدب | قۆقز، کۆمە |
| Crucible furnace | فرن ألبوا دق | تەندووری بۆتەیی |
| Cupola | فرن الدست | تەندووری کیوپۆلا |

| | | |
|---|---|---|
| furnace | | |
| Cutting tool | عدة القطع | ئامرازی برین |
| Clamp | ماسك | گرەر، بگر |
| Cost | كلفة | تێ چوون |
| Collision | اصطدام | تامبۆن (پێکدادان) |
| Constant | ثابت | نەگۆڕ |
| Connecting arm | ذراع توصيل | باڵی گەیاندن، قۆڵە بەگن |
| Collision time | زمن اصطدام | کاتی تامبۆن، کاتی پێکدادان |
| Coefficient | معامل | کۆلکە، ناوکۆیی |
| Complex system | منظومة معقدة | سیستەمی ئاڵۆز |
| Coil spring | نابض حلزوني | سپرنگی لوول (لوولە سپرنگ) |
| Cut | قطع | برین |
| Dry Cutting | القطع الجاف | وشکە برین |
| Dividing | تقسيم | دابەش کردن |
| Dividing head | رأس التقسيم | کەللەی دابەشکردن، دابەشکەرە |
| Drilling | التثقيب | سمین، کونکردن |
| Drill | المثقب | سمەر، کونکەرە (ئامراز) |
| Drive | مصدر التدوير | شەفتی سووڕێنەر، شەفتی بسووڕ |
| Direction, destination | اتجاه | ئاراستە |
| Dull | غير حاد | کول، نەبڕ، دژواتای (تیژ) |

| | | |
|---|---|---|
| Decagon | ذو العشرة أضلاع | دەلا، دەلایی |
| descriptive geometry | الهندسة الوصفية | ئەندازیاری پەسنکاری |
| diagonal | خط قطري | هێڵـی تیرەیـی، هێڵـی سووچاوسووچ |
| distortion | تشويه | شێوانی شێوە، تێکچوون |
| dodecagon | ذو أثنى عشر ضلعاً | دوازدەلا، دوازدەلایی |
| drawing | ١- رسم<br>٢- سحب | ١- نیگار کردن<br>٢- راکێشان |
| depth | عمق | قووڵی |
| diagram | مخطط | هێڵکاری |
| Deflection | الانحناء | سك دان |
| degree | درجة | پلە، نمرە |
| Degree of accuracy | درجة الدقة | پلەی هوردی<br>پلەی قنجی |
| Designer | مصمم | نەخشە ساز |
| Detonator | فتيل، صاعق | پلیتە، تەقێنەرە، چەرخ |
| Deviation | انحراف | چەواشـە کـاری، پێوانـە بەزێنی |
| Device | الة | ئامێر، چیکەنە |
| dimensions | ابعاد | دوراییەکان |
| dimensional inspection | فحص الأبعاد | پشکنینی پێوانەیی |
| displacement | إزاحة | جێ گۆڕکێ |
| damped vibration | اهتزاز مخمد | لەرەلەری دامرێنراو |
| deceleration | تباطوء | تاو مردن، هێواش بوونەوە |

| | | |
|---|---|---|
| damping | تخميد | دامراندن، دامرکاندن، خەب کردن |
| deformation | تشويه | ڕوخسار گۆڕی، شێوە گۆڕی |
| design | تصميم | نەخشە ڕێژی |
| dynamics | ديناميكا | داینامیك، زانستی جووڵە |
| deformation energy | طاقة التشويه | وزەی شێوەگۆڕی |
| diaphragm | غشاء | پەردە، ڕووپۆش، تووڵ |
| damping force | قوة التخميد | هێزی دامرکاندن، هێزی دامراندن |
| driving force | قوة دافعة | هێزی پاڵنەر |
| dynamic force | قوة ديناميكية | هێزی داینامیکی |
| Double | مزدوج | جووت، جووتە |
| distance | مسافة | ماوە، دوورایی |
| Damping coefficient | معامل التخميد | کوڵکەی دامراندن |
| dynamomet er | مقياس القوة | هێز - پێوەرە، هێزپێو |
| energy | طاقة | وزە |
| engagement | تعشيق | جووت کردن |
| efficiency | كفاءة | چوستی |
| efficient | كفء | چوست |
| Engineering | الهندسة | ئەندازیاری |
| equilateral | متساوي الاطلاع | لا یەکسان (سێگۆشە) |
| effort | مجهود | ڕەنج |

| | | |
|---|---|---|
| extreme | الأقصى | ئەوپەڕ |
| external | خارجي | دەرەکی |
| elongation | الاستطالة | درێژ بوونەوە |
| effective | مؤثر | کاریگەر |
| equilibrium | توازن | هاوسەنگی |
| electrode | قطب | الکترۆد، جەمسەر |
| electrode holder | ماسك الالكترود | ئەلکترود گرە |
| Engineering tolerances | التسامحات الهندسية | ڕێدانی ئەندازیاری |
| Excitation | اثارة | هەژاندن |
| excitation frequency | تردد اثاري | لەرەلەری هەژێنراو |
| elastic deformation | تشويه سرك | شێوەگۆڕی سرك |
| energy distribution | توزيع طاقة | دابەش کردنی وزە |
| emergency | حالة اضطرارية | ڕووداوی ناکاو، ڕووداوی لە پڕ |
| energy loss | خسارة في الطاقة | بەرتە وزە، وزەی و بنوو |
| effective | فعلي | کاریگەر، جێدار |
| engine | المحرك | بزوێنەر، مەکینە |
| .facing | خراطة وجهية | داتاشینی لاڕوو، لاڕووتاشی |
| feed | التغذية، التطعيم | دەرخوارد، دەرخواردان |
| feed rate | معدل التغذية | تێکڕای دەرخوارد |
| feed gears | تروس التغذية | دانداری دەرخوارد |
| feed box | صندوق التغذية | دەرخواردگـــە، بۆکـــسی دەرخوارد |

| | | |
|---|---|---|
| float | طوافة | سەرئاوك، سەرئاو گرە |
| forming | التشكيل | شێوە رێژی، شێوە رێژكردن |
| fine | ناعم، أملس | سفت، ساف |
| finite | محدد | سنووردار |
| fold | طية | پێچ، توێ، لۆچ |
| forging | حدادة التشكيل بالحرارة | ئاسنكوتی، ئاسنگەری |
| forger | حدادة التشكيل بالحرارة | ئاسنكوت، ئاسنگەر |
| fixed | مثبت | راگیراو، جێ نەگۆڕ |
| frame | هيكل | بنیاد، چێوە |
| film | رقيقة | توێژاڵ، فلیم |
| fit | ازدواج | جووتگری، هاوسفتی |
| facing sand | رمل الوجه | لمی رووكەش |
| Foundry | المسبك | دارشتنگە، كارگەی تواندنەوەی كانزاكان |
| filler metal | معدن مالئي | كانزای پڕكەرەوە، كانزای ناوگر |
| Fineness number | رقم النعومة | نمرەی هوردی |
| Fixture | مثبت | راگیركەرە |
| Flame | لهب | بڵێسە، گڕ |
| Flatness | استواء | تەختە ئاستی |
| Fluid | مائع | شلگاز |
| forge welding | لحام الحدادة | لكاندن بە كوتان |
| Frame | إطار | چێوە، چوارچێوە، رۆخ |

| | | |
|---|---|---|
| Fuel | وقود | سووتەمەنی |
| fundamental deviations | الانحرافات الأساسية | چەواشە سازی بنچینەیی |
| fusion welding | لحام الانصهار | لکاندن بە توانەوە |
| Friction | احتكاك | لێك خشان |
| Forced vibration | اهتزاز قسري | لەرەلەری زۆرەکی |
| Frequency | تردد، ذبذبة | لەرەلەر |
| front drive | دفع أمامي | پالدان لە پێشەوە |
| friction force | قوة احتكاكية | هێزی لێك خشان |
| front axle | محور أمامي | ئەکسلی پێشەوە |
| front | مقدمة | پێشەنگ |
| gear | ترس | دیشلی، داندار |
| grinding | تجليخ | سواندن، هەساندن |
| grinder | أداة التجليخ | سوێنەر، هەسێنەر |
| groove | أخدود | هەڵدڕ، ئاودڕ |
| grease | شحم | چەوری، گریس |
| guide | دليل | جیّ نیشت<br>جیّ خەوت |
| gasket | حشية، كازكێت | گازکێت، گاز گره |
| gap | فسحة | دەلاقە، کەلێن |
| graduation | التدريج | پلە پلە کردن، پلەرێژی |
| grain | بلورة | دەنك، دەنکۆلە، کرێستاڵ |
| gaiter | واقية | پارێزۆك |
| gas welding | اللحام الغازي | لکاندن بە گاز |

| | | |
|---|---|---|
| generator | مولد كهرباء | زایەنەری کارەبایی |
| green sand | الرمل الأخضر | لمی تەڕ |
| hole | ثقب | کون، چاڵ |
| hard | صلد | سەخت |
| hardness | صلادة | سەختی، سەختایی |
| head | رأس | کەللە، وەك کەللەی تۆڕتە |
| holder | حامل | هەلگر |
| heptagon | مسبع (مضلع سباعي) | هەفتلا، هەفتلایی |
| hexagon | مسدس (مضلع سداسي) | شەشلا، شەشلایی |
| hollow | مجوف | ناوبۆش، کلۆر |
| hammer | مطرقة | چەکووش، کوتك |
| helmet | خوذة | کلاوە |
| harmonic excitation | اثارة توافقية | هەژاندنی چوونیەکی |
| harmonic | توافقي | هارمۆنی |
| hydraulic | هيدروليك | هایدرۆلیك |
| Inclination | ميل | لاری، خواری |
| Interior | داخلي | ناوەکی |
| Indicator | مبين | دیارخەر، گێچی میلدار، میلی گێچ |
| Ideal | مثالي | نموونەیی، رەنگین |
| Inclusion | شوائب | خەوش، گەرد |
| inert gas welding | لحام الغاز الخامل | لکاندن بەسستەگاز |
| Ingot casting | سباكة الصبات | دارشتنی پارستە |

# ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی

**وتەیەك لەمەڕ ڕێکخراوی زمانناسی:**

ڕێکخراوی(زمانناسی) بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی، دەیەوێ لە چوار چێوەی ئەو هەوڵ و مەرج و ڕەوشە ڕۆشنبیری و کلتووری و کۆمەڵایەتییەی ئەمڕۆی کوردستان، خۆی بێنێتە ئاراوە.

ڕێکخراو لەم سەکۆ و پانتاییە بەپێی دەرفەت و خواست و هاوکارییەکان، هەوڵێکی گرنگ لێبڕاوانە دەداتن بۆ کۆکردنەوەی کۆمەڵێك زمانەوان و ئەکادیمیی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی هەروەها کۆشش کردن بۆ دامەزراندنی کۆڕی زانستی زمان و بنیاتنانی زمانێکی کارگێڕی و فەرمی بۆ هەرێمی کوردستان.

لەکۆمەڵگەی ئێمە کەسانی شایەن و خاوەن سەلیقە هەن کە بتوانن ئەو ئەرکە نەتەوەیی و پرۆژە ستراتیژیە لەچوارچێوەی ڕێکخراوێکی وەك ڕێکخراوی زمانناسی بەئەنجام بگەیەنن.

ئەم ڕێکخراوە یەکێکە لە پێویستییە هەنوکەییەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە تاکو ئێستا ڕێکخراوێکی ڕۆشنبیری تایبەت بەزمانی کوردی لە هەرێم نییە.

**ئامانجەکانی ڕێکخراو**

**ڕێکخراو لە پێناو بەرجەستەکردن و فەراهەم کردنی ئەم ئارمانج و مەبەستانە پێکهاتووە:**

١ـ سازدانی کۆڕو سیمیناری ڕۆشنبیری و کلتووری لەهەموو بوارەکانی زمانناسیدا.

٢ـ نووسینەوەی ڕێزمانێکی دروستی کوردی بەگوێرەی بنەماکانی زمانی کوردییەوە.

٣ـ بوژانەوەی زمان و کلتووری کوردی.

٤ـ دۆزینەوەی ئیتیمۆلۆژی (ڕەسەنی) زۆر وشەی کوردی.

٥- هەوڵدان بۆ کۆکردنەوەی ئەو هەموو وشەو زاراوانەی گوند، چونکە بە مردنی پیرەکانمان ئەو خەزێنە گەورەیەی زمانی کوردی دەکەوێتە مەترسییەوە.
٦- پەرەپێدان بە زمانی کارگێڕی کوردی.
٧- نزیککردنەوەی هەردوو زارە سەرەکییەکەی زمانی کوردی لەڕووی وشەسازییەوە، هەروەها گرنگی دان بە ئەوانی تر.
٨- دەرخستنی لایەنی فەلسەفی زمانی کوردی.

**ماددەی یەکەم:**

**أ)ناوی ڕێکخراو:**

(ڕێکخراوی زمانناسی بۆ پەرەپێدانی زمانی کوردی).

**ب)هێمای ڕێکخراو :**

هێمای پێنەکانی ڕێکخراو(نەتەوە).

**ماددەی دووەم:** (شوێنی ڕێکخراو)

شوێنی سەرەکی ڕێکخراو، لە هەولێری پایتەختی کوردستان دەبێت و دەتوانێ لقی خۆی لەهەموو شارو شارۆچکەیەکی دیکەی کوردستان بکاتەوە، پاش ڕەزامەندی وەرگرتن لە وەزارەتی ناوخۆ.

**ماددەی سێیەم:**(وەسفی یاسایی ڕێکخراو)

**ڕێکخراوی زمانناسی:** ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، بەهەموو توانایەکی، لەپێناو پەرەپێدان و پێشخستنی زمان و کلتووری کۆمەڵگەی کوردی، لە مژارەکانی(ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و دەروونی و کارگێڕی و فەلسەفی) کۆشش و کاردەکات، بۆ ئەوەی ئێمەش وەك کۆمەڵگەو گەلانی مۆدێرنەی دونیا، ببینە خودان ئەکادیمیای زانستی زمان.

**ماددەی چوارەم:**( پێکهاتەی ڕێکخراو)

**یەکەم: دەستەی گشتی** / لە هەموو ئەندامانی ڕێکخراو پێکدێت، مافی سازدانی کۆبوونەوەی هەیەو بۆ ئەو مەبەستەش بانگهێشتی ئەندامان دەکات ، هەروەها مافی سازدانی کۆبوونەوەی لەناکاوی هەیە . بە زۆرینەی دەنگەکانی(٢/٣)مافی هەیە:١- پەیڕەو پرۆگرامی بگۆڕێت.٢- ڕێکخراو لەگەڵ ڕێکخراوێکی تر یەکبگرێتەوە .٣- ڕێکخراو هەڵوەشێنێتەوە . هەروەها ئەمانە بە دەنگدانی ئاشکرا دەستەی کارگێری هەڵدەبژێرێت، کە بەرزترین دەسەڵاتە لە ناو ڕێکخراو.

**دووەم:دەستەی بەڕێوەبردن/** لە (٥) ئەندامی سەرەکی و(٢) ئەندامی یەدەگ پێکدێت، هەروەها بە دەنگدانی نهێنی سەرۆك هەڵدەبژێرێت.

دەسەڵاتەکانی دەستەی بەڕێوەبردن:

١- وەرگرتن و دەرکردنی ئەندامان بە (٣/٢)ی دەنگەکانە دەبێت .
٢- دانانی میزانییەی ساڵانەی ڕێکخراو .
٣- دانانی بەرنامەی کار و چالاکی بۆ ماوەی ساڵێك.
٤- پێداچوونەوە و هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی ڕێکخراو لە ماوەی ساڵی رابردوو.
٥- گشت بڕیارەکانی دەستەی کارگێڕی بە دەنگدان دەبێت.
٦- بە زۆرینەی دەنگەکان (٣/٢)بۆی هەیە لیژنە پێکبهێنێ بۆهەر گرفتێکی ناوەخۆی ڕێکخراو.
٧- مافی هەیە لێپێچینەوە لەگەڵ گشت ئەندامانی ڕێکخراو و ئەندامانی دەستەی کارگێڕیی بکات.

**سێیەم:سەرۆك و جێگری سەرۆك**

**سەرۆك**

**١- نوێنەرایەتی ڕێکخراو دەکات لە بەردەم دەزگا ڕەسمی و ناڕەسمییەکان .**
**٢- سەرپەرشتی کۆبوونەوەی دەستەی کارگێڕیی دەکات.**
**٣- واژوو لە سەر گشت نووسراوەکانی ڕێکخراو دەکات .**

**جێگری سەرۆك / لە کاتی نەبوونی سەرۆك و بە ڕەزامەندی سەرۆك و دەستەی بەڕێوەبردن، بۆی هەیە دەسەڵاتی سەرۆك بگرێتە ئەستۆ.**

**ماددەی پێنجەم**:(دەسەڵاتی سەرۆك ڕێکخراو)

١) بەرپرسە لە نوسینگەی سەرەکی ڕێکخراو سەرۆکی ستافی کارگێڕییە.
٢) سەرپەرشتی کۆبوونەوەکانی ڕێکخراو دەکات.
٣) پراکتیزە کردن و بەدواداچوونی کارو چالاکییەکانی ڕێکخراو دەکا.
٤) لە بۆنە ڕەسمی و کۆبوونەوەو کۆڕو فیستیڤاڵەکانی ناوخۆو دەرەوەی کوردستاندا، نوێنەرایەتی ڕێکخراو و ستافی کارگێڕی دەکا.
٥) واژوو لە سەر گشت نووسراوەکانی ڕێکخراو دەکات .
٦) پلانی کارکردن بەهاوکاری دەستەی کارگێڕی بۆ کارەکانی ڕێکخراو دادەنێ.
٧) پاداشت بە کارمەندان و هاوکارانی ڕێکخراو دەدا.
٨) دانانی جێگر و پێدانی دەسەڵات بەپێی ئەندازەی پێویست، بە بەراوێژکردن لەگەڵ ستافی کارگێڕی.

**ماددەی شەشەم**:(دەسەڵاتی جێگری سەرۆکی ڕێکخراو)

لە کاتی نەبوونی سەرۆك و بە ڕەزامەندی سەرۆك و دەستەی بەڕێوەبردن، بۆی هەیە دەسەڵاتی سەرۆك بگرێتە ئەستۆ.

**ماددەی حەوتەم**:(مەرجەکانی بوون بە ئەندام)
١- دانیشتووی هەرێمی کوردستان بێت.
٢- بڕوای تەواوی بە پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراو هەبێت.
٣- خودان ڕەوشت و کەسایەتییەکی بەرزبێت و هیچ سزایەکی یاسایی لە دادگا نەدرابێت لە ئەنجامی کاری بەدڕەوشتی.
٤- تەمەنی لە(٢٢)ساڵ کەمتر نەبێت.
٥- خاوەن ڕۆشنبیری و ئایدیایەکی میانڕەوی پێشکەوتن خوازی بێ و بەگیانێکی پڕ ڕۆشنبیری و لێبوردن و جوانسازی کاربکات.
٦- خاوەن بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە بواری زمان بێ.
٧- مافی خۆپاڵاوتنی بۆ دەستەی کارگێڕیی هەیە .
٨- مافی ڕادەربڕین و ڕەخنەگرتن و پێشنیاری هەیە .
٩- مافی بەشداری کردنی لە کۆبوونەوەکان هەیە .

**ماددەی هەشتەم**:(بەستنی کۆبوونەوە)

ڕێکخراو ساڵیْ(١-٢)جار کۆبوونەوەی گشتی لە پێناو دانانی کارنامە و بەخۆداچوونەوەی کارو پرۆژەکانی ڕابردوون سازدەکات، ئەمەش بە ئامادەبوونی هەموو، یاخود زۆرینەی ئەندامانی ستافی کارگێڕی دەبێ، هەروەها لەکاتیْ نائاساییدا، ڕێکخراو بە بەرهەڤ بوونی ئەندامانی ستافی کارگێڕی، کۆبوونەوەی تایبەت ئەنجام دەدات، ئەمەت جگە لە کۆبوونەوەی مانگانەی ستافی کارگێڕی.

**ماددەی نۆیەم**:(مەرجەکانی لە ئەندام کەوتن)
١- بە مردنی ئەندام .
٢- لە پەیڕەوپرۆگرامی ڕێکخراو لایدابێت .
٣- لە سیْ کۆبوونەوەی یەك لە دوای یەکی ڕێکخراوەکە بە بیْ هیچ هۆیەك بەشدار نەبێت .
٤- لە سەر داوای خۆی .
٥- لە پرۆژەکانی دژە زمانی کوردی بەشداری بکات .

**ماددەی دەیەم**:(مافەکانی ئەندامییەتی)
١- مافی ڕەخنەی بنیادنەری هەیە لەکارو چالاکیەکانی ڕێکخراو.
٢- مافی رادەربڕین و پێشنیاری هەیە.
٣- مافی داواکردنی یارمەتی هەیە لەکاتیْ پێویست.
٤-مافی خۆپاڵاوتنی بۆ دەستەی کارگێڕیی هەیە .

**ماددەی یازدەم**:(داهات و دارایی ڕێکخراو)

١- ئەو بڕە پارەیەی کە مانگانە بە پێی یاسای ڕێکخراوەکان، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستان دابین کراوە.

٢- ئەو داهاتانەی کە لە ئەنجامی پرۆژەی جیا جیا کلتوورییەکانی دەستی دەکەوێت.

٣- ئەو یارمەتییانەی ڕێکخراوە(NGO)بیانی و نێودەوڵەتییەکان، بە ڕێکخراو دەبەخشن، بەمەرجێك لە خزمەتی ئامانجە سەرەکییەکانی ڕێکخراو داین.

٤- گشت دارایی ڕێکخراو، دەکەوێتە ژێر چاودێری دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان.

**ماددەی دوازدەم**:(تۆماری ساڵانە)

ڕێکخراوزمانناسی پێویستە ئەو تۆمارکارییانەی خوارەوەی لا هەبێت و لای نووسەری داد(کاتب عدل) پەسەند کرابێت:

١- تۆماری کۆبوونەوەو بڕیارەکان.

٢- تۆماری ژمێریاری.

٣- تۆماری کەل و پەل.

٤- تۆماری هاتوو دەرکردە.

٥- تۆماری پرۆژەکان.

**ماددەی سێزدەم**:(هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراو)

١- ناتوانرێ ڕێکخراو هەڵبوەشێنرێتەوە، مەگەر بە زۆرینەی (٢/٣)دەستەی گشتی نەبێت .

٢- لەکاتی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراودا، سەرجەم کەلوپەل و داراییەکانی، بۆ ڕێکخراو و ڕێکخراوێکی هاوشێوەو هاوئامانجی خۆی دەگوازرێتەوە.

**ئەرك و چالاکییە تایبەتییەکان**

١)ڕێکخراو زمانناسی دەتوانێ دەنگی نارەزایی و ئیدانە کردن دەربڕێ، بەرامبەر هەر کارو هەڵوێستێك، کە لەدژی نەتەوەی کوردو وڵات و پەرلەمان و حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەنجام دەدرێت، نارەزایش بە شێوەی بەیاننامەو هەروەها بەرێپێوانیش دەبێ.

٢)ڕێکخراو بۆی هەیە، پیرۆزبایی لەهەر کارێکی ژیاری و ڕۆشنبیری بکات، کە خزمەتی تەواو بەبواری پێشکەوتنی کلتووری زمانەوانیی دەکات.

٣)ڕێکخراوەکەمان دەتوانێ هەر ڕۆشنبیرێکی هەڵکەوتوو، یاخود هەڵسوڕاوێکی بواری کلتووری و زمان ئەمەش خەڵاتێکی فەخری بکات.

٤) ڕێکخراو هەوڵدەدات مانگانە گۆڤارێکی تایبەت بەزمان بەناوی (زمانناسی) دەربکات.

٥) ڕێکخراو بەو داهاتەی بەدەستی دەکەوێ لەکارنامەی دەبێ هەر کتێبێک چاپ بکات کە خزمەت بەزمانی کوردی بکات.

* دامەزرێنەرانی ڕێکخراو:

١ـ سەلام ناوخۆش بەکر / سەرۆکی ڕێکخراو

٢ـ نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو / جێگر

٣ـ د. شێرکۆ بابان / ئەندام

٤ـ ئیدریس عەبدوڵلا / ئەندام

٥ـ عەبدوڵلا ڕەحمان / ئەندام






کتێبی
(ستاندەربوونی زمانی کوردی
لەنێوان
زمانی سیاسەت و سیاسەتی زمان)
لەنووسینی سەلام ناوخۆش
کەوتە بازاڕ.




دەربارەی ئەم کتێبە،
لەدانانی (د. شێرکۆ بابان)،
کە یەکێکە لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری (زمانناسی)،
زانای بەناوبانگی فۆنۆلۆژی،
کە کتێبەکانی کراون بەبەرنامەی خوێندن لەجیهاندا،
"پیتەر رۆچ **Peter Roach**" دەڵێت:
(**It is an impressive achievement**)

واتە:
(ئەم کتێبە شاکارێکی سەرسووڕهێنەرە).
دەستخۆشی لە (د. شێرکۆ) دەکەین.

چاپخانەی هاڤا - هەولێر